
پێشمەرگە
جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە
ساڵەکانی: ٤٦ - ١٣٤٧( ٦٧ - ١٩٦٨)
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست

١- چەند وتەیەک ........................................................... رەحمان نەقشی ..... ٤
٢- پێشەکی: جووڵانەوەی چەکداری ١٣٤٦ و ١٣٤٧ ................................... برایم جەهانگیری ..... ٦
٣- یادی ٥٠ ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ لە وتووێژی "کوردستان: لەگەڵ سمایل بازیاردا ... عەلی بداغی ... ١٠
٤- جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە مێشک و بیری هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و چەوساوە دا هەرزیندویە .......
......................................................................................... هاشم کەریمی ..... ٢٨
٥- گوشاری شەڕی سارد و چارەنووسی خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ لە رۆژهەڵات .. شاهۆ حوسێنی ... ٣٢
٦- جووڵانەوەیەکی زیندوو بە مێژوویەکی شاراوەوە ................................... عەبدوڵڵا حیجاب ..... ٤٢
٧- جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە روانگەیەکی ترەوە ................................. کەماڵ حەسەن پوور .... ٤٧
٨- زایەڵەی هاوارێک، مانای ڕاپەڕینێک، ئاکامی غەدرێک! ............................... هەیاس کاردۆ ..... ٥٣
٩- جووڵانەوە پڕشنگدارەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ی حیزبی دێموکرات ................. سمایل بازیار ..... ٥٨
١٠- جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ (٦٧ - ١٩٦٨) ................................ مستەفا شلماشی ..... ٦٩
١١- کۆمیتەی ئینقلابی؛ بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٧ .................. عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..... ٧٩
١٢- کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب، خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ .............. جەلیل گادانی ...... ٨٥
١٣- جووڵانەوەی سالەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی تروسکایی ئومیدێک پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان ...
......................................................................................... حەسەن قادرزادە ..... ٩٨
١٤- یادێک ٤٥ ساڵەی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ...................... سمایل چووکەڵی ..... ١٠١
١٥- ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ، مێژویەک بۆ فێر بوون، غەدرێک لە تێکۆشەرانی دیمۆکرات ..................
......................................................................................... محەممەدی فەقێ عەلی ..... ١٠٣
١٦- بزوتنەوەی شۆڕشگێری ٤٧ - ٤٦ ........................................... کەریم ئەللاوەیسی ..... ١٠٧
١٧- کۆنفرانسی گۆرموسا ................................................................ عەزیز ئەحمەدی ..... ١١٢
١٨- یاد و بیرەوەی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ ........................... سیروان حفیدی ..... ١١٦





١٩- شەهیدانی ڕاپەڕینی ٤٧ - ٤٦ هەروا ڕێنیشاندەرمانن ..................................... قادر وریا ..... ١٢٢

٢٠- جووڵانەوە چەکداری ساڵانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ ......................................... کەریم حیسامی ..... ١٢٤

٢١- دامەزراندنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەکدارانەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ ..................

................................................................................ د.یاسین سەردەشتی ..... ١٢٩

٢٢- دیمانەی ئارام قادری لە بەڕێز مامەقالەی شۆڕش ........................................................ ١٣٥

٢٣- پێک هاتنی بنەمای کۆمیتەی ئینقلابی .......................................... سەعید کوێستانی ..... ١٤٠

٢٤- باسێکی کورت لە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ ................................................ سیروان کاوسی ..... ١٤٣

٢٥- چەند سەرنجێک لە سەر "چێشتی مجێور"ی هەژار موکریانی ................. مەلا ڕەسووڵی پێشنماز ..... ١٤٩

٢٦- ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ .............................................................. عومەر عەسری ..... ١٦٦

٢٧- یادێک لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ و هێمای هاوبەشی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری، شەهید سمایل شەریفزادە .................................................................................. ١٧٤

٢٨- پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی چل ساڵەی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ ................ ١٨٠

٢٩- بەیانێکی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ......................................... ١٩٥

٣٠- ٧٠ ساڵ خەبات لە پێناوی دێموکراسیی و مافی نەتەوایەتیی ................... ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ١٩٤

٣١- ئاوڕێک لە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی دیمانە لەگەڵ ئەحمەد نستانی .................... ١٩٨

٣٢- ژیاننامەی بەشێک لە شەهیدانی خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ .................................. ٢٠٧

٣٣- بەشێک لە چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ ........................................................ ٢٤٣

٣٤- ئەڵبۆمی وێنەی شەهیدانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ ............................................ ٢٤٨




# چەند وتەیەک

خوێنەری هێژا! بۆ سپاس و پێزانین و ئەمەگ ناسی بۆ کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧(٦٧ - ١٩٦٨) کە لە دژوارترین هەلومەرجی ئەوسەردەم دا دەگەڵ درندەترین و دیکتاتۆرترین ڕێژیمەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست واتە ڕێژیمی پەهلەوی شەڕی مان و نەمانیان کردو بزوتنەوەیەکی سیاسی و تەشکیلاتیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ کرد کە ١٨ی مانگی خایاند. سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپێک و کەموکووڕیەک ئەم جووڵانەوەیە بوو بە لاپەڕەیەکی زێڕینی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی زۆرداری و سەرەڕۆیی، بەڵام بەداخەوە هەلو مەرجی ناوچەکە و ناکۆکی و نەبوو ئیمکاناتی ئەوتوو و یارمەتی جاش و خائینانی کورد بە ڕێژیمی پاشایەتی بۆ گەران و دۆزینەوە شۆڕشگێڕان بەشی هەر زۆری ڕێبەرانی ئەم جووڵانەوەیە شەهید و یان ناجوانمێرانە ڕادەستی ئەم ڕێژیمە کرانەوە. بێگومان خەبات و تێکۆشانی ئەم قارەمانانە بەرگێکی نوێیان لە خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەی کورد بۆ وەدیهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی ئەم گەلە خستە سەر لاپەرەکانی مێژووی خەباتی رەوای کورد.

هەربۆیە منیش بۆ یاد و بیرەوەی ٤٥ ساڵەی ئەم جووڵانەوەیە دەستمدا کۆکردنەوەی نووسراوە، ژیاننامە و وێنەی بەشێک لە شەهیدان و خەباتگێرانی ئەم جووڵانەوەیە و بۆ زیاتر دەوڵەمەندی کردنی ئەو کۆکراوەیە تێرادیوانە داوام لە کۆمەڵێک هاوڕێی دێرین و تێکۆشەر کرد کە بە نووسینی بابەت و هەڵسەنگاندن لەسەر ئەم جووڵانەوەیە یارمەتیم بدەن کە بەخۆشیەوە وەڵامی ئەرێنیان دایەوە، دەستیان خۆش بێ خامەیان هەروا رەنگین و نموونەیان زۆر بێ، هەروەها بەوەش نەوەستام بەنێو کتێب و پەرتۆکە کوردیەکان کە بۆ ئەم مەبەستە شتیان نووسیبوو گەرام بەشێکم لێ هەڵێنجان و دووبارە تایپ و رێک و پێکم کردنەوە. دەستی نووسەرانی ئەم کتێبانەش خۆش و هەر سەرکەتوو و تەمەن درێژ بن.

رەنگ بێ ئەو نامێلکەیە شایانی خەباتی قارەمانە و لەخۆبردوویی ڕۆڵە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرەکانی جووڵانەوە ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ (٦٧ - ١٩٦٨) نەبێ بەڵام دیسان بە هەموو کەم و کورێکەوە، دەتوانی بۆ زانیاری نەوەی نوێ کورد کەلکی خۆی هەبێ و کۆمەڵانی خەڵکی کورد باشتر ڕۆڵە نیشتمانپەروەکانی خۆیان بناسن کە چۆن بۆ




**بەگری لە خاک و نیشتمان باشترین سەرمایە ژیانیان واتە گیانیان پێشکەش کردوە.**

**جارێکی دیکە سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانە کە بەشێوەیە لە شێوەکان بەشدارییان ئەم جووڵانەوەیە دا کردوە. لە کۆتایی دا زۆر سپاسی نووسەر و تێکۆشەری دیرینی گەلەکەمان هاوڕێ برایمی جەهانگیری دەکەم کە زەحمەتی کێشاوە و پێشەکی ئەم نامێلکەکەیە نووسیوو، دەستی خوش بێت، هەر ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێ بۆ نەتەوەکەمان.**

**سڵاو لە شەهیدە سەربەرزەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ (٦٧ - ١٩٦٨) و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان.**

**تێبینی: ئەم نامێلکەکە جاری دیکە بە چەند نووسراوە و بابەتی تازە بۆ ٥٥ هەمین ساڵوەگەری ئەم جووڵانەوەیە نۆژەن کرایەوە.**

**بەرێزەوە ڕەحمان نەقشی**



# پێشەکی

## جووڵانەوەی چەکداری ١٣٤٦ و ١٣٤٧



**برایم جەهانگیری**

دۆستی خۆشەویستم کاک ڕەحمان نەقشی کە وەک هەمیشە زەحمەتەکانی بۆ خزمەت بە کورد و دۆزە ڕەواکەی کوردان دیار و بەرچاون زەحمەتی کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی کێشاوە کە لەسەر ئەو بزووتنەوەیە لەو قۆناخە تایبەتیەی کوردستاندا نووسراون ، جگە لەمە بەڕێزیان داوایان لە زۆر نووسەر و چالاکی سیاسیی گەلەکەمان کردووە کە لەو بارەوە بابەتی بۆ بنێرن و ئەوانیشی نێوئاخنی ئەو کۆکراوە یەکجار بە نرخە کردووە کە بە دڵنیایەوە دەتوانم بڵێم کارێکە لە کارە هەرە بەنرخ و نموونەییەکان، هەر لێرەوە پێویستە بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونەکانی بکەم کە هەردەم بە پەرۆشەوە و بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان تێکۆشاوە و لەم بوارەشدا کاری بەکەڵک و بە سوودی کەم نین. دیارە منیش بە نۆبەی خۆم و لەسەر پێشنیاری بەڕێزیان ئەو کورتە بابەتەم وەک پێشەکی ئامادە کرد ئەگەرچی دەزانم بە باڵای بەرزی ئەو بزووتنەوەیە زۆر کۆتایە بەڵام کورد گوتەنی دیاری شوان ئاڵەکۆکە.

جووڵانەوەی چەکداری ١٣٤٦ و ١٣٤٧ لاپەڕەیەکی گرینگی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو حەرەکەتە شۆڕشگێڕانەیە دەبێ لانی کەم لە دوو ڕوانگەوە ئاوڕی جیددی لێبدرێتەوە. لەو ساڵانە

دا کۆمەڵێ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕات بە بڕیارێکی شۆڕشگێرانە و لە فەزایەکی خنکێنەری پۆلیسی دەسەڵاتی پاشایەتیدا لە گەرمێن ڕا ئاوەدیوی ڕۆژهەڵات دەبنەوە . ئەو ئاوەدیوبوونە ڕاست لەو کاتەدابوو کە ڕێژیمی شای ئێران سەرکرایەتی شۆڕشی باشووری واتە پارتی و بارزانی نەمری خستبۆ ژێرگوشارێکی هەمە لایەنە کە بە هیچ جۆرێ نەهێڵێ تێکۆشەرانی دێمۆکڕات چالاکی سەربازی و سیاسییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ ڕاست وەک ئەمڕۆ کە سەرکردایەتی سیاسیی باشوور ملزەم بووە نەهێڵێ پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لەم دیوە ڕا سنوور ببەزێنێ ئاوەدیوی ڕۆژهەڵات بێتەوە بە نیازی چالاکی سیاسیی و سەربازی.

ئەو بەشە و ئەو خاڵە لە کۆنەوە بۆتە جێگای مشت ومڕی چالاکانی سیاسیی و هەر کەسە و بە جۆرێ باس لە هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشی باشوور دەکات، یەک دەڵێ ئەوان خۆیان لە بن دەستی دوژمن هاویشتووە و ئیزن نادەن کە ڕۆڵەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان تێکۆشانی خۆیان هەبێ و هەندێکیش دەڵێن هەر کەس چ دەکا با بیکا بەڵام نابێ باشووری کوردستان ببێتە مەیدانی ڕمبازێنی ئەم و ئەو و لە خاکی باشوورەوە نابێ هێرش بکرێتە سەر وڵاتانی دراوسێ و پاشان بێن و لە باشوور پەنا بگرنەوە، چون باشوور چ ئەو کاتی کە لە ڕاپەڕینی گەورەو سەختی چەکداری لە دژی حکوومەتی بەعس دا بوو و ئێران بە ئاشکرا وەک هێزێکی دەرەکی پاڵپشتی ئەو ڕاپەڕینەی دەکرد و چ ئێستا کە حکوومەتی ناوچەیی پێکهێناوە ناتوانێ بەرامبەر بە پیلانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دا خۆڕاگرێ و باشاریان ناکات. ئەو دوو ڕوانگەیە لە ساڵانی ٤٦ و ٤٧ وە تا ئێستا لەجێی خۆیدا هەر هەیە و باسوخواسی هەر لەسەرە.

خاڵی دووهەم کە لام وایە دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ و هەتا ئێستاش ئەو خاڵە زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە ئەمەیە کە هەست بە ڕووحی هەڵچوو و شۆڕشگێرانەی ئەو کۆمەڵە کادر و پێشمەرگەیەی حیزبی دێمۆکرات بکرێ کە سەرەڕای سەختی بارودۆخی سیاسیی و ئەمنیەتی لە کوردستان و دەسەڵاتی ڕەهای حکوومەتی پاشایەتی بەسەر ئەو ناوچانەی خەباتکارانی دێمۆکڕات ڕوویان تێکردبوو ئەوان بڕیاری خەباتی سەختی چەکداریان دابوو. ئەوان لە گەرمێن لە ژێر گوشاری سەرکردایەتی باشوور دابوون و چەند کەسیان لێگیرابوو وبۆماوەیەک زیندانی کرابوون. لە ڕۆژهەڵاتیش دەگەڵ وەزعیەتێکی تایبەتی بەرەوڕووبوون، ئەگەرچی چوونەوە ناو خۆ و وەگەڕ خستنەوەی خەباتی چەکدارانە بێ لێکدانەوەی هەموو هەلوومەرجەکان کارێکی هێندە ئاسان نەبوو و زەرەر و خەساری قەرەبوونەکراوی لێدەکەوتەوە.




دیاره ئەو کاتیش ململانه حیزبیەکان و کەوتنه دووبەرەی جیاوازی دەسەڵاتتدارانی باشوور، حیزبی کردبووه دوو بەشی جیاواز، ئەوانەی که دەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی باشوور بوون له دووری ئەحمەد تۆفیق کۆببوونەوه و ئەوانی دیکەش که لەو وەزعه ناڕازی بوون" کومیتەی ئینقلابی" یان پێک هێنا و وەک مامۆستا حەسەنزاده له کتێبی نیوسەدەتێکۆشان و لاپەڕەی ٤٥ دا دەڵێ، بزووتنەوەی چەکداری ٤٦ و ٤٧ هەر لەسەر دەستی ئەوان بنیات نرا.

جار جاره مێژوو له هەندێ برگەی زەمانیدا دووپات دەبێتەوه، ئەورۆش زۆرجاران ئەو زەمزەمەیه دەبیسترێ که خەباتی چەکداری تەنیا ڕێگای بووژاندنەوەی شۆڕشی رۆژهەلات و گەڕانەوەی رووحی شۆڕشگێری خەڵکی ڕۆژهەلاته بۆ ناو جەستەی ئەوبەشه له شۆڕشی کورد. خۆ ڕەنگه پارێزەرانی رۆژهەلات هەمان کۆمیتەی ئینقلابی بێ بەلام ئەوجار له بوارێکی بەرفراوانتر و کۆدەنگیەکی زیاتری سەرکردایەتی یەکێک له حیزبەکان. له هەمان کاتدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچی و ئەو پەند و دەرسەی له بزووتنەوەی چەکداری ٤٦ و ٤٧ بۆمان به جێ ماوه وەپشت گوێ بدەین. دەبێ به وردی زۆر به وردی هەموو لایەنەکان لێکبدرێنەوه و ئەنجا هەنگاوی به کردەوەی بۆ هەڵبێنینەوه. بەرپا کردنی خەباتی چەکدارانه وەک مەلا ئاواره له نامەیەکدا بۆ مامۆستا حەسنزاده دەنووسێ پێویستی به دابین کردنی زۆر کەرەسه و ئامرازی پێوستی مادی و مەعنەوی هەیه: "وەک دەزانی ماوەیەکه مقۆ مقۆی خەباتی چەکدارانه داکەوتووه. خەباتی چەکدارانه بێ تەشکیلات، خەباتی چەکدارانه بێ چەک و تەقەمەنی، خەباتی چه کدارانه بێ پشتی جەبهەو.... داوات لێدەکەم به هەر جۆر بۆت دەکرێ مەیەڵه ئەو فکره پەره بستێنێ و له نێو خەڵک داجێ بگرێ."

با به ڕاشکاوی بڵێم خەباتی چەکداری ٤٦ و ٤٧ بێ هیچ دەسکەوتێک شکستی هێنا و نەتەنیا هیچ شوێنێکی ئەرینی لەسەر ورەی خەڵکی رۆژهەلات دانەنا و نەبووه هۆی بەرزکردنەوەی رووحی شۆڕشگێرانەی خەڵک بەڵکوو رێژیم به نیشاندانی تەرمی بێگیانی گیانفیدایانی ٤٦ و ٤٧ له شەقام و مەیدانەکانی شار، ئاوێکی ساردی بەسەر خۆزگه و هیوای خەڵکی کورد له ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کرد. دیاره خەسارەتی هەرەگەورەش ئەوه بوو که پۆلێک له باشترین کادرەکانی حیزبی دێمۆکڕات لەو خەباته خوێناوییەدا گیانیان لەدەست دا، عەبدوڵای موعینی، سولەیمانی موعینی، مەلا ئاواره، مەلا رەحیم وێردی، ملا مەحموود زەنگەنه، نەحۆ، سمایلی شەریفزاده و مینه شەم و سەید فەتاح و ساڵح لاجانی.... که به دڵنیایەوه ناو وسیمایان هەمیشه له ناودڵی گەڵ و نیشتمانپەروەران دا بەزیندوویی دەمێنێتەوه.

خەباتی چەکداری بێ پێش زەمینەی تەشکیلاتی و پەروەردەیی شۆڕشگێرانە و بی ناسینی هەلوومەرجی واقعی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی حکوومەت و دەسگا سەرکوتکەرەکانی هەمیشە دووچاری کارەساتت دەکات و هەر وەک دیتمان چەندکەس لە باشترین رۆڵەکانی دێمۆکڕات بە هۆی هەڵنەسەنگاندنی تەواوی باردووخەکە لە ماوەیەکی کورتدا بوونە قوربانی و داخی گرانیان بۆ نیشتمانپەروەران و کوردستانیانی دڵسۆز بە جێ هێشت. بزوتنەوەی چەکداری ٤٦ و ٤٧ سەرباقی هەموو کەموکووڕیەکان یەکێک لە لاپەڕە زێڕێنەکانی مێژووی فیداکاری و بەرخۆدانی رۆڵەکانی دێمۆکڕاتە.

تیبینی: لەهەموو بارێکەوە هەم هەلوومەرجی کوردستان بە گشتی و هەم رۆژهەڵاتی کوردستان و هەمیش دەسەڵاتی گەندەڵی رێژیمی ئیسلامی ئێران دەگەڵ شای ئەو کات جیاوازی ئاشکرایان هەیە من لەسەر ئەو باوەڕەم کە بۆهەرچەشنە خەباتێکی سیاسیی مەدەنی و تەنانەت چەکداریش زەمینە زۆر لەبارترە لە ساڵانی بەرێ.

ڕێکەوتی: ١ی مەی ٢٠١٥




## یادی ٥٠ ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ لە وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ سمایل بازیاردا



**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**سمایل بازیار:** ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی کوردستانیان تێکەڵ بەو روحی خەباتگێڕیە کرد کە لە شەستەکاندا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو بانەمەڕی ئەمساڵ نیوسەدە بەسەر برگەیەکی گرینگی مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ڕاپەڕینی سیاسیی کورد لە ئێران ڕادەبڕێ. لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاویداو لە گەرمەی شەڕی ساردو هێمنی‌یەک کە حەمەڕەزاشای پەهلەوی بۆ خۆیو دەسەڵاتەکەی دانابوو، چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێدرا کە ئەو گۆمە مەندەی شڵەقاند. جووڵانەوەیەک کە باوەڕو ورەی بە ڕوحی خەباتگێڕیی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا کردەوە.

ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ ئەگەرچی تەنیا ١٨ مانگی کێشاو بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری لەو کاتداو ناهاوسەنگیی هێز تێکشکا، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشەی خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە.

**عەلی بداغی:** لە وتووێژێکدا لەگەڵ سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیەو ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات باسی لە چەند ڕەهەندێکی ئەو ڕاپەڕینە کردووە:

**سمایل بازیار:** ٥٠ ساڵ دوای ئەو ڕاپەڕینەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی لەلایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتەوە

لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەڕێخرا، بە ڕوانینی مێژوویی چۆن پێناسەی ئەو ڕووداوە دەکرێ؟ ئەوە ڕاپەڕین بوو؟ جووڵانەوە بوو؟ یان حەرەکەتێکی سنووورداری نیزامی؟

ئەوەی باسی دەکەی لە زۆر جێگاو سەرچاوەدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، تەنانەت لە هەندێ جێ ناوی «شۆڕش»یشی لێنراوە. چونکی شۆڕش بریتییە لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووریو کلتووریو کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. ئەمن لە نووسراوەی ئاکادمیکیشدا دیتوومە کە بە شۆڕشیان ناوبردوە کە ئەوە ناتوانێ دەقیقو لەجێی خۆیدا بێ. بەرامبەر بەوەش هەیە کە دەیانەوێ زۆر بچووکی بکەنەوە، یانی بە ماجەراجوویی‌و سەربزێویی ناو دەبەن. هەڵبەت وەک گوتم ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە لەو بارەوە. ئی واهەیە عاتفی چاوی لێدەکا و زۆری گەورە دەکاتەوە، ئی واشە دەیەوێ بچووکی بکاتەوە. بەڵام دەکرێ بڵێین ڕاپەڕین بووە، چونکی ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەزمو ئیرادە پێوەندیی هەیەو پشتئەستووت بە فیکرو ڕێکخستنە. ڕاپەڕین بنەماکەی بۆ ئاگاهیو تێفکرین دەگەڕێتەوەو لاوەکان لە ڕاپەڕیندا دەوری سەرەکی دەبینن؛ چونکە ئارمانگەراو ڕادیکاڵنو بە گژ زوڵمو ستەمو چەوسانەوەدا دەچنەوە.

ئەم تایبەتمەندییانە بە تەواوی لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ دا دەبیندرێ. بە تایبەتیش کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆری پەرە نەگرتو تەواو نەبووە جەماوەری. بۆیە بە ڕاپەڕین ناوهێنانی ئەو حەرەکەتە دەکرێ لە چەمکو زاراوەکانی دیکەی وەک شۆڕش، ڕاپەڕینو... دەقیقتر بێ.

**عەلی بداغی**: ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە کێ بوون؟ سەر بەکام ڕەوتی فیکریی حیزبی دێموکڕات لەو کاتەدا بوون؟

**سمایل بازیار**: ئەوانەی ڕێبەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد تەرکیبێکن لە کۆمەڵێک خوێندکارو ڕووناکبیری شاری، وەک سولەیمان موعینی کە ساڵێکی لە زانکۆی تاران خوێندبوو، سمایل شەریفزادە کە دواساڵی خوێندنی لە بەشی ئەلەکترۆنیک زانکۆی تاران بوو، حەمەدەمینی سیراجی کە ڕشتەی «حقوق»ی لە زانکۆی تاران تەواو کردبوو، سالار حەیدەری کە خوێندکار بوو ئەویش لە سەرەتاکانی جووڵانەوەدا لەگەڵ بوو. کاک عەبدوڵلا موعینی ڕێبەرێکی دیکەی جووڵانەوەکەیە کە دیپلۆمی بووە و بێ ئەوەی بیەوێ بچێتە زانکۆ دێتە ڕیزی جووڵانەوەکە. بە گشتی ئەوان ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینەن.




**عەلی بداغی**: **ئەدی مەلا ئاوارە؟**

**سمایل بازیار**: مەلا ئاوارەش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بوو کە پێگەیەکی ئایینی هەبوو، مەلایەکی ناوچەی سەردەشت کە لە حوجرەدا پێگەیشتووە، هەڵبەت ئەو بەو مانایە نییە کە چونکی زانکۆ نەچووە تێگەیشتنی سیاسیی نەبووبێ، پێچەوانە کەسایەتییەکی وشیاری سیاسیو مایەی بەهێزی ئەدەبیی هەبوو. شێعری «تۆتنەوان»ی ئەو جوانترین تەعبیرە لە مەینەتیو نەهامەتییەکانی جووتیارانی چەوساوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە توێژی خوێندکارانو ڕووناکبیرانی شار بوون. بەڵام زۆرینەی هێزەکەیانو بەدەنەیان لە جوتیاران، خەڵکی ئاساییو گوندنشینەکان پێکهاتبوون.

**عەلی بداغی**: **ئەو کەسانەی ناوت هێنان یەکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بووە لەو کاتەدا، مەبەستم کاک سولەیمان موعینییە. دەمەوێ بپرسم ئەو ڕاپەڕینە چەندە وەڵامدانەوە بە زەروورەتێکی تاریخی لە سەر بەستێنێکی سیاسیی گونجاو و چەندە دەراوێشتەی قەیرانێکی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکڕات بوو؟**

**سمایل بازیار**: کاتێک باس لە دیاردەیەک دەکەین ناکرێ «تەک سەبەبی» بۆی بچینو هەر فاکتەرێک بەبەڵگە بێنینەوە. بۆ خوڵقانی هەر ڕووداو و دیاردەیەک ئەوە کۆمەڵە فاکتەرێکن دەست دەدەنە دەستی یەکتر، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئێمە چۆنیان ئەولەوییەتبەندی دەکەین. ئەوە کە کامەیان فاکتەری سەرەکییە؟ هەموو ئەوانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕەوتە بووبێ؛ بەڵام بێگومان هۆکارێک قورساییو وەزنی زۆرترە لەوانی دیکە.

لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باسی ئەو جووڵانەوەیە کراوەو کێشەکە یان جیاوازیی بۆچوونەکان لەو ئەولەوییەتبەندییەڕا سەرچاوە دەگرێ. ئی وایە دەڵێن ئەوە هەلومەرجی باشووری کوردستانو بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوولە کە شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ داناوە. ئی واهەیە ئەو فشارانەی ڕاپەڕینی سیاسی لە باشووری کوردستان خستوویەتە سەر چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتو دەرەتانی تێکۆشانی پێنەداون، ئەوە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هیندێکی دیکەش دەیبەستنەوە بە قەیرانی نێوخۆییو کێشە نێوخۆییەکانی نێو حیزبی دێموکڕات. تەنانەت ئی واهەیە کە دەڵێ ئەوانە لە حەیفان خۆیان بە کوشتن داوە کە ئەمە ئیدی سەرسووڕهێنەرە بۆچوونی لەم چەشنە.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئەو کێشە و ناکۆکیانە بووە، تەنانەت لە پێش کۆنگرەی 2ی حیزبەوە بووە، کۆمیتەی ساغکەرەوەی لێ کەوتۆتەوەو درێژەی بووە.

**سمایل بازیار**: وایە، ئەوە دەزانم، بەڵام هیندێک کەس دەڵێن ئەوەیان بەسەردا سەپاوە، کە دیارە ناکۆکیو تێبینیی من تایبەت لەسەر ئەو خاڵەیە. ڕاستە ئەوانەی ئاماژەم پێکردن کەمو زۆر کاریگەرییان لەسەر بووە. بەڵام ئەوەی دەڵێ ئەوەیان بەسەردا سەپا ئەوە غەدرە، چونکی فاکتەرێ گرینگی باوەڕو ئیرادەیان لێ زەوت دەکا. چونکێ ئێمە دەبینین هەر لەو کاتەدا بەشێکی زۆری ڕێبەریو کادرو پێشمەرگەی حیزب هەر لە باشوور ماونەتەوەو کێشەو گرفتیشیان نەبووە.

**عەلی بداغی**: ئەمەیان ئی ئەو نەبووە کە ئەو بەشە لە بنەڕەتدا کێشەیەکیان دروست نەکردوە بۆیە کێشەشیان نەبووە؟

**سمایل بازیار**: بەڵێ وایە، ئەوانەی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ یان وەڕێخست ئەوانیش دەیانتوانی وەک ئەوان بێکێشە دانیشنو فارس گوتەنی « آهسته بیا، آهسته برو». بەڵام ئەوان نەیانتوانی بەو شێوەیە دابنیشنو هیچ نەکەن. دیارە ئەوانیش کێشەی خۆیان بووە بەڵام وانەبووە کە ئەوەیان بەسەردا سەپابێ. هۆکاری سەرەکیی ئەوە دەبێ لە کەشو هەوای سیاسیی ئەو کاتدا بۆی بگەڕێی. ناکرێ ئەو دیاردەیە لە دۆخی ئێستادا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، دەبێ بگەڕێیەوە کاتی ڕووداوەکانو بزانی لە چ هەلومەرجێکدا سەری هەڵداوە.

جارێ با لە پێشدا با سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان لەو کاتی ئێراندا بکەین، با بزانین لە ئێران دەرەتانی چالاکییەکی ئاسایی هەیە؟ بە تایبەت دوای ئەوەی کرانەوەیەکی سیاسی لە ساڵەکانی ١٣٣٩ تا ١٣٤٢ بەهۆی فشاری ئەمریکا بۆ ناچارکردنی ئێران بە هەندێ چاکسازی دروست ببوو. عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیری ئەو کات هەندێ دەرەتانی سیاسی بۆ خەڵک کردبۆوە کە تێیدا بەرەی نیشتمانیو ئەوانە دەستیان بە چالاکی کردبۆوە. لە کاتی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧دا ئەو قۆناغە کۆتایی هاتبوو، ئەو دەرەتانە بچووکەش نەمابوو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ هەرای خومەینییان سەرکوت کرد. ئیدی دوای ئەوە مەجالێک بۆ چالاکیی سیاسی نەما. مهەندیس بازرگان قسەیەکی جوانی هەیە لەو کاتدا. ئەو کە ئەندامی ڕێبەریی نێهزەتی

ئازادی بوو لە کاتی دادگاییکردنیدا بە دادستانەکەی دەڵێ: «ئێمە ئاخرین کەسانێکین کە دەمانەوێ لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیدا خەباتو تێکۆشانمان هەبێ.» ئەو کە بۆخۆی لە نێو کۆمەڵگاو لە هەناوی ڕووداوەکاندا بووە، پێشبینیی ئەوە دەکاو دەڵێ ئێمە ئاخر نەسڵین. نەسڵەکەی دیکە دەست بۆ چەک دەباو لە ڕێگەی دیکەوە خەبات دەکا، واتە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە.

**عەلی بداغی**: یانی دەفەرمووی دۆخی سیاسیی ئەو کات ئەو شێوازەی بەسەردا سەپاندن یان ئیلهامیان لە شتێکی دی وەردەگرت؟

**سمایل بازیار**: دەمەوێ بڵێم هەلومەرجێکی ئاسایی و یاسایی بۆ تێکۆشان لەبەردەستدا نەبووە، ئەوە یەکەم.
دواتر با سەیرێکی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ناوچەو جیهان بکەین. دەیەی ٦٠ی زایینی کە ئەو جووڵانەوەیەی تێدا کراوە دەیەیەکی زۆر تایبەتییە لە سەدەی بیستەمدا. ئێریک هابزباوم بە دەیەی ڕادیکالیزمو شۆڕش ناوی دەبا. لە دەیەی ٦٠دا لە زۆر شوێنی دنیا رادیکالیسمو شۆڕشو ڕاپەڕین دەستی پێکردوە. چاو لێکە تەنانەت لە ئەمریکا لە دەیەی ٦٠ دایە کە ڕەشپێستەکان بە ڕێبەرایەتیی مارتین لوترکینگ بۆ مافە مەدەنییەکانیان ئاوا چالاکانە دێنە پێشێ. ئەوجار وەرە ئورووپا و سەیری بزاوتە خوێندکارییەکان لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بکە، بزانە چۆن لە پاریس پاشەکشە بە «دوگول» دەکا. لە جیهانی سێیەم بە تایبەت ئەوە بەرچاوترە. لە ڤیتنامڕا بگرە تا دێتە فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا دەچێتە ئەفریقاو تەنانەت ئەمریکای لاتین. بە دەیان وڵات لەو دەیەدا زنجیری کۆلۆنیالیسمو دیلیان پساندو هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیای سیاسیی وڵاتان.
لەو دەیەدا خەباتی ڕزگاریخوازی دەگاتە لوتکەی خۆی. ئەوەی جالبە، ئەوەی لایەنگرانو هەروەها دژبەرانی ئەو جووڵانەوەو بزاوتانەی سەرسام کردبوو ئەوەیە کە ئەوەندەی تۆمار کراوەو ئاماژەی دراوەتێ نیزیک بە٣٢ حاڵەتو جووڵانەوەو بزاوتی چەکداری هەیە لە دنیادا. مەسەلەن ڤیتنامییەکان کە پێشتر فەڕانسەوییەکانیان تێکشاندبوو، لەو دەیەدا ئەمریکایان بە تەواوی بە «چالش» کێشابوو. فەلەستینییەکان هەروەها. سەیر کە بزانە چۆن ئەلجەزایرییەکان هەر لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە فەڕانسەوییەکانیان لە وڵاتانی خۆیان دەرکرد، سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، شۆڕشی چین هەر لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە بوو، گۆڕانکارییەکان لە ئەمریکای لاتین. ئەو رادیکالیسمەو ئەو پەنا بۆ چەکبردنە کاریگەریی زۆری لە سەر ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ بووە. هەر لە کوردستانی خۆشمان، لە باشووری کوردستان ئەوکات خەباتێکی چەکدارانەی بەهێز هەیەو

هەموو ئەوانە کاریگەریی لەسەر ئەوان بووە. جا کە سەیر دەکەی دەبینی زۆربەی ڕێبەرانی جووڵانەوەکە کەسانێکی لاون، پێشینەیان لە خەباتو بزاوتی خوێندکاریی ئێران لەو ساڵانەدا هەیە، ئەوانە هەموو کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەو بڕیارەکانی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەدا هەبووە.

**عەلی بداغی**: بەشی هەرە زۆری ئەو بزاوتانەی جەنابت باست کرد لەچین، لە ئەلجەزایر، لە ڤیتنامو لە ئەمریکاش سەرکەوتن بە تایبەت لە کوبا؛ بەڵام لە کوردستان نا. هۆکارەکەی چییە؟ ئایا ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ لە لێکدانەوەکانیاندا بەهەڵەچوبوون؟ ئایا ئیحساسی بڕیاریان دابوو؟

**سمایل بازیار**: ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە دەبێ بگەڕێینەوە کەشوهەوای سیاسیی دەیەی ٦٠ کە جۆرێک لە ڕوحی خەباتگێڕی هەموو جیهانی گرتبۆوە، لە ئورووپا، لە جیهانی سێیەم بە ئەمریکاشەوە. ئەو ڕوحە خەباتگێڕییە کاریگەریی خۆی لە هەموو جێیەک داناوە. لە ڕاستیدا سەرکەوتنی کوبایی‌یەکان لە کوبا لە ڕێگای خەباتی چەکداری‌یەوە بوو. ئەو سەرکەوتنە بوو ئولگوو، بوو بە ئیلهامدەری زۆر لە شۆڕشگێڕەکان، لە لاوە ڕادیکاڵەکان لە زۆر وڵاتان جا لە ئاسیا، لە ئەفریقاو لە ئەمریکای لاتینو شوێنەکانی دیکەش.

هەلومەرجی کوبا جۆرێک بوو زۆر ڕاحەت بە دەستیانەوە هات. ئەوان ١٩٥٧ لە چیاکانی «سیرا مائێسترا» دەستیان پێ کردو لە ١٩٥٩ سەرکەوتن. ئەو سەرکەوتنەوە و بەدەستەوەهاتنەوە بووە ئیلهامدەری زۆر ڕاپەڕینەکانی دیکە کەچی لە زۆر جێیان ئەمە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. هەر یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەی کوبا کە بەناوبانگەو هەموومان دەیناسین، چێگوارا. ئەو ویستی عەینی ئەو شێوازە لە بۆلیوی کۆپی بکا بەڵام نەیتوانی، بۆ خۆیشی لەوێ کوژرا.

جا بێ ئەملاوئەولا ئەوە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧. تەنانەت لە ئێرانیێشدا ئەم کۆپی‌کردنە لە شۆڕشی کوبا کرا، ئەوەی سازمانی چریکەکان لە سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ کردیان، دیارە ئەوانیش تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە ئەمن ناڵێم ئەوان ئیحساسی جووڵاونەتەوە، بەڵام لە لێکدانەوەکانیاندا ئەو وردبینییە پێویستەیان نەکردبوو. دەمەوێ بڵێم عونسوری ئیحساس لە وەرێخستنی ئەو جووڵانەوەیەدا زۆر لاوازەو ئەوەی پتر تۆخو دیارە باوەڕبەخۆبوونو ئیرادەخوازیی ئەوانە.

**عەلی بداغی**: **دەکرێ وەک نموونە بەڵگەیەک لەو پێوەندییەدا باس بکەی؟**

**سمایل بازیار**: بەڵگە زۆرن. تۆ کە نامەیەکی کاک سولەیمان موعینی دەخوێنییەوە کە دێکۆمێنتەو هەیە، بۆت دەردەکەوێ کە لە لێکدانەوەی هەلومەرجی کوردستاندا دیققەتی تەواویان نەکردوە. چونکی لە نامەکەدا وا باس دەکا کە هەلومەرج لەبارە، خەڵک پێیان پێوەست دەبێ و ئەوان تێیدا سەردەکەون. ئەوە ئیحساسی بوون نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین لێکدانەوەکانیان ورد نەبووە، لە سەر بارودۆخی کوردستان.

لەگەڵتم بۆ ئەوەیان. چونکی دەبینی ئەو جووڵانەوەیە لە بەشی گوندنشینەکانی کوردستاندا دەکرێ، لە شوێنێک کە چەند ساڵێکە ئیسلاحاتی ئەرزی بە فەرمانی شا کراوەو خەڵکی گوندی بوونەتە خاوەنی مەزراو مووچە. سروشتییە لەو هەلومەرجەدا کار بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە سەختو دژوار دەبێ.

ڕاست وایە. ئەگەر باس لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بکەین، یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانێ ئەوە بێ.

دوایە وردتر دێینە سەر باسی هۆکارەکانی تێکشکانی ڕاپەڕینەکە، لێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕاپەڕینە هەڵگری چ گوتار و گوفتومانێک بوو؟ لە بنەڕەتدا ئەو جووڵانەوەیە تیوریزە کرابوو، گوتاری تایبەت بە خۆی هەبوو؟

لە ڕاستیدا ئەوان گوفتومانێکی تایبەتییان نەبوو. ئەوان زۆر بە خێراو بەپەلە کەوتنە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە. تۆ سەیر بکە ئەو ساڵەی کە ئەوان دەستیان بە ڕاپەڕینەکە کرد، ئەو ساڵە بوو کە حەمەڕەزا شا تاجی پاشایەتیی لەسەر دانا. حەمەڕەشا لە ساڵی ١٣٢٠ دەبێتە شای ئێرانێو لەسەر تەخت دادەنیشێ بەڵام دوای ٢٦ ساڵو لە ساڵی ١٣٤٦دا تاجگوزاریی کرد. کاتێک کە هەست بە سەقامگیری دەکا. ئەو کات ئیدی ژاندارمی ناوچەکە بوو، ئەمریکا ئەو نەخشەی پێدابوو، یانی نەک خۆی هەستی تەواوی بە ئەمنیەتی خۆیو وڵاتەکەی دەکرد، بەڵکوو لە پێناو ئامانجی بەرەی ڕۆژاوادا خۆی بە پارێزەری ئەمنیەتی ناوچەکەش دەزانی. ئێمە دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە جووڵانەوەکە لە چ کاتێکدایە، لە کاتی شەڕی سارددا. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ بتەوێ بە گژی ڕێژیمێکی ئاوا بەو ئیمکاناتەو بەو جێگەو پێگەیە ڕاچی، دەبێ بە ئیمکاناتی زیاتر، بە وردبینیی

زۆرترو بە دووربینیی باشترەوە دەست پێبکەی. خۆئامادەکردنی زیاتری دەویست هەم لەباری فیکرییەوە، هەم لەبواری ماددیو لۆجستیکییەوە کارەکەیان زۆر کتوپڕ بوو، ئەوە رەخنەیەکە لەو ڕاپەڕینە دەگیرێ، جا ڕەنگبێ هەلومەرجی باشووری کوردستانیش وای لێکردبن کە پەلە بکەنو دەست ببزوێن.

با یەک شتی دیکەش لە سەر رێبەریی جووڵانەوەکە بڵێم. تۆ کە چاو لە نامەکانیان دەکەی، بەشی زۆریان کاریگەریی بیری چەپیان بەسەرەوە بوو، ئەویش چ جۆرە چەپێک، چەپی مائوییستی. ئەوان سەرسامن بە شۆڕشی چینو ئیلهاموەرگرتن لە ئەزموونەکانی شۆڕشی چینو بە تیۆرییەکانی مائۆ کە پێی لەسەر نەخشو دەوری گوندەکانو جوتیاران دادەگرت. ئەوەی کە دەیگوت ئاوردووی شۆڕش لە گوندەکان باشتر دەسووتێو گەمارۆدانی شارەکان لە رێگای دێهاتەکانەوە. شۆڕشی چین بە رێبەرایەتیی مائۆ لەو رێگایەوە سەرکەوت، پێگەی سەرەکییان گوندەکان بوون، ئەرتەشی سووری مائۆ زۆرینەی هەرە زۆری جوتیارەکان بوون، ئەوە کاریگەریی زۆری بەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی رێبەرانی ٤٦ - ٤٧ەوە هەبوو، هەڵبەت حاشاش لەوە ناکرێ کە کاریگەریی بیری نەتەوایەتیش ئاوێتەی ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**عەلی بداغی**: **باشە بۆ ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیری چەپ ئەویش لەو جۆرەی؟ بەڵگەی بۆ ئەوە چییە؟**

**سمایل بازیار**: جیا لە تایبەتمەندیی رێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە کە باسمان کرد بەشێکی دیکەی هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەوانو سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەدا هەبوو. سازمانی ئیقلابیی حیزبی توودە ئەم رێکخراوەیە بوو کە ساڵی ١٣٤٣ لە ئورووپا بەشێک لە جوانەکانی ئەو حیزبە پێکیان هێنابوو. دیارە هەندێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەش وەک فرووتن و قاسمیو سەغایی لەگەڵیان کەوتبوون، بەڵام زیاتر کەسانی وەک موحسین ڕیزوانی، مێهدی خانبابا تێهرانیو کورش لاشاییو ئەو تیپە کەسانە لە حیزبی توودە جیابوونەوەو سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەیان پێکهێنا. ئەوانیش تەواو لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی مائۆدا بوون، ئەو کاتەی بەرەی سۆسیالیستی لە دنیادا ئینشعابی تێکەوت، یانی یەکیەتیی سۆڤییەتو چین ڕیزی خۆیان لە یەکتر جیاکردەوە، لە ژێر کاریگەریی ئەم ئینشعابە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا لە نێو حیزبە کۆمۆنیستییەکاندا ئەو جیابوونەوەیە ڕوویان دا. ئەم رێکخراوەیەی ئینقلابیی حیزبی توودەش لەو چوارچێوەیەدا دروست بوو. ئەوان یەکیەتیی سۆڤیەتیان بە ریویزیونیسیت تاوانبار دەکردو

دەیانگوت ئەوان پیداچوونەوەیان بە بنەماکانی مارکسیزمو لێنینیسمدا کردوە. جا ئەو ڕێکخراوانە باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو و کاریگەریی مائۆییسمیان بەسەرەوە بوو. ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧و ئەوانە پێکەوە پێوەندیان هەبوو.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی زۆربەی ڕێبەرانی خەباتکاری جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ چەپی مائۆییستی بوون بیرەوەرییەکانی یەکێک لە ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە کورش لاشاییە. کورش لاشایی لە ئورووپاڕا گەڕاوە، هاتەوە باشووری کوردستانو تەقریبەن دوو مانگیان لەگەڵ بووە. لەگەڵ کاک سمایل شەریفزادەو کاک حەمەدەمین سیراجیو ئەوان زیاتر لە دوو مانگ لە ناوچەدا جەولەی کردوە.

دوایە دەڕواتەوە ئورووپا کە دێتەوە ئی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام ئیدی ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێهاتوە، تەواو بووەو بەشێک لە ڕێبەرەکانی شەهید بوون. لە لابەلای بیرەوەرییەکانی کورش لاشاییدا تێڕوانینی چەپی مائۆئیستیی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ دەبیندرێو بە تایبەتی لە نامەکانیاندا کە بۆ د. قاسملوو و کەریم حیسامییان نووسیوە کە تێیدا پێداگری لەسەر پێویستیی خەباتی چەکداریو دەوری جوتیارانو گوندەکان لە بەرپاکردنی شۆڕشدا دەبینین.

با ئەوەش بڵێم چەند ساڵ پێشتریش سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە ویستی لە نێو ئێلی قەشقایی لە باشووری ئێران لە خانو دەرەبەگەکان بە ڕیفۆرمەکانی شا لە بابەت زەویو زار ناڕازی بوون کار بکەنو ئاراستەی پێبدەن کە سەرکەوتوو نەبوون. دیارە ئەوەی قەشقاییەکان ملبادانو سەربزێویی خانو دەرەبەگەکان بوو بە ڕیفۆرمەکانی شا و ناچێتە چوارچێوەی ڕاپەڕین، چون فیکرو ڕێکخستنو ئیرادەی تێدا نەدەبینرا.

**عەلی بداغی**: باشە پێوەندیی نێوان سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەو خەباتکارانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ چۆن دروست بووە؟ ئەوان لە وڵاتانی ئورووپایی، ئەمان لە باشووری کوردستانو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**سمایل بازیار**: ئەو پێوەندییە لە ڕێگای «مام جەلال»ەوە دروست بووە. دوای دروستبوونی کێشەو ناکۆکی لە نێوان ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوول کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی جیابوونەوە، مام جەلال یەکەم کەس لە ڕێبەرانی




کوردە کە کاریگەریی ئەندێشەکانی مائۆی لەسەر بوو. یانی دەتوانم بڵێم مام جەلال زووتر لەو کاتو لە نیوەی پەنجاکانی زاینینییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەو بۆ خۆی ئەو کات بۆ بەشداری لە فستیڤاڵێکی خوێندکارانی جیهان سەردانی چین دەکاو ئەوێ دەبینێو بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەمانە، واتە باڵی مەکتەبی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، لە بیرلین نەفەریان هەیەو لەگەڵ ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی یەکتر دەبینن‌و بەو جۆرە پێوەندییەکان لەگەڵ خەباتکارانی ڕۆژهەڵات دروست دەکەن‌و کەسانێکی وەک کورش لاشایی دێنەوە بەکرەجۆ و لەوێ لەگەڵ سمایل شەریفزادەو ئەوان یەکتر دەگرن‌و دێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە لە ڕێگای مام جەلالەوە ئەم پێوەندی‌یە دروست بوو.

**عەلی بداغی**: بە هەموو ئەو سەرنج‌و تێبینی‌یانە ئەگەر بمانەوێ باس لە گرینگیی ڕاپەرینی ٤٦ - ٤٧ بکەین دەبێ قامک لەسەر چی دابنێین؟ ئێوە گرینگیی ئەو جوولانەوەیە لە چیدا دەبینن؟

**سمایل بازیار**: با لە پێشدا و سەرەتا بزانین ئەو ڕاپەرینە لەبەرچی بۆ حیزبی دێموکرات گرینگە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان ئەگەرچی تێکۆشانی بووەو خەباتەکەی هەورازو نشیوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام هەتا ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ لە ١١ی ڕەشەمەدا و لە میتینگەکەی مەهابادا؛ جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ دیارترین‌و بەرجەستەترین قۆناغی چالاکی‌و فەعالیەتێتی.

دیارە لەو ماوەیەدا خەبات بووە، چالاکی بووە، ئەندامانی ئەو حیزبە کەوتوونەتە زیندانەوە، بەڵام ڕاپەرینی ٤٦ - ٤٧ گرینگترینی ئەو مێژووەیە. واتە لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕشی ١٣٥٧ ئەمە لوتکەی چالاکی‌و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەگەر دەبینی لە میتینگی ١١ی ڕەشەمەدا پێشوازی‌یەکی بەرین لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرا بەشێکی کاریگەریی ئەم ڕاپەرینەیە. ڕاستە بیرەوەری‌یەکانی کۆمار، نۆستالیژیای کۆمار ئێستاش لە بیری بەشێکی خەڵکدا هەر مابوو، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک کە ڕوو لە حیزب دەکەن، حیزبێک کە ساڵەهایە دوورە لە خەڵکو چالاکیی ئاشکرای نەبووە، خەباتەکەی کز بووە، ئەدی چۆنە پێشوازی‌یەکی ئاوای لێدەکرێ؟ ڕاستە بەرنامەو شوعارەکانی حیزب گرینگن، بەڵام بەبێ ئەملاوئەولا یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەو پێشوازی‌یە لە ڕاپەرینی ٤٦ - ٤٧ و ئاکامەکانیەتی. چونکی هەر دە ساڵ بوو ئەو ڕاپەرینە

تێکشکابوو. کەسایەتی‌یەکانی ئەو جووڵانەوەیە لە یادەوەریی خەڵکدا هەر مابوون. کەوابوو ئەمە خاڵێکی گرینگە. دواتر لە ئێراندا ئەمە یەکەمجارە کە ڕێکخراوێک بە کردەوە ڕوو لە خەباتی چەکداری دەکاو ئەو شێوازە بۆ خەبات لە دژی حکومەت هەڵدەبژێرێ. ڕەنگە وەک فیکر هەبووبێ، بەڵام بە عەمەلی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ یەکەم ڕێکخراوە کە پەنا بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دەبا. بە ڕوویەکی دیکەدا ئەو جووڵانەوەیە کاریگەریی بووە لەسەر ڕێکخراوەکانی دیکە لە ئێران کە ئەو شێوازە لە خەبات بگرنە بەر. دیارە ئەوەی مهەندیس بازرگان کە باسم کرد، لە دوای سالی ١٣٤٣ یەکەم بیر و گەراکانی خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا دروست دەبێ بەهۆی «بیژەنی جەزەنی»، ئەمیر پەرویزی پوویان‌و مەسعوودی ئەحمەدزادەو ئەوانەوە کە دوایە لە ساڵی ١٣٤٩ ڕێکخراوی فیداییانی لێ‌کەوتەوە، ساڵی دواتر سازمانی مجاهیدنی خەلق کە ئەوانیش لە بیری خەباتی چەکداری‌دا بوون؛ لە کاتێکدا کە ئەو ڕێکخراوانە هەر لە فیکری ئامادەکاری دابوون ئەو لە کوردستانە کە چەخماغەی ئەم شێوازە لە خەبات لێ‌دەردێ. ئەمن گوتم کە یەکەم هەستەکانی چریکە فیداییەکان لە ساڵی ١٣٤٣ دروست دەبێ، بەڵام یەکەم کاری بەکردەوەیان ڕووداوەکەی سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ بوو. بەبێ ئەملاوئەولا جوولانەوەی ٤٦ - ٤٧ کاریگەریی لەسەر ئەو ڕێکخراوانە بووە. تەنانەت کاک سمایلی شەریفزادە لە سەردەمی خوێندکاریش‌دا لەگەڵ هیندێک لە خوێندکاران کە دواتر لەگەڵ چریکەکان کەوتن پێوەندیی بووە، نامەو نامەگۆڕینەوەیان لە نێوان‌دا بووە، وەک عەلیرەزا نابدل، بێهرووز دێهقانی، برای ئەشرەف دێهقانی کە دواتر هەردووکیان کوژران. ئەوەمان لەبیر نەچێ کە چۆن ئەو ڕاپەڕینە هێمنی‌و ئارامیی ئێرانی شڵەژاند. شا کە ئێرانی بە جەزیرەی ئارام لە دەریای تۆفانیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەشوبهاند، ئەو گۆمە مەندەیان لێ شلەقاند. ئەوانە گرینگن.

**عەلی بداغی**: باشە هەر گرینگە یان دەسکەوتیشی بووە؟

**سمایل بازیار**: ئەو گرینگی‌یانە هەموو دەسکەوتی مەعنەوین. یەکێک لە دەسکەوتە مەعنەوی‌یەکان درێژەدانی خەباتەو کاریگەریی لە سەر بەردەوامیی تێکۆشان داناوە. نەسڵی پاش ئەوان‌و نەسڵی دواتر کە من یەکێک لەوانم کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوە بووە. بەڵام ئەو نەسلەی کە بەدوای ئەوان‌دا کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوەبوو کۆمەڵێک لاو بوون کە لە زانکۆکانی ئێران‌دا دەیانخوێندو دواتر ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان‌یان دروست کرد، ئەوە بەرهەمی کاریگەریی ئەوان بوو. یانی ئەو نەسڵەی دوایە بوونە ڕێبەرانی کۆمەڵە، کاریگەریی

ئەوانیان بەسەرەوە بوو. نەسڵی دواتر کە ئەمن بۆ خۆم یەک لەوانم، لە ساڵەکانی ١٣٥٥ - ١٣٥٦ کە دەچووینە شاخەوانی لە ناوچەی مەهابادو شارەکانی پیرانشارو سەردەشت، لەهەر مووچەیەک، لەهەر کانیاوێک کە لامان دەدا، خاوەن مووچەکە باسی کاک سولەیمانی موعینی کە بە کاک فایق دەناسرا، باسی ئەوانیان بۆ دەکردین، ئێمەش کاریگەریی ئەوانمان بەسەرەوە بوو. لام وایە لە کەم حوجرەی فەقێیان باسی مەلا ئاوارە نەکرابێ، زۆر کەس ناوی منداڵەکانی بە ناوی ئەوان دەکرد. هەروەها مینەشەم لە ناوچەی ڕەبەتو سەردەشت ناوو ناوبانگی هەبوو. دیسان تۆ چاو لە مەهابادی ئەو کات بکە کە شارێکی بچووک بوو. لەو شارەدا کە چەند کەسی جوان ئەویش لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی ئەو شارەی لێ بکوژرێ، بزانە چ کاریگەرییەکی بووە. بۆ خۆت دەزانی کە باوکی کاک سولەیمان موعینی وەزیر بووە لە کۆماری کوردستاندا، بنەماڵەی شەریفزادە کە بازرگانێکی گەورەی شارەکە بوون، لەو شارە بچووکەدا کە دوو برای وەک کاک عەبدوڵلا و کاک سولەیمان موعینی، کاک سمایل شەریفزادە، کاک سەید فەتاح نیزامی شەهید دەبن چ کاریگەریی سایکۆلۆژیی قووڵی بەسەر شارەکەوە دەبێ.

ئەو کاریگەرییە کاتی شۆڕشی ١٣٥٧یش هەر مابوو، وەک گوتم ئێمە نەسڵی دووهەمی دوای ئەوان بووین. ئەم شەهیدانە بۆ ئێمە ئیلهامبەخشو ئۆلگوو بوون؛ چۆن «خوسرەو ڕەزبە»و «بیژەن جەزەن»ی‌و «حەمید ئەشرەف» بۆ لاوانی ئێران سەمبوولو ئۆلگووی موبارزاتی بوون، ئەوانیش بۆ ئێمەی لاوی کورد وابوون.

**کوردستان**: ئەدی چ شوێنکارێکی لەسەر ڕەفتاری حکومەتی ناوەندی دانا. حکومەتی پاشایەتیی تووشی چ کاردانەوەیەک کرد؟

**سمایل بازیار**: ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ حکومەتی پاشایەتیی تووشی شۆکو ڕاچلەکانێکی گەورە کرد. ڕێژیمی پاشایەتی قەت چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد، باوەڕی نەبوو کە ڕووداوێکی لەو چەشنە ئەو دوڕگە ئارامەی! لێ تێکبدا، ساڵێک پێش ئەم ڕاپەڕینە شا لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانیدا کە لەسەر پرسی کورد پرسیاری لێدەکا، دەڵێ ئێمە کێشەیەکمان بە ناوی کێشەی کورد نییە، هەموو لە نیژادی ئارییاییینو باسێک بەو ناوە نییە. بۆیە لەگەڵ دەسپێکی جووڵانەوەکە کاردانەوەی زۆر خێرایان هەبوو. ئەوان دەسبەجێ ئەفسەرێکی بەناوبانگی ئەرتەشی شاهەنشاهی، «ئەرتەشبود ئۆوەیسی»ی ڕاسپارد کە ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکا. ئەو هات لە جەڵدیان ستادێکی فەرماندەیی پێکهێنا. ئەوان زۆریان گرینگی بەوەدا کە نەهێڵن ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی




دیکە پەرەبستێنێ. با ئەوەش بڵێم کە حکومەتی ناوەندی لە ئێران لەو ڕووداوەدا بوو کە یەکەمجار چەکداری کوردی بەشێوەی ڕێکخراو بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی کوردی بەکارهێنا. بۆیە سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینیە گرینگیی یەکجار زۆری پێدرا. ئەگەر چاو لە کتێبی «چپ به روایت اسناد ساواک» دەکەی، ئەو کات دەزانی کە ئەو جووڵانەوەیە چەندەی هەراسان کردوون و چەندە نیگەرانن لە نفووزی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە نێو خەڵکدا. تەنانەت لە یەکێک لە بەڵگەکاندا هاتووە کە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕوو ناکەنە ئیدارەو شوێنە دەوڵەتیو حکومەیییەکان، بەڵکوو ڕوو دەکەنە ئەوان هەتا بۆیان چارەسەر بکەن. یانی کاتێک کە چاو لە بەڵگەنامەکانی ساواک دەکەی ئەو کات بۆت دەردەکەوێ کە چەندە ئەو جووڵانەوەیەو سەرکوتکردنەکەی بەلای حکومەتی پاشایەتییەوە گرینگ بووە، بۆیە بە هەموو تواناوە سەرکوتی کرد. ئەوان جیا لە کۆکو پۆشتەی سەربازی هێزی ئاسمانیو هێلیکۆپتێریان بەکار هێنا. لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەش خەڵکێکی یەکجار زۆریان گرتو ژمارەیەکیان ئێعدام کرد.

**عەلی بداغی**: **جوغرافیای تێکۆشانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ هەر لەو بەشە لە موکریاندا مایەوە کە باسمان کرد؟**

**سمایل بازیار**: وەک گوتم جووڵانەوەکە کتوپڕ بوو، دوایە مەوداو دەرەتانیان نەدرایە. دیارە ئەوەش بڵێم ئەم ڕاپەڕینە تیمێکی لە ناوچەی ورمێش بووە، بەڵام زور زوو تیمەکەیان بەداخەوە لەنێو دەچێ، ئەو تیمەی نحۆ، ناسراوی بە باپیر شکاک فەرماندەیی دەکردن. بۆیە بەرنامەش بۆ پەرەپێدان بە جوغرافیای چالاکییەکان هەبوو ئەگەر مەجالیان درابایە. هەروەها بەهۆی پێگەی سوننەتی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی موکریان کە دیارە ئەم کەمایسییە دواتر لە بەرگریی چەکدارانەی گەلەکەمان لە دژی کۆماری ئیسلامی چارەسەر کراو جوغرافیای تێکۆشانی سیاسی لە کرماشانەوە تا ورمێو سەڵماسی گرتەوە.

**عەلی بداغی**: **بەر لەوەی وردتر باس لە هۆکارەکانی تێکشکانی ئەم جووڵانەوەیە بکەین، دەپرسم بۆ کەمایەتییەکی زۆر کەم لە ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداری جووڵانەوەکە بوون؟**

**سمایل بازیار**: نا، ئەمن پێم وانییە کە بەشی زۆرینەی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیە نەبووبێ. ئەی ئەوە نییە لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا یەک کەس، ئەویش کاک سولەیمان موعینی لە

ڕێبەریی جووڵانەوەکەدا بووە.

ناتوانم بڵێم بەشی زۆری حیزب لەگەڵ نەکەوتوە، لانیکەم نیوەی ئەندامانی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ جووڵانەوەکە بووە. دیارە ئەمن ئاماری وردم لەسەر ئەو ئەندامانەی حیزب نییە کە لە باشووری کوردستان مانەوە، بەڵام وایە هەندێ سیمای ناسراوی حیزب هەبوون کە لەگەڵ نەکەوتن. ڕەنگبێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو بڕیارە ڕیسکێکی گەورە بوو. ئەتۆ دەست بۆ کارێک دەبەی کە ئیحتمالی ئەوەی تێدابچی یەکجار زۆرە، ئەمن هۆکاری سەرەکیی ئەمە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێنمەوە. بۆ بەشدارییان نەکرد، ڕەنگبێ ئەگەر بەپێی هەلومەرجو تێگەیشتنی ئێستا لێکدانەوەی مەنتیقیی بۆ بکەن، مەسەلەن بڵێن هەلومەرجەکە گونجاو نەبووە. تەنانەت یەکێک لەوان لە بیرەوەرییەکانی‌دا بە «ماجەراجوویی» ناو دەبا، بۆ خۆی چونکی تێیدا بەشدار نەبووە دەڵێ ماجەراجوویی بووە. دەتوانم بڵێم چونکی زەریبی ڕیسکی ڕاپەڕینەکە یەکجار لەسەرێ بووە، بۆیە خۆیان لێ نەداوە. ئەوانەی لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارییان کرد دەستیان لە گیانی خۆیان شوشتبووە. لە ژیاندا مانی تەنیا یەکێک لە ڕێبەرانی ئەم ڕاپەڕینە (حەمەدەمین سیراجی) سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە.

**عەلی بداغی**: پشتیوانەکانی ئەو جووڵانەوەیە کێ بوون؟ دژبەرانی کێ بوون؟

**سمایل بازیار**: زۆر لەمێژە دەگوترێ، دەڵێن کوردەکان جیا لە شاخەکان دۆستی دیکەیان نییە، ئەو قسەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قۆناغە لە تێکۆشانی خەباتگێڕانی کورددا قەت ئەوەندە ڕاست نەبووە. بەڕاستی پڕ بە پێستی ئەو ڕاپەڕینە بووە. شاخەکانیان بووەو چوار - پێنج کلاشینکۆفو دوو تیربارو چەند تفەنگی کۆنی برنوو. کەس یارمەتیی نەداون، تەنانەت پشتی جیبهەشیان نەبووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بۆ خەباتی چەکداری بوونی پشتی جیبهە ئەسڵێکی ستراتیژیو بنەڕەتییە. ئەوان ئەوەشیان نەبوو.

با ئەوەمان لە بیرنەچێ لە دیوی کوردستانی عێراقدا حیزبی شیوعی لە ڕادەی توانایی‌و دەسەڵاتی خۆیدا زۆر جار فریایان کەوتوە.

**عەلی بداغی**: هەر ئەوە دەفەرمووی کە جیا لە کۆمەڵێک چەکی سووکو نیوەسووک ئیمکاناتی لۆجستیکیی دیکەیان




**نەبوو، ئایا ئەوە خاڵی لاوازی ڕاپەڕینەکە نییە کە بە کەیفییەتەوە بەرەنگاری ڕێژیمێکی زەبەلاح بۆتەوە؟**

**سمایل بازیار**: پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئەوان بە خێراییو پەلە دەستیان دایە کارێکی گەورە. لە ڕاستیدا ئەوان لە سفرەوە دەستیان پێکردو بێجگە لە ئیمانو وره هیچیان شک نەدەبرد.

**عەلی بداغی**: گوتت کە جیا لە شاخەکان پشتیوانیان نەبووە، ئەدی دژبەرانیان؟

**سمایل بازیار**: دژبەرانی دیارە کە بەپلەی یەکەم ڕێژیمی پاشایەتی بوو، وەک پێشتریش باسم کرد بۆ یەکەمجار بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حکومەتی ناوەندی هێزی چەکداری کورد بەشێوەیەکی ڕێکخراو بە گژی جووڵانەوەی کورددا بکا. ئەوە زیانێکی گەورە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ئاغاوەتو دەرەبەگەکانیی کوردیش بە تایبەت لە ناوچەی بانە دەوری خراپیان گێڕا. ئەو هێزە ٤٠٠ - ٥٠٠ کەسەی وەدووی تێکۆشەرانی ئەم جووڵانەوەیە کەوتووە دەبینی بە چاوساغیی ئاغاوەتەکانی ئەو ناوچەیە بووە.

**عەلی بداغی**: ئەدی لە ئاستی ئێراندا دەنگدانەوەی چۆن بوو، توانی پشتیوانێک بۆ خۆی ببینێتەوە؟

**سمایل بازیار**: ئەوکاتە تاکی حیزبی سەرتاسەری لە ئێران حیزبی توودە بوو، بەڵام حیزبی توودە چۆن هاتە نێو ئەو مەوزووعەوە. حیزبی توودە کە زانی ڕێکخراوی ئینقلابیی حیزبی توودە پێوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕینەکە گرتوە، بۆ ئەوەی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بە لای ڕێکخراوی ئینقلابیدا نەکەونو بۆ خۆیان جڵەوی ڕاپەڕینەکە لە دەست نەدەن، چونکی ئەو کات ڕێکخراوی ئینقلابییان وەکوو دوژمنی خۆیان سەیر دەکرد، ئەوانیش بە پەلەپەل وەخۆ کەوتن. هەڵبەت لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو و کەریم حیسامی بۆ ئەوەیان زۆر هاندەر بوون کە حیزبی توودە پشتیان بگریو پاڵپشتیان بن. بۆیە دەبینین ساڵی ١٣٤٦ لە بەغدا، ڕەزا ڕادمەنش، سکرتێری حیزبی توودە؛ لەگەڵ کەریم حیسامی کە لە بوڵغارستان لە ڕادیۆ پەیکدا کاری دەکرد، لەگەڵ دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کە لە پڕاگ بوو دێنەوە بەغدا. ئەوان لەوێ لەگەڵ کاک سولەیمان موعینیو کاک حەمەدەمین سیراجی دادەنیشن. ئەوە دەریدەخا کە دوکتور قاسملوو لە بەرامبەر ئەو حەرەکەتەدا بێتەفاوت نەبووە. کاک سمایل شەریفزادەو کاک سولەیمان موعینی بەردەوام لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە پێوەندیدا بوون، لەگەڵ کاک کەریم

حیسامیش. نامەکان ماون. ئەوان بەردەوام ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵ یەکتر بووە. ئەو نامانە هەن و بە ئێمە دەڵێن کە کەریم حیسامی و دوکتور قاسملوو بەردەوام پێوەندییان بە جووڵانەوەکە بووە. هەر ئەوانیش حیزبی توودە هان دەدەن و فشاریان بۆ دێنن و حیزبی توودەش لە ترسی ئەوەی ڕاپەڕینەکە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەوە، بۆیە دانیشتنێکیان لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بووە. لەوێ حیزبی توودە هیندێک بەڵێنیی یارمەتی و شتی دیکەیان پێدەدا؛ بەڵام هیچ شتێک لەو وادەو بەڵێن و قسانە شین نەبوو. هیچ شتێکیان نەکرد، تەنانەت هەندێک شەرتیشیان بۆ دادەنان، کە دەبێ ئەو ڕاپەڕینە چەپەکان، واتە باڵی چەپ و پێشکەوتنخواز ڕێبەریی بکاو ئەوان باڵادەست بن تێیدا.

**عەلی بداغی**: بە تۆخی باسی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو دەکەی، دەتەوێ بڵێی دوکتور قاسملووش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە بوو؟

**سمایل بازیار**: دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی بەردەوام لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە پێوەندیدا بوون. لە دانیشتنێکی دیکە کە کاک سولەیمان موعینی و کاک سمایل شەریفزادە بە مەبەستی بەرینکردنەوەی کادری ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە دەیکەن، دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی کاندید دەکەن. قەرار دەدەن دوکتور قاسملوو بگەڕێتەوە کوردستان و لە بواری فیکری و پەروەردەیی و فێرکاریدا یارمەتییان بدا بۆ ڕێبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی.

**کوردستان**: ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ پەل و پۆ باوێ، ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ ڕێبەرییەکەی بەرینتر بکاتەوە؛ ئەدی بۆ تێکشکا؟ بۆ شکستی خوارد؟

**سمایل بازیار**: لە ڕاستیدا زۆر هۆکارن دەستیان داوەتە دەستی یەکتر هەتا ئەو جووڵانەوەیە تێکبشکێ. هەلومەرجی عەینی بەهیچ جۆر ئامادە نەبوو، وە تەنانەت هەلومەرجە زێهنییەکەش. بەڵام هەلومەرجی عەینی بۆ ئامادە نەبوو؟ پێگەو چەقی تێکۆشانی خەباتگێڕانی ئەو ڕاپەڕینە گوندەکان بوو، ڕاستە دەبینین لە زۆر جێگادا خەڵکانێک بوون کە پێیان پێوەست بوون. هەر لە بیرەوەرییەکانی کورش لاشاییدا دەردەکەوێ کە خەڵک بە ڕووی خۆشەوە وەری گرتوون، عەتفیان بۆ نیشان داون، یارمەتییان کردوون، پەنایان داون؛ بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. ڕیفۆرمەکانی زەوی و زار بە جۆرێک جوتیارەکانی بێتفاوت کردوە، شار هیچ دەورێکی نییەو بە

کورتیو پوختی هەلومەرجی شۆڕشو ڕاپەڕین لەبارو ئامادە نییە. هەلومەرجەکەش سەخت بووە. ئەوەی وایکردبوو کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فشاریان بخرێتە سەرو بازنە تێکۆشانو چالاکیەکانیان تەنگەبەرتر بێتەوە. هەروەها لە ژمارەی هێزەکانیان کەم دەبۆوە، بۆیە دەبینین کە کاک سمایل شەریفزادە شەهید دەبێ خۆیو چوار کەس لەگەڵی مابوونەوە کە تەنیا یەک لەوان لەو شەڕەدا بە برینداری ڕزگاری بوو و ئێستاش بە خۆشیەوە لە ژیاندا ماوە.

دەمەوێ بڵێم هەلومەرجە عەینیەکە ئامادە نییە، بارودۆخەکە سەختە؛ لە باری زێهنیشەوە دروشمی ڕاپەڕینەکە دیار نییە کە چیە، ستراتیژیەکی ڕوونی نییە، ڕێکخستنەکانیان لاوازن، لەوە بترازێ حیزب بۆ خۆی لەو کاتەدا لاوازە، تەنانەت دیار نییە کە بە ڕەسمی کێ کەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکەیە. مەعلوومە کە کاک سولەیمانی موعینی دەبێ کەسی یەکەمی بەرپرسایەتیەکان بووبێ، چونکی ئەو تەنیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە، بەڵام بە رەسمی لە هیچ کوێ ئەوە نەگوتراوە. یان وتەبێژەکەی کێ بووە. دەڵێن کاک حەمەدەمین سیراجی بووە، بەڵام دەبینی لە نێو خۆیاندا ئەو شتانەیان ساغ نەکردۆتەوە. وەک گوتم زۆر بەپەلە ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خستوە. سەرباقی ئەوە پێشتریش باسمان کرد، لەباری چەکو تەقەمەنیشەوە لە تەنگانەدا بوون. ئەوەشمان گوت کە پشتی جیبهەشیان نەبوو، دواتر یەک ڕادیۆ و چاپەمەنی نییە کە باسیان بکا، دەمەوێ بڵێم نە دەستیان بە ڕادیۆیەک ڕادەگا قسەی تێدا بکەن، نە ڕۆژنامەیەک هەیە هەواڵی چالاکیەکانیان بڵاو بکاتەوە. دوای شەهیدبوونیانە کە هیندێک لە ڕۆژنامەکانی حیزبە کۆمۆنیستیەکانو مەسەلەن ڕادیۆ پەیک، ئەویش بە هیممەتی کاک کەریم حیسامی باسیان دەکەن، ئەویش دوای شکانو تەواوبوونی.

ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە. دیارە وەک گوتم ڕێژیمیش زۆری پێ حەسساس بوو، بۆیە فشارێکی یەکجار زۆریان لەسەر بوو.

**عەلی بداغی**: دوای نیوسەدە لەو ڕووداوە مێژووییە، ئەگەر بە کورتی هەستی خۆت، خوێندنەوەو ڕامانی خۆت لە ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ باس بکەی دەڵێی چی؟

**سمایل بازیار**: دەڵێم ئەوان نەسلێکی لەخۆبووردووی عەمەلگەرا بوون، ئەوە پێناسەی منە بۆ ئەو خەباتکارانە،

بۆ ئەوان کە ئاڕمانخوازو بەبیرو باوەڕ بوون. ئەوان ئێستاش ئیلهامدەرن بۆ زۆر کەس بە تایبەت خوێندکارانی ئاڕمانگەرا و ڕادیکاڵ، ئەوان ئێستاش هەر وەک ئولگوو سەیریان دەکرێ.

ئەگەر کەسێکی وەک چێگوارا دەبێتە ئەو کەسایەتی‌یە، دەبێتە ئولگویەک بۆ زۆربەی زۆری گەنجەکانی ئاڕمانخوازەکانی دنیا، ئەو پزیشکێکی ئارژانتینی‌یە کە لە چیاکانی بۆلیوی دەکوژرێ؛ کاک سمایل شەریفزادەش مەهەندیسێکی جەوانە کە ساڵێک دوای وی شەهید دەبێ. ئەو لە دارستانەکانی بۆلیەوی شەهید دەبێ، ئەمیش لە شاخەکانی کوردستان، دەبینین کە خاڵی هاوبەشیان زۆرە، ئاڕمانەکەیان هەر یەکە، هەر دووکیان دەست لە پێشەکانیانو ژیانی ئاسایی‌یان هەڵدەگرنو وەدووی ئاڕمانەکانیان دەکەون. چێگوارا دەیتوانی وەک پزیشکێک ژیانی ئاسایی خۆی لە ئارژانتین بکا، کاک سمایل شەریفزادەش وەک مهەندیسێک درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

شتێکی لەوە گرینگتر، ئەو پۆلە لە خەباتکارانی کورد کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحی خەباتگێڕی‌یە کرد کە ئەو کات لە دەیەی ٦٠ی دا لەسەرتاسەری جیهان لە کەفو کوڵدا بوو. لە هانۆی لە ویتنام، لە هاوانا لە کوبا، لە ئەلجەزایر، لە غەنا، لە پاریس، ئەوان کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحە خەباتگێڕی‌یە کرد، یانی کوردستان لەو ڕەوتە بەجێ نەما. یانی کە باس لە دەیەی ٦٠ دەکەین، کوردستان غایب نییە، ون نییەو جێگەی خۆی لەم قۆناغە تاریخسازەی سەدەی بیستەمدا هەیە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧




# جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە مێشک و بیری هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و چەوساوە دا هەرزیندویە



**هاشم کەریمی**

ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ ( ٦٧ - ٦٨ ی زاینی) رژیمی حەمە رەزاشا تووشی نەخۆشیی خۆبە زل هێز زانین ببوو و بە تەواوەتی خۆی لێ گۆڕابوو. پارەی بە لێشاوی نەوت بە رادەیەک بوو کە رژیم ئیدیعای دەکرد دوای چەند ساڵی تر دەبێتە هێزی پێنجەمی جیهان. هەموو حیزب و ریکخراوە دیموکڕات و پێشکەوتووخوازەکان سەرکووت کرابوون. بە ئامۆژگاریی ئەمریکا ریژیم دەستیدابووە چاک کردنی زەوی و بەشێک لە جوتیارانی رازی کردبوو،تا رادەیەک خەیاڵی لە شۆڕشێکی جوتیاری ئاسوودە ببوو، هەرچەند بەشێک لە جوتیاران لە بەرئەوەی بەر چاک سازیی زەوی نەکەوتبوون، روویان کردبووە شارەکان و توێژێک لە بێکارانی دەوروبەری شارە گەورکانیان پێک هێنابوو. ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە هەموو توانایەوە پشتیوانیی لێدەکرد و لە بەرامبەر پارەی زۆرو زەوەندی نەوت دا تازەترین و بەهێزترین چەکی پێ دەفرۆشت. نەک تەنیا ئەمریکا بەڵکوو هەموو وڵاتانی سەرمایەداری پشتیوانی ریژیم بوون. تەنانەت ئەو وڵاتانەی بە ناحەق خۆیان بە وڵاتی سوسیالیستی دادەنا لە بەرامبەر حەمەرەزا شادا ریاییان دەکرد وبانگهێشتنیان دەکرد بۆ وڵاتانی خۆیان وزانکۆکانیان دوکتورای ئیفتیخارییان بە شا و شاژن دەدا بۆ ئەوەی سەودا و مامەڵەیان لەگەڵ بکا. ئیران بە نوێنەرایەتیی ئەمریکا و بریتانیا ببووە ژاندارمی خەلیجی فارس و تەنانەت سوپای بۆ پشتیوانی لە سوڵتانی عومان بۆ سەرکووتی شۆڕشگیرانی زوفار رەوانە کردبوو.

ئا لەو کاتەدا تەنیا تروسکاییەک کە دەبینرا زانکۆکانی تاران و چەند شاری گەورە بوون کە بە زۆری لە ١٦ی

سەرماوەزی هەر ساڵدا کە ڕێکەوتی کوژرانی سێ خویندکاری دوای کودەتای ئەمریکایی ئینگلیزیی - شا زاهیدیی ٢٨ی گەلاویژی ساڵی ٣٢ بوو، کە خویندکاران بە دژی ڕیژیم خۆپیشاندانیان ساز دەکرد و هەموو جارێک لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ریژیمەوە ئەو خۆپیشاندانانە سەرکووت دەکران و ژمارەیەک دەگیران و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکانی تاران و شارەکانی دیکە دەکران و یەک دوومانگ زانکۆکان بە تایبەت زانکۆی تاران دادەخران. لە کوردستان دا بە هۆی دووری لە ناوەند ونەبوونی هیچ زانکۆیەک و بە پێی پێشینەی مێژوویی ئەو تروسکە هیوایە لە بیر و زەینی خەڵکی ئازادیخوازو ژێر ستەمی گەلی کورددا تا ڕادەیەک لە بزووتنەوەی کوردەکانی باشوور و بە تایبەت لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات دا دەبینرا کە ئاوارەی هەندەران ببوون و جاروبار پەیدا دەبوون وهیوایەکیان لە نێو دڵی خەڵکی نیشتمانپەروە و چەوساوە دا پێک دێنا.

ئا لەو کاتەدا ریژیمی حەمە ڕەزا شا بۆ بەرپەرچدانەوەی ریژیمی بەعسی عێراق کە تەنیا حکوومەتێک بوو کە لە خەلیجی فارسدا لە گەڵ ریژیم لەبەربەرەکانێ دا بوو، بە رواڵەت یارمەتیی بزووتنەوەی کوردی باشووری دەکرد، بەڵام چ یارمەتییەک؟ بە قەولی "کریس کۆچرا ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی فەرانسەیی" بە قەترەچکێن چەک و سیلاحی بە شۆڕش دەدا. بزووتنەوەی کورستانی باشووریش بەو یارمەتییە، نەک تەنیا لە شۆڕشگێرانی ڕۆژهەڵات کە ساڵەها یارمەتیدەری شۆڕش بوون، بێ منەت ببوو، تەنانەت بۆ ڕاگرتنی دڵی ریژیمی شا ئەوانی خستبووە ژێر فشارەوە. کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات کە بۆ پێک هێنانی تەشکیلات هاتووچۆی شارەسنوورییەکانیان دەکرد، لە گەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی تینووی ئازادیی کوردستان بەرەو ڕوو دەبوون و ئەوان پێیان وابوو کە هەل و مەرجی بابەتی ( عەینی ) بۆ شۆڕش لە کوردستانی ئێرانیش وەک کوردستانی عێراق ئامادەیە و ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە دەتوانن هەل و مەرجی خۆییش(زیهنی) بخوڵقێنن.

ئەوە لایەکی پرسەکە بوو لایەکی تر ئەوە بوو کە ناکۆکیی نێوان کادر و ئەندامەکانی حیزب و ئەو گوشارەی کە لە لایەن بزووتنەوە ی کوردستانی باشوورەوە تووشی ببوون، ئەوانی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە ئیتر بوونیان لە کوردستانی باشووردا هیچ کەڵکێکی نەماوە و ئەوان دەبێ لە فکری ڕێگەچارەیەکی دیکەدا بن. بۆیە بەشێک لەو شۆڕشگێڕانەی کە باوەڕیان بەو پرسەی سەرەوە هەبوو، کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتیان پیک هێنالە سەر ئەندامانی پێکهێنەری کومیتەی شۆڕشگێر لە نێوان ئەوئەندامانەی کۆنی حیزب کە بیرەوەریی خۆیان نووسیوە، جیاوازی هەیە، بۆیە تا ئەو کاتەی لە لایەن کەسیکی شارەزا کە ئاگاداری ئەو پرۆسە بووبێ و ناوی ئەندامانی

کومیتەی شۆڕشگێر بە بێ لایەنی ساغ نەبێتەوە، من لە هێنانی ناوی ئەندامەکان خۆ دەبویرم، بەلام ئەوە ڕاستیبیەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەرپرسی یەکەمی ئەو ڕەوتە زیندووياد سلێما ن موعینی بووە، ("فایەق " لە کاتی گەڕانەوە لە کوردستانی باشوور بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ زیندووياد خەلیل مستەفا زادە "شەوباش" گیران و بە فەرمانی بەرپرسانی بزووتنەوە شەهید کران. تەرمی شەوباش ون بوو، بەڵام تەرمی فایەق بە ڕیژیمی شا تەحویل درایەوە، کە ڕیژیم ویستی لە مەهاباد بە خیاباندا بیگێڕێ، بەڵام لە ترسی خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد ناچار بووتەرمەکە تەحویلی بنەماڵەکەی بدا). بەرپرسی یەکەم لە ناوچەی بانە زیندووياد سمایل شەریفزادە (ناوی خوازراو مەلاعەزیز) و لە ناوچەی سەردەشت زیندووياد ئەحمەد شەڵماشی(مەلا ئاوارە) بوون. لە ماوەی هەژدە مانگدا کە ئەو جووڵانەوە خۆی ڕاگرت، چەندین شەڕی قارەمانانە لە ناوچەکانی سەردەشت، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار و سەروی کوردستان کرا، کە هەرچەند پێشمەرگەش شەهیدیان دا، بەڵام بە دەیان کەس لە جاش و ژاندارم و ئەرتەشی کوژران و زەبرێکی باش بوو کە تا ڕادەیەک گۆمی ئارامی ئیرانیان لە کوردستان شڵەقاند. دەبی ئەوە لە بیر نەکەین کە دوای شەهید بوونی زۆربەی بەرپرسانی جووڵانەوەکە،

زیندووياد هاشمی ئەقەلوتولاب ("قادر شەریف" بە فەرمانی عبدولوەهاب ئوتڕووشی ئامیر هێزی شۆڕش و بە دەستی دوو بەناو پێشمەرگەی شۆڕش یۆسفە لچە و فوئاد حەمەمین لە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٤٨ لە سلێمانی تیرۆرکرا) کە لە پێشدا لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری کومیتەی شۆڕشگێر نەبوو، گەڕایەوە و بەرپرسایەتیی نیزامیی بە ئەستۆوە گرت و لە شەڕێک دا لە ناوچەی سەردەشت زەبرێکی باشی لە هێزەکانی ڕێژیم دا.

لە ناوچەی بانە کە کاک سمایل تێکۆشانی هەبوو، کوردیکی خۆ فرۆش بە ناوی کویخا شەریفی کیلەشین کە سیخوری ڕێژیم بوو خۆی خزاندبووە ریزی پێشمەرگەکان. تا شەوێک لە کاتی نووستن لە گوندی دارینە هەلی بۆ هەڵ دەکەوێ و تەقەیان لێ دەکاو یەکیان بریندار دەکاو ڕادەکاو دەچێتە پاسگای سیاوەمە و جێی پێشمەرگەکان بە هێزەکانی ڕێژیم دەڵێ و بۆ سبحەینێکەی دووسەد کەس ئەرتەشی و ژاندارم کە نزیکەی سەد جاشی عبدولا خانی شەهیدی و حەمە خانی یۆنسی بەلوە و ئەحمەد خانی نێزەڕۆیان لە گەڵ دەبێ، لە چەمی دارینە دەوری پێشمەرگەکان دەدەن، تا ئێوارە شەڕ بە توندی بەردەوام دەبێ و جاشێک دەکوژرێ و سمایل، محەمەد شادمانی، عەلی عبدوڵاکۆڵ و حسەین ڕەحمان ڕابی شەهید دەبن و کاک عەبە ڕەش کە لە ساڵەکانی ٥٣- ٥٤ (٧٤- ٧٥ی زایینی) لە بەسەرکردنەوەی کادرەکانی تەشکیلاتی لە سنوورەکان دا، زیاتر ناوبراو هاوڕێیایەتیی دەکردم، بە

سەرچاوە
Serchawe

برینداری خۆی دەم ئاوەکە دەدا و خۆی دەرباز دەکا.

بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەو شۆڕشگێڕانە، وەکوو لەسەرەوە باسکرا نەک تەنیا هەل و مەرجی بابەتی بۆ شۆڕش ئامادە نەبوو، بەڵکوو ریژیم لەو پەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بوو کە بەو سەد کادرو پیشمەرگە، کە ئەویش لە ناوچەیەکی بەر تەسکی کوردستاندا قەتیس مابوون،نەیانتوانی هەل ومەرجی خۆیی بە قازانجی گۆڕانی هەل ومەرجی بابەتی پێک بێنن، هەرچەند کارتێکەریی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی داهاتووی کوردستان بە جێ هێشت. جووڵانەوە شکستی خوارد، بێجگە لەوانەی لە تێکهەڵچوونەکاندا شەهید بوون یان گیران و تەحویل درانەوە کە هێندێکیان ئیعدام کران. ئەوانی دیکە گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوورو خۆیان حەشار دا و بە خۆشییەوە هێندیکیان تا ئێستاش ماون و تەنانەت لە شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، وەکوو کادر و پێشمەرگە، شانازیی بەرگری لەگەڵ و نیشتمانیان بۆ خویان دابین کرد. دوای تێکشکانی جووڵانەوەش ریژیم بە سەدان کەس لە خەڵکی کوردستانی کە پێی وابوو یارمەتییان بە جوولانەوەو کردووە، گرت و لە دادگای نیزامیی جڵدیان و فەلەکولئەفلاکی خورەماباد و جێگاکانی تر بە زیندانی درێژماوە و کورت ماوە مەحکووم کران ئەو جۆرە شۆڕش وجوولانەوانە کە لە نێودڵی گەڵ هەڵدەقوڵێن ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست نەهێنن، بەڵام قەت لە بیر ناکرێن. دوای پتر لە دوو هەزارساڵ کە بە سەر ڕاپەڕینی کۆیلەکانی ڕۆم بە فەرماندەریی ئیسپارتاکووس تیدەپەرێ، هێشتاش یاد و بیرەوەریی ئەو ڕاپەڕینە لە یاد نەکراوە و کتێبی لە سەر دەنووسرێ و فیلمی لەسەر دروست دەکرێ. هەروەها ڕاپەڕینی مەزدەکییەکان لە دەورەی حکوومەتی ساسانیدا، جوولانەوەی خورەمدینان بە ڕێبەرایەتیی بابەکی خورەم دین لە دەورەی خەلافەتی عەباسیدا، تا دەگاتە شۆڕش و بزووتنەوەکانی کوردستان، بە تایبەت دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات و پێشەوایی قازی محەمەد هەموو شکستیان خواردووە، بەڵام لە مێشک و بیری هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و چەوساوە دا هەرزیندوون. جووڵانەوەی ٤٦- ٤٧ی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکڕات بە هۆی بارودۆخی ئەو سەردەمە و بەهێزبوونی دوژمن شکستی خوارد، بەڵام یاد و بیرەوەریی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگیڕانەی گەڵ هەمێشە زیندووە و لە بیر ناکرێ.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من نووسراوە

ڕێکەوتێ : ٢٤ی ئاوریلی ٢٠١٣

# گوشاری شەڕی سارد و چارەنووسی خەباتی چەکداری ساڵەکانی

# ٤٦ - ٤٧ لە ڕۆژهەڵات



شاهۆ حوسێنی

پێشەکی:

ئەگەر گرینگترین دیاردەی کۆتایی شەری یەکەمی جەهانی گۆرانی جوغرافیای رۆژهەڵاتی ناوین و سەرهەڵدانی دەوڵەت گەلێکی تازە بوو، بێگومان گرینگترین دیاردەی کۆتایی شەری دووهەمی جەهانی گۆرانی سیستمی سیاسی و دەسەڵاتدارێتی لەناو ئەو دەوڵەتانە دابوو کەلەپاش شەری یەکەمیجەهانی سەریان هەڵدابوو. بۆ وێنە لە میسر بە هۆی کۆدتای ئەفسەرانی ئازاد، سیستمی پاشایەتی گۆرا بۆ کۆماریو لە درێژەدا جەماڵعەبدولناسر دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت و رووی لە بەرەی چەپ کرد، لەعێراق، سیستمی پاشایەتی نزیک لە بریتانیاو رۆژئاوا بەهۆی کۆدەتای ژێنراڵ عەبدولکەریم قاسم گۆرا بۆ سیستمی کۆماریو نزیک لە بەرەی چەپ بە رێبەرایەتی یەکێتی سۆڤییەت، سوریا کە تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ لەژێر قەیموومییەتی فەرانسا دابوو، بە سەربەخۆیی گەیشتو لەدرێژەدا لە فترەیەکی زەمانی لەگەل  میسر (کە بە هۆی کۆدتای سیستمی پاشایەتی گۆرابوو بۆ کۆماری و لە ١٩٥٦ را جەماڵ عەبولناسر ببو بە سەرۆک کۆمار) بە سەرۆکایەتی جەماڵ عەبدولناسر، کۆماری یەکگرتووی عەرەبیان پێکهێنا ورەوتی دووربوونەوە لە رۆژئاوای دەستپێکردو رووی لە بەرەی یەکێتیسۆڤییەت کرد، ئەوە لەکاتێک دابوو کە فۆرماسیونی رۆژهەڵاتی ناوین بەم پیکهاتەو فۆرمە، بەرهەمی بریارنامەی سایکس - پیکۆ بوو،

بەڵام ئاڵوگۆڕێکانی پاش شەری دووهەمی جەهانی بە ئاراستەیەکدا دەڕۆیی کە جێ‌پێی بریتانیا و فەرانسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لێژ دەبوو. هۆکاری سەرەکی و گرینگی ئەم وەرچەرخانەش بریتی بوون لە:

**یەکەم**: لەپاش کۆتایی شەری دوهەمی‌جەهانی بریتانیا و فەرانسا وەک دوو زلهێزی جەهانی تووشی وێرانێکی زۆر هاتن بە جۆرێ کە بەشێکی زۆر لە داهاتو ئابووری ئەم دوو زلهێزە خەرجی شەرکرا، هەربۆیە لە پاش شەری دووهەمی جەهانی و بەتایبەت لە دەیەی حەفتا را بریتانیا و فەرانسا بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پاشەکشەیان کرد و ئەمریکا و سۆڤییەت بوونە جێگرەوەی وان.

**دووهەم**: پشتیوانی بەربڵاوی ڕۆژئاواییەکان لە پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانی لەو دەوڵەتە لە شەر لەگەڵ وڵاتە عەرەبێکان هۆکارێکی گرینگی تر بوو. هەر بۆیە لە تەنیشت برێ وڵاتی عەرەبی لاواز، تەنیا سێ دەوڵەتی گرینگی پاکستان، ئێران و تورکیا، نزیک لە ڕۆژئاواییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین‌دا مابوون کە لەم ناوەدا ئێران و تورکیا ڕۆڵ و گرینگایەتێکی تایبەتیان هەبوو بەتایبەت ئێران کە دەوری سەرەکی هەبوو لە بڕیارنامەکانی سێنتۆ و بەغدا بۆ پێشگرتن لە هێژمۆنی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین‌دا.



مستەفا بارزانی

بێگومان ئاوردانەوەیەک لە مێژوی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات لەدەلاقەی پێوەندیکانی نێونەتەوەیەوە لەو دەورەیەدا بەبێ ئاماژەو گرینگی دان بە ڕۆڵ و دەوری زلهێزە جەهانیو ناوچەییەکانی وەک بریتانیا و لەپاش دەیەی‌حەفتا ئەمریکا، سۆڤییەت، ئێران، تورکیا ومیسر ئاسۆیەکی ڕوون ناخاتە بەرچاوی توێەژەرو لێکۆڵەری سیاسی. ئەم




توێژینەوەیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خەباتی ڕۆژهەڵات لەژێر قورسایی و کاریگەری قەیرانی شەری سارد لەناوچەکەو بەربەرەکانی دەوڵەتەکانی نزیک لە جەمسەرەکانی شەری سارد دا بوو، پەرەساندنی شۆڕشی باشور و سەرهەڵدانی کۆمیتی ئینقلابیحیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەیی شەستی زایینی بێ گومان ئاراستەی شەری ساردی لە ناوچەکە گەیاندە لووتکە بە جۆرێ کە سولەیمانی موعینی لەمانگی مەی ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن مستەفا بارزانییەوە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەل دەوڵەتی ناوەندی عێراق( یان وەرگرتنی هاوکاری لە وان بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتێکی بەربڵاوی چەکداری) شەهید دەکرێ، بێ گوومان شەهید بوونی سولەیمان موعینی مانایەکی بەربڵاوتری هەیە لە کۆڕانی تێکۆشەرێکی کورد بە هۆی تێکۆشەرێکی تری کورد.



**سولەیمان موعینی**

فەرزی سەرەکی ئەم نوسراوەیە ئەوەیە کە بە گشتی پەری شەری سارد لە دەیەیی شەست لە جەهان کە شەری ویتنام، قەیرانی دامەزراندنی پێگەی موشەکی لە کوبا لەلایەن یەکێتی سۆڤییەت، پشتیوانی بەربڵاو و ڕاستەوخۆی ئێرانو بریتانیا لە شەری زووفار بەدژچریکە کۆمۆنیستەکانی بەخۆیەوە بینی و بە تایبەتی قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە بە کۆدەتای ئەفسەرەانی ئازاد لە میسر دەستی پێکردو لەدرێژەدا میسرو سوریای لە ڕۆژئاوایەکان دوورکردەوە، هەروەها کۆدتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق کە بوو بە هۆی لە ناو چوونی بریارنامەی بەغدا وساز بوونی هەرەشە بۆسەر بەرژەوەندی ڕۆژئاواییەکان لە ناوچە، بوو بە هۆی کارەساتێک کە لەودا خەباتیباشوری بەگژ خەباتیڕۆژهەڵاتدا کردو لە ئاکامیشدا خەباتی باشور و ڕۆژهەڵاتیش لەو سەردەم دا بوونە قوربانی بەرژەوەندی جەمسەرێکی شەری سارد. واتە ئەمریکا.

## شەری سارد "Cold War"

شەری سارد چەمکێکە بۆ پێناسە کردنی دەورەیەکی زەمانی(١٩٤٠ - ١٩٩٠) پر لە کێشە، قەیران و تێکهەڵچونی ناراستەوخۆ لە نێوان دو زلهێزی جەهانی کە بریتی بوون لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وهاوپەیمانەکانی ئەم دو زلهێزە. لەم دەورهزەمانیەدا رکابەرێتیو کێشە لەنێوان ئەو دووجەمسەرەدا لەهەموو بوارەکانی سیاسی، نیزامی، ئایدۆلۆژی، ئابووری، کلتووری و... لە ئارادا بوو، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا هیچ تێکهەڵچوونیکی راستەوخۆی نیزامی لەنێوان ئەو دووزلهێزەدا نەهاتەئاراوە، بەڵام تێکهەڵچوونینیوان وڵاتانو حکوومەتەکانی لایەنگری ئەو دوو زلهێزە تایبەتمەندیکی گرینگی سەردەمی شەری سارد بوو. لە راستیدا شەری سارد ئەگەرچی باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا کێشابوو، بەڵام قورسایی بەرچاوی ئەو شەرە لە رۆژئاوای ئورووپا، رۆژهەڵاتی ناوین و باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا زۆر بەرچاوتر بوو. شەری کۆریا(١٩٥٠ - ١٩٥٣) شەری ڤیتنام(١٩٥٩ - ١٩٧٥) دیواری بەرلین(١٩٦١ - ١٩٨٩) قەیرانی موشەکی کوبا(١٩٦٢) داگیر کردنی ئەفغانستان لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت(١٩٧٩ - ١٩٨٨) لەو قەیرانە بەرچاوانە بوون لە سەردەمی شەری سارددا. توێژەرانی بواری ستراتژی و ستراتژیستەکانی ئەمریکا لە سەر ئەو باوەرە بوون کە یەکێتی سۆڤیەت بە دوو هۆکار دەبێ پێش بە پەرەی بگیرێ.

**یەکەم**: گرینگی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستی وەک رکابەرێکی گرینگ لەبەرامبەر پەرەی سەرمایەداریو دژبەرێکی بە هێز بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا پاش کەوتۆکان و ئەوانەی لە سەردەمێکدا ژێرچەپۆکەی وڵاتانی سەرمایەدار بوون.

**دووهەم**: ئامانج و ستراتژیکی کۆنی رووسیا کە لە سەردەمی پێتری گەورە گەڵاڵە کرا، ئەو ستراتژێ بە هۆی ئەو کە رووسیا خاوەن ژێئۆپۆلێتیکیکی سەخت بوو بە جۆرێ کە لە باکور زەریا گەلێک هەڵکەوتبوون کە لە بەشی هەرە زۆری ساڵدا سەهۆڵ بوون و بێ کەڵک، لە باشوریش بە هۆی دراوسێکان رووسیا دەستی بە ئاوی زەریا گەرمەکان رانەدەگەیشت، هەر بۆیە پێتریگەورە جێگرەوەکانی هاندا کە بە هەرجۆرێبی دەست بە ئاو و زەریا گەرمەکان بگەیەنن و هەرئەمەش بوو بە بنەمای ستراتژی پەرەی جوغرافیایی یەکێتی سۆڤیەت لە تەنیشت ئەمەشەوە بەرگری کردن لە مەسیحێ ئۆرتۆدۆکسەکانی رۆژهەڵاتی ئورووپا.(١)

## هۆکارەکانی دەسپێکی شەری سارد:

ساڵی ١٩٤٥ ئیگۆر گۆزێنکۆ کە کارمەندی باڵوێزخانەی یەکێتی سۆڤییەت بوو لە کانادا، بە نیشان دانی ١٠٩ بەڵگە لەو بەڵگەنامە گرینگانەی کە دەیان سەلماند یەکێتی سۆڤییەت خەریکە لە کانادا، بریتانیا و ئەمریکا جاسووسێ دەکا، داوای پەنابەریکرد لەرۆژئاوا، ئەو بەڵگەنامانە سیمایەکێتیسۆڤییەتیان لە سیمایەکیدۆستانەوە گۆری بۆ سیمای دووژمنێکی ناحەزو مەترسیدار، ئەو رەووتە لەدرێژەدا بوو بەهۆی ئەوەکە ساڵی ١٩٤٧ جۆرجکێنان دیپلۆماتی ئەمریکی و مێعماری شەری سارد، ستراتژی سەرەکی شەری ساردی ئەمریکای بەدژ یەکێتیسۆڤییەتی شیکردەوە " سیاسەتی کۆنترۆڵ بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ رووسەکان بە کەڵک وەرگرتن لەهێزێکی بەرابەریپایەدار لەهەرشوێنێ کە نیشانەیەک لەهەرەشە و هێرش بۆ سەر بەرژەوەندیکانی جیهانی خوازیاری سوڵح و سەقامگرتوویی بەدی بکرێ" ئەو سیاسەتە لە راستیدا لە هەموو بوارەکاندا بوو بە رێنوێنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ رکابەریتی لەگەڵ رووسەکان بۆ دەستراگەیشتنو دەستداگرتن بە سەرچاوەکانی زیاتر لە ئورووپا، ئاسیا، ئافریقا و رۆژهەڵاتی ناوین. شەری سارد لە ئاکامدا بە رووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٩١ کۆتایی پێهات.(٢)



جۆرج کێنان

## ستراتژی بەربەندی دزە "Containment"


کۆتایی شەری دووهەمی جەهانی بوو بەهۆی ئاڵوگۆری لە سیستمی پێوەندیکانی نێونەتەوەیی، بە جۆری کە سیستمی پێوەندیکانی نێونەتەوەیی لە سیستمی هاوسەنگی هێزی فرەجەمسەرەوە گۆرا بۆ سیستمی هاوسەنگی هێزی دوو جەمسەری، هاتنە سەرکاری هەری ترۆمن بووبەهۆی سەرسەختتربوونی سیاسەتی بەربەرەکانی ئامریکا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت، ساڵی ١٩٤٦ جۆرج کێنان کەسی دووهەمی باڵوێزخانەی ئامریکا لە یەکێتی




سۆڤییەت راپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر هەرەشەی بەهێزتر بوونی یەکێتی سۆڤییەتی بۆ کاربەدەستانی ئەمریکی نووسی و لەو راپۆرتەدا بەشێنەیی ڕێگاچارە گەلێکی خستبوونە بەرباس و پێشنیاری کردبوون. هەر ئەو راپۆرتەی کێنان بوو بەهۆی دارشتنی ستراتژی"بەربەندی دزە" لە لایەن ئەمریکاوە و دەست پێکردنی شەری سارد. کێنان لە راپۆرتەکەی دا لە پاش شیکردنەوەی شووناسی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت باس لەوە دەکات کەئەگەر بەرگری نەکرێ لە پەرەی بەردەوامی یەکێتی سۆڤییەت ئەوا مەجالو دەرفەت رەخساوە بۆپەرەی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت لە ناوەندو رۆژئاوای ئورووپا، لەو ناوچانەی کە ئەمریکا لەواندا تووشی بۆشایی دەسەڵات بوە. ئەو لە راپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمریکا دوو شەری لە سەدەی بیستەمدا تێپەراندوە بۆ پێشگرتن لە وەیکە ئورووپا بکەوێتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی حکوومەتگەلێکی نیزامیو پاوانخواز. کێنان لە راپۆرتەکەیدا وشیاری دەداتە ئەمریکێکان کە ئەم هەرەشەیە لەسەر ئورووپا بە هۆی یەکێتی سۆڤییەتەوە هەیە و پێویستە ئەمریکا پێشی پێبگرێ.

جۆرج کێنان پێشنیار دەکا کە پێویستە یەکێتی سۆڤییەت لە ناو سنوورەکانی خۆیدا قەتیس بکرێ، لە پاش راپۆرتەکەی کێنان سیاسەتی کۆنترۆڵ کردنی یەکێتی سۆڤییەت بوو بە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بیری مارکسیستی لە جەهان بە هۆی سیاسەتەکانی ئیستعماری رۆژئاواییەکان و پشتگیری وان لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە بەشێکی زۆر لە جەهان خەریک بوو پەرەی دەگرت و لایەنگری لە سۆڤییەت بۆ راکێشانی پشتگیری وی لە ناو بزاڤەکان دا پەرەی دەستاند. هەر بەو پێیەش ئامریکا بە دارشتنی گەڵاڵە گەلیکی ئابووری، نیزامیو سیاسی حەولی پێشگرتن بە هێژمۆن بوونی یەکێتی سۆڤییەتی دەدا. بۆ وێنە دوو لە گرینگترین گەڵاڵە نیزامێکانی لە ئاستی ناوچەیی، لە ئوروپا ناتۆ و لە رۆژهەڵاتی ناوینیش بریارنامەی بەغدا بوون، هەروەها گەڵاڵە ئابۆرێکانی بۆ ئوروپپا گەڵاڵەی یارمەتی ماڵی ناسارو بە گەڵاڵەی مارشاڵ بوو و یەکیشیان بۆ وڵاتە پەرەنەستاندۆکان، ناسروا بە ئەسڵی چوار بوو.

### بڕیارنامە گرینگەکانی پێشگرتن لە هێژمۆنی یەکێتی سۆڤییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین:



**عەبدولکەریم قاسم**

یەکێک لە گرینگترین بڕیارنامەکانی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ پێشگرتن لە پەرەی هێژمۆنی یەکێتی سۆڤییەت هاتە ئاراوە، بڕیارنامەی بەغدا بوو، ئەو بڕیارنامەیە لە ساڵی ١٩٥٥ لە نێوان عێراق و تورکیا بەسترا و هەر لە هەمان ساڵدا بریتانیا، ئێران و پاکستان و ساڵی ١٩٥٧ نوێنەرانی ئەمریکاش چوونە ناو ئەو بڕیارنامەیە، ئەمریکا و بریتانیا ئەو بڕیارنامەیەیان وەک بەشێک لەو سیاسەتانەی ڕۆژئاوا دێنایە ئەژمار کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت و هێژمۆنی ئەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێکهاتوە. بەڵام کۆدەتای ساڵی ١٩٥٨لە عێراق و هاتنەدەری لە ١٩٥٩، بوو بە هۆی ئەوەکە ناوەندی ئەو بڕیارنامەیە لە بەغداوە بگوازرێتەوە بۆ ئانکارا و ناوی سێنتۆی لەسەر دابندرێ.(٣) لە ڕاستیدا ئەو بڕیارنامەیە جوغرافیای شەڕی ساردی گەیاندە ڕۆژهەڵاتی ناوین و وڵاتانی دژبەری یەکێتی سۆڤییەت خۆیان لەو بڕیارنامەیەدا ڕێکخست، ئاسایی بوو کە لە پاش سەرکەوتنی کۆدەتای ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق و هەڵگیرسانەوەی شەڕی مافخوازانەی کوردی باشور بە دژ دەسەڵاتی دیکتاتۆری ناوەندی، کورد خۆی لە بەرەی نزیک لە ڕۆژئاوادا جێگیر بکاتو موحەممەد ڕەزاشا وەک نوێنەری ڕۆژئاوا لە ناوچە، بوو بە پشتیوانی تاکتیکی کوردی باشور بە دوو ئامانج:

**ئامانجی یەکەم**: گووشار خستنە سەر یەکێ لە لایەنگرانی بەرەی نزیک لە یەکێتی سۆڤییەت کە عێراقی سەردەمی قاسم بوو،

**دووهەم**: پێشگرتن بە سەر هەڵدانی هەر جۆرە جووڵانەوەیەکی چەکداری بە هۆی کوردانی ڕۆژهەڵات، هەر بۆیە دژ کردەوەی بارزانی بە دژ شۆڕشی چەکداری ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧، بەشێکە لە قەیرانی شەڕی سارد و لە ژێر




کارتێکردنی رکابەرێتی هێزە ناوچەییەکانی رێکخراو لەناو لایەنگرانی دوو جەمسەری زلهێزی جەهانی هاتە ئاراوە، لە راستی‌دا شۆرشی باشور کەوتبوە بەرەی دژ بە یەکێتی سۆڤییەت و شۆرشی رۆژهەڵات بە ئیجبار بە هۆی پێوەندی و نزیکایەتی دەسەڵاتی موحەممەرەزای پەهلەوی بە رۆژئاواییەکان کەوتبۆ بەرەی لایەنگرانی یەکێتی سۆڤییەت، ئەگەر چی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکرات هیچ پێوەندێکی راستەوخۆی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت لە باری پێکهاتەیی و ئەندێشەییەو نەبوو بەڵام بەربەرەکانی وان لەگەڵ دەسەڵاتی پاشاییەتی ئێران کە نوێنەری دەست رۆییشتوو و ژاندارمی رۆژئاواییەکان لە ناوچە بوو، هەر وەها ئەگەری پێوەندی بە حکوومەتی بەغدا یان حکوومەتێکی تری دژبەری موحەممەدرەزا بۆ وەرگرتنی یارمەتی، ئەوانی خستبۆ بەرەی دژبەری رۆژئاواییەکان و لە راستی‌دا بەر لەوە کە هەرەشەیەک بن بە دژ دەسەڵاتی پاشایەتی و تووشی قەیران کردنی سیستمی پاشایەتی، بزاڤێک و هەرەشەیەک بوو بۆ تووشی قەیران کردنی هێژمۆنی رۆژئاواییەکان و بریارنامەی سێنتۆ و ستراتژی بەربەندی دزە، کردەوەی مەرحووم بارزانیش نەک پێشگرتن لە هەرەشەی کۆمیتەی ئینقلابی بەدژ شۆرشی باشور کە کردەوەیەک بوو لە خزمەت پاراستنی بریارنامەی سێنتۆ، هەرەشە بە دژ ئێران وهێژمۆنی رۆژئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوین، هەر بۆیە کاتێک لە دەیەیی حەفتا وردە وردە حکوومەتەکانی ناوچە روویان لە رۆژئاوا کرد، بۆ وێنە لە پاش مەرگی جەماڵ عەبدولناسر لە میسر، ئەنوەرسادات لە کەمپ دەیوید لەگەڵ ئیسرائیل رێککەوت و رووی لە بەرەی رۆژئاوا کرد، یان حکوومەتی عێراق رووی لە رۆژئاوا کرد، هەر وەها بە نێوانگیری حکومەتی ئەلجەزایر ئێران و عێراق رێککەوتن پشتی بارزانی و شۆرشی باشور چۆل کرا، واتە لەگەڵ کەم بوونەوەی خەستی شەری سارد لە رۆژهەڵاتی ناوین، ئاسایی بوو کە دۆستایەتی تاکتیکی زلهێزەکان لەگەڵ کورد مەودای بەسەر چوو و کرایە قوربانی بەرژەوەندێکانی ئەمریکا،کەوابێ بزاڤی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ بوو بە قوربانی پەرە و گوشاری شەری سارد لە رۆژهەڵاتی ناوین.



جەمال عەبدولناسر

## شەڕی سارد و گرینگایەتی ئێران لە ڕۆژهەلاتی ناویندا

ئێران یەک لەوحکوومەتانە بوو لە جیهان کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جەهانی گەورەترین خزمەتی بە بەرەی دژبەری ئاڵمان، ئیتالیا و ژاپۆن کرد، بە هۆی ئەوەکە گەورە ڕێی ستراتژیک بوو بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ سۆڤییەت کە لەژێر گووشاری هێرشی ئاڵمان دابوو، هەر بۆیە لە هەر هەمووی بریارنامەکاندا پێداگری لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی ئێران کرابوو، بە جۆرێ کە باس لەوە دەکرێ کە لە پاش کۆتایی شەر سۆڤییەت ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی دابوو بەتەمای چۆلکردنیان نەبوو، یەگەر جێ باس لە دیپلۆماسی قەوام دەکرێ کە کلاوی لەسەر سۆڤییەت نا، بەلام بەباوەڕێک بەهۆی هەرەشەی ئەتۆمی ئەمریکا چۆلی کردن، بۆیە ئێران ناوچەیەکی ستراتژیک بەلای ڕۆژئاواییەکانەوە بوو، کە حازر بوون بەهەموو شێوەیەک بیپارێزن، یەک لەو گەلاڵە گرینگانەی کە ئامریکا بۆ یارمەتیئێران گەلاڵەی کردبوو ڕێککەوتنی ئەسڵیچوار بوو.

ئەو ڕێککەوتنە لەخۆگری هاوکاری ئابووری، بێهداشتی، فێرکاری و نیزامی بەربلاوی ئامریکا بۆ ئێران بوو، کە لە ئۆکتۆبری ١٩٥٠ واژۆ کرا، بنەمای سەرەکی ئەو ڕێککەوتنە بەهێز کردنی ئابووری و پاراستنی یەکپارچەیی سیاسی ئێران بوو، بۆ وەیکە هێزی نیزامیو ئابووری ئێران بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەر سۆڤییەتدا بە هێزتر بکەن، براورد کراوە کە لە نێوانی ساڵەکانی ١٩٤٩ بۆ ١٩٥٣ ڕێژەی ١٦ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلار هاوکاری نیزامی ئێران کراوە لە لایەن ئامریکاوە، وە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٣ تا ١٩٦١ ئەو ڕێژەیە بەرز بۆتەوە بۆ ٦١١ میلیۆن دۆلار.(٤) گوومان لەوەدانێ کە ئێران لە دەیەیی پەنجاوە بۆ ڕۆژئاواییەکان گرینگایەتی تایبەتی هەبوو بە هۆی ئەوەکە ئێران کۆڵەکەی پاراستنی هێژمۆنی لە بەرامبەر بەرەی چەپ دابوو. هەربۆیە هەرجۆرەشۆرش و هەرەشەیەک بە تووندترین شێوە سەرکووت دەکراو ڕۆژئاواییەکانیش بێ دەنگەیان لێ را دەکرد، لە وەها هەلوومەرجیکدا خەباتی باشوور لە پاش خیانەتی سۆڤییەت بە کۆماری کوردستان و ئەسیر بوونێکی نزیک بە یەک دەیەیی لە سۆڤییەت، ئەمجارە رووی لە بەرەی ڕۆژئاوا کرد، ئەو روو وەرگێرانەش لە سۆڤییەت دووهۆکاری هەبوو، یەکەم ئەوەکە بە ئاشکرا سۆڤییەت پشتی کوردی بەردا و مەرحوومی مەلا مستەفا بارزانی جوان تێگەیشتبوو کە سۆڤییەت جێگای متمانە نێ، دووهەم، لە پاش کۆدەتای کەریم قاسم عێراق بە فەرمی لە بەرەی سۆڤییەت دابوو، ئیتر هیچ چارەیەک نەبوو، کورد دەبا رووی لە بەرەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا کردبا، ئەگەرچی، ئەمریکا و ئیرانیش شۆرشی کوردیان تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکار هێنا و لە ئاکامیشدا لە پاش ئەوە کە شۆرشیڕۆژهەلات کە بەهۆی

کوومیتەی ئینقلابی هەڵگیرسابۆوە، سەرکووت کرا، لەپاش ریککەوتنتنامەی ئەلجەزایر پشتی شۆرشی باشوریشیان چۆل کرد و شۆرش بۆ سالیانێک تووشی دارمان هات.

**ئاکام:**

بێ گوومان ژێئۆپۆلەتیکی کوردستان بە هۆی دابەش بوون لە نێوان چوار ولاتدا کە هەرکامە تایبەتمەندی حکوومەتیو کلتووری خۆیانهەیە، کارتێکردنێکی نێگەتیڤی کردۆتە سەر بزاڤەکانی کورد لەهەر چوارپارچە، رەنگ بێ ئەگەر کورد لەگەڵ حکوومەتیکو دەسەلاتێک رووبەروو بایە، ئێستا دەیان ساڵ بوو کەکێشەی کورد چارەسەر ببو، بەلام ئەو دابەش بوونە، هێز و وزەی کوردی بەتەواوی دابەش کردوە، بەجۆرێکە زۆرجارهێز و لایەنی پارچەیەک، خەبات و هێزی بەشیکی تری پەسیڤ کردۆتەوە، بە بێ ئەوەی کە هیچ خزمەتیکی بە بەرژەوەندی خۆشی کردبێ، بەڵکە تەنیا لەبەر هێژمۆنی و دەسەلاتی حکوومەتێکی نزیک لە خۆی کە لەگەڵی لە پێوەندی دایە. شۆرشی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ رۆژهەلاتیش بێ گوومان بوو بە قوربانی شەری سارد و قەیرانی نێوان سۆڤییەت و ئەمریکا وەک دوو جەمسەری زلهێزی جیهانی لەو سەردەم دا

١- فرانک ال. شوئل، "آمریکا چگونه آمریکا شد؟"، ابراهیم صدقیانی، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٣، چاپ سوم.
٢- تاریخ جنگ سرد، آندره فونتن، ترجمه ی عبدالرضا هوشنگ مهدوی ، نشر نو .
٣- آشوری، داریوش؛ دانشنامه سیاسی، نشر مروارید، چاپ شانزدهم، ١٣٨٧.
٤- فرانک ال. شوئل، همان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - رێکەوتی: ٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٦




# جووڵانەوەیەکی زیندوو بە مێژوویەکی شاراوەوە



**عەبدوڵڵا حیجاب**

راپەرینی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی یا ١٩٦٧ی زایینی کە لە سەر یەک ١٨ مانگی خایاند، سەرهەڵدانی یەکەم ڕاپەرینی چەکدارانەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستێکی پێشتر دارێژراوی سیاسی بوو. بەڵام سەرەڕای زیندوویی ئەو بزووتنەوەیە لە بیرەوەری زۆربەی خەباتگێرانی سیاسی، بە تایبەتی ئەندامە بە تەمەنەکانی حیزبی دیمۆکراتدا، زۆربەی لایەنەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئێستاش شاراوە ماون یا کەمتر ڕوون کراونەوە. مەخابن لە شەهیدەکانی ئەو بزووتنەوەیە، بە ڕادەی پێویست بەڵگەنامە یا نووسراوەی جێی متمانە لە بەر دەست دا نیە، ئارشیوە تایبەتیەکانی کەسانی بەشدار لەو بزووتنەوەیەدا لە بەر دەست لێکۆڵینەراندا نین، بەڵگەنامەکانی شاردراوەی دەسەڵاتدارانیش شاردراوە ڕاگیراون، بۆیە دەرفەت نەلواوە کە لە ڕێگای ئەوانەوە، وێنەیەکی تا ڕادەیەک ڕوون لە وەزعیەتی ئەو سەردەمە و چەندی و چۆنیی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست بخرێ. ئەوەی دیار بێ، ڕۆژ و شوێنی شەهیدبوونی بەشێک لەو شۆڕشگێڕانە و تا ڕادەیەکیش سەرپێهاتەی ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزبە کە لە باشووری کوردستان یا لە ناوەندی عێراقدا مابوون. کە چی ئەو سەرپێهات وڕووداوانەش لە چوارچێوەیەکی پێکەوە گرێدراودا نەنووسراون.

لە نووسراوە کانی پێوەندیدار بەو ڕاپەرینەدا، کە ئەوانەی من دیومن لە لایەن تێکۆشەرانی وەکوو نەمر دوکتۆر قاسملۆی شەهید، خوالێخۆشبووان کاک کەریم حیسامی، مامۆستا هەژار و کاک سەننار مامەدی، ڕێزداران مامۆستا

عەبدوللای حەسەنزادە، کاک جەلیلی گادانی و کاک ئەمیری قازیەوە نووسراون، لە هەر کامیاندا بە شێوەیەک و تەنیا بەشێک لە خەباتی حیزبی دێموکرات و ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦- ٤٧ نووسراوە. هەروەها کاک هاشم کەریمی، کاک سەعید کوێستانی، کاک میزا خدر مەڕەسەنە و هێندێک لە دێموکراتە بە تەمەنەکان لە میانەی باس و بابەت یا کتێب و نووسراوەکانیاندا چەندین لایەنی ئەو بزووتنەوەیان هێناوەتە بەر باس. بە داخەوە هیچ کامیان وێنەیەکی گشتگیر یا ڕوونکەرەوەیان لەو بزووتنەوەیە، ڕەهەندە سەرەکیەکانی، بەربڵاوی و پێگە جەماوەرییەکەی، لێکدانەوەی لە بارودۆخی جیهانی، پرۆژەی نەتەوەیی لەو سەردەمەدا، پێوەندی و هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەو ڕاپەرینە بەرامبەر بە خەباتی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان، کێشە نێوخۆییەکانی بەڕێوەبەران و بەشدارانی ئەو بزووتنەوەیە، دەوری هەر کام لە کەسایەتیەکانی پێکهێنەری لە شکڵ گرتنی ئەو خەباتەدا و هتد نەداوەتە دەست. تەنانەت سەبارەت بە ڕاده و نێوی دەستپێشخەران و پێکهێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکراتیش کە ڕێکخەر و بەڕێوەبەری ئەو ڕاپەرینە بوو، یەکدەنگی نیە. بەشێکی نووسەرانی ئێستا، وردەکارییەکانی کار و چالاکیەکانی ئەو سەردەمیان لە بیر نیە و هێندێکیشیان تەنیا ئەو بەشەیان لە بیرە کە بە کاری پرۆژەی سەردەمی خۆیان دێ.

لە ڕاستی دا بەشێکی مێژووی حیزبی دێموکرات، پاش هەڵوەشانی کۆماری کوردستان تا چالاک کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و هاتنە مەیدانی دوکتوور قاسملۆی نەمر، وەک میعماری قەوارەی نوێی حیزبی، لە تاریکی دا هێڵراوەتەوە. بڕگەیەکی سەرەکی لە خەباتی حیزبی دێموکرات و کوردی ڕۆژهەڵات پاش هەڵوەشانی کۆماری کوردستان تا سەرەتای ساڵەکانی ٥٠ی هەتاوی یا ٧٠ی زایینی بە پچڕ پچڕی، لێرە و لەوێ و بە باس لە ڕووداوێک کە جاری وایە هەر ١٠ ساڵ جارێک ڕووی داوە، باس کراوە. ئەو باس کردنەش لە دەوری خاوەن بیرەوەرییەکە لە ڕووداوی دیاریکراودا کۆ کراوەتەوە. تەنانەت ئەو نووسەرانەی کە خۆیان لە زۆربەی مێژووی حیزبی دێموکرات دا لە ئاستی سەرەوەی بڕیاردان دا بوون، هەوڵی ئەوەیان نەداوە تا ئەو پەردە لێڵە لە سەر مێژووی حیزبی دێموکرات لا بدەن تا چالاکڤانانی ئێستا بزانن لەو سەردەمەی مێژووی حیزبی دێموکرات دا کە لە ڕاستی دا مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە چ قەوماوە.

سەرەڕای ئەو دەستکورتیە لە سەرچاوە و بەڵگەی مێژووییدا، زۆر نیشانە هەن کە ئەو گریمانەیە بە هێزتر دەکەن کە پێکهاتنی کۆمیتەی شۆڕشگێر و پاشانیش ڕاپەرینی چەکدارانەی ساڵی ٤٦ و بەردەوامیی ئەو خەباتە لە

ساڵی ١٣٤٧دا ئاکامی ململانێی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکرات بوو. ئەو دووبەرەکیە هەر پێش کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە بە قسان دەبێ لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ دا گیرابێ سەری هەڵداوە و پاش کۆنگرە بە تایبەت بە پێک هێنانی کۆمیتەی شۆڕشگێر کە دەبێ لە ساڵی ١٣٤٦ دا شکڵی گرتبێ، بە هێزتربوو تا سەرئەنجام یەکەم لێکترازانی بەربڵاو لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەی لێ کەوتەوە. بە هۆی ئەو وەزعەوە کۆمیتەی شۆڕشگێر ناچار بوو، بەر لەوەی ئامادەکاریی پێویستی بۆ ڕاپەرینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردبێ، بکەوێتە شەڕی خۆپاراستنەوە. ، کە ئاکامەکەش شەهید کرانی زۆربەی نزیک بە تەواوی کادرە پێشەنگ و چالاکەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە نێوخۆی وەڵات دا بوو.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە کۆی ئەو نووسراوە و باسە زارەکیانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ ڕاپەرینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دا بڵاو کراونەوە و ئێستا لە بەر دەستدان، ڕەنگە بکرێ لێکدانەوەیەکی تا ڕادەیەک سەربەخۆی دوور لە لایەنگریی حیزبی یا کوتلەیەکی تایبەت لە چوارچێوەی حیزب دا لەو بزووتنەوەیە بکرێ. بەڵام مەترسی ئەوەش کە بەشێکی ئەو مێژووە هەتا هەتایە بە ناڕوونی بمێنێتەوە هەر لە گۆڕێ دایە. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی مەیدانی بە بەکار هێنانی مێتۆدی زانستیی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زانستی سیاسی بە بێ تێکەڵ کردنی تەعەسسوبی ڕێکخراوەیی دەست پێ بکرێ، و ئەوەش ئەرکێکە کە دەکەوێتە سەر شانی ڕووناکبیرانی کوردەوە.

ئەوەی کە لە تاوتوێی لێکدانەوەیەکی سنووردار لەو ڕاپەرینەدا دەگونجێ ئەوەیە کە ڕیشەی ڕەهەندە سەرەکیەکانی ئەو بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە سەر دوو بۆچوونی ناکۆک سەبارەت بە پێکەوە گرێدراوەیی چارەنووسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا یا خود جیاوازی چارەنووسی کورد لە هەر کام لە بەشەکاندا. لە نێوەڕاستی دەساڵەی شەشی سەدەی ڕابردووی زایینی، واتا ساڵەکانی ٤٠ی هەتاویدا، چالاکڤانانی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان گیرسابوونەوە و ناوەندی چالاکیی کوردایەتی باشووری کوردستان بوو. حیزبی دێمۆکرات لەو کاتەدا لە ژێر کاریگەریی دوو ڕەهەندی هزری دا بوو کە ئەو ڕەهەندانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە بواری بەرژەوەندییەوە لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە. یەکێک لەو ڕەهەندە فیکریانە، بیری نەتەوەیی کوردستانی بوو کە بە شێوەی بەربڵاو چارەنووسی خۆی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە پێشەنگایەتی مەلا مستەفا بارزانی سپاردبوو کە ناوەندی چالاکیەکانی باشووری کوردستان بوو و ڕۆژ بە ڕۆژ پێوەندیی لە گەڵ ئێران بە هێزتر




دەکرد. زۆرایەتی حیزبی دێمۆکرات و سکرتێری گشتیی ئەو کات، کاک عەبدوللا ئیسحاقی لە سەر ئەو ڕەوتە دەڕۆیشتن.

پێداگریی ئەوان لە سەر لابردنی پاشکۆی ئێران لە ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە لە کۆنفرانسی دووهەمدا پێوە زیاد کرابوو، و سەرکەوتنیان لە لابردنی ئەو پاشکۆیە لە کۆنگرەی دووهەم دا نیشانەیەکی ڕوونی ئەو ئیدیعایەیە. ڕێبازی دووهەم، ڕێبازی چەپی ئێرانی بوو کە چارەسەریی پرسی نەتەوەیی کوردی ئێرانیی لە ڕێگای شۆڕشێکی سۆسیالیستیەوە لە ئێران دا دەبینی، و هێندێک لە پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە فیکرییە پێیان وابوو کە دەبێ حیزبی توودەی ئێران سەرۆکایەتی ئەو شۆڕشە بکا و بزووتنەوەی کوردیش لە چوارچێوەی پێوەندیی ستراتێژیک لە گەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە ئێران دا لەچارەسەریی پرسی نەتەوەیی خۆی بگەڕێ. بەڵام ئەو ڕەوتە سەبارەت بە دەوری پێشەنگایەتیی حیزبی توودە یەکدەنگ نەبوو. کادرە چەپەکانی وەکوو شەهید سماییلی شەریفزادە زیاتر لایەنگری شەری شۆڕشگێڕانەی گوندییەکان، هاوشێوەی ئەو خەباتە بوون کە مائۆ تسە دۆنگ لە چین بەڕێوەی بردبوو و تێیدا سەرکەوتبوو. کادرە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو شەهیدان مەلا ئاوارە، نەحۆ پاشایی و سولەیمان موعینیش خوازیاری ڕاپەرینی چەکدارانەی هاوشێوەی ئەو بیرە بوون کە کاک سمایل لە سەری دەڕۆیشت بەڵام ئەوان زیاتر لە بەر هەستی کوردانەیان و ئەو دڵئێشیەی کە لە شێوەی دانوستانی بزووتنەوەی باشوور لە گەڵیان لە دڵیاندا پەنگی خواردبوو ئەو ڕێبازەیان دەپاراست. پێشەنگانی فراکسیۆنی چەپەکان لە دەرەوەی وڵات و چەپە هاوبیرەکانیان لە نێوخۆی وڵاتدا بە شێوەی ئاشکرا لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە فیکرییەی کە خوازیاری دەستپێکردنی شەری چەکدارانە بوو هەڵوێستیان نەگرتوە، بەڵام بە شێوەی چالاکیش لە ڕاپەرینی چەکدارانەی ئەو ساڵانەدا دەوریان نەگێراوە.

فراکسیۆنی چەپی حیزبی دێمۆکرات لە لایەکەوە لە بەر پێوەندیی ڕێکخراوەیی و وەرگرتنی پۆستی بەرزی حیزبی لە لایەن هێندێک لە ئەندامە سەرەکیەکانەوە لە حیزبی توودەدا و لە لای دیکەشەوە لە بەر ئەوەی کە بنکەی سەرەکیی ژیانی هێندێک لە کادرە سەرەکیەکان بۆ دەرەوەی وڵات ڕاگوێزرا، خوازیاری دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوەی بارزانی و ڕاکێشانی حیزبی دێمۆکرات بۆ لای بیری سۆسیالیستی و چەپ بوو، بەڵام هەر لەو کاتەش دا نەیدەتوانی لە ڕاپەرینی چەکدارانە دا دەوری چالاک بگێڕێ و بە کردەوە نەیدەتوانی لەو سەردەمەدا لایەنگری وەرێخستنی ڕاپەرینی چەکدارانە بێ. بەڵام دواتر ئەو ڕەوتە خاوەندارێتی لە بزووتنەوەی چەکداری کرد و بە

هەموو شێوەیەک ئەو هەڵوێستەی پاراست و بە شێوەیەک شانازییەکەی کرد بە هی خۆی.

ڕاپەرینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ بە هەر هۆیەک و لە چ چوارچێوەیەکدا بووبێ، ئەنجامەکانی هەر چی بێ و ئەو نرخەی کە لە پێناویدا درا هەر چەندە قورس بووبێ، بەڵام بڕگەیەکی گەشی مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕابردوو و ئێستای بزووتنەوەی کورد پێکەوە گرێ دەدا. بۆیە دەبێ ڕێز گرتن و خاوەندارێتی لەو بزووتنەوەیە تەنیا لە چوارچێوەی یەک حیزب و یەک ڕێکخراودا ڕانەگیرێ و هەمووی کورد بە هی خۆی بزانێ.

ئەم بابەتە لە داوای من نووسراوە.

ڕێکەوتێ: ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٣

# جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە روانگەیەکی ترەوە



**کەماڵ حەسەن پوور**

فەیلەسوفی سپانیایی جۆرج سانتایانا وتەیەکی بەنرخی هەیە کە دەڵێ: ئەوانەی دەرس لە مێژوو وەرناگرن مەحکوم بە دووپات کردنەوەنی. جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ مۆمێک بوو لە شەوزەنگی دیکتاتۆری شا دا کە بەشێک لە باشترین رۆڵەکانی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان بۆ بەخت کرد.

تا ئێستا زۆر شت لە سەر ئەم جولانەوەیە نووسراوە و شتێکی ئاسان دەبێ کە منیش بە هەوایەکی نۆستالژیک (کە دیاسپۆرای کورد لە ولاتانی رۆژئاوا زۆر بە ئاسانی تووشی دەبن) چەند دێرێک لەو بوارە دا بنووسم و شتەکە کۆتایی پێ بهێنم بەڵام من دەمهەوێ لە روانگەیەکی ترەوە باسی ئەم جولانەوەیە بکەم ئەویش لێکدانەوەی هەلومەرجی جیهانی، ناوچەیی و نیشتمانی لەم دەورەیە دا و بە لەبەر چاو گرتنی ئەم هەلومەرجە هۆیەکانی کۆتایی تراژیکی ئەم جووڵانەوەیە دەستنیشان بکەم.

لە بواری جیهانییەوە شەڕی سارد بە گوڕ و تینێکی بێ وێنە لە ئارا دابوو و هەرکام لە جەمسەرانی جیهانی ئەودەم واتە ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ پاراستن و تەنانەت پەرەپێدانی ناوچەی ژێر دەسەڵات هەوڵیان ئەدا. لە ئامریکا لیندۆن ب جانسون و لە یەکیەتیی سۆڤیەتیش ئالێکسی کاسیگین سەرکۆمار و رێبەر بوون. شەڕی ڤیەتنام هەر دەهاتوو گەرمتر دەبوو و بەشێک لە هێزی سەربازیی ئامریکای بە خۆیەوە خەریک کردبوو.

چین بە ڕێبەریی مائۆ تا دەهات نێوانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت زۆرتر تێک دەچوو بەڵام تا سەفەری نیکسۆن بۆ ئەوێ و دەسپێکی پەیوەندیی گەرم و گوڕی دوولایەنە چەند ساڵێکی مابوو.

ساڵی ٤٦ ئالێکساندێر دوبچێک وەک سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسلۆڤاکیا هەڵبژێرا و بنچینەی بەهاری پراگ دارێژرا.

لە ئاستی ناوچەیی دەتوانین ئاماژە بە شەڕی ٦ ڕۆژەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەب بکەین کە بە سەرکەوتنی ئیسرائیل کۆتایی پێهات.

لە ئێران ڕێژیمی پاشایەتیی ماوەیەک بوو بناغەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر کردبوو بەڵام ئەویندارانی ئازادی تامی ئازادی وکرانەوەی ڕێژەیی دەورانی موسەددیقیان هەر لە بیر مابوو هەرچەند کە لە گشت لاوە لە گەمارۆ درابوون و لە چەنگ شەتیان و شۆفاران کەس نەیدەوێرا شتێک بدرکێنێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرتەش و ساواک دەسەڵاتی بێ سنووریان هەبوو و زەخت و زۆری ئەوان ژیانی بە خەڵک تاڵ کردبوو. تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکرات کە لە ماوەی دەسەڵاتی موسەددیق و پێش کودێتای خەرمانانی ١٣٣٢ی کۆچیی بوژابۆوە لە دوو هێرشی ساواک دا زەربەیەکی جەرگبڕی وێکەوتبوو و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی لێهاتووی تەشکیلاتیی یا دەستبەسەر کرابوون یاخود پەڕیەوەی دیوی گەرمێن ببوون. هەژاریی و نەخوێندەواریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاردەیەکی زەق و بەرچاو بوو. شای ئێران کە لە دەسەڵاتی خۆی دڵنیا بوو لە ساڵی ٤٦ تاجگوزاریی کرد و بەو شێوەیە دەورەیەکی نوێ لە لەخۆبایی بوون و لووتبەرزیی شاهەنشا ئاریامێهر دەستی پێکرد.

لە عێراق عەبدولڕەحمان عارف دەوڵەتێکی لاوازی پاش کوژرانی براکەی عەبدولسەلام عارف پێک هێنابوو و حیزبی بەعس لە دەرفەتێک دەگەڕا تا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. لە باشوری کوردستان خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی دەورەیەکی هەشت ساڵەی لە دانوستان و شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف تێپەڕاندبوو و ڕێبەریی بێ ئەملا و ئەولای جووڵانەوەی کوردی لەم بەشە لە نیشتمان بەدەستەوە بوو.

لە باشوری نیشتمان پاش کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان (لە ساڵی ٤٣ی کۆچیی) و هەوڵ بۆ یەکدەست کردنی پارتی، باڵی دەفتەری سیاسیی بە ڕێبەریی خوالیخۆشبوو برایم ئەحمەد و مام جەلال لە پارتی دیموکرات جیا ببوونەوە و بەم شێوەیە هێزی کورد کە لەم هەل و مەرجە ناسکە دا پێویستی بە یەکگرتوویی هەبوو تووشی دوودەستەیی ببوو.

دۆخی ناوخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێش کۆنگرەی دوو (لە ساڵی ٤٣ی کۆچیی) و پاش کۆنگرەش بە هۆی دووبەرەکیی ئەندامانی ڕێبەریی زۆر نالەبار بوو. هەڵبەت بەشێکی دووبەرەکییەکە ئاسەواری ڕاستەوخۆ یا نارستەوخۆی دووبەرەکی لە بەرەی کورد لە باشور بوو. شتێکی ئاشکرایە کە دووبەرەکیی لە ڕێبەرایەتیی دا شوێنەوار لە سەر بەدەنەی حیزبیش دادەنێ. کات و وزەیەکی زۆر لە جیاتی ساڕێژ کردنەوەی قەوارەی تەشکیلاتیی حیزب کە پاش هێرشی ساواک تووشی خەسارێکی گەورە هاتبوو سەرفی کار بە دژی یەکتر دەکرا. شتێکی ئاشکرایە کە لە دۆخێکی وەهادا خەڵک دڵسارد دەبێتەوە و هیوا و ئومێدێکی ئەوتۆی بە کاری حیزبیی نامێنێ.

ئەوەی کە ئێستا ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە جوڵانەوەی چەکداریی ٤٦ - ٤٧ لە جیاتی ئەوەی کە بەرهەمی پلانێکی تۆکمە و لە پێشدا داڕێژراو بێ زۆرتر تەنیا ڕێگای بەردەمی ڕێبەرانی ئەم جوڵانەوەیە بوو کە بەهۆی نەبوونی دەرەتان بۆ حاوانەوە لە باشوری کوردستان ناچار بوون بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام ئەوە هیچ لە بلیمەتیی و لەخۆبوردوویی شەهیدانی ئەم جووڵانەوەی کەم ناکاتەوە.

زۆر جێگای داخە کە کاتێک نووسراوەکان لە بارەی ئەم جووڵانەوەیە دا دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی هەرە زۆری شەهیدانی ئەم جووڵانەوەیە بە دەستی کورد دەرماندراوکران، لەداوخران، شەهید کران یا خود تەحویلی دوژمن دراونەوە.

**بە بڕوای من فاکتەرەکانی شکست هێنانی ئەم جووڵانەوەیە ئەمانە بوون:**

١- نەبوونی پشتێوانێکی بەهێز لە ئاستی جیهانیی دا. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە سەرەڕای شەڕی

سارد و کێبەرکێی ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت هیچ پشتیوانیەکی ئەوتۆ لە نەیارانی حکومەتی پاشایەتی کە بە خێرایی دەچوو ببێتە هاوپەیمانێکی ستراتێژیک بۆ ئامریکا لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە نەدەکرا. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوکات یەکیەتیی سۆڤیەتی بە پشتیوانی ستراتێژیکی خۆی دەزانی.

٢- درندەیی ڕێژیمی پاشایەتیی لە بەرەوڕوو بوونەوەی ئەم جووڵانەویە و تەرخان کردنی هەمو هەوڵ و توانای خۆی بۆ وشک کردنی ئەم نەمامە ساوایە. هەوڵەکان تەنیا بە ڕاوەدوونانی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێ نەهات بەڵکو بە زەخت خستنە سەر ڕێبەریی پارتی دێموکراتی کوردستان هیچ دەرەتانێک بۆ مانەوەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧لە باشوور نەمابوو.

٣- دووبەرەکیی لە ڕێبەریی سیاسیی شۆڕشی باشووری کوردستان کە بوو بەهۆی دووکەرتبوونی کۆمەڵگای کوردەواریی لەم بەشە لە نیشتمان بە ڕادەیەک کە هەر لایەنە بەشێکی بەرچاو لە وزەو و توانای خۆی لە جیاتی بەربەرەکانی لە گەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتر تەرخان کردبوو.

٤- دوبەرەکیی و ناکۆکی لە ناو ڕێبەریی و سیما دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێگایە کە لایەنێک بۆ لە مەیدان بەدەربردنی لایەنەکەی تر دەستی دایە پیلانگێڕیی و تەنانەت تێرۆر.

٥- نزم بوونی ئاستی زانیاریی و هەستی نەتەوەیی لە ناو کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەک کە هەندێک هەلپەرەست بۆ وەدەستهێنانی پلە و پایە و پارە دەستیان کردە جاشەتیی و سیخوڕی. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا ئەوە جاش و سیخوڕە کوردەکان بوون کە ئەرکی سەرەکیی سەرکوتی فیزیکی جووڵانەوەیان گرتبوو ئەستۆ.

لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر باوە کە کاتێک باسی شکست دەکرێ قامک بۆ هێزی دەرەکیی درێژ کەن و ئەوان لە مەسەلەی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ سێ فاکتەری ناوخۆیی کە لەسەروە ئاماژەیان پێکرا هەرکامێکیان بە تەنیایی دەیتوانی بە هۆکاری نسکۆکانیان بناسێنن. هەرچەند زۆر جار هۆکاری دەرەکیی




نەخشیان لە شکستەکان داهەبووە و دەبێ بەڵا ئەوەی کە زۆر جار لەبیر دەکرێ یا خود پاش گوێ دەخرێ هۆکارە ناوخۆییەکانە.

زۆر جار مرۆڤ دەسەڵاتی گۆڕینی فاکتەرە دەرکییەکانی نیە بەڵام کارتێکەریی لە سەر فاکتەرە ناوخۆییەکان بۆ گۆڕینی دۆخەکە بە قازانجی خۆت زۆر جار ئاسانتر لە هەوڵ بۆ کاریگەریی لە سەر فاکتەرە دەرەکییەکانە.

کاریگەریی لە سەر رەوتی رووداوکان هەبێ و خۆ ئەگەر هەرسێ فاکتەریش بە شێوەی دڵخواز چارەسەر کرابان دۆزی کورد ئێستا لە شوێنێکی تر دەبوو.

**وەرن با بەیەکەوە لە دونیای خەیاڵمان ئەو گریمانە بێنینە گۆڕێ کە:**

١- ئەگەر هەوڵی یەکدەست کردنی پارتی لە کۆنگرەی ٦ نەدەهاتە ئاراوە و هێزی کورد بە یەکگرتوویی دەمایەوە. بێ گومان وەزعی لایەنی کوردیی بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق زۆر بەهێزتر دەبوو و حکومەتی عێراقی ناچار بە چارەسەر کردنی پرسی کورد لەو بەشە لە نێشتمان دەکرا.

٢- ئەگەر دووبەرەکیی ناو رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات پێش کۆنگرەی دووهەم چارەسەر کرابا و هەوڵ و تێکۆشانەکان بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرابان. بێگومان شەهیدانی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ ناچار بە گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات بەوشێوەیە نەدەکران. ئەگەر ئەو شۆڕشگێرە خۆش فکرانە بیانتوانیبا درێژە بە کاری سیاسی و خۆپێگەیاندن بایەن و ١٠ ساڵ دواتر کە شۆڕشی گەلانی ئێران کۆتایی بە رێژیمی پاشایەتیی هێنا گەڕابانەوە و لە هێز و هزری ئەوان کەڵک وەرگیرابا ئێستا حیزبی دێموکرات وەزعی چۆن دەبوو؟

٣- ئەگەر ئاستی زانیاریی و هەستی نەتەوەیی گەلەکەمان لە رۆژهەڵات بە رادەیەک بایە کە وەک جوولەکەکان حازر بە خەیانەت بەنەتەوەکەیان نەبان ئاخۆ ئەم شۆڕەسوارانە ئاوا بە ئاسانی و لەماوەی ساڵێک دا مۆمی تەمەنیان بەم شێوە تراژیکە دەکوژایەوە؟




ئێستاش ٤٥ ساڵ پاش کۆتایی هاتنی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ دەردی سەرەکیی ئێمەی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دووبەرەکیی و کێشەی ناوخۆیی و نزم بوونی ئاستی هەستی نەتەوەییە. هەرچەند کە هەستی نەتەوەیی تا رادەیەک بەرز بۆتەوە بەلام تا گەیشتن بەو ئاستەی کە هیچ کوردێک حازر نەبێ خۆی و نەتەوەکەی بۆ پلە و پایە و پارە نەفرۆشێ زۆرمان ماوە.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان. بە هیوای یەکگرتوویی و یەکریزی خەباتکارانی ڕێگای رزگاریی کورد و ئەو ڕۆژەی کە گشت کوردێک بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەک دانێ.

**سەرچاوەکان:**

نیوسەدە خەبات نوسینی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە
ئەزمونی خەبات وتووێژی هەیاس کاردۆ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە
جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ و سولەیمان موعینی نوسین و ئامادە کردنی سیامەند موعینی
ویکیپیدیا

**ئەم بابەتە سەر داوای من نووسراوە.**




# زایەڵەی هاوارێک، مانای ڕاپەڕینێک، ئاکامی غەدرێک!



**هەیاس کاردۆ**

**" ئەی قارەمانان، ئەوە خوێنی ئێوەیە کە لە دڵم دا وەک ئەستێرە**
**خوشی و ئەوینی لە من دا پەروەردە کرد. چ لەشێک بەو خوێنە ئاڵە پاک نابێتەوە؟"**

**(شیعری: سنیە صالح، وەرگێڕانی هەیاس کاردۆ)**

ئارامیی دەریا جوانە، بەڵام دەریای بێ شەپۆل هەیبەتی نییە. ئاسمانی ساو دڵگوشایە، بەڵام شریخەی هەورە برووسکە و هاتنە خواری فرمێسکە بە گوڕەکانیەتی کە بێدەنگی دەشکێنێ و جموجۆڵ ساز دەکا. دەشتی ساف و بێ سنوور پیاسەی لێ خۆشە، بەڵام ئەوە کێو و تەلان، کەند و لەند و هەوراز و نشێوە کە تین و تاقەت زیاد دەکا و لەش چالاکتر ڕادەگرێ. ڕووباری ئارام و مەند هەرچەند ڕەنگێکی جوانی هەیە و سوکنایی هێنەرە، بەڵام چۆم بە کەف هەڵخڕاندن و هاش و هووشەکەیەوە مانا دەدا و ئوبووهەتی خۆی دەنوێنێ.

وەک چۆن تامی ژیان بۆ خەڵک جیاوازە، ماناکانیشی لای ئەوان فەرقیان هەیە. بەشێک، هەموو ڕۆژێ دەمرن بۆ وەی ژیانی ڕواڵەتیی خۆیان ڕاگرن. بەڵام ژمارەیەک مردن دەکەنە بەڵگەی چۆنیەتیی ژیان و منەت هەڵ ناگرن. هێندێک ژیانیان بۆ سەربەردانەوە دەوێ، کەچی ژمارەیەک بە سەری بەرزیان سەر بە ژیان دادەخەن. کەسانێک مانەوە لەنێو ئاوی مەند و چەقبەستوو دەکەنە فەلسەفەی ژیان، لە کاتێک دا خەڵکانێک پێیان خۆشە دەریای ڕووح و ڕووباری لەشیان شەپۆلان بدەن و قەت بۆ تاقە ساتێک نەوەستن. بەشێک وا بە قازانج دەزانن ڕایەڵی

تەونی بیر و مێشکیان بدەنە خەڵکی دیکە هەتا بە کەیفی خۆیان بۆیان بادەن، کەچی خەڵکانێک کلیلی قفڵی بیریان وە کەس نادەن و تەنیا خۆیان دەزانن چۆنی بەکار دێنن.

ئەوانەی ٤٥ ساڵ پێش ئێستا بزووتنەوەی سەربەرزانەییان وەڕێ خست و گۆمی مەندی ئێرانیان شڵەژاند، لەڕاستی دا ئەو دڵە جەسوور و بیرە تیژ و لەشە بەهێزانە بوون کە تەنیا مەرگ دەی توانی ڕایان وەستێنێ. ئەوان زایەڵەی هاوارێک بوون خەریک بوو بخنکێندرێ. ئەوان مانای ڕاپەڕینێک بوون خەریک بوو سەر ببڕدرێ. ئەوان بڕیاری گەلێک بوون غەدری لێ دەکرا.

بە هەر پێوانەیەک بیگرین و لەهەر دەربیجەیەکەوە چاو لە پێکهێنەرانی بزووتنەوە سەربەرزانەکەی ٤٦ ، ٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین ناتوانین هەیبەتی جوامێرانە و ڕووحی خۆڕاگری و بڕیاری کوردانەی ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە لەبەر چاو نەگرن ئەوان ڕابوون بۆ ئەوەی شەق لە ترس هەڵدەن و تابووی "نەتوانین" بشکێن. ئەوان لووتکەی بەرزی چیایان بۆ ژیان هەڵبژارد چونکە لەنزمایی بۆنیان دەگرت و لێی وەڕەز بوون. ئەوان شەقیان لەملکەچی هەڵدا و "سەربزێو"ییان کردە پیشە. ئەوان دەستیان بە خەبات کرد چونکە خەریک بوو ملیان بە داوی باریکی غەدر ببڕدرێ. ئەوان ویستیان بە دەنگی بەسامی چەکەکانیان خەڵکی لەخەوی زستانی هەستێنن و بێدەنگیی شەو بشکێنن.

کەسێک برسی بێ قەت بۆ تامی خۆش و پڕ ویتامینی خواردن ناگەرێ، ئەو دەفکری تێر کردنی زگی دایە. ئەوەی لە ژێر ئەشکەنجەی بەردەوامی جەستەیی دایە بیر لەتاریک یان ڕووناک بوونی ژووری مانەوەی ناکاتەوە، ئەو دەفکری کەمکردنەوەی ئازارەکانی دایە. فرمێسک تەنیا ئەو کاتە دێتە خوار کە دڵ هەڵ دەقرچێ. بزەش ئەو کاتە خۆی وەدیار دەدا کە گوڵی دڵ شکۆفە دەکا. مەگەر کەسانی لە ژیان وەڕەزە یان مالیخولیا، دەنا کەس پێی خۆش نییە خوێنی برژێ یان خوێن بڕێژێ. ژیان هێندە خۆشە کەس پێی خۆش نییە بە ئاسانی بەجێی بێڵێ. مادام وایە دەبێ پەی بەو ڕاستییە بەرین ئەوانەی دەستیان بۆ خەباتی چەکدارانەی ٤٦،٤٧ برد و چوونە نێو سەنگەری بەرگرییەوە دەبێ چەندە کەوتبنە نێو تەنگەژەی ژیانەوە.

سەرکەوتن یان شکست، دروستی یان هەڵە بوونی خەبات یان کردەوەیەک دەر ناخا. دەکرێ زۆر خەباتی ڕەوا و

کردەوەی دروست بە ئاکام نەگەن و شکست بخۆن. پێچەوانەی ئەوەش هەر ڕاستە. واتە دەکرێ - دیتراویشە - گەلێک هەوڵی نابەجێ و کردەوەی ناردوست بە ئاکام بگەن و سەرکەون. کۆمەڵگای ئێمە دەوە دا بەداخەوە کێشەی هەیە. یانی کاتێک ڕێز و خۆشەویستیی خۆمان بۆ خەباتێک یان هەوڵێک دەر دەبڕین کە سەرکەوتن وەدەست بێنی ئەگینا دەکەوینە پاشملە کوتانی. ئێمە کەمتر بیر و فەلسەفەی گەلاڵە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی خەبات دەخوێنینەوە، زیاتر ئاکامی هەوڵەکانیان چاو لێ دەکەین.

فیدڵ کاسترۆ و هاوڕێیانی لە کووبا خەباتێکی چەکدارانەیان وەڕێ خست و لە ماوەیەکی نە زۆر درێژدا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا و دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیان گۆڕی. سولەیمانی موعینی و دۆستانی بەهەمان سەبک و لەسەر هەمان نەزم بەڵام بۆ ئامانجی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی چەکدارانەیان وەرێ خست و دوای ماوەیەک خۆڕاگری و قارەمانەتی نواندن شکستیان خوارد و بەشی زۆریان شەهید بوون. ئەگەر کاسترۆ و چێ گوارا بوونە ڕەمزی ژیانی سەربەرزانە و بۆ هەتا هەتایە ناو و یادیان مایەوە، جێی پرسیارە بۆ نابێ موعینی و شەیفزادە و ئەوانەی خۆمان ئاوا بن؟ ئایا دەکرێ بڵێین ڕێگای ئەوان دروست بوو بەڵام هی ئەمان هەڵە؟ داخوا دروستە ئەوان بە ئازا و چاونەترس و پێشڕەو ناو بەرین و ئەمان بە ترسەنۆک و خوێڕی و دواکەتوو؟ ئەگەر خوێندنەوەمان بۆ فەلسەفەی ژیان و خەبات ئەوە بێ کە فیداکاری لە پێناو ئازادی دا قارەمانەتییە، ئیدی چاو لە ئاکامی خەباتی بەرامبەر زوڵم و زاڵم دا ڕاوەستان و خەبات هەبێ. دووهەم، ئامانجدار بوو چونکە دەیویست لەچوارچێوەی ئێرانی ئەو زەماندا ئەوانە ناکەین. لە دەستپێکی کارەکەیان دەڕوانین و لە پشت سەریان ڕادەوەستین. ئەگەر سەرکەوتن خەنی لەخۆیان و شانازیی هەتا هەتاییان پێ دەبڕێ.ئەگەر شکستیان خوارد و شەهید بوون دەبنە ڕەمزی بەردەوامیی خەباتمان و خوێنیان دەبێتە ڕوون کەرەوەی ڕێگامان.

بە هەموو پێوەرێک خەباتی چەکدارانەی ٤٦،٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتێکی ڕەوا، ئامانجدار، خەڵکی، بە پڕەنسیپ و بیرلێکراوە بوو. یەکەم، ڕەوا بوو چونکە کورد زوڵمی لێ دەکرا و مافی زەوت دەکرا، هەر وەک ئێستاش هەروایە. بۆیە دەبوو لە ئازادیی ژیان و مافی نەتەوەیی بۆ کورد دابین بکا. سێهەم، خەڵکی بوو چونکە لە دەرەوەڕا ساز نەکرابوو و بەرهەمی ڕاپەڕینی ڕۆڵە ئازاکانی گەل بوو. لەڕاستیدا خەڵک و پێشمەرگە یەک مانایان هەبوو و لێک جوێ نەدەکرانەوە. چوارەم، بە پڕەنسیپ بوو چونکە بۆ دیفاع لەخۆ و تێکۆشانی خۆ ساز

کرابوو و تەنیا دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ڕادەوەستا و شەڕی دەکرد. ئەو بزووتنەوەیە لەسەداقەت و داوێنپاکی و کارجوانی دا نموونەی کەم بووە. پێنجەم، بیرلێکراوە بوو چونکە ڕێگاکانی دیکە تاقی کرابوونەوە و بە ئاکام نەگەیشتبوون. دەبێ لە بیرمان بێ خەباتی ئەو ڕۆڵە قارەمانانە پاشماوەی خەباتی مەدەنیی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لەماوەی دامەرزانی کۆماری کوردستان و پێش ئەودا بوو کە دیتمان چۆن بێڕەحمانە سەرکوت کرا.

. ئینجا بەداخەوە لەباشووری کوردستانیش تەنگ بە خەباتکارانی ڕۆژهەڵات هەڵچنرابوو و ژیانیان لێ حەرام کرابوو. هەربۆیە دوای بیر کردنەوەی زۆر و هەڵسەنگاندنی هەموو پێشهاتەکان دەست بەو خەباتە کرابوو.

ڕاستە خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦،٤٧ بەداخەوە سەرنەکەوت و دوای ماوەیەک تێک شکا، بەڵام ڕادەی شوێندانانی ئەو خەباتە و بەتایبەت خەباتکارانی ئەو دەورەیە لەسەر نەوەی دواتر بەڕادیەک بوو کە هەتا ئێستاش لەبیر و زەینی خەڵکدا ماوەتەوە. کەم نین ئەو کچ و کوڕە کوردانەی بە چاولێکەریی پێشمەرگەی ٤٦،٤٧ دواتر ڕێگای خەباتیان گرتە بەر و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشی. کەم نین ئەو دایک و باوکانەی لەعیشقی خەباتکارانی ئەو بزووتنەوەیە  منداڵی خۆیان بەناو دەکردن و هانیان دەدان ڕێگای ئەوان بگرنە بەر. کەم نین ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە کورد و غەیرە کوردانەی نیوەرۆکی خەباتی چەکدارانەو کەسایەتیی قارەمانانی ٤٦، ٤٧یان کردۆتە بابەتی نووسینەکانیان و هەرکام بە شێوەیەک لێکیان داوەتەوە. کەمیش نەبوون ئەو جاش و جاسووس و خۆفرۆش و داڵدەدەر و وەدوو کەوتووانەی لەسایەی بوونی خەباتکارانی ٤٦ - ٤٧ خۆشخزمەتیی تەواوی خۆیان بە هێزەکانی دوژمن نیشان دا و ژیانێکی سەرشۆڕانەیان دابین کرد. هەرچی بوو ئەو ڕاپەڕینە نوورێک بوو لە تاریکی دا و ئەستێرەیەک بوو کە خوشی و بەداخەوە زوو ون بوو.

دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانەی ٤٦، ٤٧لووتکەی هەڵوێستی کۆمەڵە مرۆڤێک بوو کە هەرچەند ئاسۆی سەرکەوتنیان بەڕوونی نەدەبینی بەڵام بڕیاریان دا هەوڵ بدەن تیشکی خۆر بڕژێننە نێو ژووری ژیانی کورد. ئەوان بە بەلەمێکی چووکەی بێ ئیمکان، خۆیان بە نێو دەریایەکی تۆفانی داکرد و ویستیان لێی بپەڕنەوە. هاوارێک کە ئەوان وەرێیان خست هەرچەند زوو دە گەرووا خنکێندرا، بەڵام زایەڵەی ئەو هاوارە ئێستاش دەگاتە گوێی ئەوانەی دەیانەوێ ببیسن. ڕاپەڕینێک کە خەباتکارانی ٤٦،٤٧ دەستیان پێ کرد و سەربەرزانە

درێژەیان دا هەمان مانای چۆنیەتیی ژیان و مردنە. مانای ئەو خەباتە دەبێ لەم ڕستەیەدا بەدی بکەین: بە ئومێدەوە بۆ ئاسۆی سەرکەوتن ڕوانین. غەدرێک کە لەو ڕاپەڕینە و خەباتکارانی ئەو سەردەمە کرا غەدری مێژووییە و هیچ چاوێکی بینا و مێشکێکی وشیار نابێ لەبیری بکا. ئەوانەی لە دژی خەباتکارانی ٤٦، ٤٧ جووڵانەوە و بۆ تێک شکاندنی ئەو خەباتە هەوڵیان دا، دەبێ لە خۆیان و بارەگای گەل شەرم بکەن.

یاد و ناوی خەباتکارانی بزووتنەوەی ٤٦، ٤٧ دەبێ وەک یاد و ناوی خەباتکارانی ئەمریکای لاتین و باقیی گەلانی ڕاپەڕیو لەنێو دڵەکان دا بمێنێتەوە کە نموونەیەکی ئەوەی خوارەوەیە:

"یادی لە پرۆسەی ژیانی بێ باکانەی دا وەبیر دێنینەوە،

کە زایەڵەی هاوارەکانی،
وەک ناقووسی بەربەیانی،
خەوی لە چاوی ئەم قاڕەیە دەزڕاند.
ئەو میراتی هاوڵاتییانی پێخواس،
ڕۆڵەی بێ هاوتای خەڵکی لاتین،

ویکتۆر خارایە".

ئەم بابەتە لە سەر داوای من نووسراوە.

ئوستڕالیا - ڕێکەوتی ١٨ی ئاوریلی ٢٠١٣

# جووڵانەوە پڕشنگدارەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ی حیزبی دێموکرات.




**سمایل بازیار**

به بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی وەچەیەکی ئەهلی کار و لەخۆبردوو بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا سەرەڕای کورتیی تەمەنی (١٨ مانگ) و سنوورداربوونی جوگرافیاکەی (ناوچەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار) بە قوناخێکی گرینگ و شوێندانەر دێتە ئەژمار. گرینگیی ئەم بزووتنەوەیە دەکرێ بەم جۆرە فۆرمووله بکەین:

**ئەلف**: لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان راستە چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە هەموو هەڵکشان و داکشانیەوە رانەوەستابوو، بەڵام لە ئاست کاریگەری و رەنگدانەوەی ئەم بزاڤە لە کوردستان و ئێران زۆر کەم ڕەنگ بوو.

**ب**: یەکەم جار بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ڕێکخراوێکی حیزبی لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیدا شێوازی خەباتی چەکدارانەی گرتبێتە بەر.




**ج**: ڕێژیمی پەهلەوی لەم ساڵانەدا تەواو هەستی بە سەقامگیری و ئاسایش دەکرد بە جۆرێک حەمەڕەزاشا ئێرانی بە دوورگەی "ئارام"ی دەریای تۆفانلێدراوی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ناو دەبرد، بەڕێکەوت نەبوو کە پاش تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ لە سەڵتەنەت، ساڵی ١٣٤٦ شا تاجی لەسەر نا. بزووتنەوەی ٤٦ - ١٣٤٥ ئارامیی ئەم دوورگەیەی شێواند.

**د**: شوێنەواری ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بە کوردستان سنووردار نەمایەوە، بەڵکوو بوو بەهۆی بەخشینی وزە و ورە بەو بیرۆکە چریکی‌یە کە هێشتا لە ئێران نەچووبووە قۆناخی کرداری‌یەوە و دوو ساڵ دواتر ڕووداوی (سیاهکل) بوو بە دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی هێزە سەرانسەری‌یەکان بە دژی ڕێژیم.

**ە**: هەرچەندە ئەم بزاڤە لە رووی سەربازی‌یەوە تێکشکا، بەڵام لە رووی مەعنەوی‌یەوە بەشداربووانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ دوو وەچەی پاش خۆیان بوون بە سێمبول و ئیلهام دەری خەبات و تێکۆشان.

**و**: ئەم بزووتنەوەیە کوردستانی تێکەڵ بەو ڕەوتە خەباتگێڕانەیە کرد کە لە دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا لە "هانۆی"، "پراگ"، "هاوانا"، "ئەلجەزیرە"، "پاریس" و "غەنا" دا لە هەڵچوون و کەفوکوڵ دا بوو.

لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لەسەر ئەم رووداوە بەهۆی کەمیی بەڵگە و دیکومێنت ئەستەم و دژوارە، بەتایبەتی کە بەشی زۆری رێبەرانی ئەم بزاڤە گیانیان لە دەستدا (١) و لە ڕێگەی ئەوانەوە هیچ چەشنە زانیاری‌یەکمان دەست ناکەوێ. ئەوەندەی هەیە چەند نامەیەکی سولەمان موعینی و سمایل شەریفزادەن کە بە نرخن و دوو سێ ژمارەی بڵاوکراوەی "تیشک" و هەروەها بیرەوەریی کەسانێک کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی‌یان پێیانەوە هەبووە.

هەر ئەم کەمیی زانیاری‌یەش وای کردوە کە روانگە و بۆچوونی جیاواز لەسەر چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە بێتەگۆڕێ. بۆ وێنە: روانگەیەک پێی وایە "بارودۆخی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە لایەک و ئەو فشارە کە بۆ کادرەکانی حیزب دەهات لە لایەکی دیکەوە، هێندێک لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناچار کرد، کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن و بێنەوە کوردستانی ئێران". ئەوەی پرسیار دەخاتە سەر ئەم روانگەیە ئەوەیە ئەدی چۆن بوو بەدەیان ئەندامی رێبەری،

کادر و پێشمەرگەی حیزب "ناچار" نەبوون باشووری کوردستان بەجێ بێڵن و تا کۆتایی بزووتنەوەکەش هەر لەوێ حاوانەوە. کەوابوو ئەو فورسەت و مەجالە بۆ ئەو تێکۆشەرانەش کە باشووری کوردستانیان بەجێ هێشت ڕەخسابوو و دەیانتوانی "ناچار" نەبن کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن. ئەوەی کە خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئەم دوو دەستەیە، فاکتەری ئیرادەیە کە لەلای بەشێکیان غایبە و ئەمە لە نامەیەکی "سولێمانی موعینی" دا بە ڕوونی دەردەکەوێ: "مەگەر شەرایت نابێ ئەو پێشڕەوانە بیخولقێنن و دروستی کەن، یا هەردەبێ ئوردووی سوور بێتەوە جا ڕزگار بین".

**ڕوانگەیەکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بزووتنەوەکە دەسکردە و کەسانێک و ڕەوتێک لە پشتی بوون و دەڵێ:**

**"حیزبی شیوعی ئەو کاتە هاوپەیمانیەتی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو و بەم بۆنەوە لەگەڵ شۆڕش کە لە شەری حکوومەتی عێراقدا بوو کەوتبووە دژایەتی و ناکۆک بوون. تەبعەن حەزیان دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرایەک ساز بێ، جا دەگاتە کوێ، کەیفی خۆیەتی، هەر هێندە کە دەگەڵ دەوڵەتی هاوپەیمانی خۆی بڕواتە پێش و ئوموراتی خۆی بۆ بڕوا بەسە. لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر شۆڕشی باشوور کە ڕژێمی ئێران پشتیوانی لێدەکات، با ئەوانیش بە یاریدەی حکوومەتی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، فیتنەیەک بنێنەوە." لەم پەیوەندیەدا دەبێ بگوترێ کە حیزبی شیووعی لەم ساڵانەدا نە تەنیا هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق نەبوو، بەڵکوو لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٣ (١٣٤٢) کە بە هاوبەشیی حیزبی بەعس و نەتەوەییەکان (عبدالسلام عارف) ئەنجام درا، حیزبی شیووعی بە توندی کەوتە بەر پەلامار و ڕاوەدوونان، بە جۆرێک کە سەدان کادر و ئەندامی لێ زیندانی و ئیعدام کران. لەم ساڵانەدا (١٩٦٣ - ١٩٦٨ز) (١٣٤٢ - ١٣٤٧ھ) حیزبی شیووعی نە تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات بوو، بەڵکوو لە کوردستان (لە شۆڕشی ئەیلوولدا) هێزی پێشمەرگەیان هەبوو و بەشداریی چەندین شەڕی گەورە وەک شەڕی "هەندرێن ١٩٦٦"یان کرد. ئەو هاوپەیمانەتییەی حیزبی شیوعی و دەوڵەتی ناوەندی بۆ سەرەتای ٧٠کان دەگەڕێتەوە، واتە پاش کودەتای دووهەمی بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٨ دا؛ ئەوکات کە لەمێژبوو جولانەوەی چەکدارانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێهاتبوو.**

**ڕوانگەیەکی دیکەی سەرسوڕهێنەر دەڵێ: "بەڕێوەبەرانی ئەم بزووتنەوەیە لە حەیفی ململانێی نێوخۆیی و حیزبی چوونەوە و خۆیان بە کوشت دا." بە پێچەوانە بەڕێوەبەرانی ئەم بزووتنەوەیە بە ئاگاییەوە دەستیان داوەتە ئەم**

کارە و تەنانەت خۆیشیان بۆ گیان بەخشین لە پێناوی ئامانجەکانیاندا ئامادە کردوە. "سولەمان موعینی" لە نامەیەکدا بۆ "کەریم حیسامی" دەنووسێ: "زەمینەی هەموو شتمان ئامادەیە هەر تەنیا لە سەر مەسەلەی ئەودیو راوەستاوین، لایەکی وەلایەکی کەوێ، دەزگای قوڵی (مەبەست حەمەرەزا شایە) وە زەلزەلە دەخەین. ئەو ترس و هەرایەی هاویشتویەتی دڵی خەڵکی بەتایبەتی لە دەرەوە نایهێڵین، بە درێژایی سنوور تەنیومانە و بە جارێک بەسەریدا دەروخێین." "ئەمما مام حەمە کەریم ئەگەر شەهید بووین خەممان مەخۆ، مەڵێ بەخۆرایی چوو، ئێمە دەمانەوێ رێگا خۆش کەین... زانایانە و عادڵانە بێ ئەوەی خۆمان لەبەر چاو بێ دێینە مەیدانەوە..."

ئەمن بە پێچەوانەی ئەو روانگانەی سەرەوە لەمەڕ چۆنیەتیی پێکهاتنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ بیر دەکەمەوە و زەمینە و بەستێنی پێکهاتنی ئەم بزووتنەوەیە لە هۆکار و فاکتەری دیکەدا دەدۆزمەوە کە دەبێ بۆ تاوتوێکردنی بگەڕێینەوە بۆ هەل و مەرجی ئەوکاتی جیهان، ئێران و کوردستان.

ئەگەر قبووڵمان بێ کە هەر دیاردەیەک تەنیا لە زەمینە و بەستێنی مێژوویی تایبەتیی خۆیدا دەکرێ بناسرێ، واتە پەیوەندیی نێوان دیاردە و ئەو بەستێنەی کە تێیدا پێکدێ مێژووی براوەیە، هەروەها ئەگەریش قبووڵمان بێ کە هیچ رووداوێکی مێژوویی لە عەرزی رووت و قووت شین نابێ، واتە شتێکی "تجریدی" و "ابتدا بە ساکن" نیە، بەڵکوو پەیوەندیی‌یەکی دیالێکتیکی لە نێو قۆناغەکان و رووداوەکاندا هەیە. ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەم لۆژیکەدا دەکرێ ئەو بارودۆخ و زەمینەیە کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٥ی تێدا پێکهات و لە دایک بوو، وێنا بکەین.

## ئەلف: فەزای سیاسی ئەو سەردەمەی ئێران

١- کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ شکستێکی مێژوویی بوو بۆ ئەو دێموکراسی‌یە رێژەیی‌یە کە ماوەی ١٢ ساڵ بوو کەم و زۆر لە فەزای سیاسیی ئێراندا هەبوو و رێگەی بۆ سەرەڕۆیی و توندوتیژی خۆشکرد.

٢- کۆتایی‌هاتن بەو فەزا سیاسی‌یە نیمچەکراوەیە کە لەنێوان ساڵەکانی ٤٢ - ١٣٣٩ بە هۆی ناکۆکیی نێوان حەمەرەزا شا و عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیرانی جێی متمانەی ئەمریکایی‌یەکانەوە پێکهاتبوو، کە تێیدا




حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی (بەرەی نیشتمانی) و بزووتنەوەی خوێندکاری سەرلەنوێ چالاک ببوونەوە.

٣- تێکشکانی خوێناویی ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی ١٣٤٢ کە رووحانیەتی شیعە مودیرییەتی دەکرد.

٤- حەمەڕەزا شا ڕێبەریی "شۆڕشی سپی" ی خۆی کردبوو کە ئەمریکاییەکان بەسەریاندا سەپاندبوو و لە پڕوپاگەندەی خۆیدا نەمانی سیستەمی فئۆدالیی بە گوێی جیهان راگەیاند و لە درێژەی ریفۆرمەکانیدا ڕێگەی بۆ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆش کرد و ئەو سەرمایەدارییەی بە ئابووریی سەرمایەداری جیهانییەوە گرێ دا.

## ب: بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆن

دوو هێزی سەرەکی کە نەیاری حەمەڕەزاشا بوون بریتی بوون لە حیزبی توودە و بەرەی نیشتمانی. حیزبی توودە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و ئەو زەبرەی لەلایەن ڕێژیمەوە لێیدرا لە راستیدا تا شۆرشی ساڵی ٥٧ نەیتوانی پشت راست بکاتەوە و لەو سەردەمەدا وەک حیزبێکی دوورخراوە کە ڕێبەرانی لە "لاییپزیک"ی ئالمانی رۆژهەڵات باروبنەیان خستبوو، زۆرتر لە دوورەوە چاوەدێر و بینەری ڕووداوەکانی ئێران بوو.

بەرەی نیشتمانییش کە لە ساڵی ٣٩ دا سەرلەنوێ لە ژێر ناوی بەرەی نیشتیمانی دووهەمدا خۆی ڕێکخستبۆوە بەنیاز بوو لە ڕێگەی چالاکیی قانوونییەوە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا، کەوتە بەر پەلاماری دەزگا پۆلیسی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم و زۆربەی ڕێبەرانی گیران و زیندانی کران یان دوورخرانەوە و بەم جۆرە شکانی گشتیی ئۆپۆزیسیۆن عەمەلی بوو.

ئێستا دەکرێ بڵێین کە شکان و سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی ساڵی ٤٢ و بەدوای ئەودا سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی وەک دوایین ئەزموونی چالاکیی ئاشکرا و دێموکراتیک کە تا ئەوکات هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی خۆپیشاندانی هێمنانە و مانگرتن و ڕێگە یاساییەکانی دیکەی نارەزایەتیدەربڕینەوە لە خەبات بە دژی ڕێژیم بەردەوام بن لەلایەک، و سەپاندنی کەش و هەوای فشار و سەرکوت و دەستئاوەڵایی ساواک بۆ راوەدوونان و

گرتنی نەیارانی سیاسی لەلایەکی دیکەوە، نیشانەی داخرانی ڕێگەکانی خەباتی ئاشتیخوازانە و هێمنانە بوون و شکست و سەرنەکەوتوویی ئەو شێوازانەی خەباتی بۆ تێکۆشەرانی سیاسی دەرخست. بەم جۆرە ڕێگە بۆ دۆزینەوەی شێوازی نوێی خەبات کرایەوە کە ئەویش خەباتی نائاسایی و نائاشتیخوازانە بوو، بەتایبەت کە کەشوهەوای سیاسیی جیهانیش بەتایبەتی لە وڵاتانی "جیهانی سێهەم" کە تێیدا گوتاری شۆڕش و رادیکالیزم زاڵ بوو، بۆ پەنابردن بۆ شێوازی توندوتیژانە هاندەر بوو.

موهەندیس مەهدی بازرگان کە بە تاوانی ئەندامبوون لە "نهضت آزادی" دا گیرابوو ساڵی ١٣٤٣ لە پێشبینییەکی واقیعبینانەدا لە بەردەم دادگای نیزامی بەڕێوەبوونی تارمایی سەردەمێکی نوێ لە خەبات رادەگەیەنێ و دەڵێ:

"ئێمە دوایین کەسانێکین کە لە ڕێگەی قانوونی بنەڕەتیی مەشرووتەوە خەباتی سیاسی دەکەین، ئێمە چاوەڕوانیمان لە سەرۆکی دادگا ئەوەیە کە ئەم تێبینییە بە کاربەدەستانی سەرەوەش رابگەیێنێ"

## ج: خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە جیهاندا

لەم قۆناغە لە مێژوودا ئەگەر گوتاری زاڵ لە "جیهانی سێهەم"دا گوتاری شۆڕش و رادیکالیزمە، شەپۆلی رادیکالیزم و هەوڵ بۆ گۆڕینی نۆرم و بایەخەکانی باو و کۆن، ئەمریکا و ئورووپاشی گرتەوە. ئەو قۆناغە لە زەمان شاهیدی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە دەرکی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پێویستیی خەبات لە دژی شێوەکانی کۆنترۆڵ و دەسەڵات بوو. لەڕاستیدا چەشنێک رووحی خەباتگێڕی دنیا و بەتایبەتی "جیهانی سێهەمی" گرتبۆوە:

* لە ئەمریکا بزووتنەوەی مافی مەدەنیی ڕەشپێستان کە ناوی "مارتین لوتێرکینگی" خستە سەرزمانان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان، بزووتنەوەی دژی شەڕی ڤیێتنام، بزووتنەوەی هیپیگەری و چەند بزووتنەوەی دیکە لە دەیەی ٤٠ دا شکڵیان گرت.

* ساڵی ١٩٦٨ز (١٣٤٧ه) پاریس شاهیدی ڕاپەڕینی بەربڵاوی خوێندکاران بوو، ڕاپەڕینێک کە خوێندکارانی ئەمریکا و مەکسیک لە خۆرئاوا تا لەهستان و چێکسلۆڤاکی و یوگۆسلاڤیی سوسیالیستی لە خۆرهەڵاتی گرتەوە.

بە وتەی ئەریک هابزباوم: "ڕاپەرینێک کە کوتایی بە قۆناخی ژنراڵ دۆگۆل لە فەڕانسە و سەرۆکە دیموکراتەکانی ئەمریکا هێنا و لەگەڵ خۆی زۆر نۆرم و بایەخی نوێی هێنان".

* هەر لەو ساڵەدا (١٩٦٨) دێموکراسی‌خوازانی چێکۆسلۆڤاکی بەڕێبەریی "دوبچێک" لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤیەتدا ڕاوەستان کە "بەهاری خوێناویی پراگ"ی لێکەوتەوە.

## د: جیهانی سێهەم "دڵی گوتاری شۆڕش و ڕادیکالیزم"

* لە پاش کوتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و لە ئاکامی سەرکەوتنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی و شکانی مێژوویی کۆلۆنیالیزم، دەیان وڵات بە وەدەرنانی داگیرکەران بە سەربەخۆیی گەیشتن، لوتکەی ئەم سەرکەوتنانە دەیەی ٤٠ بوو. "قەوام نکرومە" لە غانا، "سیکوتورە" لە گینە، "پاتریس لۆمۆمبا" لە کۆنگۆ و "جمال عبدالناصر" لە میسر بە ناوبانگترین سیما بەرچاوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بوون کە خەڵکانی جیهانی سێهەم ستایشیان دەکردن.

ئەوەی کە هەم نەیارانی شۆڕش و هەم شۆڕشگێرانی سەرسام کردبوو، شێوەی ئەسڵیی خەباتی شۆرشگێڕانە لە جیهانی سێهەمدا بوو، واتە شەڕی چریکی و پارتیزانی لەم سەر تا ئەو سەری جیهان. بە پێی ئامارێک کە لە ساڵەکانی ٥٠ گیراوە، لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی‌یەوە تا ئەوکاتە ٣٢ شەڕی گەورەی چریکی تۆمار کراوە. لە نێو ئەو شەڕە چریکی‌یانەدا شۆڕشی چین، سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی "ئەلجەزایری‌یەکان" سەرکەوتنی گەلی ڤییێتنام بەسەر فەرانسەیی‌یەکاندا و دواتر تەنگ هەڵچنین بە ئەمریکایی‌یەکان و شۆرشی کووبا بوون بە ئیلهامدەری شۆڕشگێڕان لە جیهانی سێهەمدا و یەک لەوان شۆڕشگێڕانی کورد کە وەک ئولگوویەک پەیرەوی‌یان لێ‌بکەن و ئەمە لە نامەیەکی سولەیمانی موعینی‌دا دەبینین کە دەنووسێ: "چاوگێرانێک بەسەر رابردووی گەلانی دیل و ژێر چەپۆکە و تێبینی و بیرکردنەوە لەسەر جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەلاچۆکردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە بەسەر ئەو ڕاستیەدا دەخا کە دەست و بردمان سەرکەوتنی تێدایە".

ناو و ناوبانگی "مائو"، "جیاب"، "کاسترۆ"، "چەگوارا" و "هۆشی مینە" کە سەرکردە و ڕێبەرانی ئەو خەباتانە بوون لە هەموو شوێنێک دەبیسترا و ببوونە سێمبوولی سیاسیی میلیۆنان لاو. "مسعود بهنود" مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەوەی گلەیی لە وەچەی لاوی ئێرانی ئەو سەردەمە دەکا، دیمەنێک لە کەشوهەوای سیاسیی ئەو ساڵانەش وێنا دەکا و دەنووسێ: "ئەو وەچەیە لە ڕۆژگارێکدا بێ ئەوەی شتێک لە بارەی" میرزا کوچک خان" بزانێ، کووچە و کۆڵانەکانی "هاوانا"ی دەناسی، هەموو یارانی کاسترۆی بەناوی بچووک بانگ دەکرد، خەبەری هەبوو کاسترۆ و چەگوارا لەسەر چی کێشەیان هەبووە، "کۆنگۆی" وەک ئاو لەبەر بوو، ئەوەندەی دوژمنی "موسی چومبە" بوو، هی "سپهبد زاهدی" نەبوو."

هەمدیسان "بهنود" دەنووسێ: "کاسترۆ ئۆلگووی کۆمەڵگەی بێ ئۆلگوو بوو و دواتر دەرکەوت کە لەو کۆمەڵگەیەی قارەمانیشی هەبوو، جێگا و شوێنی کاسترۆ لە تەنیشت قارەمانانی نەتەوەیی بوو، لاوەکانی میسری هیچ وێنەیەکیان لە وێنەی "عبدالناصر" لەلا خۆشەویستتر نەبوو، مەگەر ئەو وێنەیە کە ناسر لەلای ئەو کوبایییە بالابەرزە ڕاوەستابوو."

با ئەو دانپێدانانە لە زمان "علی شریعتی" ئیدئولۆگی شۆڕشی ئیسلامییش ببیستین: "نەسلی خەباتگێر و ڕووناکبیری ئەو سەردەمە ڕووی لە مارکسیزم و ئێگزێستانسیالیزم کردوە و لە فیدێل کاسترۆ و لێنین و چەگوارا و وێت کونگ ئیلهامی وەرگرتوە".

لە بیرمان نەچێ کە ئەو کەشوهەوایە کاردانەوەی تەنیا بە "جیهانی سێهەم"ەوە نەبوو، ئەگەر "هۆشی مینە" چووە نێو گۆرانییەکی هونەرمەندی کورد "شوان پەروەر"، لە خۆپێشاندانەکانی "مانگی مەی ١٩٦٨"ی پاریسیش هاواری "هۆ" دەبیسترا و ئەگەر "مسعود بهنود" گازەندەی لە لاوانی ئێحساساتی هەیە، بۆ "ارنست همینگوای" و فەیلەسوف "ژان پل سارتر" کە خەڵاتی نۆبلیان پێ بەخشرابوو، دەڵێ چی؟ خۆ ئەوانیش ستایشگری کاسترۆ بوون، با "فرانتس فانون و اریک هابزباوم"یش لەولا دانێین.

خاڵێکی دیکەی جێی ئاماژە کە هەر لەو ساڵانەدا ڕووی دا و شوێنەواری لەسەر ئەم کەشوهەوایە و گوتاری رادیکالیزم و شۆڕش دانا، کێشەی نێوان چین و یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ئەم کێشەیە کە بە بیانووی

"ڕیڤیزیۆنیسمی مۆدێرن" خۆی لە هێنانەئارای تێزی "پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە" و ڕەخنەگرتن لە "ستالین" بەهۆی "خروشچوف" دا دەدۆزیەوە و لە دوای کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێکردبوو، گەیشتە لوتکە و سەرئەنجام کەرتبوونی کەمپی سۆسیالیستی و دیاردەیەک بە ناوی "مائۆئیزمی" لێکەوتەوە. شوێنکەوتووانی "مائۆئیزم بە تایبەتی لە "جیهانی سێهەم" شۆڕشی چین و ئەزموونەکانەکانی خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی چین بە ڕێبەریی "مائۆ"یان دەکرد بە ئۆلگووی خەبات و پەیڕەوییان لێدەکرد کە بریتی بوو لە پشت بەستن بە هێزی جووتیاران و دروستکردنی پێگەی چریکی لە لادێ و گەمارۆی شارەکان بەهۆی گوندەکان و شەڕی درێژخایەنی پارتیزانیدا، ئۆلگویەک کە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ لە بڵاوکراوەی "تیشک"دا کە زمانحالی ئەو بزووتنەوەیە بوو، پروپاگەندەیان بۆ دەکرد.

"کورش لاشایی" لە ڕێبەرانی "سازمان انقلابی حزب توده" کە لە ژێر کارتێکەریی مائوئیزمدا لە حیزبی توودە جیا بوونەوە و چەند مانگێک لەگەڵ پێشمەرگەکان (سمایل شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی و عەبدوڵڵای موعینی) لە ناوچەدا گەڕابوو دەنووسێ: "مارکسیزمی چینی بەلایانەوە مەنتقیتر بوو تا مارکسیزمی چەشنی ڕووسی" ئەو ڕۆژەی لە کوردستانەوە دەگەڕامەوە "عەبدوڵڵای موعینی" پێی گوتم: کاتێک گەڕایەوە هەرکام لە ئێمە دەسرۆکەیەکی سوور لە مل و کتێبێکی سوور لە دەست، شۆڕش هەڵدایسێنین (مەبەست کتێبی سووری مائۆیە).

بەم جۆرە لە هەلومەرجێکدا کە گوتاری ڕادیکالیزم و شۆڕش بە تایبەتی لە جیهانی سێهەمدا باوە و لە ئێران هیچ دەرەتانێک بۆ خەباتی قانوونی و هێمنانە نەماوە و سەرەڕۆیەکی توندوتیژ فەرمانڕەوایە، وەچەیەکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی کە بەشێکیان خۆیان لە ڕەوتێکی چەپی نوێدا دەدیتەوە، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگەی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژێمی حەمەرەزا شا، خەباتی چەکدارانەیە. "علی اصغرحاج سید جوادی" ساڵی ١٣٤٦ دەنووسێ: "ڕووحی زەمانە هیچ ڕێگەیەکی بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە جگە لەوە کە مافی خۆی لە جەنگەڵدا وەدەست بێنێ تاوەکوو لە پەرلەمان".

ئەم قەناعەتە لە نامەیەکی "سمایلی شەریفزادە" دا ڕوونتر و پێداگرانەتر جەختی لەسەر دەکرێ: "ئەمڕۆ توفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتوە، کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەوەی کە




تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەستدانە چەک و وەشاخ کەوتنە. ڕێگەی ڕزگاریی هەموو نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگەی ڕاپەرینی کۆمەڵاتی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارێزانی کە لە پێشدا دەبێ لە دێهاتەوە دەستپێبکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جوتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە".

ئەم وەچە نوێیە کە لە سەرەتای دەیەی ٤٠ بەو مەبەستە هاتە مەیدان و ئامادە بوو لەگەڵ نیزامی پادشایەتی شەڕ ڕابگەیەنێ لە سفرەوە دەستی پێکرد، بێ ئیمکانات بوو، بێ ئەزموون بوو و تەنیا ورە و ئازایەتیی شک دەبرد و لەسەر پێیخۆڕاوەستان (٢). هەر بۆیە دەبینین دەیان هەستەو گرووپی مارکسیستی و تەنانەت چەند تاقمێکی ئیسلامییش دامەزران کە بەرنامەی خەباتی چەکدارانە و تەبلیغ و پشتیوانی لەو خەباتەیان هەبوو. بەڵام زۆربەی ئەو گرووپ و هەستانە تا کۆتایی دەیەی ٤٠ واتە تا ساڵی ١٣٤٩ کە ڕووداوی (سیاهکل) ڕووی دا نەیانتوانیبوو کارێکی جیددی بکەن و لەلایەن ساواکەوە کەوتنە بەر پەلامار و ئەندامەکانیان گیران و زیندانی کران (٣).

بەڵام لە کوردستان ڕەوتی ڕووداوەکان جۆرێکی دیکە بوو، ئەو وەچە نوێ و خوێنگەرمە کە لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ٤٢ - ٣٩ دا بەشدار ببوون و لە ژێر کاریگەریی گوتاری شۆڕش و ڕادیکالیزمدا بوون و بەتایبەتی لەگەڵ گەرمبوونی خەبات و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، بۆ پیادەکردنی ئەزموونەکانی شۆڕشی چین لەگەڵ ژمارەیەک لە کادرە بە ئەزموونەکانی حیزب لە باشووری کوردستان ڕوویان لە شاخەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و مەشخەڵی ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان هەڵیساند و دوڕگەی ئارامی حەمەڕەزا شایان کە تازە پاش ٢٦ ساڵ هەستی بە دڵنیایی و ئاسایش دەکرد و "تاجگذاری"ی کردبوو، شڵەژاندو بەم جۆرە کوردستانیش تێکەڵ بەو ڕووحە خەباتگێڕییە بوو کە لە "پاریس"، "پراگ"، "هاوانا"، "هانۆی"، "ئەلجەزیرە" و "غانا" لەو سەردەمانە لە هەڵچوون و کەفوکوڵ دا بوو.(٤)

**پەراوێزەکان:**

(١)حەمەدەمینی سیراجی یەکێک لە ڕێبەرانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بوو و لەڕاستیدا تەنیا ئەندامی ڕێبەریی ئەم بزووتنەوە بوو کە بە سەلامەت دەرچوو. ئەو دەیتوانی زانیاریی بە نرخ بە دەستەوە بدا، بەڵام

سەرچاوە Serchawe

ئەویش لەم بارەیەوە هیچی لە پاش بەجێ نەما.

(٢)زۆر جار بیستراوە کە دەڵێن: "تەنیا چیاکان دۆستی کوردانن". ئەم وتەیە بۆ بزووتنەوەی(٤٦ - ٤٧)هیچ کات ئەوەندە لە جێی خۆیدا و لە راستی نزیک نەبووە.

(٣) دوو رێکخراوی "چریکهای فدایی خلق" و "سازمان مجاهدین خلق" کە خەباتی چەکدارانەیان لە دژی رێژیمی حەمەڕەزا شا بەڕێوە دەبرد لە نیوەی یەکەمی دەیەی ٥٠ی هەتاویدا بە چالاکیی خۆیان رێژیمیان هەراسان کردبوو.

(٤) ئەم وتارە تەنیا تەرخان کرابوو بۆ چۆنیەتیی دروست بوونی بەستێن و ئەو فاکتەرانە کە کاریگەریان لەسەر شکڵگرتنی ئەم بزووتنەوەیە هەبوو. بێگومان رەهەندەکانی دیکەی وەک کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر کوردستان و ئێران، دەستکەوتەکان، کەم و کوڕی و هۆکارەکانی شکستهێنانی پێویستییان بە بابەت و لێکۆڵینەوەی دیکە هەیە.

لە ژمارە ٦٧٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مەی ٢٠١٦




# جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ (٦٧ - ١٩٦٨)



**مستەفا شەلماشی**

بەر لە دەستپێکردنی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ ئەندامانی حیزبی دێموکرات، تاکە حیزبی سیاسی لە مەیدانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا گیران یا ئاوارەی هەندەران بوون.قوناغێکی ڕەشی سەرەڕۆیی سیاسی دەستی پێ کرد کە تێیدا هێزە سیاسیەکان گەلێک لاواز بوون، هەرچەند دیسانیش لە نێو نەچوون. لە کوردستانیش وەک هەموو جێگاکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی پاشایەتی، سێبەری شومی ساواک لە هەموو کون وقوژبنێک دا دیار بوو.تەنانەت لە بچوکترین جووڵانەوەی تاکەکانیش دا دەست تێوەردانی دەکرد. هەرچەند کادر و ئەندامەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی کوردستان هەر چالاک بوون و جاروبار لە گەڵ ڕێکخراوی حیزب لە نێو وڵاتیش پەیوەندیان دەگرت، بەڵام لەسەر یەک ئەو قوناغە، واتە هەتا دەست پێ کردنی جووڵانەوەی چەکداری لە ساڵی ١٣٤٥ دا، بە قۆناغێکی ڕەش و تاریک لە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ. قوناغی خەباتی دژواری ژێر زەمینی وقوناغی پرش و بڵاویی تەشکیلاتی.

سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری لە ساڵەکانی ٤٦ ٤٧ دا کە زۆرتر ڕەنگ دانەوەی خەبات لە باشووری کوردستان بوو، کۆتایی بەو دەورە بێدەنگیە هێنا و زەنگی مەرگی ڕێژیمی پاشایەتی لێدا. جووڵانەوەی چەکداری ئەو سەردەمە کە بەرێبەری هێندێک لە کادرە هەڵکەوتوو شۆڕشگێرەکانی حیزبی دێموکرات، وەک سمایل شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سلیمان موعینی، مەلامەحموود زەنگەنە و هی تر دەستی پێ کرد هەوەڵین تیشکەکانی ڕاپەڕین لە دژی حکوومەتی پاشایەتی بوو، دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ. هەر چەند شۆونیستەکانی ئێرانی بە سوور و زەرد و

سەرچاوە
Serchawe

سەوزەکانیانەوە ددان بەو ڕاستییە دا نانێن. تەنانەت ئەوانەی هەرە پێشکەوتویان وەک بە ناو چەپەکاکانیان، ڕاپەرینی چەکداری سیاهکەل کە دوو ساڵ ونیو دوای ڕاپەرینی چەکداری کوردستان بووە،بە یەکەم بلێسەی ڕاپەرین لە دژی حکوومەتی پاشایەتی لەو سەردەمەی دا دادەنین.

بەهەرحاڵ جووڵانەوەی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧، لە هێندێک ناوچەی کوردستان دا، وەک سەردەشت، مەهاباد، پیرانشار و بانە تەنانەت دەکرێ بە شۆڕشێک ناو ببرێ. چالاکیەکی بەربڵاوی سیاسی و نیزامی حیزبی دێموکرات بوو.

هەرچەند ئەو جووڵانەوەیە بە شێوەیەکی ئاسایی دەستی پێ نەکرد بوو ئیمکانات و هەل ومەرجی شۆڕشی بە هیچ شێوەیەک بەدەستەوە نەبوو. چوونکە ئەو جووڵانەوە چەکداریە لە پێش هەموو شتێک دا بەهۆی پەیوەندی بەهێزی سەرۆکایەتی شۆڕشی باشووری کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران و گوشار هێنانی ئەو سەرۆکایەتیە بۆ سەر کادرو ئەندامەکانی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان سەری هەڵدابوو. کادرو ئەندامە شۆڕشگێرەکانی حیزبی دێموکرات کەلە باشووری کوردستان گۆشاریان بۆ هاتبوو چارەیەکیان نەما، جگە لەوەی بگەرینەوە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان ودەست بدەنە چەک، ئەو جووڵانەوەیە هەرچەند تێک شکێنراو زۆربەی نیزیک بە تەواوی ڕێبەرەکانی شەهید کران، بەڵام شوێنەوارێکی زۆر گەورەی لە ڕێکخستن و ئاگا کردنەوەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵک لە کوردستان بەجێ هێشت. شۆینەوارێک کە تەنانەت نەخشێکی زۆر گەورەی لە جووڵانەوەی سەردەمی تازەی کوردستان دا هەبوو...

یەکێک لە دیاردە گرنگ و بەرچاوەکانی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ تەشکیلاتی بوونی ئەو جووڵانەوەیە بوو. هەر چەند جووڵانەوە تەواوی کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێرانی نەدەگرتەوە،

لەو ناوچانە دا کە زۆرتر کاری دەکرد بە تەواوی چوو بوو دەنێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە، بە تایبەت لە دێهات. لە زۆربەی گوند و شارەکانی ناوەندی کوردستان شانە و کۆمیتەی حیزبی پێک هێنرابون.

جێگای سەرنج بوو کە دێهاتی نەخوێندەواری کوردستان، بەو پەری نەهێنیکاریەوە، تێکۆشانی سیاسی هەبوو.

سەرچاوە
Serchawe

بناخەی ڕێکخراو بە شێوەیەک دارێژ رابوو کە تەنانەت ئەندامانی شانەی یەک گوندیش، یەکتریان نەدەناسی . هەر ئەندامیک تەنیا ئەندامانی شانەی خۆی دەناسی. کەڵک وەرگرتن لە شێوەی زنجیرەیی ڕێکخراو، کە گۆنجاوترین شێوەی ڕێکخستنە بۆ جووڵانەوەیەکی وەک جووڵانەوەی گەلی کورد، لەو سەردەمی دا بە تەواوی بەڕێوە دەچوو.

ئەوە بەو مانایە بوو کە بۆ هەر ڕێکخراوەی تەنیا یەک پەیوەندی گر هەبوو. دیارە کلیلی پەیوەندی گرتن بە یەکێکی تری تەواو باوەڕپێکراویش دەگوترا بۆ ئەوەی بە لەنێوچونی کەسی ژمارە یەک، ئەو بتوانی پەیوەندی بگرێتەوە. کارەکانی ڕێکخراوەیی کە بە نەهێنی بەڕیوە دەچوون، بە باشی لە ژێرچاوە دێری بەرپرسی ڕێکخستن لە ناوچە دا بوون . هەم کۆنترۆلی باش لە سەر ڕێکخراو هەبوو، هەم وەک ئورگانێکی زێندو بە چالاکی دەگەرا.

زەحمەتکێشانی شار و دێ کە ئاواتەکانی خۆیان لە نێو ویستی جووڵانەوە دا دەدی بە تەواوی پشتیوانی جووڵانەوە بوون. دیارە دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە هەل ومەرجی نیونەتەوەیی، نێو ئێران و تەنانەت نێوخۆی کوردستانیش بەتەواوی لە دژی ئەو جووڵانەوەیە بوون وهەر ئەوەش هۆی سەرەکی رووخانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ بوون.

لە ڕادەی نێو نەتەوەیی دا جووڵانەوەی کورد بە تایبەت لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران نەناسرابوو هیچ پشتیوانێکی ماددی یا مەعنەوی نەبوو. دەوڵەتی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی محەممەد رەزاشا دا بە تەواوی بەستراوەی ئامریکا و وەلاتانی ئوروپای رۆژئاوا بوو. ئەوانیش کە قازانجی سەر سوڕ هێنەریان لە ئێران دا هەبوو، بە تەواوی پشتیوانیان لە ریژیم دەکرد. وەسیلەکانی پەیوەندی گرتن، دام و دەزگای بڵاوکردنەوە و پڕوپاگاند، کە هەمیشە بە هەزار زنجیر بە هێزی دەسەڵاتداری ئەسڵی، واتە خاوەن کارتێل و کارخانە و بانک و بنکە ئابووریەکانی ترەوە بەستراونەوە، تەنیا بە پێی ئامۆژگاری سەرۆکەکانیان جار و بار ناوی ئێرانیان دێنا. ئەویش زۆرتر بەمەبەستی نیشاندانی هێزی بە درۆی ریژیمی پاشایەتی. بۆ وێنە ڕێ و رەسمی جێژنی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی ریژیمی پاشایەتی، لە تەلەویزیونەکانی ئامریکا و ئوروپاوە ڕاستە و خۆ بڵاو دەبۆوە. لە کاتێک دا هیچ وەخت باسی وەزعی زیندانیانی سیاسی، مافی مرۆڤ، وەزعی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران یا جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازی، وەک جووڵانەوەی کوردستان نەدەکرا.

لە نێوخۆی ئێرانیش دا جووڵانەوەی کوردستان هیچ پشتیوانێکی نەبوو. دەنگ و باسی ئەو جووڵانەوەیە لە ڕێگایی دام و دەزگا دەوڵەتیەکانەوە بوو، کە بەچەتە و ڕێگریان ناو دەبرد و تەرمی کادر و پێشمەرگە شەهیدەکانیان بە ناوی یاغی و ڕێگر بە شارەکانی ئێران دا بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک دەگێرا.

بەداخێکی گرانەوە لەو سەردەمی دا ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی کە لە نێوخۆی ئێران نفوزی هەبێ، نەبوو تا درۆکانی دام و دەزگای ساواک لە قاو بدا. ڕێکخراویک کە ناوێکی گەورە و شارێکی وێرانی بە دەستەوە بوو، حیزبی تووده بوو. ئەویش لە جیاتی ئەوە ی لانی کەم لە دەرەوە پشتیوانی لەوجووڵانەوە بکا. خۆی لێ کرد بوو بە باپیریکی تەسلیم تەڵەب، کە فرمێسکی بۆ نەوەکەی هەڵدەڕشت و داوای تەسلیمی لێ دەکرد. یا ئامۆژگاری دەکرد کە بە ناو پەیوەندی بگرێ بە ڕێکخراوەکانی ئەوەوە لە نێوخۆی وڵات. ڕێکخراوێک کە بە هیچ جۆر وجودی نەبوو. لە دەرەوەی وەڵات ڕێکخراوێکی خۆیندکاران هەبوو کە جار وبار هەڵوێستێکی دەگرت. کونفدراسیونی خوێندکارانی ئێران ئەوەندەی من بیستبم، چەند پۆستەرێکی لە شەهیدەکان بڵاو کرد بۆوە و لە یەک دوو جێگا خۆپیشاندان و ڕێ پێوانی کردبوو. هەروەها ڕێکخراوی ڕوناکبیرانی کورد لە دەرەوە و یەکیەتی قوتابیانی کوردیش چەند هەنگاوێکی چکۆڵەیان هەڵێنابوو، بە تایبەت بە مەبەستی ئەوەی کە شورشی کورد لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی عێراق ڕازی بکەن کەلە دژی ئەو جووڵانەوەیە ڕانەوەستی، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لە باری دیپلوماسی یەوە زۆر لاواز بوون و نەیان دەتوانی شۆین لە سەر سیاسەتی ئەو وەڵاتانەی کە تێی دا دەژیان دا بنێن یا تەنانەت لە سەر هێزی سەرەکی سیاسی ئەو سەردەمی کوردستانیش، جگە لەوانە نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران هیچ جم و جووڵێکیان نەبوو.

ڕیژیمی پاشایەتی کە تازە"شورشی سپی شای" بە مەبەستی پەیدا کردنی بنکەی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی، هێنابوو گوڕێ لە بە هێزترین سەردەمەکانی ژیانی خۆی دابوو. دەزگای جاسوسی ڕیژیم کە لە ژێر چاوەدێری پسپۆڕەکانی سیای ئەمریکاوموسادی ئیسرائیل دا دەگەڕا، لانی کەم لە باری تەبلیغاتی و ترسانی خەڵکەوە زۆر بە هیز بوو. هەموو کەس وای دەزانی لە نێو دیوارەکانی ماڵەکەی دا دەزگایەکی کونترۆڵی ساواک هەیە. هێزی نیزامی ڕیژیم لە بەر چاو کۆمەلانی خەلکی ئێران ئەوەندە ترسینەر و بەسام بوو، کە ئیستیوارێکی ژاندارمەری حوکمی ناوچەیەکی پان و بەرینی دەکرد و تەنانەت بۆ خۆی سەڵتەنەتی ناوچەیی هەبوو.

جگە لە کوردستان کە سوننەتی دژایەتی لە گەڵ ریژیم و دریژە دانی خەباتی نەتەوەیی تێدا بوو، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ریژیم توانیبوی تارادەیەک بنکەی کۆمەڵایەتیش بۆ خۆی پێک بێنێ. بە بەریوەبردنی ئیسلاحاتی ئەرزی نیوەچڵ و بە سەرگەرم کردنی بورژوازی میللی بە کار و باری بازرگانی پوڵ دەرهێنانەوە، نفوزێکی هەر چەند کەمی لە نێو نەخوێندەواری دیهاتی و بازرگانی شاری بۆ خۆی پێک هێنا بوو.

بەڵێنە گەورەکانی لاسا کردنەوەی ژاپۆن و رۆیشتن بەرەو دەروازەکانی تەمەدوونی گەورە لانی کەم زاری هێندێک لە خەڵکی ئێرانی ئاودار دەکرد و بەتەمای ئەو رۆژە خۆشانە بێ دەسەڵات بە دوای ریژیم دا دەکشان.

دیارە دەبێ ئەوەشمان لە بەر چاو بێ کە لە ئاخری دا هەر ئەو بەڵێنانە بوونە مار و لە گەردنی ریژیم هاڵان.چونکە ئاغاکانی لە دەرەوە بەو لافانە زۆر قەڵس بوون لە ناو خۆی ئێرانیش کاتێک دێتیان ئەو بەڵێنیانە بلقی سەر ئاون و بەهۆی ریژیمیکی بەستراوە ناکرێ بەدی بێن، کۆمەڵانی خەڵک راپەرین. بەکورتی هەل و مەرجی نێو خۆی ئێران لە ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دا، بەقازانجی جووڵانەوەی گەلی کورد نەبوو. بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە دژی بوو.

لە نێوخۆی کوردستانیش هەل ومەرج لە بار نەبوو. لە رادەی کوردستانی گەورە دا بەگشتی جووڵانەوەی گەلی کورد لە ژێر نفوزی جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق دا بوو. ئەویش نەک تەنیا نەی دەتوانی یارمەتی بە جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران بکا. بەڵکو لە بەر گیروگرفتی لە رادە بەدەری خۆی پەیوەندیەکەی لە گەڵ ریژیمی پاشایەتی بە جۆرێک پتەو بوو کە بە کردەوە مەجبور بوو، لە دژی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ ڕاوەستێ. لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش خودی حیزبی دێموکرات بە دووبەش، دابەش ببوو. بەشێکی پاسیفیست کە حازر نەبوو بەشداری لە جووڵانەوە دا بکا و چاوە ڕوان بوو دوای سەرکەوتنی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق، نۆرەی ئەویش بێ. بەشەکەی تریشی کە دیارە پێک هێنەری جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ بوو.

جووڵانەوەش بۆ خۆی تەنیا لە ناوەندی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، پەرەی سەند بوو. لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر لاواز بوو، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە بەشی دەوڵەمەند و پڕ دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەگرتەوە، بە ناوەندی فەرهەنگی گەورە و شاری زۆر پڕ دانیشتووەوە، زۆر بەکەمی لەم

جووڵانەوەیەدا بەشدار بوو. روناکبیرانی کوردستان زۆر بە کەمی بەشداریان تێدا دەکرد، یا ئەگەر بەشداریش بونایە، لە سەرەتایی ترین پلەی بەرپرسایەتی دا دەمانەوە و حازر نەبوون بۆ بردنە پێشی جووڵانەوە دەست لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرن. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە بەشی زۆری خەڵک، بە رووناکبیرو نەخوێندەوارە وە، چاوەروانی ئەنجامی شورشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق بوون.

جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە بەر هۆیەکانی سەرەوە نەی دەتوانی بە لوتکەی سەرکەوتن بگا. بەڵام رێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە ئەوەندە بۆ مەسەلەی کورد دڵسۆز بوون، کە بیریان لە سەرکەوتنی یەکجاری نەدەکردەوە. بەکورتی ئەوان حازر بوون گیانی خۆیان بەخت بکەن بۆ ئەوە ی نەهێڵن ئاگری خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران بکوژێتەوە. هەر وەک بەشی هەرە زۆریشیان لەو پێناوە دا گیانی خۆیان بەخت کرد.

هەر وەک لە پێشەوە باس کرا،جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧، بوو بە دەستە چیلەی خەباتی دوا رۆژ و سێبەری تێشکانی سەردەمی کۆماری دێموکراتێکی کوردستانی هەڵگرت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە زێندویی ڕاگرت و ریشەی ئەو حیزبەی لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دا زێندوو کردەوە. هەرچەند زۆربەی رێبەرانی جووڵانەوە شەهید بوون وهەرچەند پاشماوەی کادر و پێشمەرگەکان مەجبور بوون دیسان کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران بەجێ بێڵن و ئاوارە بن. بەڵام خەبات و تێکۆشان درێژەی کێشا و شانە و رێکخراوەکان هەڵنەوەشان.

ئەو کادر و پێشمەرگانەی ئاوارەی کوردستانی ژێردەسەڵاتی عێراق ببوون، هەر بە شێوەی تەشکیلاتی لە گەڵ یەکتر پەیوەندیان هەبوو. سەرەڕای کەند و کوسپی لە ڕادە بەدەری ژیان و لە گەڵ گەلێک گیروگرفتی سیاسی کە لە هەموو لایەکەوە بۆیان دەهاتە پێش دیسانیش خەباتی سیاسیان درێژە دەدا. لە بەر ئەوەی هێندێک لەو پێشمەرگانەی کە دوای تێشکانی جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران. پەنایان بەردبوو بۆ شورشی کورد لە کوردستانی عێراق و ئەوانیش بەداخێکی گرانەوە،چەند کەسێکیان تەحویلی ریژیمی پاشایەتی ئیران دایەوە، وەک: ( سالح لاجانی، عەلی گویرەش...) کە لە سێدارە دران. دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەکان کە لە شارەکان و گوندەکانی کوردستانی عێراق دا بلاو بوونەوە جگە لەو دوو دەستە پێشمەرگە و کادرانە، ژمارەیەکی زۆر کادری حیزبی، هەر بەشداری نەببوون لە جووڵانەوەی چەکداری دا و لە گەڵ شورشی کوردستانی عێراق

کاریان دەکرد یا لە وڵاتانی ئوروپایی بوون.

کادر و پێشمەرگە ئاوارەکان، دیسان چەند کارەساتی دڵتەزێنی دیکەیان بە سەرهات. کاک هاشمی حەق تەڵەب کە بە قادر شەریف بە ناوبانگ بوو، بە دەستی ساواک و بە هاوکاری نۆکەرانی ساواک لە نێو کوردستانی عێراق دا لە مزگەوتێکی شاری سلیمانی دا نامەردانە کەوتە بەر هێرشی نارنجۆک و شەهید کرا. هەروەها " کاوە" مەلا حوسینی مارەغانی لە نێو مەقەری خۆی دا بەدەستی نۆکەرێکی ساواک کە وەک عامیلی نفوزی نارد بویە نێو پێشمەرگەکان، بە ناوی" محەممەد ئەمین جوانمردی" خەڵکی ناوچەی سەقز لە شیرین خەودا کەوتە بەردەسترێژ و شەهید کرا. ئەو جینایەتە لە شاری قەڵادزی ڕووی دا و بەداخەوە ئەو جینایەتکارە گۆیا بە هاوکاری نۆکەرانی ساواک لە کوردستانی عێراق بە هاسانی توانی بگاتەوە ئێران. ئەو خۆفرۆشە(محەممەد ئەمین جوانمردی) کە گۆیا لە نێو حوجرەی فەقێیان ڕاهاتبۆ نێو مەقەری پێشمەرگە و ئاگر ی کوردایەتی هەڵی گرتبوو. ئێنسانێکی زۆر خەتەر و خۆ ڕێکخەر بوو. لە پێشدا بە شێوەیەکی گەلێک ماهیر خۆی لە گەڵ پێشمەرگەکان ڕێک خستبوو کارێکی وای کرد بوو کە هەموویان ئیمانیان پێ بێ، تەنانەت "کاوە" کە ئەو کاتی بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە بوو، بە جۆرێک باوەڕی بەو ئێنسانە فێڵبازە کرد بوو، کە کردبوویە ئیشکدەری سەر سەری خۆی.

ئەو کابرایە دوای شورشی گەلانی ئێران و رووخانی ریژیمی نەگریسی پاشایەتی خۆی وون کرد و ئێستاش دەستی عەداڵەتی نەگەیوەتێ و بە سزای کردەوەی خۆی نەگەیشتووە. دیارە ئەرکی سەرشانی هەموو شۆرشگێرانی ڕێگای کوردایەتیە کە ئەو خائینە بدوزنەوە و بە سەزای کردەوە و خیانەتەکانی بگەیەنن.

سەرەڕای ئەو زەربەیەش کادر و پیشمەرگەکان لێک بڵاو نەبون و درێژەیان بەکاری حیزبی دا. ساڵی ۱۹۶۹ دەستەیەک لە کادرە هەڵکەوتووەکانی حیزب و لە پێش هەمویانەوە شەهید دوکتورقاسملو لە گەڵ کادر و پێشمەرگەکانی کە لە کوردستانی ژێردەسەلاتی عێراق بوون، چ ئەوانەی لە نێو شارەکان بوون و چ ئەوانەی لە دەرەوە بوون، پەیوەندیان گرت و توانیان بەشی زۆری ئەوان لە دەوری یەک کۆبکەنەوە و تەکانێک بە تەشکیلات بدەن و حیزبی دێموکرات بەرەو قۆناغێکی تازە ڕێبەری بکەن، ئەو یەکگرتنەوەیە دەکرێ بە بەردی بناغەی ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە قەلەم بدرێ. بە تایبەت کاتێک وتوویژ لە نێوان شورشی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی و دەوڵەتی عێراق دەستی پێ کرد، هەلێکی باش ڕێکەوت کە زۆربەی




سەرچاوە
Serchawe

کادر و پێشمەرگە ئاوارەکان لە دەوری یەکتر کۆبنەوە، ئەو لێک خڕبوونەوەیە بوو بە هۆی پێک هێنانی کونفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکرات کە لە وێ دا بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی زانستیانە داڕێژراو و پەسند کرا. پاشان لە ماوەیەکی کورت دوای کۆنفرانسی سێهەم، کۆنگرەی سێهەم پێک هات، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی لە تەواو کردنی ئۆرگانەکانی رێبەریی حیزب و پێک هێنانی تەشکیلاتی تازە دا، نەخشێکی زۆر گەورەی هەبوو.

بەرهەمی ئەو تەکانە تازەیە ئەوە بوو، کە رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی رێک و پێک دەستی بە بڵاو کردنەوە کرد. رۆژنامەی کوردستان نەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی رێک و پێک بوو لە کوردستان. بەڵکوو سەرچاوەیەکی بە نرخیش بوو، بۆ گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی. تەنانەت نەخشی باشی هەبوو، لە جێگیر بوونی نووسینی یەکگرتوی کوردی دا بە تایبەت بە زاراوەی سۆرانی. کە ئەو سەردەمی بە هۆی پرۆسەی ئاشتی یەوە لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی عێراق نەخشیکی زۆر گەورەی هەبوو. لە رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمی دا زۆر ووتاری سیاسی، ئابوری، زمانەوانی هونەری، تەشکیلاتی و رێکخراوەیی بە نرخ بڵاو دەبوونەوە. بە تایبەت بە هەڵسەنگاندنەکانی شەهید دوکتور قاسملو لە باری سیاسی و ئابوریەوە، بە نووسینە پڕ نیوەرۆکەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە بەزمانێکی کوردی پاراو دەینووسی، بە شێعرو ووتاری هونەری و فەرهەنگیەکانی مامۆستا هێمن و زۆر نوسەری دیکەی وەک کاک کەریم حیسامی و هێ تر ببوو بە رۆژنامەیەکی دەوڵەمەندی کوردی و خزمەتیکی باشی بە فەرهەنگی نەتەوەیی دەکرد.

لە باری چالاکی سیاسی و تەشکیلاتیشەوە ئەو حیزبە پێی نایە نێو قۆناغیکی تازەوە. قوناغێک کە پڕ بوو لە پەیوەندی گرتنی دیپلۆماسی و چالاکی رێکخراوەیی. حیزبی دێموکرات دوای ئەو هەنگاوە گەورەیە خاوەنی رێبەریەکی تارادەیەک رێک و پێک، جووڵانەوەیەکی بە دیسپیلین و سیاسەتێکی ماقوڵ بوو، هەر بۆیە توانی تەنانەت لە نێو خۆی کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێرانیش دا دیسان بە شێوەی نەهێنی چالاک بێتەوە. هەر چەند دیارە لە رادەیەکی بەرتەسک دا. یەکێک لە هەنگاوە باشەکان ئەوە بوو کە دەست کرا بە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی کادر بۆ داهاتوو. دیارە دەبێ ئەوە بزانن کە لەو سەردەمی دا ئەو حیزبە ئەفرادی خوێندوار و لاوی زۆرکەم لە ئیختیار دا بوو تا پەروەردەیان بکا. ئەوەی هەبوو زۆرتر کادرە قەدیمییەکانی ئاوارە بوون،لە گەڵ پاشماوەی پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ کە بە داخەوە زۆریان نەخوێندەوار بوون.

لە گەڵ ئەوەش هەوڵی زۆر باشی رێبەرایەتی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی خوێندەوار بوونی هێندیک لەو پێشمەرگانە و بەشداری بەشێک لە کادرەکان لە دەورەی جۆار وجۆری کادر دا. تەنانەت چەند کەسێک نێردرانە یەمەنی جنووبی بۆ دیتنی دەورەی نیزامی و چریکی.

دەبێ ئەوە بە راشکراوی بگوترێ کە زۆربەی کادر و پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە بە رەنجی شانی خۆیان دەژیان و کار و باری حیزبیشیان بەرێوە دەبرد. تەنانەت موشاویر یا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەبوو. کە بە زەحمەت و تێکۆشان ژیانی رۆژانەی خۆی دابین دەکرد. هێندێک لە کادر و پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی قەلادزێ و رانیە لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی عێراق زۆربەیان مەجبوور بوون کۆڵ کێشی بکەن و رۆژ تا ئێوارە ئارەق برێژن، ئێوارەش کە گەرانەوە کۆبوونەوەی حیزبی بکەن و یان چەند رۆژ وەدوای مەئموریەتی حیزبی بکەون. لە نێو خۆی کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێرانیش دا، تارادەیەک چالاکی هەبوو. بەتایبەت کادر و پێشمەرگەکان بە نەهێنی، لە دەستەی چوار- پێنج کەسی دا سەریان لە نێو خۆی وڵات دەدا و لە گەڵ ئەندامانی حیزب پەیوەندیان دەگرت. بڵاوکراوەکانی حیزبیان بەوان دەگەیاند کە لە نێو کۆڕی زۆر بچوکی ڕوناکبیری دا دەخوێنرانەوە.

یەکێک لە کادرە هەرە چالاکەکانی ئەو سەردەمە، شەهیدی پایەبەرز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شەهید مەلا قادری ویردی بوو. شەهید مەلا قادر بە شێوەیەک دڵسۆزی ڕێگای کوردایەتی بوو، کە سەرەڕای کەند و کۆسپی زۆر و خەتەری بەچاوی ئەو سەردەمە، هیچ کاتێک لە سەفەر بۆ نێو خۆی وڵات سڵی نە کردەوە. شەهید مەلا قادر کە لە بنەماڵەیەکی حیزبی لە دایک ببوو کوڕی شەهیدی پایە بەرز،ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، مەلا رەحیمی ویردی بوو، تەواوی دام دەزگای جاسوسی و نیزامی ریژیمی پاشایەتی بە هیچ دەزانی و بۆ کاری حیزبی، هەتا قوڵایی کوردستان دەرۆیی.

ساڵی ١٣٥٣، دوای پێک هاتنی کۆنگرەی سێهەم، کە لەوێ دا پێ داگیرا بوو لە سەر گرنگی چالاکی سیاسی لە نێو خۆی کوردستانی رێردەسەڵاتی ئێراندا، شەهید ویردی لە هەوەڵین کەسانێک بوو، کە بۆ بەرێوە بردنی ئەو ئەرکە گرنگە،

ئامادەیی خۆی راگەیاند. دوای کۆنگرە کە لەوێ دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بە خۆی وتیمێکی

سەرچاوە
Serchawe

سێ کەسی یەوە، بەرەو نێو خۆی کوردستان وەڕێ کەوت. بە داخێکی گەرانەوە ئەو کادرە هەڵکەوتووە لەو سەفەرە پڕ مەترسیە نەگەڕایەوە. لە شاری بانە کەوتە نێو داوی جاسوس و چەکدارەکانی ڕیژیمی پاشایەتیەوە و لە شەرێکی قارەمانانە دا، کە بە تەنیا دەمانچەیەک تا فیشەکی ئاخری شەڕی کرد، شەهید کرا. هەر لەو شەڕە دا لاوێکی هەڵکەوتووی دیکە بە ناوی محەممەد سەدیق بە برینداری گیرا، کە دوایی لە شاری سنە تیرەباران کرا و بەدەستی ڕیژیمی پاشایەتی شەهید کرا. هەر لەو پەیوەندیە دا مستەفا عەزیز زادە و محەممەد رەمەزانی، ئەندامانی حیزب لە نێو خۆی شاری بانە گیران و دوای چەند مانگ لە سنە تیرە باران کران. جگە لەوە هێندێک ئەندامی زۆر چالاک و بە کەڵکی حیزبی مەجبوور بوون وڵات بە جێ بێڵن و ئاوارە بن.

بە کورتی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی ئورگانیک ڕێکخراو بوو و ئامادەیی ئەوەی هەبوو. کە لە ئاڵ و گۆڕێکی مێژوویی گرینگ دا، وەک شورشەکەی ساڵی ١٩٧٩، نەقشی شیاوی خۆی ببینی و لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیران، نەقشی بەڕێوەبەریی جووڵانەوەیەکی بەرین تر وەئەستۆ بگرێ. کە دیارە لە قۆناغی تازەی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران دا گەورەترین نەقشی  وە ئەستۆ گرت.

تایپ کردنەوەی دووبارە : رەحمان نەقشی




# کۆمیتەی ئینقلابی



**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

چەند مانگ پاش کۆنگرەی ٢ ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە پێوەندیی بە کۆمیتەی ساخکەرەوە گرت و داوای لێ کرد کە بێنەوە لە ریزەکانی حیزب دا لە گەڵ ئەو بەشە کە کۆنگرەی پێک هێنا بوو درێژە بە تێکۆشان بدا. لەو پێوەندی یە دا هەیئەتێک لە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە کە پێک هاتبوون لە کاک سەدیق ئەنجیری، کاک سلێمانی موعینی و کاک نحۆ (لە کۆمیتەی ناوەندی) و کاک عەبدوڵڵا موعینی، کاک رئوف مەلا حەسەن و کاک رەشید فەلاحی (لە کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز )، لە گەڵ هەیئەتیک لە کۆمیتەی ساخکەرەوە پێکهاتوو لە کاک حەسەن رەستگار، کاک سەید حوسێن مەدەنی، مەلا ئاوارە و مەلا رەسووڵ پێشنماز کۆبوونەوە و لە سەر ئەوە رێک کەوتن کە کۆمیتەی ساخکەرەوە ببن بە مشاوری کۆمیتەی ناوەندی.

ئەو رێکەوتننامەیە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی یەوە پەسند کرا و لە بەهاری ساڵی ١٣٤٥ دا ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە چوونەوە پاڵ ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە. لەو نێوە دا خوالێخۆشبوو قادر شەریف (هاشم اقل الطلاب) کە ئەندامی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوو، بەرێککەوتنەکە رازی نەبوو، ناوبراو کە لە گوندی ورچەک لە نێوخۆی کوردستانی ئێران دا بنکەیەکی پێک هێنابوو ئامادە نەبوو بگەرێتەوە نێو برادەرانی دیکە و لێرە دا چەند کەس لە هاورێیانی (حەسەن رەستگار، مەلا ئاوارە، مامەندی قازی، رەسووڵ پێشنماز و منقتم قازی) چوونە ورچەک تا بەزۆر یان بە خواهیشت قادر شەریف بگێرنەوە نێو ریزەوکانی خۆیان ناوبراو بە خۆشی ملی نەدا و تەقەی لێ کردن سەرەنجام پاش تەقەیەکی کورت گرتیان و لە گەڵ خۆیان هێنایانەوە بنکەی

سەرکردایەتی لە سۆنی و بەو جۆرە تۆماری تەمەنی کۆمیتەی ساخکەرەوە پێچرایەوە.

(لە یادداشتێکی دەستنووسی کاک حەسەن رەستگار وەرگیراوە.)]

بەڵام بەربەرەکانی لە گەڵ رەوتی تەکرەوانەی کاک ئەحمەد توفیق کۆتـایی نەهات و پێش تـەواو بـوونی کـاری کۆمیتەی ساخکەرەوە گەرای جووڵانەوەیەکی دیکە دانرا کە ناوی [ کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان ]ی لەسەر دانرا. یەکەمین کەسانێک کە ئەو جەریانەیان پێک هێنا، ئەوەندەی لە بیرم بێ بریتی بوون لە:

١- کاک حەمەدەمین سیراجی.
٢- کاک سمایلی شەریف زادە.
٣- مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شلماشی)
٤- کاک سالاری حەیدەری.

ئەوانە جم و جۆڵێکی فکری و تەشکیلاتیی رێک و پێکیـان دەست پێکرد. لـە گـەڵ ئـەوەی ئیمکانـاتێکی یـەکجار کەمیان لەبەر دەست دابوو توانیان لە نێو بەدەنە دا جێ یەک بۆ خۆیان بکەنەوە. ئەوانە بۆ ئەوەی بیـرو بـاوەری خۆیان بڵاو بکەنەوە، نامیلکەیەکیشیان بە ناوی (تیشک) دەرکرد کە لەبـەر نـەبوونی دەزگـای چـاپ تـەنیا چـەند نوسخەیەکیان بە کاربۆن لێ تایپ دەکرد. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم تەنیا سێ ژمارەشیان بۆ دەرکرا.

کۆمیتەی ئینقلابی دوواتر پـەرەی گـرت و دوای تەڤینـەوەی نـاکۆکی لـە نێـو رێبەرایـەتیی هـەڵبژێراوی گـۆنگرە دا هێندی لە ئەندامانی رێبەرایەتی شیان چوونە پاڵ لەوانە:

١- کاک سلێمان موعینی
٢- کاک عەبدوڵڵا موعینی.
٣- سەنار مامەدی.

لەراستی دا هەر ئەو کۆمیتەی ئینقلابی یەش کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ – ١٣٤٦ی کوردستانی ئێرانی بەڕێوە برد.

## بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٧

" وەزعی ناوەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٦ لە لایەکەوە و ئەو فشارەی کە بۆ حیزب دەهات و لایەکی ترەوە، هێندێک لە بەرێوەبەران و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناچار کرد کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن و بێنەوە کوردستانی ئێران. ڕیژیمی شا کەوتە ترسەوە و هێزێکی چەکداری زۆری بۆ لە ناو بردنی ئەوان تەرخان کرد. و کادر و ئەندامانی حیزب  بێجگە لە دەست کردنەوە و بەربەرەکانی کردن هێچ ڕێگایەکی تریان بۆ نەمایەوە. بەم جۆرە خەباتی چەکدارانە بەسەر هێندێک لە کادر و ئەندامانی حیزبی ئێمەدا لە لایەن ڕێژیمەوە سەپێندرا.

پێش بەڕپار بوونی ڕاپەرینی چەکدارانەی ٤٧ - ٤٦ ئەو کادر و پێشمەرگانەی بەسەردان لە کوردستانی عێراقەوە دەگەرانەوە کوردستانی ئێران (لەوانە کە لە گەڵ ڕێبەرایەتیی عەبدوڵلا ئیسحاقی یەک نەبوون) زۆر جار باسی ئەوەیان دەکرد کە کوردستانی گەرمێن جێی وانی تێدا نەماوە و باشترە بێنەوە وڵاتی خۆیان و ڕاپەرینێکی چەکدارانە بە دژی ڕیژیمی شا وەڕێ بخەن زۆر جار ئەو مەسەلە کوردی یەیان وەبیرد دێنایەوە کە: " شەندە لە مەندە کەمتر نیە".

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە نەبوو فکری بەرپا کردنی ڕاپەرینێکی چەکدارانە لە لایەن زۆر لەو کەسانەشەوە کە دوایە ڕێبەرایەتی یان کرد و تەنانەت گیانیشیان لەسەر دانا. بەشتێکی نادروست دەزانرا، شەهید مەلا ئاوارە لە نامەیەک دا کە سەرەتای بەهاری ١٣٤٦ بۆ منی ناردبوو نووسیبووی: وەک دەزانی ماوەیەکە مقو مقوی خەباتی چەکدارانە داکەوتوە خەباتی چەکدارانە بێ تەشکیلات، خەباتی چەکدارانە بێ چەک و تەقەمەنی، خەباتی چەکدارانە بێ پشتی جەبهە و ... داوات لێ دەکەم بە هەر جۆر بۆت دەکری مەیەڵە ئەو فکرە پەرە بستێنێ و لە نێو خەڵک دا جێ بگرێ.

بەو حاڵەش هەروەک دیتمان ئەو ڕاپەڕینە بەسەر هاوڕێ یانی حیزبی دا سەپێندرا. چونکە لە کوردستانی عێراق فشارێکی زۆریان بۆ دەهێنرا، هاتووچۆی برادەرانی ئێمە بۆ نێو خۆی وڵات و کردنی کاری حیزبی لە نێو خەڵک دا بە گوناهێکی کەبیرە دادەنرا.

چونکە ڕێژیمی شا بەو شەرتە کۆمەکی !! بە بزووتنەوەی کوردی عێراق دەکرد کە ڕێگای هەر جۆرە تێکۆشانێک لە کوردە نارازی یەکانی کوردستانی ئێران بگرێ. کار گەیشتە جێگایەک کە لە ئاخرو ئۆخری بەهاری ١٣٤٦ دا ئەمنیەتی زۆر لە هاوڕێیانی حیزبی لە کوردستانی عێراق دا کەوتە مەترسی یەوە و چەند کەسێکیان لێ گیران و بۆ ماوەیەک خرانە بەندیخانەوە، لەوەش بگوزەرێین کە هێندێک لەوانە بە زیندوویی یان بە مردوویی تەحویلی ئێران درانەوە.

بەو حاڵەش هاوڕێیانی ئێمە بەربەرەکانی یەکی قارەمانانەیان لە خۆیان نیشان داو ماوەی هەژدە مانگ ئاڵای خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی شایان بەرز ڕاگرت، ئەو ڕاپەڕینە هەر لەو کاتەدا لە نێو خەڵکیش دا جێی خۆی کردەوە و دۆست و لایەنگر و پشتیوانی زۆر بوو. بەراشکاوی دەتوانین بڵێین ئەگەر هاوکاریی کاربەدەستانی بزووتنەوەی کورد لە عێراق لە گەڵ ڕێژیمی شا نەبووایە، ئەو ڕاپەڕینە سەرباری هەموو کەم و کوڕی یەکانی دەی توانی ماوەیەکی زۆر زیاتر لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و زەبری کاریگەر لە هەیبەتی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا بدا.

دیارە ناکرێ هەموو شتەکان لێرە دا باس بکرێن و ئەوەی لەبن بەڕەیە بی هێنێنە سەر بەڕەکە، بەڵام بۆ مێژوو دەبێ بگوترێ کە بەداخەوە هاوکاریی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی عێراق لە گەڵ ڕێژیمی کورد کوژی حەمەڕەزا شا گەیشتە ئەو جێگایە کە پێشمەرگەی کوردی عێراق لە نێو خۆی کوردستانی ئێران دا شان بە شانی هێزە نیزامی و ئینتیزامی و نێوە نیزامی یەکانی شا ڕاوی کوردی ئێرانیان دەکرد و لە کوردستانی عێراقیش داتەڵە بۆ تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە دادەنرا بۆ ئەوەی بگیرێن و زیندوو یان مردوویان بدرێنەوە بە جەللادەکانی ڕێژیمی شا.

ڕاپەڕینی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ سەرمایەی ئینسانیی گەورە گەورەی تێدا لە دەست چوون. تێکۆشەرانی وەک مەلا ڕەحیم ویردی، سلێمانی موعینی، عەبدوللا موعینی، مەحموود زەنگنە، نەحۆ، مەلا ئاوارە ، سمایلی شەریف زادە و

قارەمانانی وەک مینەشەم و سالح لاجانی و سەید فەتاح و دەیانی دیکە کە یان لە مەیدانەکانی شەڕ لە گەڵ بەکرێگیراوانی رێژیمی پاشایەتی دا شەهید بوون. یان بەو شێوە داخاوی یە درانەوە بە رێژیمی پیاوکوژی شا زۆر بە زەحمەت جێگایان پڕ دەبێتەوە بەو حاڵەش " **راپەرینی ساڵەکانی ١٣٤٧ – ١٣٤٦ یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی حیزبی ئێمەدا هەیە**".

ئەو راپەرینە تێک شکا چونکە : لە نێو خۆی ئێران دا هەل و مەرج بۆ بەرپا کردنی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی لەو بابەتە ئامادە نەبوو، شا بەشانازی یەوە دەیگوت ئێران جزیرەی ئارامی نێو ئوقیانووسی پڕ گێژاوی رۆژهەڵاتی نێوەراستە، لە نێو خۆی حیزب دا نە یەکپارچەیی هەبوو نە ئامادەیی ماددی و مەعنەوی بۆ وەرێ خستنی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی پان و بورین و بەهێز، راپەرین نەک هەر پشتی جەبهەیەکی جێگای متمانەی نەبوو بەڵکوو گەورەترین زەبرەکانی لەو جێگایەوە لێ دەدران کە چاوەروان دەکرا بۆی ببێتە پشتی جەبهە و لەو لاشەوە هێزە سیاسی یەکانی ئێران، لەوانە کە دەرتانی پێوەندی لە گەڵ گرتریشیان هەبووم هەروەک زۆرجاری دیکە ی مێژووی ئێران کارێکیان بۆ ئەم راپەرینە لە دەست نەهات و بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستان بە تەنیا مایەوە. حیزبی تودەی ئێران کە زۆریشی بەڵێنی هاوکاری و پشتگیریی ماڵی و سیاسی بە رێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە دابوو، لە کاتی تەنگانەدا هیچ هەنگاوێکی هەڵ نەهێنایەوە و " ئاگرە سووریی لە من دوور بێ " لە دوورەوە پاڵی لێ دایەوە.

سەرنجام پاش شەهید بوونی بەشی زۆری رێبەرانی بزووتنەوە، بە نێوبژی کردنی هێندێک کەسی خێرخواز سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد لە عێراق بەوە رازی بوو کە ئەو کادر و پێشمەرگانەی لە بزووتنەوەکە دا بەشدار بوون بگرێنەوە کوردستانی عێراق و داڵدەیان بدرێ. کەچی بەداخەوە ئەو بەڵێنەش بە تەواوی بەجێ نەگەیەندراو بەشێک لە هاوڕێیانە پاش خۆ تەسلیم کردنەوە بە هێزەکانی بزووتنەوەی کورد لە عێراق گیران و درانەوە بە رێژیمی ئێران.

بۆیەش زۆر لەو کادر و پێشمەرگانە مەترسی یان رێ نیشت و بەناچار هەلاتن، خۆیان تەسلیمی ئەرتەشی عێراق کرد تا بیان گەیەنێنە لای مەکتەبی سیاسیی پارتی کە ئەودەم لە گەڵ سەرۆکایەتیی بارزانی ناکۆک بوون و لە نێو حکوومەتی عێراق دەژیان (داستانی مەلایی و جەلالی).

تێک شکانی راپەینە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ وەزعی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێندەی دیکە شپرزە کرد لە نێو خۆی وەڵات دا جگە لە پێوەندی یەکی عاتیفی و بیروباوەری شتێک بە ناوی پێوەندیی تەشکیلاتی لە نێو ئەندامانی حیزب دا نەما. جگە لەوەش رێژیمی شا پەلامارێکی بەربڵاوی هێنایە سەر خەڵکی کوردستان و بە سەدان کەسی زیاتر بە شێوەێ رەش بگیر لە زیندانەکان پەستاوت. قەسابخایەک کە تیمسار اویسی لە جەلدیان وەرێی خست بۆ هەتا هەتایە لە بیر ناچێتەوە و وەک پەلەیەکی رەش بە مێژووی پڕ لە جینایەت و خەیانەتی رێژیمی پاشایەتی یەوە دەمێنێتەوە، دیارە ئەوەش بە نۆرەی خۆی تەئسیری لەسەر کز بوونی تێکۆشانی حیزبی و تەشکیلاتی دانا سەرنج ڕاکێشە کە بگوترێ لە ناوچەی سەردەشت کە شوێنی تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارە بوو، زیاتر لە سەد کەس گیران، بەڵام تەنیا دوو کەسیان ئەندامی حیزب لە نێو دا بوون. ئەوانیش لە سەریان سابیت نەکرا کە ئەندامی حیزبن، هەر بۆیەش ئەو هێرشەمان بەرەش بگیر ناو برد.

لە ئاکامی بزووتنەوەی ١٣٤٧ – ١٣٤٦ دا دیسان ژمارەیەکی دیکە لە تێکۆشەران کە نەکەوتبوونە بەر پەلاماری رەش بگیر، ناچار بە ئاوارەیی بوون و لە کوردستانی عێراق و تەنانەت لە شارەکانی دیکەی عێراقیش دا پەرش و بڵاو بوون. دیارە هەم ئەمانە و هەم ئەو کەسانە کە پێشتر لە کوردستانی عێراق بوون و تەنانەت ئەوانەش کە بە هێچ جۆر تیکەڵاوی راپەرینە چەکدارانەکە نەبوو. بۆ ماوەیەک لە ترسی گیران و مەترسیی تەحویل درانەوە بە ئێران بێدەنگ دانیشتن و دەستیان بە کڵاوی خۆیان داگرت با نەی با. بەو جۆرە لە نێو ئەندامانی حیزبی لە کوردستانی عێراقیش دا بە کردەوە شتێک نەما کە بکرێ ناوی پێوەندیی تەشکیلاتی لەسەر دابنرێ.

سەرچاوە: نیو سەدە تێکۆشان نووسینی رێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

**تایپ کردنەوەی دووبارە : رەحمان نەقشی**




# کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب



جەلیل گادانی

ئێران لەسەر ڕاسپاردەی ئەمریکا خۆی زیاتر لە کارو باری شۆڕشی کوردستانی عێراق وەر دەدا و لە هێندێک شوێن بە ئاشکرا ئەمر ونەهی دەکرد. هێدی هێدی شۆڕشی بە خۆیەوە گرێ دابوو. زۆربەی یارمەتییەکانی دەرەوەی لە ڕێگەی ئێرانەوە دەگەیشتە دەستی ڕێبەرایەتیی شۆڕش. بەم پێیە داخوازی ئێرانیش لە شۆڕش دەچوو سەری وای لێ هاتبوو داوای گرتن و تەحویل دانەوەی دێموکراتەکانیان دەکرد. هەر لە پێوەندییە دا بوو کە ئەحمەد توفیقیان نارده کانی ماسی بۆ ئەوەی لەبەر چاوان ون بێ. وێ دەچوو بۆ سلێمانیش بەرنامەیەکی ئاوایان بوو بێ لە دووشیان نارد بوو بچێتە پاراستن بەڵام نەچوو. جگە لەوانەش بە توندی خوازیاری بەرگری لە چوونەوەی کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون.

تەنگەر بەر بوونەوەی ئەو مەیدانە و پیشێل کردنی ئەو مافە ڕەوایە بۆ شۆڕشگێرنی کوردی ئێران جگە لە سووکایەتی جیدی نەبوو بۆ مرۆڤی لێبراو شۆڕشگێر تەحەممولی وەزعێکی ئاوا سەخت و دژوار بوو. بە تایبەت کە لە شەهید بوونی سەدیق ئەنجیری و دوور خستەوەی ئەحمەد توفیق زۆر تێ نەپەری بوو، زۆربەشیان هەستیان بەم مەترسیە دەکرد و، مەترسی لەوەی کە بکەوە نێو ئەو داو و تۆڕانە و فیدابن.

لە باس کردنی لەسەر ئەم وەزعە و هەل و مەرجە لە بەینی هاورێیان جیاوازیی بۆچوون دێتە گۆڕێ. هێندیک لە هاورێیان لەسەر ئەم باوەرە دەبن کە ئەم وەزعە تەحەممول ناکرێ، ئەو شۆڕشە کە ئاو کەوتۆتە ژێر زەخت و

تەئسیری ئێران ئایندەی روونی نییە و سەرناکەوێ.بۆیە دەبێ چارەسەری وەزعی خۆیان بکەن و رێگایەکی خاوێنتر هەڵبژێرن و لە نێو خۆدا درێژە بە خەبات بدەن.

بەشێکی دیکە لەسەر ئەو بڕوایە دەبن چاوەڕوانی یەک لا بوونەوەی شۆڕشی کوردستانی عێراق بن و بزانن چ دێتە پێش.

بەشێکی بەرچاو لە هەڤالان لایەنگری بۆچوونی یەکەم دەبن، بەڵام هێندێک لەوان دوایە پاشەکشە دەکەن و خۆ لە کێشەکە دەدزنەوە.

لایەنگرانی شێلگیری ئەم بۆچوونە قەرار دەدەن لەسەرەتای ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی رابچنەوە نێوخۆ. لە پێشدا خەرێکی پتەو کردنی ریزەکانی سیاسی و رێکخراوەیی حیزب لە نێو خەڵک دا بن. زەمینەکە خۆش بکەن و دوایەش بە شێوەی چەکداری لە بەرامبەر رێژیمی شا دا خەبات بکەن بۆئەم مەبەستە دوو کاری گرنگ دەکەن:

**یەکەم**: پێوەندی بە حیزبی شیوعی و نوێنەرانی حیزبی تودە لە بەغدا دەگرن. بەو هیوایە کە تەئییدی حەرەکەتەکەیان بکە و یارمەتیی ماڵییان بدەن.

**دووهەم**: کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات بۆ بەرێوەبردنی کارەکان پێک دێنن کە ئەندامانی بریتی بوون لە:

١- کاک سلێمان موعینی (فایق)
٢- کاک سمایل شەریف زادە (مەلا عەزیز)
٣- محەممەد ئەمین سیراجی،
٤- مەلا ئەحمەد شلْماشی (مەلا ئاوارە)
٥- باپیر شکاک (نحۆ) عەولا موعێنی، هێندیک کەس باسی سەنار مامەدی و مەلا عەبدوڵا سەربازیش دەکەن کە لە کۆمیتە دا بوون، بەڵام زۆرتر وەک دەنگۆ دەچی چونکە لە هیچ شوێنێک تێکۆشانی بەرچاویان نەبوو.




زۆربەی ئەو کەسانە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بە هۆی کار و تێکۆشانی پێشوویان ناسراو و خۆشەویست بوون. لەسەر ئەم ئەساسە لە نێو خۆیاندا کارەکان بەش دەکەن، چەک و چۆڵی خۆیان هەڵدەگرن و هەرچەند کەس بە سەرۆکایەتیی یەک دوو کەس لەهاوڕێیان کۆمیتە وەڕێ دەکەون.

بێ گۆمان ئەم کارەش وەک زۆر کاری دیکە لە رێژیمی شا وە نابێ، پێشتریش و بە تایبەتی دوای پێکهاتنی ئەم کۆمیتەیە سیخوڕەکان لە هەموو لایەکەوە راپۆرت بە کاربەدەستانی رێژیم دەدەن.لەم بارەوە چەندین دەستوور و بەخشنامە بۆ بەرگری و بەربەرەکانی لە تاران و ورمێ و سنە ڕا بۆ کاربەدەستانی رێژیم و هێزە چەکدارەکانیان لە کوردستان دێ، نموونە لەم بابەتان زۆرن.

هاوڕێیانی حیزبی کە ژمارەیان لەسەد کەس تێنەدەپەڕی، لە هەموو ناوچەکان بە شێوەیەکی ژیرانە لە نێو خەڵکدا دەگەڕێن، لەسەر سیاسەتی حیزب، پێویستی و چلونایەتیی کار کردن و تێکۆشان لەم هەل و مەرجە، فروفیشاڵی شا و برسیەتی و هەژاریی خەڵک و بێ بەشیی کورد بۆ جەماوەر باس دەکەن. بەچەشنێک کە حەساسیەتی ئاڵقە لە گوێکانی رێژیم ئەجووڵێنن و ئەوەندی بکرێ جاری تا پایە و بناغەیەکی باشی جەماوەری دەتەننەوە، تووسی شەڕ نەبن.

## خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧

هەواڵان لە گەڵ هەموو ورياييەکی کە بەکاری دێنن و بەراستی لە وریا کردنەوەی خەڵک و پەرە پێدانی کاری حیزبی دا لە خۆ بووردوویی زۆریان لە خۆیان نیشان دەدا.

خۆشەویستیەکەیان لە نێو جەماوەر دا لە رادە بەدەر بووە و بۆ حەللی زۆر گیرو گرفتی کۆمەڵایەتی لە زۆر شوێن لە جیاتی ئەوە بچنە لای کار بەدەستانی رێژیم. داوای چارەسەری کێشەکانیان لەوان کردووە، ئەوانیش بە دڵپاکیی تەواو وەڵامدەر بوون و ناکۆکی و ناتەباییەکانی نێو کۆمەڵانی خەڵکیان کە بە گشتی بۆ شۆڕش بە زیانبار زانیوە، کۆتایی پێهێناوە.




سەرەڕای ئەوەش دوژمنی فێڵباز و دڕندە غافل نەبووە، لەهەر دەرفەتێک کە بە دەستی هێناوە زەبری خۆی وەشاندووە.

⁕ یەکەم دەستەی کە کووتوونە بەرهێرشی دوژمن، کاک نحۆ چەندین هەواڵ دەبن، لە ناوچەی سەڵماس لە کاتی پشوودان دا دەکەوەنە بەرپەلاماری تاقمێکی زۆر ژاندارم و گەمارۆ دەدرێن. لەم شەڕ دا جگە لە چوار هەواڵ کاک نحۆ بۆ خۆشی دوای شەڕێکی قارەمانانە و کوشتی تاقمێکی زۆر لە بەکریگیراوان لە هێرشی هەمە لایەنەی ژاندارمی تازە نەفەس و هیلی کۆپتەر دا کە ورمێ را دێنە یارمەتیی پیاو کوژانی پێشوو شەهید دەکرێ.

⁕ هەر لە گەلاوێژی ئەو ساڵە دا پێنج کەس لە پێشمەرگەکان لە ناوچەی پیرانشار لە گوندی بنەرەی دەکەونە بەر هێرشی دوژمن، دوای ئەوەی ٩ کەس لە دوژمن دەکوژن، پەنا دەبەنە گوندی [ ئالانە ]ی کوردستانی عێراق کە لە ژێر حوکمی شۆڕش دا بووە.

بەداخەوە دوایە هێرشیان دەکەنە سەر لە ئاکام دا یەکیان شەهید و ئەاونی دیکەش کە یەکیان برینداریش بووە. تەحویلی ئێران دەدەنەوە و ئیعدام دەکرێن.

⁕ مەلا مەحموود زەنگەنەش یەکیک لە رۆڵە تێکۆشەرەکانی بووە کە لە رەزبەری ٤٦ دا لە ناوچەی میرقازی مەهاباد شەهید دەکرێ و تەرمەکەشی لەسەر کاپووتی ماشین دادەنێن و لە شارەکان دەیگێڕن، بە قەولی خۆیان بە چەتەیان لە قەڵەم داوە.

⁕ هەر لە هاوینی ساڵی ٤٦ بوو کە کاک سێمان موعێنی و هاوڕێیانی لە سپی سەنگ تووشی شەڕێکی نەخوازراو بوون، هێزێکی زۆر هێلی کۆپتەریان دێتە سەر، لەوی کاک عەوڵڵا موعینی بریندار دەبی و دوای عیلاج دەکرێ، بەڵام چەند ژاندارم دەکوژێن و یەکێک لە ئەندامانی حیزب بە ناوی سلێمان کە بە زاهیر بۆ رێنوێنی، بەڵام لە راستی دا بۆ تڵە کردنی ژاندارمەکان لە گەڵیان کەوتبوو، شەهید دەکرێ.

سەرەڕای ئەوەش کار و تێکۆشان هەر درێژەی دەبێ، ورەی خەڵکی زەحمەتکێش دەچێتە سەر و ورەی دوژمن

دادەبەزی.

ڕێژیم لە بنەوە خەریکی سازدانی هێزو پۆشتە و پەرداخ بوو، هەروەها بە هۆی پووڵێکی زۆر کە بۆ سەرکوتی کورد تەرخان کرابوو، تاق و لۆق جاشیشیان پەیدا کرد بوو کە شان بە شانی ژاندارم و چەکدارەکانی دیکەی شا دژی خەباتگێرانی کورد رادەوستان و شەڕیان لە گەڵی دەکردن.

(جاشە بە ناو بانگەکانی ئەو سەردەم لە ناوچەی وەرمێ: چیچو، لە پیرانشار: رەحمانی شلێم جاران و سەید باپیر، لە بانە: کویخا شەریف و عەبدوڵڵا خان، یە دوو ئەحمەدی، لە بۆکان: عەلی فەراش، و لە سەردەشت: هەڵمەت بیتوشی دەبن.)

* کاک سمایلی شەریف زادە بە ناوی نهێنی مەلا عەزیز لە گەڵ کاک محەممەد ئەمین سراجی و چەند کەسی دی لە ناوچەی بانە خەریکی تێکۆشان دەبن، کویخا شەریفی خۆفرۆش دەرفەت دێنی و کاک سمایل بریندار دەکا و بۆخۆی هەڵدێ و شوێنی هاوڕێیان بە جاش و چەکدارانی ڕێژیم دەڵێ.

نزیکەی ٤٠٠ کەس لە دارێنە هەڵدەکوتنە سەریان و داوای تەسلیم بوونیان لێ دەکەن، بەڵام بە خۆڕاگریی شێرانە و شەڕی شەش سەعاتەی دلیرانە وەڵامیان دەدەنەوە. کاک سمایل و سێ کەسیان شەهید دەبن و تەرمەکەنیان دەبەنە بانە و سەقز و لەوێ رابۆ سنەیان دەبەن و هەر لەوێ بە خاکی نیشتمانیان دەسپێرێ.

* هەر لە مانگە دا کاک سلێمان موعینی بۆ کاری حیزبی چوو بووە کوردستانی گەرمێن و بۆ چاوپێکەوتنی هێندێک کەس و پێوەندی گرتن لە گەڵ هەڤالانی دوورە وڵات و حیزب و ڕێکخراوەکان، لە گەرانەوە دا بە دەسکیسی هێندیک پیاوی گومان لێکراو کە یەکیان قالە تەگەرانی بوو. لە داوی کار بەدەستانی شۆڕشی کوردستانی عێراق دەخرێ و بە هۆی سەدیق ئەفەندییەوە دەنێردرێتە سەرکردایەتی و بە داخەوە دوای چەند رۆژ تەرمەکەی دەدرێتەوە بە کار بەدەستانی ئێران.

تەرمی کاک سلێمانیان لە پیرانشار و نەغەدە گێرا بوو، بەڵام لە مەهاباد بە هۆی دژایەتیی خەڵک لە گەڵ ئەو

سەرچاوە
Serchawe

کردەوە ناحەز و دژی ئینسانییە، نەتەنیا ئەوەیان بۆ نەکرا، بەڵکوو تەرمی پیرۆزیان لە گونبەزان تەحویلی بنەماڵە و هەڤاڵانی کاک سلێمان دایەوە بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە رۆژی پێشتردا خەڵک ئاگادار کرابوون و شار نێوە تەعتیل ببوو، لە نێو پەژارە و هەستی خاوێنی هەزاران کەس لە دانیشتوانی مەهاباد بە خاک ئەسپێردرا. بە پێچەوانەی ئەمری ساواک چەند شەو و رۆژ سەرخۆشی بۆ داندرا.

* پێشمەرگەی ئازا خەلیل شەوباش خەڵکی بانەش کە لەم سەفەردا لە گەڵ کاک سلێمان بوو، بەشێوەیەکی نادیار شەهید کرا.

* لە مانگی پووشپەڕ دا لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد لە نزیک گوندی قالوێ، هێزێکی زۆر هەڵدەکوتنە سەر دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکانی کە فەرماندەرەکەیان کاک عەبدوڵڵا موعینی دەبێ لە شەڕێکی یەک رۆژە ئازایانە دا دوای ئەوەی ئەفسەرێک و ژندارم و جاشێک دەکوژن، بەداخەوە خۆی و مینەشەم شەهید دەبن.

کەسێکیش بە ناوی حەسەن خورخورەیی بە بریندار دەگیری و پاش ماوەیەک لە بەر چاوی خەڵکێکی زۆری شار کە بانگ دەکرێنە پادگان لە مەیدانی تیر گولله باران دەکرێ.

* رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ٤٧ لە چیای زمزیران تەقە و لێکدانێک لە بەینی پێشمەرگەکان و هێزێکی دوژمن روو دەدا، فەرماندەری ئەرتەشییەکان دەکوژی و دوو سەرباز بە دیل دەگیرێن کە لە لایەن هاورێیانی حیزبەوە ئازاد دەکرێن، بەڵام دوایە بە دەستووری اویسی هەر دووک گوڵلە باران دەکرێن.

* لە مانگی پووشپەڕ دا هێزێکی زۆر لە گوندی سەرشیوی سەردەشت هەڵدەکوتنە سەر خەڵک و داوای جێگاو ریگای پێشمەرگەکانیان لێ دەکەن، لە پر پێشمەرگەکان بە فەرماندەریی قادر شەریف کە لەو دەوروبەرە دەبن، شێرانە لێیان دەدەست دێن و جگە لە کوشتنی جاشێک بە ناوی هەڵمەت بێتوشی کە پێشتر ئەندامی حیزب بووە و دوایە تووشی خیانەت و خۆفرۆشی ببوو. یازدە شا زادە و ژاندارم و چەکداری رەسمیی رێژیمیش دەکوژێن.

* هەوەڵی مانگی رەزبەر لە چیای حاجی کێمی ناوچەی ئانقەچیش هێندێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بە

فەرماندەیی سەید فەتاحی نیزامی خیانەتیان پێ دەکرێ و، لە لایەن هێزێکی زۆری ڕێژیمەوە گەمارۆ دەدرێن، ئەوانیش ئازایانە لێیان وەدەست دێن و شەڕێکی قارەمانانە دەکەن و شەهید دەکرێن.

* هەر لە ڕەزبەر دا دوو تێکۆشەری دیکە لە ناوچەی گەورکان، تووشی شەڕێکی قورس لە گەڵ تاقمێکی زۆری دوژمن دەبن. لە جیاتی تەسلیم بوون کە ویستی ژاندارمەکان بوو، دەست دەکەنەوە و تا ئاخر گوللە بە شەڕ دێن، بە داخەوە ئەوانیش شەهید دەبن و تەرمەکانیان بە دێهاندا دەگێرن و دوایە دەیانبەنە سەردەشت و بۆ ماوەیەک بە مەبەستی ترساندنی خەڵک هەڵیان دەواسن.

* مەلا ئاوارە کە یەکێک لە ئەندامی بەوەجی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب بوو، لە ئاخرییەکانی هاوینی ٤٨ دا لە گەڵ دوو پێشمەرگە فیدایی پیلانێکی دوژمنان دەبی و لە گوندی دیوالانی ناوچەی سەردەشت لە داوی دوژمن دەکەوی و دەگیرێ. هەر ئەو ڕۆژە بە هێلی کۆپتەر دەیبەن بۆ جەڵدیان، و هەرسێکیان لە دادگای نیزامی بە ئیعدام مەحکووم دەکرێن و دەیانبەنەوە سەردەشت و لەوی تیرەبارانیان دەکەن.

دوای شەهید کردنی مەلا ئاوارە، تێکۆشەرانی حیزبی لە چیاکانی دەروبەری شەڵماش جێگەی لە دایک بوونی مەلا ئاوارە شەڕێکی بە ناوبانگ و قارەمانانە لە گەڵ دوژمن دەکەن. فەرماندەریی ئەو شەڕەش بە قادر شەریف بوو، نزیکەی ٢٠ کەسیان لە دوژمن کوشتووە و بریندار کردوە. بۆخۆشیان بە سەلامەت دەرباز بوون.

* لە ناوچەی پیرانشار هاوڕێیان تێکۆشانی باشیان هەبوو، مراد شیرێژ بۆ ماوەی چەند مانگ بە خۆ پاراستن لە شەڕ و دەرگیر بوون لە گەڵ چەند هەڤاڵی دی لەو بەشە دا مانەوە لەنێو خەڵک دا خۆیان کرد بووە و زراوی دوژمنیان توقاند بوو.

چەند جارێک تەقە و لێکدان پەیدا بووە. یەک لەو شەڕانە لە گوندی قورەمە دوو دیی ناوچەی لاجان بووە، کە لەوێ جاشێک بە نێوی کویخا کەریمی بەرکەمران دەکوژرێ و چەند کەسیش بریندار دەبن، یەکێک لە پێشمەرگەکانیش بریندار دەبی. بۆ موعالیجە دەنێردرێتە مەهاباد دوای موعالیجە مەوزووعەکە ئاشکرا دەبی و لەم پێوەندییە دا چەند پیاوی کوردی تێکۆشەر، کە بێ گومان پێشتریش کاری ئاوا جوانمێرانەیان زۆر کرد بوو،

گیران و حوکم دران. ئەو کەسانە بریتی بوون لە سەید محەممەد ئیسحاقی،

محەممەد ماملی، عەبدوڵڵا حەکیم زادە و کاک عەلی جانداران، سەید محەممەد کە لە بەندیخانە دا فەلەجیان کرد بوو، بەداخەوە دوای ئازاد بۆونیش چاری نەکراو هەتا مردن لە ماڵی خۆی نیشتەجێ بوو.

* جارێکی دیکە لە نێوی مراد سووی لاجان شەڕێکی چەند سەعاتە لە بەینی هاوڕێیانی پێشمەرگە و ژاندارم و جاشەکان دا هاتە پێش، هەر چەند پێشمەرگەکان ژمارەیان کەم بوو. بەڵام زەبری چاکیان لە دوژمن دا.

* لە ئاخرییەکانی هاوینی ٤٧ دا مراد شیرێژ لە گەڵ چەند کەسی دی لە کوێستانەکانی بەرێ مێرگان دەبن. راپۆرتیان لێ دەدەن، هێزێکی زۆر ژاندارم و سەرباز و جاشیان دەچێتە سەر، لە کوێستانی کانی پاشی شەڕێکی توندیان لە نێودا پەیدا دەبێ، دوژمن چەند کەسی لێ دەکوژرێ و بە داخەو مراد شیرێژ و چەند هاوڕێی شەهید دەکرێن. دوایە تەرمەکانیان لە شارەکانی پیرانشار و نەغەدە و مەهاباد بۆ تەماشای خەڵک هەڵواسی.

زۆر بەداخەوە بە دوای شەهید کرانی یەک بەدوای یەکی ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب و لاواز بوونی جووڵانەوەکە، ئەو هاوڕێیانەی مابوون، توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو هێرشە مەغوولیەی هێزەکانی پۆشتە و پەرداخی رێژیمیان تێیدا نەمابوو، مەجبور بە گەرانەوە بۆ کوردستانی گەرمیان دەبن.

ئەو کات دوو گیرو گرفتی گەورە روو لە حیزب دەکەن، یەکیان تەحویل دانەوە و کوشتنی هێندێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە لایەن بەرپرسانی شۆڕش لە هێنفێک ناوچە دا بە ساواک و ژاندارمی ئێران بوو کە شوێنەواری خراپی لە سەر ورەی باقی هاوڕێیان دا ناو و لە راستی دا بوو بە هۆی ئەوەی کە ماوەیەک واز لە هەوڵدان و تێکۆشان بێنن و برستی تێکۆشانیان لێ برێن و هێچیان بە تەمای سەری خۆیان نەبوون.

نموونەی زۆر ئاشکرای ئەوە وەزعەش لەوە دا دەبێنین کە کاک ئەحمەد توفیقیش سەرەڕای ئەو هەموو ئیخلاس و نزیکییەی سەبارەت بە بارزانی هەیبوو کە دەتونین بڵێین بە پلەی پیرو مریدی گەیبوون، لە ترسی کاربەدەستانی ئێران دوور دەخرێتەوە بۆ کانی ماسیی بادینان و لە پێوەندیی لە گەڵ هەڤاڵانی حیزبی و ئەو

کەسانەی زۆریش لە خۆی نزیک بوون، برا، هەروەها زۆر کاری ناڕەوای دیکەش دەرحەق بە هاوڕێیانی کرا.

## نمونەی ئەو کارە خراپانە ئەوانە بوون:

١- شەهید کردنی کاک سەدیق ئەنجیری لە چەند سەد میتری دەزگای رادیۆی پارتی.

٢- گرتنی کاک سلێمان موعینی (فایق) و خەلیل شەوباش، شەهید کردنی و تەحویل دانەوەی تەرمی بە رێژیم و بێ سەر و شوێن کردنی خەلیل شەوباش.

٣- گرتن و پاش ماوەیەک شەهید کردنی مەلا رەحیم وێردی، ناسراو بە میرزا ئەحمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە نزیک تەوێڵە.

٤- تەحویل دانەوەی دەستەیەک لە ئازاترین پێشمەرگەکانی حیزب کە سالح لاجانی و سلیمان کەرقەشان دوو کەس لەو دەستەیە بوو و دوایە هەموویان لە جەڵدیان ئیعدام کران.

٥- شەهید کردنی قادر شەریف لە شاری سلێمانی لە مانگی خەزەڵوەری ١٩٦٩ بە دەستی یوسفە لیچە و یەکێکی تر لە پێشمەرگەی عەبدولوەهاب ئۆترووشی بوون.

٦- شەهید کردنی مەلا حوسێن مارەغانی ناسراو بە کاوە لە قەڵادزی لە مانگی مارسی ١٩٧٠ بە دەستی حەمەدەمین جەوانمەردی.

پێویستە وەبیربێنینەوە کە هەموو ئەو تیرۆرانە لە کاتێک و شوێنێک دا بوون کە شۆڕشی ئەو کات خاوەنی دەسەڵاتی تەواو لەم شوێنانە بووە.

## ئاکامی ١٨ مانگ خەباتی چەکداری

کاری کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزب و تێکۆشانی شێوە سیاسی چەکدارییان لە کاتێکدا ماوەی ١٨ مانگی خایاند کە شا ئیددیعای دەکرد ئێران ئارامترین وڵاتە و بۆتە دورگەی ئارامی دنیا و بە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست. شا باسی لە کردنەوەی دەروازەی شارستانیەتی گەورەی ئێرانی دەکرد.




لەم ماوەیە دا بە بێ دەنگی خۆیان و سەرپۆش لە سەر دانانی مەسەلەکە نەیانهێشت دنیای دەرەوە بە زوویی بەم کارەساتە ئێران بزانی، بەڵام دیسانێش جاروبار لە دەرەوە بەشێک لەسەر ئەم زەخت و زۆرەی کەوتبوو. سەر کوردستان، بەتایبەتی دوای دامرکانی کاری چەکداری و گرتنی خەڵکێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب، هێندێک حیزب و چاپەمەنیی دنیا لە وەزعەکە شتیان نووسی، ئەوەش زیاتر بە دوای ئەوە دا بوو کە هاوڕێیانی حیزبی لە رەزبەی ١٣٤٨ دا بەیانێکیان دەرکرد و لەوی دا نووسرابوو:

ڕێژیمی شا بۆ مانەوەی خۆی، هەموو رۆژێ وەک زوحاک دەبێ هێندی لە لاوەکانی کورد بکاتە قوربانی، بۆ ترساندنی خەڵک تەرمی بێ گیانی کوژراوەکان بە شارەکانی مەهاباد، وەرمێ، شاپوور، نەغەدە، خانی، سەردەشت، بۆکان، سەقز و سنە و کرماشان دا دەگێرن و، بە دەهوڵ و زۆرنا بە خەڵک ڕادەگەیەنن ( ئەوە نتیجەی خیانەت و چەتەگەری!)
لەم بەیانە دا هەروەها داوا لە هێزو کۆڕ و کۆمەڵانی جیهانی دەکرێ هەوڵ بدەن لەم جینایەت و تاوانانەی ڕێژیمی شا پشێگیری بکرێ و بانگی ئیعترازی خۆیان دەربڕن.

ئەم حیزب و سازمانانەی دەنگی ئیعترازیان بەرامبەر بە ئەو رەفتارە دڕندانە بڵاو کردەوە بریتی بوون لە:

١- حیزبی توودەی ئێران.
٢- ڕێکخراوی رووناکبیری کوردی ئێران لە دەرەوە.
٣- رۆژنامەی (شوعلەی جنووب)
٤- گۆڤاری (پەیمان) ئۆرگانی دیفاعی (کۆنفدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێرانی).
٥- خەبەرنامەی جەبهەی میللی.
٦- شورای کۆمۆنیستەکانی ئیتالیا.
٧- جووڵانەوەی تازەی کۆمۆنیستی ئێران.
٨- کۆمیتەی ئیجرایی سەر بە کۆنفدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێران.
٩- ئەنجوومەنی هاودەردی و یارمەتی بە گەلان.
١٠- رۆژنامەی (طریق الشعب) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق.

١١- ڕۆژنامەی (ئاڵای کرێکاران) بڵاو کراوەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە سلێمانی.

١٢- ڕۆژنامەی (نیب سابات چاک) ئۆرکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی سۆسیالیستی کرێکارانی مەجارستان.

١٣- ڕۆژنامەی حەوتوویی (الاخبار) چاپی لوبنان.

١٤- ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی لە ژمارەی ١٧ی نوامبری ١٩٦٨.

١٥- ڕۆژنامەی (مۆرنینگ ستار) ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی بریتانیا.

١٦- ڕۆژنامەی سۆسیالیست لیدر چاپی گلاسکۆ.

١٧- گۆڤاری ئاشتی سۆسیالیزم. ڕۆژنامەی تیئوریکی حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی دنیا لە ژمارە یەکی ساڵی ١٩٦٩.

١٨- ڕۆژنامەی (ایل سیگلو) ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی شیلی لە ژمارە ٢٧ی نوامبری ١٩٦٨ دا.

١٩- ڕۆژنامە (ئۆنیتا) لە ژمارەی ٢٦ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٦٨.

٢٠- ڕۆژنامەی (ایل پارتیتۆ) چاپی ئیتالیا لە ژمارەی ٢٨ی ژوئەنی ١٩٦٩.

٢١- ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ئۆرگانی کۆمیتەی ئیقلیمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق ژمارەی ٥ی نوامبری ١٩٦٨ دا.

تەواوی ئە ڕێکخراو و ڕۆژنامانە لە ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ دا بەشێک لە ڕاستییەکانیان گوتووە. لە گەڵ دەربڕینی ئیعترازی خۆیان، تا ئەو ڕادەیەی زانیارییان پێگەیشتووە، پەردەیان لەسەر کردەوە دژی ئینسانییەکانی شا و قوڵە چۆماغەکانی بەرامبەر بە گەلی کورد لا داوە و داوای کورت کردنەوەی دەستی زۆردارانی ڕێژیمیان کردوە و خەباتی گەلی کوردیان بەڕەوا و دێموکراتیک و گەلی لە قەڵەم داوە. بەڵام هێچ کام لەوانە نە ناوی حیزبی دێموکرات دەبەن و نەباسی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات دەکەن،

بەڵام بە تێکرا ئەو هاودەردی و پشتیوانییە جێگەی سۆپاس و بێ گومان لە ڕزگاریی باقی بەندییەکان دا زۆری کەلک هەبوو.

## زیان و سودەکانی تێکۆشانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦

١- بەر لە هەموو شت دەبوو زیاتر لە سەر کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی سووربن، ئەوەندی بۆیان کرابا لە شەڕ و تێک هەڵچوون خۆبپارێزن، بەڵام بە داخەوە زۆر زوو تووشی هاتوون و گەلێک گران کەوت.

٢- لە دەست چوون و شەهید بوونی ئەو رۆڵە تێکۆشەرانەی ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێر و کادر، فەرماندە نیزامییەکانی ئەو سەردەم جگە لەوەی زیانێکی گەورە بوو جێگایان لە کاتی راپەرینی گەلانی ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان خاڵی بوو. بێ گومان ئەگەر مابان، دەوری زۆر گرینگیان دەگێڕا.

٣- تێکدانی بەرنامەکانی شا سەبارەت بە کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ بۆچوونەکانی تورکیە و ئێران بە سەر کورد و تواندنەوەی خۆی و فەرهەنگەکەی.

٤- کەمکردنەوە ی رەنگی شۆڕشی سپی شا کە بەڕاستی لە هێندێک شوێنی کوردستانیش شوێنەواری لە سەر بیرو بۆچوونی گوندنیشنەکان دانا بوو. مەسەلەی نەتەوەیی خەریک بوو لە بیر دەچووەوە.

٥- جووڵاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی، نیشاندانی زیانی چوونە ژێر تەئسیری هەر کام لە رژێمەکانی داگیرکەر، کە ئاخرییەکەی بە شکست و تەسلیم بوون دەگا. مەگەر مەرجی یەکەمی ئەم پێوەندییانە پاراستنی مافی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی بێ. دوایەش بە کردەوە زۆر شت دیترا و سەلمێندرا.

٦- لاواز کردنی رووحییەی هێزی دوژمن بە تایبەتی بەرامبەر هێزێکی گەلیدا کە پشتی بە نەتەوەکەی خۆی بەستبێ، وەک دیتمان ماوەیەکی زۆر پێش هێنانی هێزی تایبەت نەیاندەوێرا تخوونی پێشمەرگە بن.

٧- ئاشکرا کردنی ئەم ڕاستییە کە بە پێچەوانەی ئیدیعای شا، ئێران تەنیا دورگەی ئارام نییە، بەڵکوو گەلەکانیشی زۆر هەژار و بێ بەش و نارازین، لە دێموکراسیی ئاسەوارێک نییە و روون بووتەوەی ئەم وەزعە بۆ خەڵکی جیهان.

٨- پێکهێنانی رووحی شۆڕشگێری لە نێو لاوەکانی کوردستان و ئێران بە تایبەتی ئیلهام بەخشین بەو هێز و تاقمانەی بەێنێک بوو هاتبوونە سەر بروا بە کاری چەکداری بە تایبەتی بە چریکەکان و موجاهیدین کە لە ساڵی ١٣٤٩ را بە پێچەوانەی ویستی خۆیان زووتر لە کاتی پێویست تووشی کاری چەکداری بوون.

٩- وەرگرتنی تەجرەبەیەکی گەورە بۆ هاوڕێیانی حیزبی بۆ حەللی گیروگرفتەکان بە رووحی برایەتی، راستە هێندێکیان تێداچوون، بەڵام هاوڕییان ئەزموونییان وەرگرت و بەرە بەرە بە یەکبوون و لێک نزیک بوونەوەی

خۆیان زەمینەی پتەو کردنی ریزەکانی حیزبیان پێکهێنا و پاش یەک دوو ساڵ بە شیوەیەکی لەبارتر لە پیشوو حیزبایە تییان درێژە پێدا.

سەرچاوە : ٥٠ ساڵ خەبات (بەرگی یەکەم) نووسینی بەرێز کاک جەلیل گادانی.

تایپ دووبارە : رەحمان نەقشی




# جووڵانەوەی سالەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی تروسکایی ئومیدێک پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان



حەسەن قادرزادە

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە خەباتو تیکۆشانی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕەکانی گەلەکەمان بدەینەوە. دەبینین کە بە دریژایی مێژوو بۆ وەدەست هینانی مافەڕەواکانی گەل گیانیان کردۆتە قەڵغانی گوللەو لەو پێناوەدا بوونە قوربانی و تامی زیندان و ئەشکنجە و دەربەدەری یان چێشتوە.

شەڕی دووهەمی جیهانی و ئەو ڕووداوانەی لە ئاکامی ئەو شەڕەدا هاتنە ئاراوە، ئیران و کوردستان و وڵاتانی دەوروبەریان خستە ژێرکاریگەریی خۆیانەوە. ئێران لە سێ لاوە کەوتە ژێر کۆنترۆلی وڵاتانی هاوپەیمان.

هێزەکانی ڕێژیمی پەهلەوی لە هەموو لایەکەوە دەستیان شۆڕ کردەوەو تەسلیم بوون. لە بەشێکی کوردستان بۆشایی یەکی دەسەڵات پەیدا بوو،و کەش و هەوایەک هاتە ئاراوە کە ڕۆڵە وشیارو پێشڕەوەکانی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاواتە نەتەوایەتییە لەمێژینەکانیان کەلکیان لێ وەرگرت و بانگی مافخوازیی کوردیان بە گوێی جیهانییان ڕاگەیاند.

ئەوە بوو کەلە ئاکامی خەمخۆری و پەرۆشیی ئەویندارانی نیشتمان دا داری ئاوات هاتە سەربەرو سەرەنجام لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی سالی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا لە چوارچرای شاری مەهاباد بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵکی ئەم بەشە و بەشەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن پیشەوا قازی محەممەدو هاورێکانیەوە

کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک دەسەڵاتی ئەم کۆمارە ساوایەدا زۆر دەسکەوتی گرنگ بە نسیبی خەڵکی کوردستان بوون کە تائیستاش شانازییان پێوە دەکرێ. بەڵام بەداخەوە دوژمنانی گەل کە چاوی دیتنی ئەم دەسەڵاتە کوردی یەیان نەبوو بە پیلان و پشتیوانی دەرەکی هێرشیان کردە سەر کۆماری کوردستان و کۆتایی یان بەو دەسەڵاتە هێنا.

ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی کۆمار و هەلومەرجی نالەباری ئەو کاتی کوردستان کە بۆ تیکوشەران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب خوڵقا بوو، بەشێکی زۆر لەوانی ئاوارەی هەندەران کردو بەشێکیان گیران و لە سێدارە دران. بەڵام دەربەدەری و زیندان و سێدارە، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانی چاوترسێن نەکرد، بەڵکوو سوورتر لە جاران لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کۆماردا قۆلی هیممەتیان هەڵ ماڵی و کەوتنە خۆرێکخستن و ئامادەسازی بۆ بووژاندنەوەی بزووتنەوەو خۆئامادەکردن بۆ دەرفەتێکی دیکە.

بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ تێپەڕین لە ئاکامە زیانبارەکانی دووبەرەکی و ململانێی نێوان تەیف و باڵەکانی حیزب، کومیتە شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند.

هەرچەند بەستێنی خەباتی چەکداری لەو قۆناغەدا ئامادە نەبوو، چونکە شۆرشی کورد لە باشووری کوردستان (کە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پشتی جەبهە دادەنرا) لە دژی ڕێژیمی بەعس بە قۆناغێکی زۆر سەخت و ئەستەم دا تێ دەپەڕی و پیلانی دوژمنانی کوردیش بۆ کۆتاییهێنان بەم شۆرشە لە حاڵی پەرەسەندن دا بوو. پەیوەندی یەکانی شۆرشی کوردی باشوور لەگەڵ ڕێژیمی ئیران وای کردبوو مەجال بۆ خەباتێکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەرەخسێ و بەربەست و کۆسپی بخرێتە بەردەم.

کێشە نێوخۆیی یەکانی حیزبیش هەروا بەردەوام بوون،و دابەش بوونی تێکۆشەرانی دیموکرات بەسەر دوو فکری جیاوازدا لە حاڵی پەرەساندندا بوو،و گیروگرفتەکان زیاترو قووڵتر دەبوونەوە. بەشێک لەو بڕوایەدا بوون کە لە هەل و مەرجی ئەو کاتدا پێویستە بۆپشتگیریی شۆرشی باشووری کوردستان هیچ جموجۆڵێک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ، بەشەکەی دیکەش هەر لەو بڕوایەدا بوون بەڵام لەبەرئەوەی هیچ مەجالێکی مانەوەو حاوانەوە لە باشووری کورستانیان بۆ نەمابۆوە ناچار بوون مل بەبڕیارێک بدەن کە ئاکامەکەی زۆر ڕوون و دیار




نەبوو. ئەویش گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات بوو بەمەبەستی وریا کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکو ئامادە کردنیان بۆ خەباتێکی ڕزگاریخوازانە. سروشتی بوو کە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەو بۆ پارێزگاری لە خۆیان ناچار بوون چەکدارانە بگەڕێنەوە وڵات. هەر بەم جۆرە گەرای خەباتێکی چەکدارانە لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٤٦دا سەری هەڵ دا کە ماوەی ١٨ مانگ درێژەی کێشاو لە پاییزی ساڵی ١٣٤٧دا کۆتایی هات.

خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ی هەتاوی کە بە سەرپەرستیی بژاردەگەلێکی دیارو ناسراوو شۆرشگێری وەک سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، مەلا ئاوارە، قادر شەریف، نەحۆ پاشایی و دەیان تێکۆشەری دیکە سەری هەڵ دا، بەرهەمی هەل و مەرجێکی نالەبارو نەگونجاو لە ئاستی ناوچەکەدا بوو. ئەم خەباتە بە دەستپێکی حەرەکەتێکی پێشمەرگانەو حوزوور لە ناوچەکانی بانە، سەرەشت، مەهابادو پیرانشار بە گەشانەوەی پشکۆیەک ئاگرێکی گەورەی کردەوەو لەو هەلومەرجەدا گۆمی ئارامی دەسەڵاتی پاشایەتیی شڵەقاندو دەسەڵاتدارانو بە کرێگیراوانی ڕێژیمی پاشایەتیی لە خەوی ئارام ڕاچڵەکاند. لەماوەی چەند مانگ خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی دا چەند جار شەڕو بەرەنگاری لە نێوان پێشمەرگەکان و ژاندارم و بە کرێگیراوانی ڕێژیمی پەهلەوی دا هاتە ئاراوە، شەڕە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەم بریتی بوون لە شەڕی دارێنە، هۆمڵ، سەرشیو، سپی سەنگ، قالوێ، چیای نستان و چەندین قارەمانەتیی کە دیکە بە داخەوە لەوان دا بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دیموکرات گیانیان بەخت کرد. بەشێک لەو شەهیدانە بریتی بوون لە مەلا ئاوارە، عەبدوڵڵاموعینی، سمایل شەریفزادە، مینە شەم، حسێن خاتوون، حاجی پاراستان، قادر شەریف، باپیر شکاک و ....... ئەمانە چەند ئەستێرەیەکی پڕشنگداری ئاسمانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەم قۆناغە بوون کە هەتاهەتایە لە مێژووی سەروەریی گەلەکەمان دا دەدرەوشێنەوە.

شەهیدبوونی سەرکردەکانی ئەم جووڵانەوەیە زەبرێکی قورس بوو کە وەجەستەی جووڵانەوەکەو قەوارەی حیزب کەوت. بەم جۆرە ئەم لاپەڕە لەمێژووی خەباتی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دیموکرات کۆتایی هات. بەڵام یادو ناویان بۆ هەمیشە لە دڵی خەباتگێڕانی دێموکڕات و دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بەرزو بەڕێز بێ یادی شەهیدە سەربەرزەکانی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦و ڕێگەیان پڕڕێبوار بێ.

لە ژمارە ٦٠٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە - ڕێکەوتی : ٢٢ی مەی ٢٠١٣

## یادێک ٤٥ ساڵەی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧



**برایم چووکەڵی**

ئاوڕدانەوەو باس کردن لە مێژووی پڕ لەسەروەری و فیداکاریو لە خۆبوردووی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ لەو چەند دێرەو بگرە لە دەیان لاپەرەدا کاریکی سانا نیە، دوای ٤٥ ساڵ لە سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانەی دەیەی ١٣٤٠ دا لە بیری هەموو تاکێکی کورددا ماوەتەوە، ئەگەر بە دوای گرتنی ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٣٣٨ ئاورێکی کورت لە تێکۆشانی ئەندامانی حیزب بدەینەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە حیزبی دیموکرات لە سەرەتای دەیەی ٤٠ەوە بە قۆناغێکی هەستیار دا تێپەریوە. ئالۆزییەکانی ناو حیزب کۆمەڵێک لە کادرەکانی هێنایە سەر ئەو باوەرە کە بگەرێنەوە ناوخۆی کوردستان وخەباتی چەکداری بکەن.

وەزعی ئەوکاتی حیزب لە لایەک و فشاری دیکە بۆ سەر حیزب لە لایەکی ترەوە کادرو پێشمەرگەی حیزبی ناچار کرد کە روو لە کوردستانی ئێران بکەنەوە بۆ دیفاع لە خۆشیان دەبوو بە هێزی چەکدار بڕۆنەوە، هەر چەند خەباتی چەکداری بێ پشتی جبهەو بێ کەرەسەکانی دیکەی وەک تەقەمەنی.... دەستەبەری سەرکەوتنی کەمە، بەڵام ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ رێژیمی پاشایەتی ترس و دڵە خورپەی تێکەوت بۆیە هێزێ چەکداری زۆری دژی پێشمەرگە کۆ کردەوەو لە هەموو ریگایەکەوە بەربەرەکانی لە گەڵ دەکرد .

جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ی یەکەمین دەنگێک بوو لەو سەردەمە دا، کە بێدەنگیی پێکهاتوو لە سەرەڕۆیی رەشی




سەردەمی ساواکی، شڵەژاندو ئەوکات لافاویەکی بە تەوژم سەرانسەری ئێرانی داگرتبوو هەموو لایەک بە ئومێدێکی تەواوەوە دەیان ڕوانییە خەباتی نەتەوەکەمان و چونکی بە جۆرێکی عیلمیو دڵسۆزانە بەڕێوەچوو دڵسۆزو تێگەیشتووو پێگەیشتوەکانی سیاسی، و لە ریزی ئەو جووڵانەوەیەدا بوون سوکانی کارەکانیان بە دەستەوە گرت ئەودەم داری هومێدی هەموو لایەک زیندوو بۆوە نەتەوەکەمان بۆ جارێکی دیکە چاوی هیوای لە رۆڵەکانی بریبوو. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد لیرە جێگای تەواوی ئەوباسە نیە. بەمجۆرەش کادرو پێشمەرگەی حیزب توانیان ١٨ مانگ بەربەرەکانی و خوڕاگری قارەمانانە دژی رێژیمی پاشایەتی، ئاڵای حیزب و هێزی پێشمەرگە شکاوە راگرن، ئەوەی جێگای سرنجە کە کۆمەڵانی خەڵک بە چاوی گەشبینییەوە دەیان روانیە ئەو خەباتە و لە زۆربەی ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستان پشتیوانی بوون، لەو هەلومەرجەدا رێژیمی پاشایەتی ئێران وڵاتەکەی وەک جزیرەیەکی ئارامش ناوی دەبرد ئەوە لە کاتێک دابوو کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد ئەو جزیرە ئارامەیان لە ئیقیانوسی رۆژهەلاتی نێوەراست لێ شڵەژاند.

راستە ئەو راپەرینە تێک شکاو رێبەرانی گیران وشەهێدکران چونکی لە زۆر بارەوە وەک: نێوخۆی حیزب، دەرەوە، ناوچەی، نێوخۆی کوردستان، نێونەتەوەیی، نیزامیی هەڵومەرج ئامادە نەبوو بەوحاڵەش خەباتی چەکدارانەی ١٨ مانگەی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ی حیزبی دیموکرات وەک لاپەرەیەکی پڕشەنگدارو زێرین، وەک ئەستێرەیەکی گەشاوە لە خەباتی حیزبی دیموکرات لە ئاسمانی بەرزی خەباتی نەتەوایەتی کورد دەدرۆشێتەوە. هەرچەند سەرمایەی زۆری بۆ دانرا گیانی کەسایەتییە سیاسییەکانی حیزبی لە ناوبرد.

ئێستا پاش ٤٥ ساڵ  حیزبی دیموکرات و رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە هەروا درێژەدەری ئەو رێبازەن و بریاریان داوە تا وەدی هێنانی ئامانجی بەرزی هەموو شەهیدان لە خەبات نەوەستن، سلاو بۆ هەموو شەهیدانەی کە لەم ریگایە سەری خۆیان کردە پردەبازی سەرکەوتن.

ئەم بابەتە لە سەر داوای من نووسراوە.

ڕێکەوتی : ٢٨ی ئاوریلی ٢٠١٣

# ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ، مێژویەک بۆ فێر بوون، غەدرێک لە تێکۆشەرانی دیمۆکرات.



**محەممەدی فەقێ عەلی**

ئەم نوسراوەیەی کە لە بەردەستان دایە، نە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و نە هەڵسەنگاندنێکی وردبینانەی زانایانەیە، بەڵکوو نەزەری و بیر و بۆچونی خۆمە لە سەر ئەم ڕاپەڕینەو بە تایبەتی لە سەر ئەو بەشەی کە زۆر بە کەمی لە سەری نوسراوە.

ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ قوتابخانەیەکە، کە دەبێ بە بێ دەمارگرژی و بیری تەسکی حیزبایەتی، هەم تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەم دیمۆکراتەکان و هەم بەتایبەتی تێکۆشەرانی باشوری کوردستان دەرسی لێ وەرگرن.

دوای خوێندنەوە و موتالعەیەکی زۆر لە سەر شۆرشی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧، من خۆم گەیشتومەتە ئەم ئەنجامە، کە ئەم ڕاپەڕینە بەرهەمی بەرنامەیەکی وردی سیاسی و تەشکیلاتی داڕێژراو لە لایەن تێکۆشەرانی دیمۆکراتەوە لەو سەردەمەدا نەبووە.

بەڵکوو هێندێک فاکتەری ناوخۆیی حیزبی و بار و دۆخی ناساز و نائەمنی باشوری کوردستان لە لایەن




ڕێبەرایەتی ئەوکاتی شۆڕشی باشورەوە و پەیوەندی ناسالمی ئەم شۆڕشە بە دەزگای ساواکی و ناوەندەکانی دیکەی ڕێژیمی گۆڕ بەگۆڕی پاشایەتی لە ئێران دابوو.

مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە شێوەی پێکهاتەی ئەندامانی ئەم ڕاپەڕینەو و هەروەها هەلو مەرجی ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بارودۆخی نائەمنی باشوری کوردستان لەم سەردەمەدا، پەیوەندی ناسالمی شۆڕشی باشوری کوردستان بە دەزگا نەهێنی و هەواڵگریەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئەوکات و هەروەها خەیانەتی هیندێک لە سەران و کادرەکانی شۆڕشی باشوری کوردستان لەو حان و ساتە دا وەک فاکتەری هەرە گرینگ دەبێ سەیریان بکرێت و هەمو لایەنەکانی بەشداری شۆڕشی نەتەوایەتی ئەمە وەک دەرسێک لە قوتابخانەیەکی بەکردەوە دا سەیر بکەن و شتی لێ فێر بن.

**خاڵی یەکەم:**

**پێکهاتەی ئەوتێکۆشەرانەی کە ئەم شۆڕشەیان بەڕێوەبرد.**

ئەم پێرە لە تێکۆشەرانی دیمۆکرات، کە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دا بەشداریان کردو بە داخێکی زۆرەوە زۆربەیان شەهیدکران، پێکهاتەیەک نەبوو، کە لە مەکتەبێکی نیزامی دا دەرس درابێ ویان ڕابردویەکیان لە شەڕی چەکداری دا هەبووبێ وەک چەکدارێکی دەورە دیتە هاتبێتە مەیدان و لەم ڕاستایەدا بە پۆشتەیی و موجەهەزی بەرانبەر دوژمنەکەی بێتەوە. ئەم تێکۆشەرانە لە چین و توێژەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر یەکەو لە شارێک و ناوچەیەکەوە و بە بیرو باوەڕێکی پتەوی شۆڕشگێڕانەوە بۆ ئامانجێکی دیاری کراو هاتبونە مەیدان. بەداخەوە کەم ئەزمونی لە خەباتی چەکداری و تەشکیلاتیدا وای کرد کە دەستە بکەونە داوی دوژمن و شەهید بکرێن.

**خاڵی دووهەم:**

وەزعییەتی دەروون تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکراتی ئەو کات و پارتی دیمۆکراتی ئەو کات و بنەما لاوازەکانی

**تەشکیلاتی حیزبی لە ناوخۆی وڵات و بێ ئەزمونی لە شەڕی چەکداری دا هەروەها لە کاری دەستە و گروهیدا بە شێوەی تەشکیلاتی نەهێنی، لەم بەینەشدا بێ بەزەی و دڕندەی ڕێژیمی پاشایەتی و داخ لە دڵیان بەرانبەر بە تێکۆشەرانی دیمۆکرات وەک پاشماوەکانی کۆماری ساواو جوانەمەرگی کوردستان.بەشێکن لەم فاکتەرانەی کە ئەم شۆڕشەیان خستە گەڕ.**

**هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە چەکداریە، کەم و زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تێکۆشەرانی ئەوکاتی دیمۆکرات، لە باشوری کوردستان دا دەژیان و لەم بەشەی کوردستانیش دا، کە لە ژێر سوڵتەی هێزەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان دابوو، خودی پارتیش ئەوکات موشکیلاتێکی زۆری دەروون تەشکیلاتی خۆی هەبوو، کە بەشی هەرە زۆری پەیوەندی ڕێبەری پارتی بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر و هەروەها دەفتەری سیاسیەکەیان بە ڕێبەری هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێکانیەوە بوو.**
**لەم بەینەدا دام و دەزگاکانی نەهێنی و هەواڵگری ڕێژیمی پاشایەتی ئێران توانیبووی لە دەرفەت کەڵک وەرگرن و سرنجی زۆریەک لە بەشدارانی شۆڕشی باشوری کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێن و وەک ئامرازێکی فشار و زەخت و زۆری بە دژی تێکۆشەرانی دیمۆکرات کەڵکیان لێوەرگرن. کە بە داخەوە لەوە دا زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەم تەون و بەستە بوو بە هۆی گیران و کوشتن و ڕاوڕاوێن پێکردنی تێکۆشەرانی دیمۆکرات لە باشوری کوردستان. کە بەداخەوە بە گرتن و شەهیدکردن و تەحویل دانەوەی چەندین تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێژیمی پاشایەتی ئێران کۆتای پێهات.**

**لەم بەینەشدا حیزبی دیمۆکراتی کوردستان خۆی جێخاڵی زۆریدا و بوو بە دووبەش و بەشێکیان کە تەسلیمی زەخت و زۆر و فشارەکانی شۆڕشی باشوور بوون و بە لاینگری لە شەهید ئەحمەد تۆفیق، دەسترەیان بە ئاوداداو بونە لقێک لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، کە بەداخەوە ئەوەش نەیتوانی گیانیان بپارێزێ و خودی ئەحمەد تۆفیقی تێکۆشەر لەم بەینە دا گیانی تێداچوو بێ سەر و شوێن کرا، کە بە داخەوە تا ئێستاش بێجگە لە یەک و دوو سەرەداو کە باس کراون هیچ خەبەرێک لە شێوەی شەهید بوون و وون بوونی لە بەر دەست دانیە.**
**بەشەکەی دیکەی تێکۆشەرانی دیمۆکرات کە خۆیان لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا دیتەوە، بە ناحیلاجی باشوری کوردستانیان بەجێ هیشت و پەڕیوەی چیاو کوێستانەکانی ڕۆژهەڵات بوونەوە و دەستیان دایە شۆڕشێک لە ژێر دروشمی "یان سەرکەوتن یان بە سەربەرزی مردن". کە بە داخەوە سەرکەوتنێکی بەرچاوی**

ئەوتۆی تێدانەبوو، کە ببێتە بنەمایەک بۆ مانەوەیـان لەم بەشەی کوردستان و بتوانن جێگـایەک بـۆ حـاوانەوەی خۆیان لە ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دابین بکەن. بەڵام ئەوەی لەم دەور و مەکانە ئەوان وەک دەرسێکی بە نرخ دایان بە هەموو تێکۆشەرانی دیمۆکرات ئەوە بوو ، کە دەبێ حیزبێکی سیاسی لە هەمو کات و ساتەکانی خەبـاتی دا، ئەگەر بە گیـانی ڕۆڵە بە نرخەکانیشـی تەواو بـێ، دەبـێ پێـداگری لە سـەر پاراسـتنی سـەربەخۆی سیاسـی بکاتەوە. ئەمەشیان بە خوێنی خۆیان ئیمزا کرد و هەتـا ئامـادە نەبـوو سیاسـەتی حیزبەکەیـان لەلایەن حیزبێکـی هاوئامـانجەوە بخرێتە ژێـر ڕکێـف، سـەرنجامی کـاری ئەم تێکۆشـەرانە، بە هـۆی فاکتەرەکـانی لاوازی چەکـداری و تەشکیلاتی حیزبی ئەم تێکۆشەرانە یەک یەک و دوو دوو و دەستە دەستە کەوتنە داوی ڕێژیم و شەهیدکران.

**خاڵی سێهەم:**

بڵێی ئێستاش وەختی ئەوە نەهاتبێ کە سـەرانی شۆڕشی ئەوکـات و حیـزبە دەسـەڵات دارەکەی ئێسـتا واتـا پـارتی دیمۆکراتی کوردستان، بتوانێ هەیئەتێکی لێکۆڵینەوە لە هەردووک لا پێک بێنێ و بە وردی بێ دەمارگرژی حیزبی لەم ڕووداوانە بکۆڵێتەوە و ڕاستیەکان بخاتە بەر دیدی کۆمەڵگای کوردەواری؟

من لەو باوەڕەدام کە ئێستا لە هەموو کاتێک گونجاوترە، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان ئاشکرا بکرێن، ئەگەر هاتبـایە و تـا ئێستا ئەو کارە کرابایە بە دڵنیایەوە، ڕاونان و ترۆر کردنی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەوەدەکـان دا دووبـارە نەدەبۆوە،
کە بە داخەوە زیـاتر لە ٣٠٠ کەس لە تێکۆشـەرانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دووبـارە لە نەوەدەکـان دا بـوونەوە خۆراکی دەستی ترۆری حاکمەکانی تاران، کە بەڕاستی وێک چوونێکی زۆریان هەیە. بە خۆشیەوە ئێستا باشووری کوردستا خاوەنی کیانێکی نیمچە سەربەخۆیە و دام و دەزگای قەزای هەیە و لەم تێکۆشەرانەی ئەو کـاتیش ئێستا بەشێکیان هەر لە ژیان دان و دەتوانن خزمەتێکی گەورە بە مێژووی پـڕ لە کارەسـاتی نەتەوەکەیـان بکەن ئەگەر وەها هەنگاوێک باوێژن. لێرەدا وەک داواو پێشنیار پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە تکایە با لەوەش درەنگتر نەبـێ، بـا کارەمان گەورە دەبینەوە کە توانای ئەوەمان هەبێ پێ بە هەڵەکانمان دا بنێین.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من نووسراوە - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٣

# بزوتنەوەی شۆرشگێری ٤٧ - ٤٦



**کەریم ئەللاوەیسی**

جۆڵانەوەی شۆرشگێری ٤٦ - ٤٧ وەک لاپەرەیەکی پرشنگداری مێژوویی و شانازیەکی زۆر گەورە و جێگەی فخر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دەمێنتەوە. بەداخێکی زۆر گرانەوە ئەو بزوتنەوە گەوەرەیە زۆر کەم بایخی پێ دراوە. بە هەڵگیرسانی ئەم جولانەوەیە کە ١٨ مانگی خایاند،ئیرانی گۆمی مەندی ژاندارمی خەلیج واتە ڕووی ڕاستیەکان بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەربکەوێت و مێژو وەک بوە و ڕوویداوە بنوسرێتەوە. ئێمە بەم موحەمەد رەزا شا شلەقا. دوو ساڵ پاش ئەو بزوتنەوەیە بوو کە لە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی بە ئیلهام وەرگرتن لەم بزوتنەوەیە، چریکە فیدایەکانی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٤٩ بزوتنەوەی سیاهکەلیان لەباکووری ئێران وەرێ خست. ئەوان هاورێی بە وفای تێکۆشەر وخۆشەویست کاک سمایل شەریفزادە لە دانشگای تاران بوون. بەراست ئەو جورەی سیاهکل دەنگی دایە، جۆلانەوە شورشگێرانەکەی کوردستان کەم دەنگی دایەوە هەرچەند ئاست و پان و بەرینی بزوتنەوەی کوردستان زۆر لەسەرتر وپان وبەرینتربوو. ئەم شورشەی کوردستان وەک زۆر لایەن دەلێن داسەپاو بوو وحەق وابوو پاش هەنگاو و کاری ڕووناکبیری زۆرتر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەو بزوتنەوەیە وەریخرابا.

پێش ئەوەی بێنە سەرباسی داسەپابوونی ئەو جۆلانەوەیە، پێوستە لە چەند خالێک دا باسی گرینگی ئەم جۆلانەوەیە بکەین:

١- ئەم هەنگاوە، زۆر فروفیشالی و پرو پاگەندەی ریژێم  شای ئیرانی لەسەر دەسەڵاتەکەی کە خۆی بە گەوەرە هێزی ناوچە دەزانێ رد کردە.

٢- شـانازیک بـوو کە کـۆمیتەی شورشـگێری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بە ئێمکانـاتێکی زۆرکەم  تـوانی لە ماوەیەکی زۆر دا بزوتنەوەیەکی ئاوا لە ئارا دابێ  کە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان قەت لە بیریان نەچێتەوە.

٣- ئێلهـام وەرگرتنـی چریکە فیـدایەکان لەم بـزوتتەوەیە، ئەوە ئەوپەری گەورەیـی و رەوایـی ئەم بـزوتنەوەیەیە دەردەخا.

٤- زۆر لایەن وەک گروپێکی جیابووە لە حیزبی تودە پیوەندیان لەگەڵ رێبەرانی بزوتنەوە هەبـووە، ئەوەدەگەیێنی کە کورد هەمیشە گرینگی بە فراگیری شورش لە ناوچەکانی دیکە داوە وئەوە بەرزی بیـروڕای رێبەرانی بـزۆتنەوە دەگەینێ . پێش ئەوەی بێنەسەر داسەپاوبوون و دۆژمن چ کەلکێکی لە شورشی ئەیلوول بۆ لەنـاوبردنی جـوڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان ورگرت  پێوست بگۆترێ  :

رێبەرانی ئەم جۆڵانەوەیە باش دەیـانزانێ هەڵ ومەرج بۆ داگیرسـانی شـورش ئـامادەنیە ،بـۆ ئەو مەبەسـتە دەبـوو کـاری زۆرتـری سیاسـی و رێکخسـتن لە نێـو کـۆمەلانی خەڵکـی کوردسـتان بە تـایبەت لە نێـو زەحمەتکیشـان و رۆناکبیرانی دێ و شار و کرابایە.

بەد اخیکی زۆر گرانەوە شا ودەزگای جاسوسی ئەم رێژیم خاڵی لاوازی کوردیـان دیتبـووە بـۆیە  بە فشـار هێنـا بـۆ سەر رێبەری شورشی ئەیلوول توانیان بەشێکی زۆرلە ئامانجە گڵاوەکانیان بگەن چوون:

ئەوان واتە شا داوای کوژران یان بە زیندویی تەحویل دانەوەی بەرپرسی بەری کورد کاک سولیمان موعینییـان لە رێبەری جولانەوەی باشوری کوردستان  کرد وئەو داوایە جی گرت.

بە هـاوکـاری شورشـی ئەیـلـوول. ئەم شورشـەی کـوردی رۆژهەلات هەم لەو قونـاغە دا ئەوپەری زیـانی کـردو لە قونـاغی دووهەمیش دا هەڵگیرسانی شورش باشوور لە ئاستی زۆر سەرەودا، ساواک و هێزی ئەمنیەتـی وەها رەخنە ونفوزی تیدا کردبوو کە بەداخەوە لە سالی ١٩٧٥ بە بەستنی قەردادی ئەلجزایر شورش تووشی شکان و نسکۆ کرا و ئەوپەری نـاپاکی و بێ مروفایەتی و بێ ئەخلاقی شای ئێرانی نیشان دا.

ریژیمی شایەتی فشار خستنە سەر رێبەری ئەیلوول وبە تێکشانی جولانەوە ٤٦ - ٤٧ دەیەویست بە میلیوون خەڵکی کورستان کەپشتیوان و یارمەتی دەری شورشی ئەیلوول وحیزبی دیموکراتی کورستان بوون تەواو نائومید بکا کە بەداخێکی زۆرەوە کەم تا کورتێک لەم بارەوە سەرەکەوتووبوو.

بە شەهیدکردنی رێبەر وچالاکانی جولانەوەی پر لە شانازی کورد ئەوجار شا و ساواک وهێزە ئەمنیتەکانی ویستیان دڵێ کۆمەلانی خەلکی کوردستان تەواو بریندار بکەین بۆیە هاتن قارەمانەکانی کورد، کاک سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی کە لە دارینە بانە شەهید بوون ویرای زۆربەێ شەهیدانی دیکە وەک مینە شەم و سەید فەتاح نیزامی، قادر شەریف و سوڵێمانی و عەبدوڵای موعینی وساڵح لاجانی ، نحۆ شکاک وسەید فەتاح نیزامی .... لە زۆبەی شار وگووندەکانی کوردستان لە چواریەکان هەلاوەسێ و نووسراوەیەکیان لەسەر بوو (ئەوەیە سەزای خیانت).

ئەوکارە کاریگەری خراپی لەسەر بەشێک لە خەڵکی کورد دانا، دەبێ بگوترێ خەڵک هیچ چاورێکیان لە رێژیمی شا نەبوو کە دوژمنی قەسەدە سەری کورد بووکاری ئاوا نەکا بەڵکوو لە برا و کەسی خۆیان تورە بوون کە ئاوا لەگەڵ تێکوشەرانی دیموکرات بکا بە نێو لە بەر بەرژەوەندی شورشی ئەیلوول.
بۆ دەرەکەوتنی روحیە و ورە بەرزی کەس وکاری شەهید سوڵێمان موعینی بە پێوست دەزانم کە شێوەی تەحویل دانەوەی مەیتی ئەو رێبەرە لێرە باس بکرێ. بە پێ قسەی خۆشکی کاک سولیمان موعینی:

رۆژێ ٢٦ی بانەمەڕی ١٣٤٦ کاتژمێر ١٧.٣٠ دقیقە هەلیکوپتە رێک بۆ چەند جار لەسەر ئاسمانی شاری مەهاباد خۆلایەوە، تووشی نێگران بووم چونکە چەند رۆژ بوو دلەکۆتەیکی زۆرم هەبوو وخەویشم دیت بوو. لەماڵ هاتمە دەرێ خەڵک لەبەر دەرکی ماڵیان کۆبوونەوە، زۆر ناراحەت سلاوم لێ کردن کە چاویان پرپوولە ئاو. دووپیاو رۆبەروم هاتن یەکیان گووتی: دەلێن مەیتی سوڵێمانی موعینی یان بە هەلیکۆپتەر هێناوەتەوە مەهاباد، گەرامەوە بە ئەوانم گووت دەوڵەتی شا ناتوانێ سولێمان بکۆژێ چۆنکە ئەوە لە دڵی خەلک دایە. ئەوان گووتیان خانم بە خۆدا ئێمە لە توو نارحەترین، هەرواش بوو. ئەژنووکانم وەلەرزەکەوت بەلام بەسەرخۆم دا زاڵ بووم،گووتم نابێ کەس من ئاوا ببینێ. سواری ماشێنێک بووم و چوومە نەخۆشخانە، گووتم بەڵکوو لە ریگای سەرۆکی نەخۆشخانە بتوانم مەیتی کاک سولیان ببینم.

سەرچاوە Serchawe

نەمدەزانێ کە ڕێژیم دەربەردر بە شۆینم دا دەگەڕێ. چوومە ژاندارمێری، ئەمنیان بۆ دیوێک ڕینوینی کرد کە میەتەکە لە نێوەراستی دیوکەبوو. چوومە سەری و ئەوم ناسیووە .چاوکانی وبرینی سەری پڕ لە خۆڵ بوو ، خۆلەکەم پاک کردوەو باندێکم وەرگرت و برینی سەریم داپووشی(چونکە من پرستاربووم) و نەمدەتووانی برینی عزیزترین کەسم پانسمان نەکرێ.

بەرپرسانی ئەرتشی وژاندرمەری و ساواک لە تاران و پاریزگاکانی نزیکەوە بۆ و وەرگرتنی مەیتەکە هاتبوون پێیان سەیر بووکەمن شێوەن وگریان ناکەم. یەکێک لە وان گووتی خۆشکم ناراحەت مەبە، گووتم ئەولەن من خۆشکی تۆ نیم دوهەمن:نابێ دوژمن گریان بە چاوی منەوە ببینێ. بە وێنەیک کە لە مارتین لوترکینگ کە لەسەر میزکە بوو ئیشارەم کرد،گووتم ئەو لەرێگای رەشپێستەکانی ئەمریکا وبرای منیش لە ریگای ئازادی و ئامانج و ئارمانەکانی خۆی فیداکرد.

بە ئێمەیان گووت کە سبەی کاتژمیر ٩ بەیانی مەیتەکە لە ماڵ تەحویلمان دەدرێ، بەڵام ئەوە نەکرا و گۆرستانی مەهاباد مەیتەکەیان تەحویل داینەوە. تەواوی خەڵکی مەهاباد تەنانت ئێداری و بازاری هاتبوونە سەرقەبران.

بابم زۆری هەوڵ دا کە دڵداری خەڵکی ماهاباد بداتەوە کە دروشمان نەدەن چوون دەترسا لەبەر ئەو موزۆعە رۆلەکانی خەڵکیش وەک کوری ئەوەیان لیبێ و پاش ٣٥ رۆژ هەر بەم شێوەیە مەیتی کاک عەبدولا موعینی یان لەگەڵ مینەشم بە هێلی کۆپتەر هێنایەوە مەهاباد و لە ژاندرمەری رایانگرتن و بردیانە پیرانشار و لە گۆرستانی ئەوێ بە خاکیان سپارد و لە تەحویلدانی کاک عەبدولا بە بنەماڵە کەی و خەلکی مەهاباد خۆیان پاراست.

پێویستە بگوترێ کە ڕێژیم لەبەرترسی زۆر لە خەڵکی مەهاباد کە دروشم نەدەن و خۆپێشاندان رێک نەخرێ نەیانوێرا مەیتی شەهید سولیمان موعینی لە چواریگەکانی مەهاباد هەڵاوسن.

لەسەر جۆلانەوەی ٤٦ - ٤٧ حەق وایە پیداچوونەوە و باسی زۆر بکرێ، بزوتنەوەیەکی زۆر تایبەت لە هەڵ و مەرجێکی زۆر سەخت و دا کە دەبێ زۆر وانەی لێ فێر بین. ئێمە لاوانی ١٢ - ١٣ ساڵەی ئەوکات کە لە چواریەکان مەهاباد و شارەکانی ناوەندی رۆژهەلاتی کوردستان چاومان بە مەیتی شورشگیرانی ئەم جۆلانەوە


کەوتبوو ودوایەش نسکۆی شورشی ئەیلوول و هاتن و بەرێکردنی پێشمەرگان کە دەبوو بێ چەک بۆ زۆر شار و گۆندی ئێران دۆربخەینەوە و بەداخەوە زۆر زەلیل کرابوون ،بەودیتنانە هەمیشە تووشی خەم وپەژارە دەبووین .دەمانگووت کە ئاخۆ کورد دەبێ هەتا کەێ هەی شکست ببینێ و مەیەنەتی بچێژێت . بەڵام هەزاران لاو وبە گشتی خەڵکی کوردستان، یەکە یەکەی قارەمانانی جوڵانەوەی شورشگێرانەی ٤٦ - ٤٧ بە جێگە شانازی دەزانێ. ئەوانە جیگاواراکانی رۆژهەلاتی کوردستان بوون کە ئێمە داستانی ئازایەی و قارەمانەتی و فیداکاری ئەوان دەبێ بۆ نەوەکانی دوارۆژ بە حورمەتەوە بگێرینەوە.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من نووسراوە.

ئاوریلی ٢٠١٣




# کۆنفرانسی گۆرموسا



**عەزیز ئەحمەدی**

هاوڕێی خۆشەویستم کاک ڕەحمانی نەقشی داوای لێ کردم شتێک لەسەر جووڵانەوەی سالەکانی ١٣٤٦ و١٣٤٧ بنووسم ،بە پێویستم زانی ڕونکردنەوەیەک لەسەر تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەناوچەی نەلینی گەورکان بەتایبەتی کۆمیتەی گۆرموسا کەلەسالەکانی ٤٣ تا ٤٧ بەرپرسایەتی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تا کۆتایی سالی ٤٧ی بەئەستۆوەبوو.

تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوناوچەیە لەلایەن کۆمیتەی گۆرموسا بەرێوە دەچوو بەرپرسی کۆمیتەی گۆرموسا سوارەی کاک سلیمانی سۆستانی بوو کاک بایزی نیوەژێشئەندامی کۆمیتەی گۆرموسا بوو کەسی سێهەم یاهەر نەبوو یامن نایزانم ،لەبەهاری ١٣٤٥ لەسەری گۆمی کەدەکەوێتە نێوان ئەحمەدبریو وشەواوکان ودەشتی وەزنی لەسەر دوندی چیا گۆمەئاوێک هەیە لەدەوری ئەو گۆمەئاوە کۆنفرانسی گۆرموسا بەسترا مەلاقادری لاچینی وەکوو کادری ئەو ناوچەیە کەکادری ئەو ناوچەیە بۆگرتنی کۆنفرانس هاتبوو لەگوندەکانی نەلین و بەشێک لەسویسنایەتی مەنگورایەتی بەشداری کۆنفرانس بون.

خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلانجم الدینی کەوکەبی کەلەهەموان شارەزاتر بوو کۆنفرانسەکەی بەرێوە دە برد، پێویستە ئەوەش بلیم کەئەندامانی کۆمیتەی پێشووی گۆرموسا بۆخۆیان نەهاتبوون بەشداری کۆنفرانسەکە بکەن کاکە سوار کەسێکی لەجیاتی خۆی ناردبوو ئەو کەسە پیاوێکی فەقیر و نەخوێندەوار بوو ویردی زمانی هەر

ئەوەبوو: هەرکاکە سوار مەسئولە  کەسی تر مافی ئەوەی نیە لەجیگای کاکەسوار بێ کەس گوی لینە دەگرت ئەو کۆنفرانسە تائیواری دریژەی کیشا ،کۆمیتەی نوی لەلایەن بەشداران هەلبژیردرا.

کەپینج کەس هەلبژیردران. خوالیخۆشبوو مامۆستا مەلا نجم الدين بەبەرپرسی کۆمیتە هەلبژیردرا خوالیخۆشبوو مامۆستا مەلارەسولی نەوزادی ئەندام حەمەدی مەلای ناسراو بەحەمەپۆلا ئەندام دوو نەفەرەکانی دیکە بەدەلیلی ئەمنیەت لەناو هینانیان خۆدەبویرم.

ئەو کۆمیتەیە کاروتیکۆشانی خۆی دەست پیکرد، حەمەپۆلا لەلایەن کۆمیتەی گۆرموسا وەکوو کادری کۆمیتە دیاری کرا بۆ هەلسوران وریک وپیک کردنی کاری تەشکیلاتی کە تەئسیریکی زۆرباشیشی هەبوو .جوولانەوەی ٤٦ - ٤٧ پیش وەخت بوو یابلیم لەرووی ناچاریەوە بووچونکە ئەوهۆکارانەی پیوەستن بۆئەوەی راپەرین دژی ریژیمیکی دیکتاتۆرو خوینریژی وەکوو رژیمی حەمەرەزاشا کە ئەندامی ناتۆ بوو ئەمریکا پشتیوانی لیدەکرد دەستپیبکا لەگۆریدا نەبون،بۆ ئەوەی راپەرین دەستپی بکا پیویستە کۆمەلانی خەلک لەتیکرای ناوچەکانی کوردستان ئامادەگی تەواویان هەبی،بیری ئەساسی لەپیکهینانی ئیمکاناتی مالی بکریتەوە بیر لەپشتی جەبهە بکریتەوە.

جوولانەوەی ٤٦ - ٤٧ ناوەندەکەی ناوچەیەکی مەحدود بوو وەکوو ناوچەی سەردەشت جارو بارە بەشیک لەناوچەکانی بانە، بۆکان، مەهاباد، نەغەدە، پیرانشار دەگرتەوە، ریژیمیش بە هیزیکی زۆری جاش وئەرتەش وژاندارمەری وەسەر ئەو ناوچانە گەرابوو.

ریبەری جوولانەوە نەیتوانیبوو لە ناوچەکانی  وەکوو ئیلام، کرماشان، سنە، ورمێ نفوزی هەبی ئەگەر جوولانەوە لەو ناوچانەش وجودی هەبا هیزی ریژیمیش دابەش دەبوو ئەو هەموو فشارە نەدەکەوتە سەر هیزی پیشمەرگە لەو ناوچانە کەجوولانەوەی لی وەری خرابوو،دەتوانم بلیم تەمەنی جوولانەوە وبەربەرەکانی دریژ تر دەبوو، لەوانە بوو ئەو هەموو خەلکەش رەپیچەکی بەندیخانە نەکرابان کەلەپایزی ٤٧ بەسەدان کەس گیران و ئاوارەی باشووری کوردستان بون. بەداخەوە تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لەو ناوچانەی جوولانەوەی لی بوو تووشی راوەستان هات و راکید بوو بۆماوەی چەند سالان کاری حیزبی راوەستا.




حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو چەند ناوچە مەحدودو دیاری کراوە دا پیکهاتبوو لەناوچە گرینگەکانی وەکوو ئیلام کرماشان سنە و تەنانەت ورمیش یا هەر نەبوو یا زۆر زەعیف و لاواز بوو بوو، لەلایەکی دیکەش لەو شوینانەش کە هەبوو سەدی ٩٥ی خەلکی نەخویندەواری دیهاتی بون بەشی خویندەوارو روناکبیر زۆر بەکەمی بەشداری بون پیشمەرگەکانیش زۆربەیان بەداخەوە نەخویندەواربون ریبەری جوولانەوەش لاواز بوو بەداخەوە هەر زوو زۆربەیان شەهید بون.

ئەو بەشە لەکادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەوپەری قارەمانەتی و فیداکاریخەباتتیان کرد نیزیک بەتەواوی ریبەرانی جوولانەوە شەهید بون،وەکوو کاک سولەیمانی موعینی، کاک باپیرشکا(نحۆ)، مامۆستا ئاوارە،عەبدوڵڵا موعینی، سمایلی شەریفزادەناکری ناوی هەمویان بینم، هەروەها چەند پیشمەرگەی قارەمان کە ئەو شەهیدانە زەربەیەکی زۆریان لەجوولانەوە دا.

لەلایەکی دیکە شۆرشی باشووری کوردستان کەدژی دەوڵەتی عیراق دەشەر دابوو بۆئازاد کردنی باشوری کوردستان، پشتیوانی لەجوولانەوەی ٤٦ - ٤٧ نەدەکرد بەدژی بەرژەوەندی راپەرینی خۆشی دەزانی، ئیران فشاری دەخستە سەریان بو بیدەنگ کردنی ئیران چەندجارفشاریان دەخستە سەر برادەرانی حیزب کەموشکیلە بۆ ئیران دروست نەکەن.

پشتیوانی ئەوجوولانەوەیە تەنیا خەلکی ئەو ناوچانە بوون کە بەهەموو نەداری وهەژاری خۆیان فیداکارانە یارمەتی پیشمەرگەیان دەکرد،نمونەیەک باس دەکەم. لەمیراوی رەسووی حەمەدە مینی هەبوو پیشمەرگە میوانی دەبن هیچیان نابی لەپیش میوانەکانی دانین بۆ ئەوەی پیشمەرگەکان هەست نەکەن بەدزی دەچیتە مالی جیرانی نانو پیخۆریان بۆدینی. رەسووی حەمەدە مینی لەدوای جوولانەوەی ٤٦،٤٧ پەنا بۆ باشووری کوردستان دەبا لەقەلادزی دەبی لەبازاری دەگەریتەوە عەسکەری عیراق تەقەی لیدەکەن شەهید دەبی لەسالی ١٣٥٩ تاقە کوریکی هەبوو بەناوی رەحمانی فەرامەرزی ئەویش پیشمەرگەی حیزب بوو لەگرتنی پایەگا دەگەڵ حوسینی حاجی شەهید بوو بەداخەوە ناوی رەسووی حەمەدەمینی دەلیستی شەهیدانی حیزبدا نیە.

## ڕونکردنەوەیەکی کورت لەسەر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**من ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانم هیناوە وشەی [ئیران ] م نەنوسیوە چونکە ناوی حیزب تادوای کۆنفرانسی سێ کە لەساڵی ۱۳۵۰ لەکۆیە بەسترا ئیرانی پیوە نەبوو لەکۆنفرانسی سێ لەپشکۆی حیزب لەنیو دوکەوانە دا ئیرانە کە نوسرابوو لەدوای کۆنگرەی سێ کەوانەکە لاچوو ئیرانەکەیان بەحیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نوساند خۆشبەختانە ئیستا گەڕاوەتەسەر ناوی ئەسلی خۆی.**

**ئەم بابەتە لە داوای من نووسراوە.**

**۱٦ی ئاوریلی ۲۰۱۳ سویس**

---

# یاد و بیرەوەی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧



**سیروان حفیدی**

برای خۆشەویستم ماموستا رەحمان نقشی سڵاویکی گەرم ئارەزۆمە بە دوور بێ لە گیرو گرفت، زۆر سوپاس یادت کردومەتەوە، کاتێکی خۆت بە من بە خشیوە بۆ کورتە یادێک لە جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٠ تا ١٣٥٠ کە لەوماوە یە دا زۆر ڕوداو لە نێوجووڵانەوە ی گەلی کورد دا سەری هەڵداوە کە جوڵانەوە ی ٤٦ - ٤٧ دە توانین بڵێن زادگای ئەو بارودۆخە بوە!جێگای خۆیەتی سوپاست بکەم بۆ ئەو بیرۆکەت، هەر وەک دەبینم کە بە پۆستەر زۆر جار ڕوداوەکا ن، شهیدان،، پێشمەرەگە، مناسەبتەکان، دیکۆ مینتەکانی حیزب و گەل، لە ڕێگای مەڵپەرە بەرز و سەوزە کەی گیارەنگ وخاوەنە  تێکۆشەرەکەی کاک حەمەرسووڵ کەریمی دەوڵەمەند کردوە  جێ پەنجەی نقشی تۆ و ئەرکی گیارەنگ دیارە، سوپاس بۆ هەموتان هیوادارم نموونەتان زۆر بێ!! روخست دەخوازم سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئە ڕوداووە مێژوییە هەڵ سەنگاندنیکی بارو دۆخی ئەوسا و هۆ کارە کانی دروست بونی ئەو ڕاپەڕینە کە بە یەکێک لە روداوە پڕلەسەروەریەکانی مێژوی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دێتە ئەژمار بنوسم !

بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، کە دووای حیزبی دێموکراتی لەسەر ئەو بنەمایە دا دادەمەزری کە بەرهەمی هەرە گەینگی دامەرزندنی جمهوری کوردستان دەبێ، کە بەداخەوە تەمەنی ساڵێک تەواو ناکات ئەستێرەی بەختی کوردستان بە هۆی خۆفرۆشانی ناوخۆی و پیلانی دوژمن و بیگانەکان ئاوا دەبی، ڕێبەری حیزب کە رئیس جمهور پێشەوا قازی محەممەد بووەم دەگەڵ بەشێک لە هاو بیرو هاوسەنگەرانی ئیعدام دەکرێن، بەشێکی

بەرچاویش راپێچی بەندیخانەکانی زوحاکی پەهلەوی دەکرێن، و خەڵکێکی زۆریش لە ئەندامان و تێکۆشەران بە ناچار پەنا دەبەن بۆ باشووری کوردستان و وڵاتانی دەوربەر، پاش تاسان و هەڵوێستە سەر لە نوێ تێکۆشەران و رووناکبیران بە تایبەتی لە باشووری کوردستان هەوڵی خۆ رێک خستنەوە بە مەبەستی بوژاندنەوەی ریزەکانی حیزب دەدەن! دەست دەکریتەوە بە تێکۆشانی تەبلیغاتی و تەشکیلاتی، پاشان گۆرانکاری لە نیزامی عێراق کە لە پاشایرتی را دەگۆرێ بۆ کۆماری کە لانی کەم دوو ساڵێک بارودۆخێکی دێموکراتیک پێک دێ. پاشان بە هۆی باری کۆمەڵایەتی، و پیلانی دەورو بەر جارێکی دیکەش دیکتاتوری لەو وڵاتە سەرهەڵدەداتەوە، و لە کوردستانیش جووڵانەوەی چەکداری لە ساڵی ١٩٦١ سەرهەڵدە دات بە دژی حکومەتی عبدوالکریم قاسم،بەرێبەری جەنابی مەلا مستەفا لە لایەکی دیکەش رێژیمی شا کە نیزامی عێراق لە پاشایەتیەوە گۆراوبە کۆماری تەحەمول ناکا، لە هەڵی پیلان دانانەوە دا دەبێ، باشترین کاناڵ بۆ ئەو کارە خۆ خزاندنە ناو جووڵانەوەی چەکداریەکەی کوردە لە عێراق.

**بەسێ مەبەست:**

**یەکەم:** بەدەستەوە گرتنی جووڵانەوە بۆ دوا رۆژ کە لە کاتی خۆی دا بڵکوو موعامەلەیکی پێ بکات،
**دووهەم:** بەڵکوو لەو رێگایەوە بتوانی نیزامی عیراق بە چۆک دا بێنێ.
**سێهەم:** لە رێگا کاربەدەستانی شۆرشی کورد کارێک بکات کە رێگرێ بکات لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە چالاکی سیاسی تەبلیغاتی و نیزامی نەک هەر ئەوانە بەڵکوو نانەوەی دووبەرەکی و تەنانەت بە بەرتەقای هاوکاری یان تیرۆریان بکەن، یان تەحویل بە ئێران بدرێتەوە کە بەداخەوە ساواک بە شەیتان سیفەتی خۆی و خۆ بەدستەوە دانی پێپرسراوانی جووڵانەوە ئامانجەکانی خۆی پێکا!

لە گەڵ ئەوەشدا کە کورد لە ئێران و تێکۆشەرانی نیشتمانپەروەر و دێموکرات ئەوەی لە توانا دا بوو بە خوێن و ماڵ لە پشتیوانی ئەو جووڵانەوە یە کۆتاییان نەکرد! لە نێو تێکۆشەرانی دێموکرات چەندین دەستە جیاجیا بە بۆچوون و ئیدولۆژی ملیان لە یەکتری ناو وێرای گرتنی کۆنگرەی دوو بە شێوەیەکی نا دێموکراتیک ببوون بە چەندین دەستە، دەستەی یەکەم بەرێبەری شەهید ئەحمەد توفیق رێبەری حیزب کە بە هەموو توانا پشتیوانی لە جەنابی مەلا مستەفا دەکرد بە جۆرێک بە نەمانی هاورێی کانیشی تەواو بویایە کە بەداخەوە هەڵەی بەرچاوی هەبوون ، بەداخەوە دوای ئەویش مێژوو دووبارە بۆوە؟ کەس بۆی نیە لە ئازایرتی و فیداکاری و کورد بوونی ئەو

شەهیدە ون بووە کەم بکاتەوە؟

دەستەی دووهەم کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کاژیک) بە سەرپەرستی کاک سەلاح موهتەدی، کاک مەحمەد ئیلخانیزادە و مستەفا، ئەوان لە ناوخۆی وڵات خەڵکی خۆیان هەبوو!
دەستەی سێهەم کۆمیتەی ئینقلابی ئەو کۆمیتەیە کە بیرۆکەی کادری بە توانا و ئازا شەهید هەمیشە زیندوو قادر شەریف بوو، دوای کە دامەزرا ئەندامەکانی ئەندامەکانی قادر شەریف، حوسێن مەدەنی، سەعید کوێستانی، مەلا حەسەن رەستگار دوایش مەلا ئاوارە وا بزانم مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی بوو. ئەو جووڵانەوە کە بە ٤٦ - ٤٧ لە بارودۆخێکی ئاوا دا سەری هەڵدا و ناوبانگی دەر کرد. کە وێرای شانازیەکانی بەراستی قوربانی زۆر گەورەشی لێکەوتەوە.

هەر وەک لە پێشدا ئاماژەم بە چەند هۆ کرد، بەڵام هۆی دیکەکەش هەبوون وەک بۆچوونی توودی، مائویستی بە ناو چەپی ئینقلابی، دووبەرەکی نێوان پارتی و مەکتەبی سیاسی برایم ئەحمەد و مام جەلال و سەرۆکایەتی لەشکر و مەلا مستەفا کە دروست بوو.

دەکرێ بڵێین دوو بەرەکی و جیا بوونەوە و شەڕی براکوژی و خۆ بەدەستەوە دان لە نێو رێکخراوە کوردیەکان ئا لێرەرا بەردی بناخەی بۆ دارژا کە بە داخەوە ئێستاش هەر درێژەی هەیە ؟؟ ئەمن کە دەگەڵ شەهیدان کاوە مارەغانی، و لەتیف نەقشبەندی لە ساڵی ١٣٤٢ لە سەر دەستی مەلا حەسەن باساویی و مەلا رەحمانی نەقشبەندی لە گوندی باساوی مۆری دێموکراتیان لە نێو چاوان داین.

ئێمە زۆر ساکار و بێ ئاگا بووین، نەمان دەزانی دەستورات لە کوێرا دێت و نەشمان دەزانی کێ لە گەڵە و لە گەڵ نییە بەڵام هەر مزگەوت و حوجرەیێکی فەقیان رووت تێکردبایە هەر ئەو باسە بوو، پێمان دەگەیی کە لە گەرمین را دەستە بەدەستە دێنەوە بە شێوەی جیاجیا ئێمە کەوتێنە دەستەی شەهید ئاوارە کە بۆ خۆم دوجار دێتوومە جارێک لە شاخی مرادی لە بەرانبەر قەلەرەشی، جاری دووهەم لە دێ بێژوی لە ماڵی شادرەوان مەلا ئەبووبەکری شەریعەت پەنا، مەلا ئاوارە و کاک قادر شەریف دوو کادری سیاسی بە توانا و هەڵسور و خۆشەویست و نهێنی پارێز بوون لە ناوچەی بانە، رەبەت، بەری سەردەشت قادر شەریف حازر نەبوو قەت مل بۆ




سەپێنەران درێژ کا هێندێک روحییەی تاکرەوی تێدا بوو بەڵام ئازا نەترس بە تاکتیک بوو بۆ پلان دانانەوە و زەربەر لە دوژمن دان، دیار بوو ئەوان چەپێکی شۆڕشگێری دێموکرات بوون، دوژمن لێیان تۆقیبوو هەمیشە لە هەوڵی پێلان دانان بوو بۆ لە نێو بردنی قادر شەریف و ئاوارە هەر ئەوە بوو لە ژێر ناوی چارەسەری کێشەیکی کۆمەڵاتی لە گوندی دیواڵان لە لایەن حەسەن سکر؟ شەهید مەلا ئاوارە دەرمان خوارد کرا و بەزیندووی تەحویلی دوژمن درا.

بە تۆڵە لە دوژمن عەمەلیاتی سەرشیوی بە سەرپەرستی شەهید قادر شەریف رێکرا کە بەحەق زەربەیەکی کوشندە بو لە دوژمن درا جاش و ژاندارمەیکی زۆر کوژران، لەو شەڕە دا بە داخەوە شۆڕشگێریک بە ناوی محەممەدی رەسوە مەڕ شەهید بوو رووحی شاد بێ.

هەر دوا بەدوای ئەو شەڕە کە پێشتر دوژمن سەرکوت و تێشکانی بە خۆوە دیبوو هار بەبوو هەر لە فکری تۆڵەی سەرشیوی دابوو. ئێمە لەو کاتە دا لە موچەیەک بووین بە ناوی پیرکی کە تاقە ماڵە لە بەرابنەر قازانی بریار درا ئەو جێگای بە جێ بیێڵێن چووینە گوندی شڵماشی ئێمە نزیک ۳۰ نەفەریک دەبووین، لەوی دابەش کراین بە پێنج دەستە، دەستە یەک بۆ دێ ڕەزگە، دووهەم بۆ چۆڵپەمۆ کە ماڵی حاجی قادری لێ بوو، سێهەم چەند نەفەر بۆ شێرەخۆر کە ماڵی مام برایمی لێ بوو، چوارە دەستە یەک بۆ مچەکانی سابنی کە چەند ماڵێکی گۆڵینی و بنەیکی ماڵی حاجی عەوڵا دیوانەی ئەسپەمیزە لێ بوو. پێنجەم بەشێک لە شلماش بە تایبەتی لە دەورو بەری ماڵی قادری خاڵە باسی هەزاران ئافەرین بۆ ئەو بنەماڵە شۆڕشگێرە بە تایبەتی دادە ئامینی رەحمەتی خۆشکی شەهید ئاوارە و کاک مستەفا شڵماشی.

وردە وردە خەبەر دەهات لە سەردەشتی ڕا کە دۆژمن خەریکی جموجۆڵە و ئامادەکاری یە بەڵام مەعلوم نیە بەرەو کوی بیازی هەیە شەهید قادر شەریف و شەهید حەسەن ئلیاس و خوالیخۆشبوو محەممەدی مام قادری برای خدر دەرزی هەر پرچە پرچیان بوو ئێوارەیکی دەرەنگ هەموومان لەبن چناران کۆبوونەوە قادر شەریف گوتی بە پێ هەواڵ لە نێو شاری سەردەشت دوژمن هەستی کردوە ئێمە لێرەین کە وابوو ئامادەکاریەکەی بۆ سەر ئێمەیە جا یان دەبێ وەمێنێنن ئامادەی شەڕ بین یان هەرچی زوویە لێرە دەرباز بین، هێندێک گوتمان با ئێرە بەجێ بێڵێن هێندێک گوتیان ناروین شەڕ دەکەین، کاک قادر شەریف گوتی ئێمە هەڵدەکشین بۆ لای کۆڵەکەلی و هۆملی

سەرچاوە Serchawe

باشترین جێگایە بۆ زەربە لێدانی دوژمن هەرواشمان کرد شەهید عەلی رەش رەشاشی برنەوی پێی بوو جێگا بۆ ئەو دیاری کرا ئەمن و شەهید دوکتور کەریم و رەحیم کەپەکەندیش بە یەکەوە خولاسە دابەشبووین، کاک قادر شەریف گوتی جێگای پاشەکەشە دوای شەڕەکە دیاری دەکەین، بەر لە خۆرهەڵات ئێمە چوو بووینە جێگای دیاری کراو ئامادە کاری و ئیحتیمال کرد بۆ چاوەڕوانیەکەشمان هەر ئیحتیمالی بو فکر دەکەم سەعات هەشت دەبوو هێلی کۆپتێرێک بە تپەتەپ پەیدا بوو ماوەیەک دەستی کرد بە گەران دەچوو سەری سیتی پشکنینی خۆی کرد و گەڕایەوە پادگانی سەردەشت، خۆ بیسیمیش نەبوو هەر لە سەر ڕێنوێنی پێشوو ئێبتکار و بارودۆخی دەرگیریە کە هەڵسوکەوت کرا. ڕۆژی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٤٧ دوژمن هێزی خۆی لە سێ جیگە دابەزاند بە چەند هێلی کۆپتیر دەچوون هێزیان زیاد دەکرد، هێزی دوژمن یەکجار زۆر بوو بەشێکی یەکجار زۆری جاش کە لە شیمال و ورمێ را بەسەرپەرستی حەمەدەمین چیچۆ شکاک بۆ ئەو شەڕە هێنا بوو، شەڕەکە زۆر توند بوو ئێمە ٣٠ی کەسیک دەبووین بە هیلی کۆپتیر بە مەسرسل و خۆمپارەی ٦٠ میلیم و وێڕای ئەو هەموو جاش و ژاندارمە بە جورێک خەڵکی گوندەکان و تەنانەت ناو شاری سەردەشت وێرا دوعا بۆ سەلامەتی پێشمەرگەکان زۆر کەس پێ وابوو لەو شەر دا کەسمان لێ دەرناچێ. بەڵام خۆڕیەتی دوژمن و ئازایی و وەری پێشمەرگە و دوعا و پارانەوەی پیرە دایکان و باوکان تا نیزیکە ئێوارەی دەرنگ شەڕ ئیمە هەمومان سەلامەت دەرچووین تەنیا پێشمەرگەیەکمان بە ناوی سەلیم عەوڵڵای گۆزلی خەڵکی وەلیوی بە پرینجکی بەرد چاوی بریندار ببوو. دوژمنش بە کوشتە و بریندارێکی یەکجار زۆر و پێکانی هێلی کۆپتەرێک بەسەر شۆڕیی بەرەو دەپادگانی سەردەشت گەڕانەوە، ئێمەش دەبوو هەرچی زووتر ئەو ناوچەیە بەجێ بێڵێن، پاش تەواو بوونی ئەو شەرە هەموومان و سەریەک کەوتینەوە و وردە وردە بەو شاخ و دۆڵی پشتی ڕەزگە و شێخە سووری بە هەزاران بەدبەختی بەو شەوە تاریکە چووینە ئەو چەند ماڵە لە گوندی ئەڵمانی لە ویرا بۆ گوندی گڵەسپی خوا هەڵناگرێ زۆریان بە خێرهێنایین، بریار درا لەوی بروین بە هاوکاری چەند کەسی گڵەسی و گرویسی لە چۆمیان پەڕاندینەوە، وێ هەڵگەڕاین بۆ سەری گاکر، هیلاک برسی تینو هەمومان بەرستی لە پێ کوت بووین، لەویش ببین بە چوار دەستە بۆ وەیسکی، بۆ ورچەک، بۆ یعکوباوای دەشتەتاڵ بەشێکێش لە گاکر ماینەوە، ئە بردەرانەی دەچنە ئەو شوێنانە لە ڕێگای دۆستانەوە خواردنمان بۆ بنێرن، بەڵام، دەبێ کارێکی دیکەش بکەن یەک دژ کردەوەی دوژمن لە دژی خەڵکی سەردەشت، و نەزەری خەڵکی دەربارەی ئەو شەڕە و زیانەکانی دوژمن لەو شەڕە دا، و دەبێ لەسەر هەست و وریا بین لە نێو خەڵک دا حاڵەتی نهێنی بپاریزین تا دوایی ئەو ڕۆژە هیچ ڕۆژی دوای قادر شەریف بنگی کردمە بن داریک پاش قسە و باسێکت زۆر و پێ هەڵا گوتن، گوتی کاک مەلا کارێکی زۆر بە فەوریم پێتە نازانم ئامادەیت هەیە یان نا، دیارە زۆری




پێەلدام، گوتم فەرموو گوتی تۆ رەنگی فەقیو مەلایانت پێوە دیارە دەبێ بچێت بۆ سلێمانی ئیشیکم هەیە جێ بەجێی بکە زوو وەگەرێ، گوتم دەگیریم گوتی بەرخوردی مەلایان دەزان و شارەزای عیلمی ناگیرێ خولاسە بەڵێنیم دا بۆ ئەوەی دەیویست و ئەو شوێنەی کە دەبوو بچم و جێ بەجی بکەم و چۆنیەتی گەرانەوەی بۆ دیاری کردم کە گەرایەوە دەچێ بۆ دیی خەجەک لە ناوچەی بانە بۆ لای حاجی عەبدوڵڵا بەگ، لە رێگایەوە ئێمە دەبینێتەوە،! بەڵێ روێشتم چوومە دێ کە نارۆێ شارباأێر، لەوی لە لایەن پێشمەرگەکانی لەشکری بارزانی گیرام پاش حەواڵەی شارۆچکەی ماوتیان کردم، لە زیندانی قزل قەلعەی ماوەتان ٣١ رۆژ مانەوە بە تێ هەڵدان؟ ئەو باسە دوور درێژە بۆ ئێرە نابێ . هەروەک گوترا ئەو جووڵانەوەیە کە ناوبانگی دەرکرد بە ٤٦ - ٤٧ پرۆسەیکی لێک هالاو حەسساسووە لە هەڵ و مەرجێکی تر لە ململانە دا سەری هەڵدانە ئەگەر بارودۆخەکە وا نەبویایە شەڕ دەرگای پێ نەگرتبایانایە بێ شک نەرووداویکی وا دەچوو ناو مێژوو نە ئەو هەموو شەهیدەش دەدران، بەڵام بەرێژیمی شا و ناحەزان نیشان درا ئەگەر کۆمار و پێشەواکەی شەهید و لە نێو دەبەن، گەلی کورد ئامادەیە بۆ پارێزگاری لە گەل و نیشتمانەکەی تا وەدیهێنانی ئاوتەکانی پێشەوا و گشت شەهیدانی دەست لە خەبات هەڵناگرێ.

ئەم بابەتە لە داوای من نووسراوە.

رێکەوتی: ١٣ی ئاوریلی ٢٠١٣




# شەهیدانی ڕاپەڕینی ٤٧ - ٤٦ هەروا ڕێنیشاندەرمانن



**قادر وریا**

١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی شەهیدبوونی دیارترین سیمای جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ - ٤٦ی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمایل شەریفزادەیە.

ئەگەرچی، بۆ یاد کردنەوەی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ - ٤٦ی، ڕۆژ و مانگێکی دیاریکراومان نییە، بەڵام ڕۆژی شەهیدبوونی سەرکردەی جوانەمەرگ سمایل شەریفزادە، دەتوانێ بۆنەیەکی گونجاو بێ بۆ یادکردنەوەی سەرجەم شەهیدەکانی ئەم ڕاپەڕینە و خودی ڕاپەڕینەکە. چونکە سمایل شەریفزادە جگەلەوەی یەک لە دیارترین ڕوومای ئەو جووڵانەوەیە بوو، دەتوانین بڵێین لەباری فیکری و سیاسییشەوە شوێندانەرترین ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بوو.

سمایل شەریفزادە، خوێندکاری زانکۆ بوو و لە نێو خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران دا، توانیبووی گەرای کاری سیاسی و تێکۆشانی حیزبی و چالاکیی خوێندکاری لە ڕاستای خەباتی نەتەوەیی دا، بڵاو بکاتەوە. ڕاستە ئەویش وەک زۆربەی ڕووناکبیرانی سەردەمی خۆی، هەڵگری بیر و باوەڕی چەپ بوو. بەڵام لەو چەپانە بوو کە بیر و باوەڕی چەپیانەی خۆی لە خزمەت خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بندەستی دا، پەروەردە کردبوو. کاتێکیش ساواک شوێنی هەڵگرت و ئیمکانی مانەوە لە نێوخۆی ئێرانی بۆ نەمایەوە، هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیوی گەرمێن. بە هۆی توانای فکری و سیاسی و خاوەن هەڵوێست بوون و سەلماندنی ڕۆڵی سەرکردانەی خۆی لە مەیدانی کردەوەدا، بە زوویی جێگای خۆی لە نێو تێکۆشەرانی ئەوکاتی حیزبەکەی دا کردەوە. هەر بۆیە کاتێک تێکۆشەرانی حیزب، مانەوەیان لە کوردستانی گەرمێن لەگەڵ




گرفت بەرەوڕوو بوو و بە ناچار سەرەڕای نالەباربوونی هەلومەرجەکە بۆ تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات، گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەریفزادە ڕۆڵی سەرەکیی لەم حەرەکەتە دا کەوتە ئەستۆ.

ئەوان بە نیازی وەڕێخستنی ڕاپەڕینی چەکدارانە دژی ڕێژیمی شایەتی نەبوون و دەیانەویست لە نێو خەڵک و نیشتمانی خۆیان دا، بمێننەوە و کاری سیاسی و حیزبی بکەن. بەڵام دیار بوو هەڵسووڕانی دەیان کادر و پێشمەرگە لە بەشێک لە «ئەمنترین دووڕگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا» (بە تەعبیری ئەوکاتی شای ئێران)، بەبێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ لەشکرکێشیی ڕێژیمی پەهلەوی، مومکین نییە. هەر بۆیە ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان تووشبوو و بە گیانی خۆیان هەزینەی ئەم ڕاپەڕینەیان بژارد. لە ماوەی ١٨ مانگ درێژەکێشانی ئەو ڕاپەڕینەدا، چەندین کەس لە بە نرخترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات شەهید بوون بەڵام بەو زەبرانەی لەو ماوە کورتەدا لە ئەرتەشی ڕێژیمی شایەتییان وەشاند و لەمەش زیاتر بە بەخشینی گیانی خۆیان، ناوی حیزبەکەیان و پێویستیی خەبات دژی بندەستیی نەتەوەییان لە فکر و حافیزەی خەڵکەکەیان دا چەسپاند. ئەم ڕاپەڕینە ١٨ مانگەیە و ناو و یادی شەهیدەکانی، بوو بە سەرمایە و پشتیوانەیەکی مەعنەویی جێی شانازی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە پاش شانازییەکانی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان و خەباتی چەندین ساڵەی تێکۆشەرانی لە قۆناغی جۆراوجۆردا، لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شایەتی دا، حیزبی دێموکراتی کرد بە حیزبی یەکەمی کوردستان.


لە ٤٥ ساڵەی دەستپێکردنی جووڵانەوەی ٤٧ - ٤٦ و لە بیرەوەریی شەهیدبوونی سەرکردەی لاو سمایل شەریفزادە دا، بەڕێزەوە یادی ئەم جووڵانەوەیە و شەهیدە بە نرخەکانی دەکەینەوە. جێی خۆشحاڵییە کە خوێندکارانی ئەمڕۆی کوردستان، ئەم ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەی هەر دوو سەنگەری زانکۆ شاخیان کردوە بە ئولگووی خۆیان و لە چالاکی و تێکۆشانی خۆیان لە زانکۆکانی کوردستان و ئێران دا، ئیلهامی لێ وەرگرن. هەروا کە مایەی شانازییە موعینییەکان، مەلا ئاوارە، مەلا ڕەحیم وێردی، زەنگەنە، مینەشەم، ساڵە لاجانی و .. سەرجەم تێکۆشەرە شەهیدەکانی ئەم ڕاپەڕینە لە بیر و ئەندیشەی درێژەدەرانی ڕێگەکەیان دا زیندوون و وانەی کۆڵنەدان لە بەرامبەر ستەم و بندەستی و گیان بەخشین لە ڕێگای ئازادی و نیشتمانیان دا فێر دەکەن.

لە ژمارە ٥٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی: ٢١ی مەی ٢٠١٢




# جوولانەوە چەکداری ساڵانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦



**کەریم حیسامی**

ساڵی ١٩٦٧ بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ئێران ڕاونرا بوون و پەنایان بۆ کوردستانی عێراق و بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی چەکداری هێنابوو، دەکرێ بە ساڵێکی ڕەش و شووم دا بنرێت. بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی ناچنە ژێر باری دیکتاتوری و ملهوری ئەحمەد توفیقەوە. کار بەدەستانی بزووتنەوەی کوردستانی عێراق دەست دەکەن بە راونان و گرتنی کوردە ئێرانیەکانی ئەندامی حیزبی دێموکرات و دەیاندەنەوە بە ئێران.

## گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران و تووشبوونی خەباتی چەکداری

شەهید سولەیمان موعینی کە لە پێشدا هاوکار و هاودەستی ئەحمەد توفیق و کەسی دووهەمی جەریانی عەبدوڵڵا ئیسحاقی بوو، دوای تێکچوونی لە گەڵ ئەحمەد توفیق دەکەوێتە بەر هەرەشە و مەترسی کاربەدەستانی بزووتنەوەی کوردستانی عێراق و لە ترسی گرتنی و تەحویل دانەوەی بە حکوومەتی ئێران لە گەڵ هێندی لە ئەندامانی حیزب دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران. بەر لە هەموو شت بۆ کاری تەبلیغاتی و روونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک گۆڤارێک بە ناوی (ڕۆژ) وەک ئۆرگانی لقی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٦ لاپەرە دا بە رۆنیۆ بڵاو دەکاتەوە. لەسەر لاپەرەی هەووڵی رۆژنامەکە دا نووسراوە:

(یەکێتی - خەبات - سەربەخۆیی - دێموکراتی)

بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی نێوان حیزبەکانی شۆڕش و نێشتمانی بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی داگیرکەری، ئاڵای خەباتمانە بۆ ئازادی ئێران و پێکهێنانی حکوومەتیکی نیشتمانی و دێموکراتی و دیاری کردنی لای کەمی مافی نەتەوایەتی و پەرەی ئاشتی و ئاسایش لە ( کوردستان خۆرادەپسکێنی و بەسەر هەموو بەرهەڵستێک دا زاڵ ئەبێت) دروشمی سەرەکی گۆڤاری رۆژ بریتی یە لە : ...

جیهان، حاکمییەتی میللی و دێموکراتی ژیانی خۆش و بەختیاری نەتەوەی کورد ئامانج و دروشمی خەباتمانە. خەبات و سەرکەوتنمان بۆ قایم بوونی دۆستایەتی نێوان نەتەوەکانی ئازادیخواز و پشتگری بزووتنەوەی گەلانی وڵات داگیر کراو و زیدی ئیمپریالیستی لەسەرانسەری جیهانە.

هەرچەند رۆژنامەکە لە بارو دۆجێکی دژوار بە رۆنیۆ بڵاو کراوەتەوە، ئاوئاخنەکەی نیشان دەدا کە لە لایەنخەڵکەوە پێشوازی لێکراوە و لە شوێنی گرنگی ئەرتەشی ئێران و دەزگا دەوڵەتیەکان دا دەستی هەبوو و بەڵگەی فرە نهێنی ئەرتەشی ئێرانی وەدەست هێناوە کە نیشانی دەدەن حکوومەتی ئێران لە راپەرینی چەکدارانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتۆتە دڵەراوکە و بەڵایەوە، مەسەلەیەکی گرنگی رۆژە بووە.

## کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هێشتا لە ناوچەی بەرەواڵەت ئازاد کراوی کوردستانی عێراق دەمێنەوە هەوڵ دەدەن بەڵکوو سولەیمانی موعینی بگێرنەوە و کارێکی وا نەکرێ کە ژانەسەر و کوسپ بۆ بزووتنەوەی کوردستانی عێراق ساز بێت. بەڵام لە بەرانبەر هەست و ویستی سادقانە و دڵسۆزانەی ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێر دا، جگە لەوەی کە بزووتنەوەی چەکداری کوردستان پێشمەرگەیەکی زۆر بۆ کوردستانی ئێران وەدوای سولەیمانی موعینی دەخاتە کە بە زیندوویی یا مردووی بیگرن و بیهێننەوە، بە ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێریش ڕادەگەیینن کە : ... بۆ کوردە ئێرانییەکانی دانیشتووی کوردستانی عێراق تاقە دوو ڕێگا هەیە:

توانەوە لە ناو شۆڕش و دەست لە ئێران هەڵگرتن، یا چوونەوە بۆ ئێران و دەست لە عێراق هەلگرتن، دەنا رێگە نادەین ئەوانەی لیرەن بچن لە ئێران حیزبایەتی بکەن. (نامەی سراجی بۆ نووسەر).

ئەم هەرەشە و پێراگەیاندنە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمیتەی شۆڕشگێری دەخاتە مەترسی گرتن و دانەوەیان بە ئێران، بەتایبەت کە پێشتر چەند کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەگرن و تەحویلی ئێرانیان دەدەنەوە، بە دوای ئەو هەرەشە و پێراگەیاندنە دا ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێری لە ناوچەی نیزیک سنوور دا وەگێڕنەوە خواری و لە سەنگەسەر گلیان دەدەنەوە، لە ئاکام دا ناچار دەبن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەترسی بزووتنەوە بە جێ بێڵن و روو بکەنەوە چیاکانی کوردستانی ئێران و لە نێو گەلەکەیان دا خەبات بدومێنن.

کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات پاش ئەوەی لە گەڵ سولەیمانی موعینی یەک دەگرنەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران لە پەرش و بڵاوی رزگار بکەن و لە ژێر رێبەرایەتی و ناوەندێک دا کۆی کەنەوە و تەبلیغاتی رێژیمی ئێرانیش لە بارەی بوختانی (چەتە و ئەشرار) بە بزووتنەوەی کورد پوچەل کەنەوە، لە کۆبوونەوەی یەکی بەرین دا (بیست و یەک کەس بۆ رێبەرایەتی بزووتنەوە هەڵدەبژێرن و بریار دەدەن تا پێکهێنانی کۆنگرەی سێ یەمی حیزب لە جیاتی ناوی حیزبی دێموکرات بە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات درێژە پێبدەن.

سەرنج راکێش ئەوەیە کە سێ کەس لە رێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێر (سولەیمانی موعینی و حەمەدەمین سراجی و سمایلی شەریف زادە) هەر یەک بە جیا و بە گێرەی دەرفەت و دەرەتانیان نامە بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران دەنووسن و لە گەڵ روونکردنەوە بارو دۆخی وڵات و هەل و مەرجی خەبات داوای هاوکاری و پشتیوانی لە حیزبی تودە دەکەن، رۆژنامەکانی (رۆژ و تیشک)یش بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودە دەنێرن. لە ئەنجامی نامە نووسین و پێوەندی دا، رێبەرایەتی حیزبی تودە دێتە سەر ئەو بریارە کە لە نیزیکەوە پێوەندی یان لە گەڵ بکات. لە ئەنجام دا رۆژی ٢٨ی فێوریەی ١٩٦٨ لە بەغدا کۆبوونەوەیەک لە لایەن دوکتور رادمنیش سکرتێری حیزبی تودە و دوکتور قاسملوو و سولەیمان موعینی، حەمەدمین سراجی و کەریمی حیسامی پێک دێت. پاش چوار رۆژ ئاخفتن و باس و لێکولینەوە بە تێکرایی دەنگ لە سەر بڵاو کردنەوەی بەیاننامە ساغ دەبنەوە.




* ڕاپەرینی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر چەند ١٨ مانگ لە بەرامبەر هێرشی بەربڵاو و درندانەی حکوومەتی ئێران دا خۆی ڕادەگرێ و ئەو دورگە ئارامە دەشڵەقێنێ کە شای ئێران شانازی پێوە دەکرد، بەڵام سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری خۆجێیی و دەوەرە و نەبوونی پشتیوانی و یارمەتی و بەرتەنگیی مەودا و ناوچەی ڕاپەرین و گەڵێک هۆی بابەتی دیکە تووشی شکان دێت. ڕێبەرانی ناسراو و چالاکی بزووتنەوە وەک مەلا ئاوارە، سمایلی شەریف زادە، سولەیمانی موعینی و عەوڵڵای موعینی، سەید فەتاح و گەڵێک لە تێکۆشەرانی دیکە شەهید دەکرێن.

پاش شکانی بزووتنەوە لە نێوان خەباتگێرانی بزووتنەوە دا ناکۆکی پەیدا دەبێ، هێندێکیان دەچنە لای مام جەلال و لە بەکرە جۆ دەگیرسێنەوە، هێندێکی دیکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردستانی عێراق و ئەوانیش هێندیکیان چەک دەکەن و حەوت کەسیشیان کە بە دەستەی سالح لاجانی ناسراو بوون دەگرن و دەیاندەوە بە حکوومەتی ئێران و لە پێگەی نیزامی جەڵدیان ئێعدام دەکرین. دانەوەی ئازادیخوازانی کوردی کوردستانی ئێران بە حکوومەتی ئێران، یەکێک لەم کارە ناحەز و چەپەڵانەی کار بەدەستانی بزووتنەوەی ١٩٦٨ی کوردستانی عێراق بوو کە وەک خاڵێکی رەش لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیە دا تۆمار دەکرێ.

(لە شۆڕشی ئەیلول دا چەند هەلەیەکی تر کرا کە بە تایبەتی زیانیان لە پارتی و شۆڕش دا، ج لە بارەی ناوبانگەوە و چ لە بارەی پەیوەندیمان بە هێزە نیشمانپەروەرەکانی پارچەکانی تری کوردستانەوە. یەکێک لەو هەڵانەی کە پارتیمان بە کاری نارەوا و زیان بەخشی دەدەنی، وەک بە تایبەتی دوژمنانی شۆڕشی ئەیلول و میللەتی کوردمان لە بۆ پروپاگاندە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێنا بگرە بە شێوەیەکی تایبەتی دژی شۆڕشی ئەیلول و پارتیمان. دانەوەی لاشەکەی (سلێمان معینی) بە ئێران بوو. (بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دوای کۆنگرەی ٩)

هەرچەند بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دوای کۆنگرەی ٩ پێ لە (چەند هەڵەیەک) دەنێ ، بەڵام بەداخەوە هەڵە و کەم و کوری یەکان روون ناکاتەوە و بە تایبەت لە مەسەلەی شەهید کردنی نارەوای سولەیمانی موعینی، نەک هەر ئەم کردەوە دزێوە مەحکووم ناکات، بەڵکوو تەنیا (دانەوەی لاشەکەی بە ئێران) بە هەڵە و بە کارێکی

نارەوا دادەنێ. جگە لەوە حیزبە سیاسەکانی کورد لە هەڵە و ئەزموونی تاڵی خۆیان دەرس وەرناگرن. پارتی دێموکراتی کوردستان کە لە کۆنگرەی نۆیەم هەڵە و خەتای گەڵێک گەورتر سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دووپات دەکاتەوە.

سەرچاوە: پێداچوونەوە بەرگی دووهەم نووسینی کەریم حیسامی

تایپ کردنەوەی دووبارە : رەحمان نەقشی




# دامەزراندنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەکدارانەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨



**د.یاسین سەردەشتی**

دەتوانرێت مەیلی دەرکەوتنی خەباتی چەکدارانەی گروپە چەپەکانی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیست مدا و لایەنگری لە تیۆری (جەنگی پارتیزانی) بە گرنگترین و نوێترین دیاردەی سەر ئاستی هێزە بەرهەڵستکارەکانی دژی بە ڕژێمی دیکتاتۆری شاهەنشاهی لە ئێران دا بنرێت، چونکە وەک ئاشکرایە شکستی جولانەوە سیاسییەکانی ساڵەکانی ١٩٤٥- ١٩٤٦- ١٩٥٣ هەروەها کۆتایی هێنان بەو ئازادییە ڕەواڵەتی و درێژەییەی کە تا ڕادەیەک لە سەردەمی حکومەتی (دوکتور عەلی ئەمینی) دا بەرقەرار بوو، جگە لە شێلگیری ڕژێم لە پیادە کردنی سیاسەتە وێران کارییەکانی کە بە ڕیفۆرمی زەوی و شۆڕشی سپی ناوی دەبردن و داپڵۆسینی هەر نارەزاییەکی لەم بوارە دا بێتە سەر ڕێ، وەک لە خوێن گەوزاندنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کە لە زستانی و بەهاری ساڵی ١٩٦٣ دا لە شارییەکانی قوم و تاران دژی دەرکردنی بڕیاری سەر دانەنەواندنی ڕاوێژکارە ئەمەریکاییەکان بۆ لێپرسینەوەی دەزگا دادوەری و قەزائییەکان و سیاسەتی مەزهەب زەدایی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی، بۆ هاندانی ئاخوند و بونیادگەرەکانی وەک (خومەینی) هەڵگیرسانی، هەموو ئەوانەی ئەو جۆرە بیرە باوەڕەیان لە لای لاوان و خوێندکارە ڕۆشنبیرەکان پێک دەهێنا کە ئێدی لە ئێرانی شاهەنشاهی دا بوارێک بۆ خەباتی سیاسی و یاسایی و پارلەمانتاری نەماوەتەوە، دیارە لەم کاتە دا کە حیزبی تودەی ئێران بەتەواوی لە مەیدانی سیاسی ئێراندا بۆ دەرەوە دەرپەڕێنرا بوو، دوای گرتن و لە سێدارە دان و زیندانی کردنی بەشی زۆری کادر و ئەندامانی، ئەوانەی مابوونەوە هەڵتبوونە شورەوی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و لە سایەی سکرتێری (دوکتور رادمرنیش) دا لە بێ

سەرەوبەری و ناکۆکی و دوو بەراکییەکی توند و تیژا دا ژیانیان دەگوزەراند و جگە لە نیزەیەک کە خۆی لە دەنگی رادیۆی (پەیکی ئێران) کە لە سوفیای پایتەختی بولگاریا بڵاو دەکرایەوە، ڕەنگێکیان نەبوو. بەرەی نیشتمانی دووەمین کە زیاتر لە ژێر ڕێبەرایەتی (مهندیس بازرگان) و (آیت الله تالەقانی) دا هەڵدەسوڕان، ئەوانیش دوای ڕووداوەکانی حوزەیران (ژوئەن) ١٩٦٣ دا کەوتنە بەر پەلاماری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم بە بەشی زۆری بە دوای رۆژی ڕژێمی شاهەنشاهی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و جیهانی سەرمایەدارییەوەم هەروەها سەپاندنی کەش و هەوایەکی فشار و سەرکوت و پێشێلکردنی تەواوی مافە دێموکراتییەکان و باڵا دەستی و خورتبوونی ساواک و هێزە سەرکوتکەرە نێوخۆییەکان و لەشکری شاهەنشاهی، تێکرای ئەوانە ئەو باوەڕەیان لە نێو نەیارانی ڕژێم دا دەچەسپاند کە تەنیا و تەنیا لە ڕێگای گرتنەبەری خەباتێکی چەکدارانەی درێژخایەنەوە دەتوانرێت گورزی گرچک بڕ لەو رژێمە دڕە بوەشێنرێت و لە ڕێگای جەنگی پارتیزانییەوە ئیمکانی ئەوە دەبێت لە بەرامبەر خواستەکانی گەلدا بە چۆکدا بهێنرێت.

ئەوەی ئەم باوەرەی زیاتر لە نێو لاوانی شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ دا دەچەسپاند، سەرکەوتنەکانی ئەو قوناغەی جووڵانەوەی چەکدارییەکانی گەلانی ئاسیاو ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی وەک (چین، ڤیتنام، کوبا و جەزائیر) بوو بە سەر ڕژێمە نۆکەر وابەستەکانی رۆژئاوا دا و پەرەگرتنی خەباتی دژی ئیمۆریالیستی و بڵاو بوونەوەی بیروڕاکانی (ماوسیتۆنگ، هۆشی منە، ڕۆژی دەنێرە و جیڤارا(چەکوارا).) بوو کە کاریگەری مەزنی لەسەر ڕۆشنبیران و لاوان و خوێندکاری زانکۆی تاران دادەنا، دیارە مەسەلەی دەرکەوتنی ڕەوتی چەپی نوێ لە نێو خوێندکاران و دواتر دامەزراندنی رێکخراوی (چریکە فیداییەکانی خەڵک) بەرابەری بێژەنی جەزەنی، هەروەها گرپە چەپەکانی دی وەک (موجاهیدنی خەڵک) و جیابوونەوەی ئەحمەدی قاسمی و دوکتور غەلام حوسێنی فروتەن لە حیزبی تودە دوای پلینۆمی یازدەهەمی حیزب لە ساڵی ١٩٦٤ و دامەزراندنی (سازمانی ئینقلاب - کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە) و دوتر رێکخراوی (توفان)، ئەمانە تێکڕا لە ژێر کارای بیری ماویزم و تئیۆری جەنگی پارتیزانی و درێژخایەن دا بوون.

ئەو ڕاستی یەی کە لێرە دا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیەکە لایەنگری کردن لە خەباتی چەکداری و جەنگی پارتیزانی لە لایەن وەردە بۆرجوازی مارکسیتی کوردەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکراوە ڕێبازی (ماویزم) زۆری نەبرد گەیشتە شاخە ڕوتەکانی کوردستانیش، وەک ئاشکرایە هەندێک لەو لاوە مارکسیتە خوێن گەرمانە لەباوەشی

بزووتنـەوەی ڕەوتـی چـەپی نـوێی خوێنـدکارانی زانکـۆی تـاران دا پـەروەردە ببـوون و داوای ڕاوەدەنـانی دەزاگـا جاسوسی و داپڵۆسینەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی پەنایان بۆ کوردستانی عێراق برد بوون لەوێ کاتیان بـە موتـاڵا کردنی نوسینەکانی ماوستیۆنگەوە دەبردەسەر لەوانە (سمایل شەریف زادە و حەمەدەمین سیراجی).

ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیەوە پێشێلکردنی تەواوی مافە نەتـەوەیی و سیاسـی و ئینسـانی یـەکانی گـەلی کورد لە ئێران لە لایەن ڕژێمی شاهەنشـاهی و پەهلەوییەوە و هـەنگاو نـانی ئـەو ڕژێمـە بـۆ زیـاتر میلیتـاریزە کردنی کوردستان و گرتنە بەری سیاسەتی ڕاونان و گرتن و ئەشکەنجە و زیندانی کردنی ئازادیخوازانی کورد ڕەشبینیێکی گەورەی لە نێو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەرامبەر دەسـەڵاتدارانی تـاران پێکهێنـابوو، جگـە لە هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی ئێران وەک ئاکامێکی سروشـتی شـۆڕشی چەکدارانـەی گـەلی کـورد لـە کوردستانی عێراق، لە گەڵ هەموو ئەوەش کە چی هێشتا ڕژێمە پەهلەوی هەر سوور بـوو لـە سـەرنکۆڵی کـردن لـە مافەنەتەواییتیەکانی گەلی کورد و ئامادە نەبوو سادەترین خواستی نەتەوەی کورد لە ئێران دا بسەلمێنێت،

وەک محەممەد رەزاشا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنـامە نوسیدا لـە گـەڵ پـەیامنێری ئاژانسـی (فـرانس پـرێس) دا لـە ٢٩ی شوبـاتی ( فیوریەی) ١٩٦٤ دا دووپـاتی کردەوە (هیچ کێشەیـەک لـە ئێـران دا بـە نـاوی کێشـەی کـوردەوە نـی یە، کوردەکـانیش وەک ئێمـە ئـارین و لـە ئەرتـەش و مـەجلیس و دەزاگـا بەڕێوەبەرایەتییـەکانی تـردا لـە گـەڵمان بەشدارن)

* ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی لێبکرێت هەل و مەرجی کارو بەڕێوە چوونی حیزبی دێموکراتی کوردستـانە کـە لـە پاش بەستنی دووهەمین کۆنگرەش هەر بە شل و شێواوی یەک نە گرتوویی ڕیزەکـانی و بـەردەوامی ئـاکۆکی تونـدو تیژی نێوان ڕێبەر و کادرەکانی مابۆوە، ئـەوە ڕاستـە کـە پـاش گرتـنی کـۆنگرە بـە مـاوەیـەک ئـەو ئەندامانـەی کـە پێشووی کۆمیتەی ساخکەرەوە کە لە لایەن ئەحمەد توفیقـەوە لـە حیـزب دەر کرابـوون گەڕانـەوە نـاو حیـزب و بـە پلەی مشاویری کۆمیتەی ناوەندی دەستیان بە تێکۆشان کردەوە، بەڵام خودی ئەحمەد توفیق کەلە لایەن کـۆنگرەوە بە بەرپرسی یەکەمی حیزب هەڵبژێردرا نەک مەسەلەی هەڵگیرساندنی خەباتی چەکدارانەی لە کوردسـتان ئێـران زۆر لامەبەست نەبوو، بەڵکوو داوی ئەوەی باشترین کـادری ڕێبـەراتی کـە سـەدیق ئـەنجیری ئـازەر بـوو لـە گونـدی (مامەروت)ی ناوەندی ئێسگەی ڕادیۆ شۆڕش فڕاند و تیرۆری کرد، چوبووە نـاوچەی بـاڵەکایەتی بۆخۆی پـاڵی

لێدابۆوە بێ ئەوە پەیوەندی بە کەسێکی حیزبییەوە بگرێت، مەسەلەیەکی وا کە ئاستەنگێکی ڕاستەقینەی لە بەردەم کارو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێکهێنا بوو.

* ڕاستیەکی دی ئەوەیە کە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و نێوخۆی شۆڕش بە جۆرێکی وا خیرا تێدەپەرین و هاوکێشە سیاسییەکان بەچەشنێکی سەیر پێچەوانە دەبوونەوە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی تووشی واق و ڕمانێکی کەم وێنە کرد بوو، هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکوومەتی عەبدولسلام عارف دا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ دا، گەرانەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی و لایەنگرانیان لە هەمەدانی ئێرانەوە بۆ ناو شۆڕش، بەهێز بوونی پەیوەندییەکانی شۆڕش و ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران، هەڵاتنی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆن لە ناوچەی دۆڵەڕەقەوە و کار کردنیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە ناوی پارتی باسکی جەلالییەوە (لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی) و گرێدانی پەیوەندییان بە ڕژێمی عێراقەوە، قوڵ بوونەوەی دوو بەرەکی و هەڵگیرساندنی شەڕی کورد کوژەی ناسراو بەدەستانی (مەلایی و جەلالی) لە مێژووی جووڵانەوە نەتەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دا هەموو ئەو ڕووداوانە کارێگەری بنەڕەتیان لە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو خۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرد و کادر و ئەندامەکانیان بەسەر لایەنە جیاوازەکانی هاوکێشە جیاوازەکانی ڕادەکێشا، وەک: دانیشتن و وەستاندنی چالاکی یان هەڵسوڕان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری، لایەنگری لە مەلایی یا خود پشتگیری لە ڕەوتی جەلالی بانگەشە بۆ سیاسەتی یەکیتی شورەوی و نزیکی لە حیزبی تودە یا خود پشتگیری لە بۆچوونەکانی ماویزم و بەستنی پەیوەندی لە گەڵ سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە کە ئەو دەم بەرابەر (کۆرش لاشائی) لە بەکرەجۆ بنکەیان دانابوو، خۆ بەدوور گرتن لە ڕژێمی عێراق چاوەڕێکردنی ئاکامی شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق یا خود هەوڵدان بۆ بەستنی پەیوەندی و هاوکاری لە حکوومەتی عێراق بە مەبەستی هەڵگیرساندنی کاری چەکدارانە لە کوردستانی ئێران. ئەم مەسەلە دژ بە یەک و ناتەبا و ناکۆکانە کە پەیڕەوی لە هەر کامیان ورد بوونەوە و لێکدانەوەیەکی قوڵی دەوێست.

لە هەل و مەرجێکی ئاڵۆزی وادا ژمارەیەک لە لاوە خوێن گەرم و مارکسیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە چەپ و پێشکەوتوو خواز دەناسران و بریتی بوون لە: (سمایلی شەریف زادە، حەمەدەمین سیراجی، مەلا ئاوارە، سنار مامدی، سەعید کاوە. مەلا عەبدوڵڵا سەرباز، سالار حەیدەری) لە ١٤ی ئەیلولی (سیپتامبری) ١٩٦٦ لە سەرووی گوندی نزیک خەلان بریاری دامەزراندنی کۆمیتەی شوڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان یان

دا بەمەبەستی چەسپاندنی بیری خەباتی چەکدارانە و جەنگی پارتیزانی لە نێو ئەندامانی حیزب دا و بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران و ئامادەکاریی بۆ کارێکی لەو چەشنە، هەربۆیە لەو کۆبوونەوەیە دا بڕیار درا بڵاو کراوەیەکێش بۆ ئەو مەبەستە چاپ بکەن و بۆ دەسهێنانی هاوکاری و یارمەتی پەیوەندی بە لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە بکەن.

* بەم چەشنە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات تا دەهات زیاتر پێی خۆی دەچەسپاندو و بیری هەڵگیرساندنی خەباتی چەکدارانەی لە کوردستانی ئێران دا لە دوای ڕۆژ پەرەی دەگرت و فراوانتر دەبوو، پەیوەندییەکانیشیان بە هێزەکانی سەر شانۆی سیاسی ناوچەکە تا دەهات زیاتر روون دەبۆوە.

* لە ڕاستیدا گەرانەوە دەستە چەکدارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات بۆ کوردستان میلیتاریزە کراوی ئێران، بڕیار دان لە جووڵانەوەی چەکدارانە بێ ئامادەکارییەکی سیاسی، ڕێکخراوەیی - چەکداری، بێ بوونی هەستەی نهێنی لە ناوچە جۆرە بە جۆرەکانی، بێ پشت و پەناو دۆستێکی ستراتیژی، بێ پشتی جەبهەیەکی متمانە پێکراو، بێ ئاگاداری پێویست لەسەر خاڵە لاوازەکانی دوژمن بێ بەرنامە و دیدێکی یەکگرتوو لە مەڕ مەسەلەکان، بێ لێکدانەوەی وەزعی نێوخۆی ئێران و باردۆخە هەرێمییە ئاڵۆزەکە، تەنیا بە ئەمێدی گورز لێدانی دوژمن و پشت بەستن بە هەستی هەڵچووی لاوان و بەڵێنە بی ئەنجامەکانی هەندی لایەن، دروست دووبار بوونەوەی هەمان مەرگەساتی مێژوویی بوو کە (گیڤارای) شۆڕشگێڕ و هەڤاڵانی لە چیا گەمارۆ دراو میلیتاریزەکانی (پۆلیڤیا)لە هەمان ساڵ دا واتە (١٩٦٧) دا تووشی هاتن.

* لێرە دا پێویستە ئاماژە بۆ ئەم ڕاستیەش بکرێت کە تۆڕە جاسوسییەکانی ساواک چ لە ناو کوردستانی ئێران یا خود لە ناوچە سنوورییەکان و لە دیوی کوردستانی عێراق دا بگرە لە ناو خودی ڕیزەکانی دەستە چەکدارەکانی حیزبی دێموکرات دا، کەوتبوونە کۆکردنەوەی ورد و درشتی هەواڵەکان بۆ دەزگا لێپرسراوەکانی ژاندارم و لەشکری شاهەنشاهی یان دەنارد و هاوکارییەکی زۆر باشیان دەکرد سەبارەت بە بەڕوو بەروو بوونەوەی هەر ئەگەرێک کە بە تەواوەتی چاوەڕوان کراو بوو، بە چاوخشاندنێک بە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی ساواک دەردەکەوێت کە ئەو دەزگایە چ زانیارییەکی وردیان لەسەر خۆری کارکردنی حیزبی دێموکرات،




ناکۆکی نێو ئەندامەکانی، دابەش بوونی پێشمەرگە، پەیوەندییەکانی، لایەنگرانی لە ناو کوردستانی ئێران، شوێنی حەوانەوە و هاتووچۆیان... هید هەبووە - بەکورتی بۆ کارێک سەخت و گرنگی بەو شێوەیە نهێنییەکی ئەوتۆ نەمابوو لەسەر دەستە چەکدارانەکانی حیزبی دێموکرات ساواک پەی پیی نەبردبێ. مەسەلەیەکی وا کە باش بە فریای ڕژێمی شاهەنشاهی کەوت و هەر زوو چەند هەنگاوێکی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە هەڵهێنان بۆ ڕێگرتن لە تەنینەوەی هەر جووڵانەوەیەکی چەکداری لە کوردستانی ئێران.

هەربۆیە بە درێژایی تەمەنی ١٨ مانگی جووڵانەوەی چەکدارییەکەی ساڵەکانی ١٨٦٧ - ١٩٦٨، وێرای ئەوەی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات لە خۆبردووانە و ماندو نەناسانە هەلدەسوڕان و قارەمانانە بەرەنگاری پەلاماری ژاندارم و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی دەبوونەوە، کەچی نەیانتوانی لە نێو خۆی کوردستانی ئێران دا ناوەندێکی شۆڕشگێرانە و بارەگایەکی ئاشکرا لە سەر بستێک خاکی ئازاد کراو دابمەزرێنن. بەڵکوو دەستە چەکدارەکان لە ترسی هێرشی کۆپتەر و فرۆکەی جەنگی (اف ١٤) و پەلاماری لەشکر و ژاندارم و جاش دا کێو بە کێو و گوند بە گوند بێ بەرنامە و لە بێ سەرو بەرییەیی تەواو دا بێهودە دەسوڕانەوە، هەل و مەرجێکی وا کە تارادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی ڕژێمی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم دا بوون. ئەو دەزگایانەی لە ڕێگای تورە جاسووسەکانیانەوە شوێن پێی دەستە چەکدارەکانیان دیاری دەکرد و لە ناکاوێکدا بە هێزێکی زوورەوە گەمارۆی و پەلاماریان دەدان، مەسەلەیەکی واکە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی پێکهەلپڕژانە چەکدارییەکانەوە تا سەرکوتکردنی جووڵانەوەکە دەستە چەکدارەکانی لە شەڕی نابەرامبەر و لە ناکاو دا دەگلان و یەک بە دوای یەک کادر و سەرکردەکانیان یان لە مەیدانی شەڕ دا دەکوژران، یا خود دەگیران و دواتر تیرە باران دەکران.

سەرچاوە: خوێندوەیەکی مێژوویی جولانەوەی چەکدارانەکەی ١٩٦٧ - ١٩٧٨ لە کوردستانی ئێران. نووستنی دوکتور یاسین سەردەشتی.

تایپ کردنەوەی دووبارە : ڕەحمان نەقشی




## دیمانەی ئارام قادری لە بەڕێز مامەقالەی شۆڕش



**بەڕێزت ئاگاداری شەهیدکرانی کاک سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی بووی کە لە ناوچەی بانە و بە دەسکیسی کوێخا شەریفی کێلەشین شەهید کران. زۆر باسی جۆراوجۆر لەم بارەوە و بەتایبەت لە سەر کوێخا شەریف هەیە. پێم خۆشە بەرسەرهاتە ڕاستەقینەکەی لە زمان جەنابتان ببیسین...**

کوێخا شەریف کوڕی کوێخا ساڵحی کیلەشینی ناوچەی سەقزە. ناوبراو یەکێک لە باوەڕپێکراوترین پیاوانی ساواک و ڕوکنی ٢ی ئەرتەشی ڕژیمی گۆڕکراو حەمەڕەزا شای ئێران بوو. ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە کاتێکدا کە کێشە و دووبەرکی دەکەوێتە ناو بەڕیوەبەرایەتی ئەو کاتی حیزبی دیموکراتی کورستان، تاقمێک لە کادرە پێشکەوتووەکانی حیزب کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێر پێک دێنن. مەبەستی سەرەکی ئەو هاوڕێیانە لە ڕاستی دا ڕزگار کردنی حیزب لەو بارودۆخە نالەبارە بوو کە حیزبی لەو کاتە دا تیکەوبوو. ئەو کادر و پێشمەرگە لە خۆبووردووانە لە یەکەم هەنگاویان دەست دەکەن بە پێک هێنانی دەستەی چەکداری تۆکمە و چەند تیمێکیان بەرەو ناوخۆی وڵات بەڕێ دەکەنەوە. کردەوەیەک کە لە ڕاستی دا گۆمی مەندی ئێرانی شلقاند و خەوی لە چاوی کاربەدەستانی تاران ڕەواندەوە. ڕژیمی شا زۆر بەو کارە عاجز و دڵگران بوو هەر بۆیە بە زوویی کەوتە خۆ و هێزێکی زۆری ئەرتەش و جاش و بەکرێگیراوی خۆی بەرەو ناوچە سنوورییەکان بە تایبەت ناوچەی بانە و سەردەشت بەڕێ کرد. لە لایەکی دیکەوە جگە لە هێزە ئاشکراکانی، چەندین کەس لە سیخوڕ و جاشەکانیشی لە ژێر ناوی ڕاکردوو یان هاتن بۆ ناو ڕیزی پێشمەرگایەتی خزاندە ناو ئەو هێزانەوەی کە هاتبوونە بە تایبەت ناوچەی بانەوە. کوێخا شەریف و زاوەیەکی بە ناوی حەمەی حەسەن سەرشکاو لەو کەسانە بوون کە لە ژێر ناوی هەڵاتن و هاتن بۆ پێشمەرگایەتی توانیبوویان جێی خۆیان لە ڕیزی پ.م دا بکەنەوە. ئەو دوو کەسە لەگەڵ ئەو

دەستە پێشمەرگەیە دا بوون کە شەهید سماییل شەریف زادە کە ئەو کاتە نازناوی مەلا عەزیز،ی بۆ خۆی دانابوو. ئەو دەستە پێشمەرگەیە ماوەیەک بوو لە ناوچەی بانە جەولەیان دەکرد و ڕژیم سەرقاڵی پیلانگێڕی بوو بە دژیان.

ڕۆژێک خوالێخۆشبوو ئەحمەدخانی ئەحمەدی کە ماوەیەک بوو خۆی ڕادەستی ڕژیم کردبووەوە داوای چاوپێکەوتنی کرد، دیارە ئێمەش هێندێک بە ئەندێشەوە داواکەیمان قبووڵ کرد و لە ماڵی ڕەوانشاد حاجی دەروێش وەیسی لەگەڵی کۆبووینەوە. ناوبراو نامەیەکی کوێخا شەریفی نیشاندایین کە بۆی ناردبوو. کوێخا شەریف لە نامەکەیدا نووسیبووی: ئێمە ئێستا لە ناوچەی کێوەڕۆ،ین و لەگەڵ کەسێکین بە ناوی سماییلی شەریفزادە. ٨ کەسین و بە نیازین ئەمشەو بچینە گوندی ئاڵۆت. داوات لێ دەکەم کە کاربەدەستانی حکومەت ئاگادار بکە و تکایە بە هێزێکی باشەوە وەرن هێرش بکەنە سەرمان، من و حەمەی ژن براشم لێیان دەدەین هەموویان دەکوژین. کوێخا لە کۆتایی نامەکەیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە سەرهەنگ مودەڕیسی کە لە ساواکی سەقز کاری دەکرد بەڵێنی پلەی باشی پێداوم و ئەوە باشترین هەلە بۆ ئێمە. ئەحمەد خان داوای لێ کردن کە بە زووترین کات شەریفزادە ئاگادار بکەینەوە و تەنانەت نامەکەی داینێ بۆی بەرین. ئێمەش کە پێک هاتبووین لە شەهید حەمەئەمین میرزا ڕەشید، حاجی دەروێشی وەیسی، خەلیفە حەمەساڵح ڕەحیمی (باوکی شەهیدان عوسمان و عومەر ڕەحیمی) و من چووینە ناوچەی کێوەڕۆ و لە قۆخێک بە ناوی تاویی، لە ماڵی کەسێک بە ناوی خاڵە حەمە چاومان بە شەهید شەریفزادە کەوت و نامەکەشمان دایە. شەریفزادە ووتی هاوڕێیان بڵێی ئەو نامەیە ڕاست بێت؟ ئێمەش گوتمان دڵنیابە، داوات لێ دەکەین دەری بکە با لات نەبێت ئەو پیاوە کەسێکی زۆر خەتەرە. سەرەتا وتی بە خوا ڕیشی سپییە و پەنای بۆ هێناوم، بەڵام دوایی بەڵێنی دا کە پاش ڕۆشتنی ئێمە چەکی بکات و دەری کات. بە هەر حاڵ ئەو شەوە دەچنە ناوچەی ئاڵۆت و پاشان دەچنە گوندی دارێنە و روو لە ماڵی ڕەشید بەگی دارێنەدەکەن،

پێویست بە گوتنە کە ڕەشید بەگ و کوێخا شەریف پەیوەندییەکی باشیان هەبوو. پاش چەند ڕۆژ مانەوەیان لەو گوندە، کوێخا دیسانەوە لە ڕێگەی ڕەشید بەگەوە نامەیەک دەنێرێت بۆ پاسگای زەرواو و ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوا لە گوندی دارێنەین و وەرنە سەرمان. ناوبراو لە نامەکەیدا پیاوانی حکومەت دڵنیا دەکاتەوە کە مەترسی هیچتان نەبێت، خۆم و حەمەی ژنبرام دەبین بە نگەهبان و چاوەدێری دۆخەکە دەکەین.

حکومەتی شای ئێرانیش کە لەمێژ بوو بە دوای هەلێکی وا دا دەگەڕا زیاتر لە ٤٠٠ کەس ژاندرمە و جاش و سەباز ئامادە دەکات تا هێرش بکەنە سەر ئەو گوندە، بەڵام کە کوێخا شەریف ئاگاداری جمجۆڵی هێزەکانی حکومەت




دەبێت، بۆ ئەوەی کە پاداشتە بە خۆی ببڕێت، پێش ئەوەی کە هێزەکانی ڕژێم بەڕێبکەون تەقە لە پێشمەرگەکان دەکەن و شەریف زادە و میرزا محەممەدی شادومانی بریندار دەکەن و پاشان بەرەو ماڵی ڕەشید بەگی خائین و لەوێشەوە بەرەو موڵگەی زەرواو هەڵدێن و خەبەری چالاکییەکەیان دەدەن بە ئاغاکانیان. کاتەکەی بەهار بوو و هێشتا سەرما و سۆڵە مابوو، باران دەباری و دەشت و دەر تازە خەریک بوو سەوز دەبوو. سەرەڕای برینداری و ناشارەزایی و هەوای سارد و بارانـاوی بەڵام پێشمەرگەکان ورە بەر نادەن و بە برینـدارەکانەوە بەرەو دەرەوەی ئاوایی و پاشان بەرەو چەمی خوارئاوایی کە بە چەمی دارێنە مەشهورە پاشەکشە دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئاوی چەمەکە زۆر دەبێت بە داخەوە ناتوانن بپەڕێنەوە و هەتا تاریک دادێت لەو ناوچەیە خۆیان حەشار دەدەن. دیارە بە داخەوە کە شەویش دادێت مەجالی دەرباز بوونیان نابێت هەر لەوێ دەمیننەوە و خۆیان لە ئەشکەوتێک دا حەشار دەدەن. ڕۆژی دوایی تر هێزێکی زۆری دوژمن هێرش دەکاتە سەریان و پاش شەڕ و خۆڕاگرییەکی زۆر قارەمانانە کە هەر لە بەیانی زووەوە دەست پێ دەکات و تا درەنگانێکی ئێوارە بەردەوام دەبێت، پێنج کەسەکەیان کە بریتی بوون لە شەهیدان سماییل شەریفزادە، محەممەد شادومانی، میرزا محەممەدی بۆکانی، عەلی عەبدووڵا کۆڵ و حسێن ڕەحمان ڕابی شەهید دەبن و کەسێکی دیکەش بەناوی عەبەڕەش خەڵکی ناوچەی کێوەڕۆی بانە خۆی حەشار ئەدات و پاش ڕۆشتنی هێزەکانی دوژمن خۆی دەرباز دەکات و هەواڵەکەی دەگەیەنێتەوە بە هاوڕێیانی. پاشان تەرمی پیرۆزی ئەو ٥ شەهیدەش هێنرایەوە شاری بانە.

ماوەی چەندین ساڵ بەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دا تیپەڕی و کوێخا شەریفی خائین هەروا زیندوو مایەوە و درێژەی بە خیانەت و جاشیەتی خۆی دا تاکوو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژی ڕژێمی شا لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا سەری هەڵدا و حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە هاتەوە ناو کۆمەڵانی خەڵک. لە ڕاستی دا من و هاوڕێیانم لە کۆمیتەی نهێنی شاری بانە زۆر جار چ پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ٥٧ و چ دواتریش داوامان لە حیزب کرد کە کوێخا شەریف بە سزای تاوانەکانی بگەیەنن،

بەڵام دیار بوو دۆخە گونجاو نەبوو، تاکوو سەرئەنجام ڕۆژی ٢٥- ٤- ١٣٥٨ی هەتاوی هێزێکی ٨٠ کەسی پێشمەرگە بە فەرماندەیی شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە مەهابادەوە هاتن بۆ بانە. کاک هاشم کەریمی کە ئەو کاتە لێپرسراوی حیزب بوو لە بانە لێی پرسین بۆچی هاتوون، سەید ڕەسووڵ لە وڵامدا گووتی کارمان بە کاک قادر شۆڕشە، کاک هاشم لێی پرسی بۆچیتانە؟ گووتی نامەیەکمان بۆ هێناوە و ئینجا کاک هاشم منی پێ ناساند و گووتی ئەوە کاک قادر شۆڕشە. پاشان سەید ڕەسووڵ نامەکەی دامێ کە ئاوای تێدا نووسرابوو: کاک

قادر شۆڕش سڵاوێکی گەرم! ئەوا لەسەر بڕیاری حیزب کاک سەید ڕەسووڵ هات بۆ بانە و بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو شارەزای ناوچەکە نیە، داوا لە بەڕێزت دەکەین کە لە ڕاپەراندنی ئەرکی پێسپێردراوی دا کە گرتنی کوێخا شەریفی کێلەشینە هاریکاری بکە. پێویستە بڵێین کە ئەو هێزە لە ژێر بڕیاری ئێوە دا دەبێت. منیش داواکارییەکەم قبووڵ کرد. کاک هاشم گووتی پێشمەرگەی بانە لەگەڵ خۆت نابەی؟ منیش دوو کەس بە ناوەکانی خاڵە کەریمە سوتا و سەید عەلی سەید فەرجی هەنگەژاڵم لەگەڵ خۆم برد. کاتەکەی پێشنیوەڕۆ بوو، ئێمەش بە مەبەستی مانۆڕ لێدان جارێک بە ناوی شەقامەکانی شاری بانە دا بەو ئۆتۆمبێلە زیلە سەربازییانەوە گەڕاین و پاشان لە جادەی کەمەربەندی بانەوە بەرەو سەقز کەوتینە ڕێ. نانی نیوەڕۆمان لە گوندی سەبەتڵوو کە لە بناری چیای کەلی خان هەڵکەوتوو خوارد و لە حاڵی خۆ ئامادە کردن دا بووین بەرەو کێلەشین بڕۆین کە هەواڵیان بۆ هێناین لە ناو شاری بانە دا بۆمبێکی گەورە تەقیوەتەوە و کۆمەڵێکی زۆر خەڵک شەهید و بریندار بوو. بەڵام ئێمە چونکە مەئمورییەتمان هەبوو نەدەکرا بگەڕێینەوە، هەر بۆیە درێژەمان بە ڕێگەکەمان دا. سەرەتا لە نزیک کێلەشین چووینە لای حاجی ڕەزای حاجی قادر کە هەم حیزبی بوو و لە کۆنەوە دژایەتی هەبوو لەگەڵ کوێخا دا. داوای یارمەتیم لێ کرد کە لەگەڵمان بێت، ئەویش بێ ڕاوەستان تفنگە برناوەکەی دەستدایە و لەگەڵمان هات. لە ڕێگە دا داوام لێ کرد کە موچە ومەزرای حەمەئەمینی برای کوێخا شەریفمان نیشان بدات. مەزراکە هێندە لەوێوە دوور نەبوو کە ئێمەی لێ بووین. چووینە لای حەمەئەمینی برای کوێخا پرسیاری حەمەی حەسەن سەرشکاوم لێ کرد، حەمە ئەو کەسە بوو کە لەگەڵ کوێخا لە گوندی دارێنە تەقەی لە کاک سماییل و پێشمەرگەکان کردبوو، ناوبراو لە وڵامدا گووتی وەڵا حەمە لە بانەیە و نازانم کەی دێتەوە، دەی گووتم زەحمەت نەبێ لەگەڵمان وەرە. دیارە ناوبراو بێ تاوان بوو، بەڵام لە ڕێی ئەوەوە نەبوایە نەماندەتوانی نە کوێخا و نە حەمەی ژنبرای بدۆزینەوە.

هاوکات چووینە سەر جادەی بانە - سەقز و دەستمان بە ڕاگرتنی ئەو ماشینانە کرد کە لە بانەوە دەهاتن، زۆری نەخایاند کە حەمە بە سواری ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتاوە لە بانەوە گەڕایەوە. یەکسەر گرتم و دەمانچەکەیم لێ سەند و هەم حەمە و هەم حەمەئەمین بە کەسێک سپارد بە ناوی قادر و پێم گووت دەبێ وریا بیت ئەوانە قاتڵی پێشمەرگەن ڕاکەن تۆ بەرپرسی. پاشان هاوڕێ لەگەڵ حاجی ڕەزا و خاڵە کەریم و سەید عەلی و دەستەیەک پێشمەرگە ڕوومان لە گوندی سیادەر کرد. پێش ئەوەی بگەینە ناو دێ بە چەند دەستە دابەش بووین. حاجی ڕەزا و ٧ پێشمەرگە بۆ بەرزاییەکانی پشت ئاوایی، سەید عەلی و چەندین پێشمەرگە بۆ بەرزاییەکانی بەرامبەر ماڵان




و خۆم و خاڵە کەریم و چەند پێشمەرگەیەک ڕوومان کردە ناو دێ. دیارە شەهید سەید ڕەسووڵ و هێزەکەی هاوڕێشی لەو دیو ئاواییەوە وەستا بوون و چاوەڕێی بارودۆخەکەیان دەکرد. کوێخا شەریف بە وەزعەکەی زانی و ڕووی لە بەرزاییەکانی پشت ئاوایی کرد، دیارە دوایی زانیمان کە لەوێ سەنگەری بتوونی قاییمی ساز کردبوو و ئەگەر بگەشتایەتێ ڕەنگ بوو بە زەحمەت خۆی بدات بە دەستەوە. بە هەر حاڵ زۆری نەمابوو کە بگاتە سەر بەرزاییەکە کە حاجی ڕەزا و پێشمەرگەکان تەقەیان لێ کرد و بە ناچار گەرایەوە بۆ جێگەکەی پێشووی، دیارە بە داخەوە حیزب بڕیاری دابوو کە دەبێ بە زیندوویی بگیرێت، هەر بۆیە ئێمە خۆمان لە کوشتنی پاراست. بە هەر حاڵ زیاتر لە ٢ کاتژمێر بە چەندین نەوع چەک تەقەی لێ کردین، پاش ئەو دوو کاتژمێرە کە ئیتر تەقەمەنییەکەی ڕوو لەکزی بوو، هاواری کرد: ئەگەر قادر شۆڕش یان محەممەدئەمینی برایتان لەگەڵ بێت ئەوا خۆم ئەدەم بە دەستەوە. ئیتر من و خاڵە کەریم سوتاو چوینە پێش و هەر کە ئێمەی دیی تەقەی لێ کردن خەریک بوو بمانکوژێت. لە کورتی بیبڕێنمەوە تا دوا فیشەک شەڕی لەگەڵ کردین و کە تەقەمەنی پێ نەما ناچار خۆی تەسلیم کرد. دوای گیرانی داوای کرد کە بیبەینەوە بۆ ماڵەوە چاوی بە خاوخێزانەکەی بکەوێت و وەسیەت بکات، کە بردمانەوە بە ژنەکەی کە ناوی ئامین بوو گووتی کراسە تازەکەم بۆ بێنە. ژنەکەی کراسەکەی بە هەڵە هێنا بوو، لێی تورە بوو گووتی کراسە تازەکەم، هەر کە وای ووت من شکم تێ گەرا و پێش ئەوە بیدات بە کوێخا لێم سەند، کە سەیرم کرد ٢ نارنجۆکی ٤٠ پارچەی تێدا بوو، وا دیار بوو بە نیاز بوو لە دوا ساتەکانیش دا زەبرێکی دیکە بوەشێنێت. قوڵبەستمان کرد و لەگەڵ ئەو هێزەی کە شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە هێنابووی هاوڕێ لەگەڵ حەمەی ژنبرای و حەمەئەمینی برای ڕەوانەی دەفتەری سیاسیمان کرد، بەڵام بە داخەوە حیزب ئێعدامی و نەکرد و پاشان لە بەندیخانەی حیزب لە شاری مەهاباد هەڵات و چووەوە ناو ڕێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و تا دواساتەکانی ژیانی بە جاشیەتی و سەرشۆڕی مایەوە و سەرئەنجام بە تەقینەوەی مینێک کە لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە دانرابووەوە کوژرا.

دیارە پاش تێپەڕینی ماوەیەک بە سەر ڕووداوەکە دا لە نامەیەکی ڕەسمی دا کە لە لایەن شەهید سەرگورد عەبباسی،یەوە بۆ من نێردرابوو، سپاس لە خۆم و هاوڕێکانم کرابوو سەبارەت بەو کارە گرینگە کە کردوومانە و خائینێکی گەورەی وەک کوێخا شەریفمان دەستگیر کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز - دیمانە - ئارام قادری - ڕێکەوتی: ١٠ی فێوریەی ٢٠١١

# پێک هاتنی بنەمای کۆمیتەی ئینقلابی



سەعید کوێستانی (سەعید کاوە)

لەسەر داوای کاک سولەیمانی موعینی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرەکان بە تێگرایی بانگێستن کرانە دۆڵەڕەقێ. هۆی بانگ کردنەکە ئەوە بوو کە ڕێگا چاریک بۆ وەزی شڕو و شێرپێوی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدۆزرێتەوە. لە کاتی دیاری کراو دا هەمووەمان لە (دۆڵەڕەقێ) کۆبووینەوە. پێش دانیشتن هێندێک لە کادرەکان بەو ئاکامە گەیشتین کە کۆمیتەی ناوەندی توانای کێشنی ئەو کادرانەی نییە چ دەگا بە (بەدەنە)ی تەشکیلاتی. چونکە تەنیا چوار کەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ما بوون و لەو کۆبوونەوەوە دا بەشدار بوون. واتە کاک سولەیمان موعینی، مەلا رەحیم وردی، کاک ئەمیری قازی و مەلا سەید رەشید. ئێمە کادرەکانی دەرەجە دوو پاش قسە کردن لە گەڵ یەکتری، بەو ئاکامە گەیشتین کە کۆمیتەی ناوەندی بە مانای واقیعی نەماوە و ئێمەش نابێ ئەحمەدێکی دیکە دروست بکەین. کە وایە بۆ چی لە خۆڕا چوار مۆرەی ناتەبا و نالێک حاکمیەتمان بەسەر دا بکەن؟ بە حەق لە کاک سولەیمانی موعینی بەو لاوە ئەوانی تر ئەهلی کار نەبوون. ئەو کەسانەی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە ئاڕا دا مابوون و لەو کۆبوونە دا نەک هەر هێچیان بۆ نەکرا و ئیعتبارێکی نوێ یان وەدەست نەهێنا، بەڵکوو وایان تێک شکاندن لانی کەم بۆ ئەو دەوران کۆتاییان بە بەرپرسایەتی وەرگیراو لە کۆنگرەی دووهەم هات. بەڕشکاوی پێیان گوتن؛ لە گەڵ ئەو ڕێبەرایەتیە کار کردن زەحمەتە و دەبێ پتری فکر لێ بکرێتەوە.

لە نێو خۆمان دا وامان دانا کە خەریکی کار بین و لە داهاتوو دا کۆمیتەی ناوەندیەک پێک بێنێنن کە شیاوی

بەڕێوە بردنی کادر و تەشکیلاتی حیزب بێ. دامان نا تا ئەو کات پشتیوانی لە سولەیمانی موعینی بکەین، بۆ خۆشمان لە لاوە ئەگەر شتێکی دیکەمان بۆ کرا بیکەین.

کاتێک زانیمان ئەوانەی کۆمیتەی ناوەندی هێچیان لە دەست نایە و جێگای هیوا و هومێدنین، هاتینە سەر ئەو ڕایە کە لە کات و ساتێکی ناسکی ئەو رۆژی دا دەست لەسەر دەست دانان و چاوەڕانی قەزا و قەدەر بوون بە خەتایەکی گەورە دەژمێرێ، دوای ڕاوێژ و بیر گۆڕینەوە لە گەڵ یەکتر، بەوە گەیشتین لە بیری بەدیلێکی دیکە دا بێن.

هەر ئەو رۆژە لەو کۆبوونەوە دا هێندێک لە برادەران بە تایبەتی ئەوانەی لێک نێزیک بووین بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە گەڵ یەک وادەمان دانا و یەکمان گرت کەبۆ دروست کردنی شتێکی رێک و پێک تی بکۆشێن. ئامانجمان پێک هێنانی کۆمیتەیەک بوو کە بەڵکوو بتوانین بنەمایەک بۆ یەکگرتنی پتری کادرەکان رێک بخەین کە لە دوا رۆژ دا جێگای هیوا و ئاواتی گشتی بێ، لەو هەل و مەرجە فرە ناسک و پرمەترسێدارە دا بە تێکۆشانی ئەو چەند کەسەی خوارەوە کۆمیتەیەکمان پێک هێنا.

**پێکهێنانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

دوای مەشوەرەت و وتووێژ بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی نهێنی کۆبووینەوە کۆمیتەیەکی نهێنی لەو حەوت کەسەی خوارەوە پێک هات کە بریتی بوون لە:

کاک سولەیمانی موعینی، سمایل شەریف زادە. مەلا ئەحمەدی شەڵماشی (مەلا ئاوارە) کاک سەننار مامدی، کاک حەمەدەمین سراجی، مەلا عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاهی (مەلا عەبدوڵڵا سەرباز) کاک سالاری حەیدەری، سەعید کاوە، نووسەر. کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا.

ئەو کۆبوونەوە، هاوینی ١٣٤٦ی هەتاوی، ١٩٦٦ی زایینی لە سەرەوی گوندی ئالانی لەبن رەوەزە بەردێک پێکهات و کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات. دوای چەند بریاراتێک و دابەشکردن کردنی کار،

بڵاوەمان کرد و هەر کەس بۆ شوێنی خۆی ڕۆیشتەوە. هەر وەک ئاماژەم پێکرد، هەل و مەرجێک فرە ناسک بوو. لە لایەک کۆمیتەی ناوەندی لە پەری شپرزەیی دا بوو، لە لایەک کادرە بزۆز و دڵسۆزەکان بێ ئەوەی هیوایەک شک بەرن بە تووندی خەریک بوون بەڕاشکاوی پیاو دەکرێ بڵێ کە کۆمیتەی ناوەندی لە بەریەک هەڵوەشا بوو.

سەرەڕای ئەو وەزع و حاڵە شڕبووەش بێ بزە (پاراستن) وەک گورگی چوار چاو سەری لە سوێ نابوو کە لە کاتی پێویست دا فەرمانی سازمانی ئەمنیت بەرێوە بەرێ. کادرەکانی جگە لە تاقمێکی گوێ لەمست، لەوپەری نارەحەتی و خەتەر دا دەژیان. لە زۆر شوێنی بەرچاو خۆمان دەپاراست گڕرە و و هاتووچۆی ماشینی لیدروفێری ئێران لە نێوان حاجیە مەران و گەڵالە دا شەو و ڕۆژ ئەدەپسایەوە ئێواران ماشینی ریبۆی ئەرتەشی ئێران بە تۆپەوە سەریان بدوای یەکەوە دەنا تا بەرە بەری بەیانی جەبهەکانی میریان لە لای ڕەواندز و دیانان تۆپ باران دەکرد و بەیانیش پێش تاو هەڵات دەگەڕانەوە دواوە. هاتووچۆ و بڕەم بڕەمی ئێران، کوردەکانی گەرمێنی بە گشتی هێنا بووە سەر ئەو ڕایە کە شاهەنشای ئێران دەیەوێ کورد لە ژێر باری زۆڵم زۆری ڕزگار کات و ئاڵایان بۆ هەڵکا. بەڵام ئێمە نەک هەر بەو یارمەتی دانە خۆشحاڵ نەبووین، بەڵکوو مەترسیمان لە بنان کوێی شۆڕش دا بەدێ دەکرد.

سەرچاوە: کتێبی ئاورێک لە نووسینی کاک سەعید کوێستانی (سەعید کاوە)

**تایپ دووبارە : ڕەحمان نەقشی**

# باسێکی کورت لە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧



**سیروان کاوسی**

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەنێوان مەلامستەفا بارزانی و سەرکردەیەتیی پارتیی لەساڵانی ٦٣ - ٦٤ی زاینی، بەرەبەرە، ناکۆکیی کەوتە نێوان سەرکردەیەتی و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و شۆرشگێڕانی رۆژهەڵات بەگشتی، ئەمانیش بوون بەسێ بەشی ناتەبا و ناکۆک و دوژمن بەیەک.

بەشێکیان بوون بەلایەنگری بارزانی، بەشێکی دی پشتگیرییان لە "مەکتەب سیاسی"، واتە لەهێڵی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەکرد، دەستەیەکی دیکەش ئەندام و لایەنگری حیزبی توودەی ئێران (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) بوون کەئاڵقەلەگوێی یەکێتیی سۆڤیێت بوو.

لەمانگی سەرماوەزی ساڵی ١٩٦٤، لەگوندی "سونێ" ی سەر بەنێوچەی "پشتدەر"، کۆنگرەی دووەمی حیزب گیرا.

لەو کۆنگرەیەدا، عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) سەرۆکی حیزب بوو، هاوکات، خۆشەویست و جێباوەڕ و متمانەی بارزانی بوو. ئەحمەد تۆفیق رێگەینەدا ژمارەیەک لەئەندامانی حیزبەکەی خۆی بەشداریی لەکۆنگرەکەدا بکەن، چۆنکەلایەنگری "هێڵی برایم ئەحمەد"، یان لایەنگری حیزبی توودەی ئێرانبوون. لەونێوەدا، حیزبی توودە ی ئێرانیش کەلەدوای کودەتای دژ بەسەرۆکوەزیرانی ئێران دوکتۆر محەممەد موسەدق لەساڵی ١٩٥٣ی زاینەوە، لە ئێران دابڕابوون و، هیچ چەشنەچالاکییەکیان لەنێوخۆی ئێراندا نەمابوو، لەگەڵ بووژانەوەی ژیانی رێکخراوەیی

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەرۆژهەڵاتی ئوروپاوە، کەوتنە پەلوپۆوهاتوچۆکردن بۆ عێراق، بۆ ئەوەی بەرێگەی ئەندامان و لایەنگرانی کوردیان - لەوانەکاک کەریمی حیسامی، کاک حەمەدەمینی سراجی، کاک حەسەن قزڵجی، کاک غەنی بلووریان، کاک عەلی گەلاوێژ و، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و .. هتد، حیزبی دێموکرات بکەن بەلقی حیزبی توودە لەکوردستان و، جێپێیەک بۆ حیزبەکەیان لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بکەنەوە.

لەمبارەوە، کاک کەریمی حیسامی کەساڵانێکی زۆر ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو، لەبەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا پتر رۆناکایی دەخاتەسەر ئەم بابەتەو، دەڵێ:

رۆژی ٥ی فیوریەی ١٩٦٨، دوکتۆر رادمەنش (سەرۆکی حیزبی توودەی ئێران بوو - ن.) هاتەبەغدا و هەر ئەو رۆژەهاتەلای ئێمەواتەئەو شوێنەی کەبرادەرانی حیزبی شیوعی عێراق بۆیان دیاریکردبووین ... رۆژی ٩ی فێوریەی ١٩٦٨، کۆبوونەوەیەکی رەسمی لەنێوان کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان و رێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێکهات. بەشداربووەکان بریتیبوون لەسولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی سراجی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر رادمەنش و کەریمی حیسامی. لەلایەن حیزبی توودەوەدوکتۆر رادمەنش و دوکتۆر قاسملوو، لەلایەن حیزبی دێموکراتیشەوەکاک سلێمان موعینی و کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سراجی... (جگەلەکاک سلێمانی موعینی، ئەوانی دیکەبەڕەسمیی ئەندامی حیزبی توودەبوون - ن.).

دوکتۆر رادمەنش گوتی: "پێم خۆشەئێوەلەسەر بارودۆخی وڵات و کار و تێکۆشینی خۆتان راپۆرتێک بنووسن و پێشنیازتان دیاریبکەن تا ئێمەتەماشای بکەین و بەپێی ئەوەبتوانین بڕیار بدەین!"

کاک سلێمان گوتی: "ئێمەراپۆرت نانووسین. ئێمەلەلایەن رێکخراوێکی سەربەخۆوەهاتووین لەگەڵ رێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران پێوەندیی بگرین و، باس بکەین. لەو باسکردنەدا ئێوە دۆخەکەتان بۆ روونەدەبێتەوەو ئێمەش لەبیرورای ئێوەتێدەگەین....!".

پاش چواررۆژ باسولێدوانی ورد و بەردەوام، لەسەر چوار بەند و چەندین برگەو تێبینی پێکگەیشتن. بەپێی ئەو رێککەوتنە، حیزبی دێموکراتی کوردستان (کۆمیتەی شۆرشگێڕ)، کەلەباڵەکەی سەر بەئەحمەد تەوفیق جیاببوونەوە

و، سەربەخۆ خەباتیاندەکرد، بەتەواوەتیی بوو بەلقی حیزبی توودەی ئێران. لەژێرەوە بۆ ڕۆنبوونەوەی زیاتر،

## چەند بەندێکی ڕێککەوتننامەکە دەخەینەڕوو:

* حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ، بەمەرجێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەژێر ڕێبەرێتیی مارکسیستەکانی کورددا بێت ."!

*"هەردووک حیزب، بەبێ راوێژ لەگەڵ یەکدی لەسەر کێشەی کورد، لەگەڵ هیچ حیزب و حکوومەتێک پێوەندیی نەگرن!" .

* حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران، بەبەشێک لەبزووتنەوەی گەلانی ئێران دادەنێن.....

* حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، جووڵانەوەی گەلی کورد بەبەشێکی جیانەکراوەلەبزاڤی دێمۆکراتیکی گەلانی ئێران دەزانن. دابینکردنی دێمۆکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران، ئامانجی هاوبەشی هەردوو حیزبی توودەو حیزبی دێمۆکرات پێکدەهێنن...."

وەک لێرەدا دەبینین، بابەتێکی گرنگ کەلەرێککەوتنی نێوان کۆمیتەی شۆرشگێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودەی ئێراندا،

بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە، ئەو کۆبوونەوەو رێککەوتنە لەکات و سەردەمێکدا ئەنجامدراوە، کەشای ئێران لەوپەڕی دەسەڵاتدابوو. سەرکردەیەتیی حیزبی توودە، لەرۆژهەڵاتی ئۆروپاش لەترسی ساواک خۆیان دەشاردەوە، کەچی سە بارەت بەکێشەی کوردستان تووشی پەژارەو دڵەڕاوکێ هاتوون و، ترسی ئەوەیان لێنیشتووە، پەرەسەندنی بزاڤی رزگاریخوازانەی باشووری کوردستان، کاریگەریی بۆ سەر شۆرشگێڕان و جەماوەری کورد لەرۆژهەڵات دانەنێ و، هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی لەنێوان کوردی رۆژهالات و باشووردا پێک نەیەت !لەبەر ئەوەسێ بەندی رێککە وتننامەکە، جەخت لەسەر ئەوەدەکات کەبزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران،بەشێکەلەبزووتنەوەی سە رتاسەریی گەلانی ئێران!

بەمشێوەیە، تێکڕای ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات، لەنێو ئەو سێ هێڵەجیاواز و دژ بەیەکەدا بڵاوببوونەوە. زۆر مخابن، خۆتێهەڵقورتاندن و خۆتێکەڵکردنی ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)، بەکێشەو شەڕی

سەرکردەیەتیی باشوورەوەکەلەنێو کورددا بەشەڕی (مەلایی و جەلالی) ناسرا، زیانی گیانی و سیاسیی گەورەی لە یەکپارچەی و ژیانی ڕێکخراوەیی حیزب گەیاند. دووبەرەکیی و ناکۆکیی نێوخۆیی، هەروەها دەستێوەردانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا لەکاروباری شۆرشی ئەیلوول، بەگشتیی بارودۆخێکی گەلەک دژواری بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنابوو کەلەباشوور دەژیان و، خەباتیاندەکرد. لەساڵی ١٩٦٥ بەملاوەبەرەبەرەراوی پێشمەرگەو ئە ندامانی سەرکردەیەتیی حیزب لەلایەن سەرکردەیەتی و فەرماندەکانی شۆرشی ئەیلوولەوەدەستپێیکرد.

لەمانگی خەرمانانی ١٩٦٧، عەوڵاغای پشتدەر، ئەندامێکی حیزبی دێمۆکراتی بەنێوی "سوارەسەکری" تەسلیم بە ئێران کردەوە. بەماوەی دووحەفتەدواتر، عەبدولوەهاب ئەترۆشی ئامرهێزی "خەبات"، لەگوندی "تەوێڵە"ی نێوچەی هەورامان، شەش ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی تەسلیم بەرژێمی حەمەڕەزاشا کردەوە. یەکێک لەگیراوان بە نێوی میرزا محەممەد، لەبەرامبەر ئەم کردەوەناکوردانەو نامرۆڤانەیەدا نارەزایەتیی پێشاندەدات،کەلەلایەن عە بدولوەهاب ئەترۆشییەوەدەدرێتەبەرشەق و زللەو، بەقۆناخەتفەنگ سەروچاوی خوێناویدەکا، ئەوجادەیداتەبەر دە سترێژی گوللەو شەهیدی دەکات. ساڵی ١٩٦٩، حەسۆمیرخان - فەرماندەی هێزی کاوە، لەگەڵ عەبلاغای پشتدەر و، عەلی شەعبان فەرماندەی هێزی "بێتوێن"، لەهێرشێکی هاوبەشیاندا بۆ سەر بنکەو ماڵی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات، هەموویان چەکدەکەن و سەرجەم ٧٦ پارچە چەکیان لێدەستێنن و دەستیشدەگرن بەسەر هەموو کەلوپەل و بەڵگەنامەی حیزبیی، پاشان کۆی بەڵگەنامەکان دەنێرن بۆ دەزگەی پاراستنی ئێران (ساواک). ئەوجا بەدیلگرتنی ژن و منداڵی هێندێک لەپێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات، وەک ژن و منداڵی سلێمان موعینی لەلایەن حە سۆمیرخان و دەستەودایەرەیەوە، بارودۆخێکی زۆر دژوار و سامناکیان بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لەباشوور پێکهێنابوو، کەئەوەش بەتەواوەتیی دوور بوو لەفەرهەنگ و داونەرێتی کوردەواری و، بەپێچەوانەی هەموو یاسایە کی مرۆڤی و، پرنسیپێکی نەتەوەییەوەبوو...

مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف و دەیان کەسی دیکەلەکادرە ناسراوولێهاتووەکانی حیزب، لەچەندین بەرەنگاربوونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی شا، شەهیدکران، یان گیران و، لەسێدارەدران. شەهیدکردنی سلێمان موعینی لەلایەن سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول و، تەسلیمکردنەوەی لاشەکەی بەرژێمی ئێران، بێسە روشوێنکردنی سدیق هەنجیری و دوورخستنەوەی ئەحمەد تەوفیق خۆشەویستی بارزانی بۆ "کانی ماسی" لەسەر ویستی ڕژێمی ئێران و، دواتر هەڵاتن و خۆتەسلیمکردنی بەرژێمی عێراق و، بێسەروشوێنکردنی لەلایەن ڕژێمی بە

عسەوە، بەشیک بوون لەو زنجیرەکردەوەدڵتەزێنانەی کە لە پێناو دەسەلات وبەرژەوەندیی حیزبی و بنەماڵە ییدا، پێشکێشی حەمەڕەزاشای دیکتاتۆر و رژێمەداگیرکەرەکەی کران.

ژنەراڵ ئۆوەیسی کە ئەوکات فەرماندەی هێزی ژاندارمی سەرتاسەری ئێران بوو، بەهاوکاریی فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلوول و دەزگەی پاراستنی شۆڕش، پلانی جێبەجێکردنی لەنێو بردنی پێشمەرگەی رۆژهەڵات و، بنبڕکردنی تۆوی خەباتیان لەو بەشەی کوردستان دەبرد بەڕێوە دەزگەی ساواک و هێزەکانی رژێم، پاش وەرگرتنەوەی شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵات، لەرۆژی گوللەبارانکردنیاندا، چەند سەعاتێک زووتر، بەنێو شەقامی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەئۆتۆمۆبیل دەگەڕان و، بەبڵندگۆ بانگەوازیاندەکرد و، داوایان لەخەڵک دەکرد، بۆ بینینی دیمەنی گوللە بارانکردنی گوایە"چەتەکان"، بەرەو سەربازگەی شار بڕۆن. بەبیستنی ئەو دەنگوهەرایە، قوتابخانەکان دادەخران و، بەهەزاران قوتابیی تەمەن شەش سال و حەتساڵەوە هەتاکو لاو و، ژنوپیاوی تەمەن حەفتا ساڵ، روویان لە سەربازگەدەکرد. لە پێشدا، لەلایەن فەرماندەی لەشکرەوەپەیامی توند و ئاگرین لەدژی (ئاژاوەچی و بکوژ و چەتە کان!!) و لەنێوبردنیان و، دلێری و گەورەیی سوپا و شای شاکان – حەمەڕەزاشا، دەخوێندرایەوە، ئەوجا کۆمە ڵێک چەکداری رژێم، بەئۆتۆمۆبیلی سەربازیی، پێشمەرگەکانیان یەکەیەکەو دوان دواندەهێنایەریزی پێشەوەی ئاپۆرەی خەڵکو، گوللەبارانیاندەکردن. پاشان بۆ ترساندن و تۆقاندنی زیاتری خەڵکی کورد، لاشەی کوژراوە کانیان بەسەر زرێپۆش و، ئۆتۆمۆبیلی سەربازییەوە شۆڕدەکردەوەو، بەنێو شەقام و جادەی شارەکاندا دەیانگێڕان.

بەم شێوەیەرژێمی حەمەڕەزاشا، لەپشت درۆشمی زل و بریقەدار و بێ بناخەی "تاریخ ٢٥٠٠ ساله شاهنشاهی" و "بەسوی تمدن بزرگ"، (بەرەو شارستانێتیی مەزن)، لەسەدەی بیستەم و، لەسەدەی زانست و پێشکەوتندا،

بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی پێشانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی دەدا و، بەنواندنی دوژمنایەتی بێسنووری، مێژووی درندەیەتیی باوباپیرانی لەسەدەکانی کۆن بەرامبەر بەکورد دەخستەوەڕوو.

شەروشۆری بەردەوام لەنێوان هێزەکانی حکوومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، پشتیوانیی لۆجستیکی رژێمی شا لە شۆرشی کورد، رژێمی بەعسی عێراقی ناچارکرد، بەنهێنیی بکەوێتە دانووستانی سیاسیی لەگەڵ رژێمی ئێران و، دوای چەند دیدارێکی نهێنیی کە سێ مانگی خایاند، سەرەنجام هەردوو رژێمی ئێران و عێراق

لەوڵاتی جەزایر، بەنێوبژێوانیی سەرۆکی ئەوکاتی جەزایر بەناوی هواری بومدیەن، لەرۆژی ٦ی مارچی ١٩٧٥ بەرامبەر بە ١٥ی رەشەممەی ١٣٥٣ی هەتاویی، پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە بریتیبوو لە (٧) مادە و (٥) تێبینیی. هەر لەوساڵەدا رێککەوتننامەکە بەشێوەی فەرمیی بەناوی گرێبەستەکانی نێوان عێراق و ئێران لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا.

پرۆتۆکۆلی (٣) و (٧) تایبەت بوون بە لەنێوبردنی شۆرشی ئەیلوول و، رێگرتن لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی چەکداریی کورد لەهەردوو بەشی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان و هاوکاریی یەکدیی.

سەرچاوە: کوردستان لەسەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا (پەرتۆکی "کۆبەرهەم ژمارە: ١" نووسینی: سیروان کاوسی)

# چەند سەرنجێک لە سەر "چێشتی مجێور"ی هەژار موکریانی



**مەلا ڕەسووڵی پێشنماز**

لەم دواییانەدا کتێبی "چێشتی مجێور"ی کاک هەژارم دەست کەوت دوای خوێندنەوە بە پێویستم زانی لە سەر ئەو بەشانە کە خۆم لە نزیکەوە ئاگاداریان بووم و بەشداریم تێدا کردوون،چەند خاڵێک بخەمە ڕوو.

هەرکەسێک کاک هەژار بناسێ و بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە،دەزانێ کە ئەو ئینسانە لە ڕادەبەدەر خزمەتی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی کردووە و لەو بوارانەشدا ئینسانێکی لێزان و ماندوویی نەناس بووە. هەژار هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کردووە و دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، هەتا هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول ئاوارە بووە و پاشان لە گەڵ بارزانی چۆتەوە ژێر سایە و سێبەری "حەمەڕەزاشا"ی گۆڕکراو.لەو ماوە دوور و درێژە دا کە لە وڵات تەرە بووە، هەزاران چەرمەسەری و ساردی و گەرمیی ڕۆژگاری چێشتووە و تووشی زۆر ئینسانی چاک و خراپ هاتووە و زۆر جاران بۆ ژەمە نانێک ڕوویان لێوەرگێڕاوە و دەرگایان لێ گاڵە داوە.لە تەواوی دەورانی ئاوارە بوونیدا سەری بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان شۆڕ نەکردووەتەوە و لە هەر جێگایەک هەلی بۆ هەڵکەوتبێ بە هۆنراوە و بە نووسراوە دەردی دڵی خۆی لە دژی داگیرکەران هەڵڕشتووە.

بەڵام هەژاریش وەک هەموو ئینسانەکان، سەرەڕای ئەو لێزانی و خۆڕاگریی و کۆڵنەدان و لێهاتووییە، قابیلی

سەرچاوە
Serchawe

هەڵە و ئیشتیبا و ناڕاستییە. کاک هەژار چێشتی مجێوری وەک حیکایەتێک بۆ "خانی" کوڕی گێڕاوەتەوە و گۆیا داوای کردووە هەتا دوای مردنی بڵاوی نەکەنەوە. دیارە بۆخۆشی باشی زانیوە چی چاندووە بۆیە تا خۆی ماوە بڵاوی نەکردووەتەوە. ناوی کتێبەکەشی کە ناوە چێشتی مجێور، ئیتر زۆر لە گەڵ ناوەرۆکەکەی یەک دەگرنەوە، چونکە چێشتی مجێور هەم شتی زۆر بە تامی تێدایە و هەم شتی زۆر بێتام کە بەرماوی کاسە سفرەی هەموو ماڵەکانە کە بۆ مجێور دەمێننەوە.

بۆ ڕوونبوونەوەی خوێنەوەرانی بەڕێز،ئەمن لە گەڵ کاک هەژار نەک هەر قەت چکۆڵەترین ناکۆکیم نەبووە، بەڵکە یەکجار زۆریش دۆست بووین و هەوێنی نیشتمانپەروەریم لە نووسراوەکانی ئەو و هێمن ڕا سەچاوەی گرتووە و بەشی هەرە زۆری هۆنراوەکانی ئەوانم لە بەر بووە. بۆ نموونە (بەرەو موکریان)ی هەژار کەئینقلابی لە نێو شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا پێکهێنا یەک لەوانەیە. کە وابوو ڕوونکردنەوەی من لە سەر ئەو خاڵانەی باسیان دەکەم تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەیە کە ڕاستییەکان بکەونە ڕوو. ئینسانەکان چۆنن ئاوا بناسرێن بە تایبەت ئەو بەشانەی کە ڕوویان دە شەهید "سولەیمانی موعینی" ناسراو بە فایق ئەمینە لە جووڵانەوەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧) خۆزیا کاک هەژار، پێش مردنی خۆی ئەو کتێبەی بڵاو کردبایەوە و ئەو نووسراوەیەی منی بدیبایە بۆ ئەوەی زانرابا وەلامی دە بەرانبەر ڕاستییەکانی من و ناڕاستییەکانی خۆیدا چۆن دەبوو؟ بۆ ئەوەی نەبووبا بە "درۆی" پاش مردوو و، زۆر لە کەسی گوێ لە مست و کوڕی ڕۆژیش بۆیان نەبووبا بە مەسەلە. بە داخەوە ئێمەی کورد، لە کۆنەوە هەر وامان کردووە، هەرچی ڕەهبەر و بەرپرس و نووسەر و شاعیر بوون، هەر بە سەروگوێلاکماندا هەڵاگوتوون و بە چاکە و خراپەیان هەر دڵخۆش بووین و هێندەمان ئۆباڵ بۆ کێشاون، یەکدانەشیان نە هەڵەکانیان دەبینین و نە بەرلاقی خۆیان.ڕەنگە ئی واش هەبن لۆمە لەو نووسراوەیە بگرن و بڵێن هەژاری موکریانی و فلانە کەس کوجا مەرحەبا و چی بە سەر چییەوە و چۆن جورئەتی کردووە دەگژ ئەو کابرا شاعیر و ئەدیب و نووسەرە گەورەیە ڕۆ بچێ؟

ئەوجار ئەمن ڕوو لە خاوەن نەزەران و ئینسانی ئاگا و خوێنەرەوانی بەڕێز دەکەم و دەڵێم ئەمنێکی کە ساڵەهای ساڵ لە گەڵ هەر دووک ئەو برادەرانە ژیاوم و وەک ڕۆژی ڕوون لێم عەیانە کە ئەوەی هەژار لە سەر شەهید سولەیمانی موعینی و چەند کەسێکی دیکە نووسیویە وانییە و تەنیا و تەنیا بۆ خۆ شیرن کردن لای بارزانی ئەوەی کردووە! دەنا هیچ کوردێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ نییە نەزانێ کە سولەیمانی موعینی بە ناهەق و بە بێ هیچ




سووچ و تاوانێک گیراوە و بەئەسیری کووژراوە و تەرمەکەی دراوەتەوە بە دوژمنی کورد و کوردستان کە ڕێژیمی "شا"ی تیهەڵدراو بووە. هەر ئەو "شا"یەش پاش ماوەیەکی کەم پاداشی خزمەتەکەی دانەوە و تووشی ئاشبەتاڵ و هەرەسهێنانی کردن.

## هەژار لە لاپەڕەی ۴۹۱ی چێشتی مجێور دا دەنووسێ:

"لە پاش ڕۆیشتنی " ئەحمەد تۆفیق" بۆ سنووری تورکیە، " سولەیمانی موعینی" خۆی کردە جێ نشینی لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دا. ڕەنگە ئەوانەی زۆری دەگەڵ ژیاون چاکتری بناسن.بەڵام هیچ وەبەر دڵی من نەدەکەوت. دەیانگوت داوێن پیسە، دەیانگوت فەرقی گیرفانی خۆی و هەواڵانی لە بەرە، دەیانگوت ترسەنۆکە... کە من هەر دەمبیست و خۆم وەک پێویستە نەمدەناسی. هەر هێندە بوو مەرحەبا و چاک و خۆشیمان پێکەوە هەبو،چونکە من کارم بە سەر کاری ئێرانیەکانەوە نەبو، بەڵام وەک دۆست و برادەر خۆشم دەویستن. دەم بیستەوە کەموعینی و هەواڵانی پێشمەرگەی دەچنەوە ئێران و چالاکی دەنوێنن. موعینی برایەکی لە خۆی بچوکتری هەبوو بە ناوی "عەبدوڵا"، کوڕی پەسند و ڕەند ئەو بو، بەڕاستی زۆر پیاوێکی بە قیمەت بو. کە بە داخەوە لە نێو گەورکان دەگەڵ " مینە شەم"- کە ئەویش ماڵم هەقە پاڵەوانێک بو - شەهید کرا."

ئەو نەزەرانە لە سەر کاک سولەیمانی شەهید بۆ نموونە یەکدانەشیان ڕاست نییە و لە بوغز و کینە و خۆشیرن کردن بەولاوە چی تری تێدا نییە. چونکە کاک سولەیمان خۆی نەکردووەتە جێنیشینی ئەحمەد تۆفیق،بەڵکە هەر لە کۆنگرەی دووهەمەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەعەمەلدا نەفەری دووهەمی حیزب بووە.باسی داوێن پیسی و پووڵ پەرستی و ترسەنۆکی دەکا.کەسێکی هەژاری لە نیزیکەوە نەناسیبێ ڕەنگە وا بیر بکاتەوە لەوبارانەوە بێچووە مەلائیکە بووە. ئەوانەی ماون و لەگەڵ ئێمە بوون دەزانن من و کاک سولەیمان یەکجار زۆرمان یەکتر خۆشدەویست و بەشی هەرە زۆری ئەو چەند ساڵەش هەتا پێش شەهید بوونی هەر بە یەکەوە بووین و لە تەواوی سەفەرەکانی کە بۆ وڵات کردوومانە، لێک دانەبڕاوین و شەوانەش چ لە ئاوەدانیان و چ لە چۆلیان لە نیزیک یەک نووستووین، قەتم عەمەلێکی وا پێوە نەدیوە دوور بێ لە ئەخلاقی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە.

بۆ مەسەلەی گیرفان و فەرق و جیاوازی لە گەڵ هەواڵەکانی،ئێمە ئەو کات هیچمان گیرفانێکمان نەبوو تا فەرق

و جیاوازی تێدا هەبێ،ماڵم هەقە لەو بارانەشەوە سولەیمانی موعینی پووڵ و کای لە لا وەک یەک بوو، تەنانەت لە سەر ئەو مەسەلانە لە گەڵ بابی خۆشی نێوانی زۆر خۆش نەبوو.

لە سەر ترسەنۆکی، ئەگەر ئەو ئینسانە وەکی هەژار دەڵێ ئاوا با، چۆن بوو لێکدا لێکدا سەفەری وڵاتی دەکردەوە و دوو مانگ و سێ مانگ دە زەمانی "شا"ی دا بەو هەموو ژاندارم و پاسگا و دەسەڵاتەوە، لە ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار و مەهاباد و بۆکان دەخولایەوە و پیتاکی بۆ شۆڕشی ئەیلوول و بارزانییەکان کۆ دەکردەوە و تەشکیلات و حەوزە و شانەی بۆ حیزبی دێمۆکرات پێک دێنا؟ چۆنە ئێمە کە لە گەڵی بووین هەستمان پێ نەکردووە، بەڵام هەژار لە بەغدا ڕا زانیویە کە سولەیمانی موعینی ترسەنۆکە!

دەڵێ: برایەکی چکۆڵەی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کوڕی پەسند و ڕەند ئەو بوو.پێمـوایە ئەوەشی هەر بۆ عەوامفریوی نووسیوە. دەنا هەمووکەس کە ئەو دوو برایەی ناسیبێ دەزانێ کە عەبدوڵا گەنج و تازە پێگەیشتوو بوو، ڕەنگە ئەگەر پازدە بیست ساڵێکی دیکە مابا توانیبای نیو هێندەی کاک سولەیمان کارامە و لێزان و کارکوشتە بێ.چونکە سولەیمانی شەهید هەر لە دوای تەمەنی پازدە شازدە ساڵییەوە دەکاری سیاسی و تەشکیلاتی وەردرابوو و هەتا شەهید بوونی، لەوماوەیەشدا زۆر جار تووشی زیندان و لێدان و ئاوارە بوون و خۆ پەنادان لە تاران و تەورێز و ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ببوو.کە وابوو قاڵبووی مەیدانی تاقیکردنەوە بوو کەلەگەڵ عەبدوڵای گەنجی بێ ئەزموون فەرقی یەکجار زۆر بوو. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە ئەمن بمهەوێ لە قارەمانەتی و فیداکاریی کاک عەبدوڵا کەم کەمەوە. مەبەستی من بۆچوون و لێکدانەوەی ناڕاستی هەژارە لە سەر ئەو جووتە برا شەهیدە.لەگەڵ ئەوەی کاک عەبدوڵا بە دەستی ژاندارمی ئێرانی و جاشە خۆماڵییەکان شەهید کراوە و خانەی موعینی برای بە دەست ڕێژیمی بەعسی عێراق،کەچی داخی سولەیمانی موعینی لە هەمووان بە ئێشتر و جەرگبڕترە، چونکە بە دەستی کەسێک شەهید کراوە کە ئەو، ئەوانی لە هەموو کەسوکار و دۆستانی خۆی خۆشتر دەویست.ئەگەر بە زۆری و بە دەسیسەی سیخوڕەکانی سەر بە ساواکی ئێران دەناو شۆڕشدا دەریان نەپەڕاندبا قەت ئەو کارەی نەدەکرد و لە زۆربەی ئەو کەسانەش دڵسۆزتر بوو بۆ کورد و کوردستان کە لە سەر حیسابی خەڵک لای بارزانی خۆیان بە شۆڕشگێڕ و دڵسۆز دەزانی.

**هەژار، لە لاپەڕەی ٤٩٢ دا سەبارەت بە چاوپێکەوتنی خۆی لە گەڵ سولەیمانی موعینی کە گۆیا داوای لە**




**هەژار کردووە ببێتە ڕەئیسیان، ئاوا دەنووسێ:**

"- کاک فایق تۆ لەو سەفەرانەی کە بۆ کوردستانی ئێرانت کردوە، تەقەتان لە دێی (شێلم جاڕان) کردوە و منداڵتان کوشتوە؟ حاجیەکت گرتوە،تا چوارهەزار تمەنت لێ نەستاندوە بەرت نەداوە و دارکاریت کردوە؟ گیشەی وەرزێرانت سوتاندوە چونکە پووولیان نەداویەی؟ ڕادیۆت لە پشت بەرد شاردۆتەوە و ئانتێلەکەت بڵند کردوە، وات نیشان داوە کە بە بێسیم قسە دەگەڵ بارزانی دەکەی و گوتوتە: " قوربان! حاجی فلان هەر پێنج هەزار تمەن دەدا،لێی وەرگرین؟ بەڵێ باشە، خوا ڕاوەستاوت کا، دەستت ماچ دەکا؟!". ئەو کارانەت کردوە یان نا؟ نابێ درۆم دەگەڵ بکەی... گوتی: بەڵێ هەموم کردون، بەڵام لەوە بەولاوە لە قسەی تۆ دەرناچین.

* کاک فایق با قسەکەت تەرجەمە کەم: تۆ دەفەرموی من بوشکەیەکی پڕ لە پیسایيم، بۆنی دەرچوە، هەژار وەرە بتکەمە سەرپۆشێکی بێ کەلێن، ئەو بۆگەنە داپۆشە. برام نە چاوم لە گەورەیی و سەرۆکی یە، نە ئەو کارانەشم بە دڵە. ئێمە لە باتی دڵسۆزی بۆ میللەتەکەمان ببینە چەتە و ڕێگر و باج ئەستێن لە سەریان،پێم بە کارێکی بە ناموسانە نیە.خۆت چۆنت ڕابواردوە حیساب بۆ من مەکە،کارم بە کاری کوردستانی ئێران نەداوە."

لێرەشدا کە گۆیا سولەیمانی موعینی چووبێتە داوای لێ کردبێ بۆ ئەوەی هەژار ببێتە سەرۆکی ئێمە وا نییە. چونکە ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی ئێران باوەڕمان بە ڕابەرایەتی دەستەچەمعی بووە و هەمیشە لە کۆمیتەی ناوەندی سکرتێری حیزب هەڵبژێردراوە. ئەوەندەی دەزانم کە چەند جار داوامان لە کاک هەژار کردووە وەک ئەندامی حیزب کارمان لەگەڵ بکا و ئەگەر کردباشی شکم نییە دەبوو بەئەندامی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، بەڵام نە کاک سولەیمان مولاقاتی وای لە گەڵ هەژار کردووە و نە ئەو پێشمەگانە چەتەیی و ڕێگرییان کردووە؛ نە گیشە گیا سووتێندراوە و نە لە (شێلم جاڕان) تەقە کراوە و نە منداڵیش کوژراوە... ئەوانە هەموو بوختان و درۆی پاش مردووانن.

بە تایبەتی ئەوەی کە گۆیا سولەیمانی موعینی ئانتێلی ڕادیۆی بڵیند کردبێ و وای گەیاندبێ کە گۆیا بە بێسیم قسە لە گەڵ بارزانی دەکا، ئیتر ئەوە هەر بە ئاشکرا دەست بادانە.چونکە لەو سەفەرە دا،ئێمە پێنج کەس بووین: کاک سولەیمان،شەهید مینە شەم، عەبدول نەستانی، کەریم نەستانی و من، کە لەو پێنج کەسە حاڵی

حازر ٣ نەفەرمان ماوین و هەر سێکیشمان لە وڵاتی سوێد دەژین.تەواوی یارمەتییەکی کە لەو سەفەرەمان کۆ کردووەتەوە،لەرێگای شەهید ئەحمەد تۆفیق (سەید عەبدوڵای ئیسحاقی) یەوە بە بارزانییەکان گەیون،بە بۆچوونی من، هەژار ئەو قسانەی هەموو بۆ ئەوە ساز کردووە کە وابنوێنێ سولەیمانی موعینی کە لە لایەن بارەگای بارزانییەوە شەهید کراوە و داویانەتەوە بە ئێران،ئینسانێکی دژی بارزانی و شۆڕشەکەی بووە و ئەوان هەقیان بووە کە کووشتوویانە.دە حاڵێکدا بۆخۆیان بۆیان روون بۆتەوە کارێکی خراپ و هەڵەیەکی مێژوویان کردووە و هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە کە سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانی چکۆڵەترین هەڵەیەکی دژی شۆڕش و بارزانیان کرد بێ. ئەوەش بە جێگای خۆی،

"مونتەقیمی قازی" چی کردبوو، لە گەڵاڵە و لە بن دەستی بارەگای بارزانی درایەوە بە رێژیمی شا؛ "مەلا رەحیمی وێردی" چی کردبوو، عەبدولوەهابی ئەترووشی خۆفرۆش کوشتی و تەحویلی ئێرانی دایەوە؛ "خاڵە ئەسکەندەری هەورامی" و پێنج هاواڵەکانی چیان کردبوو، تەسلیمی ئێرانیان کردنەوە؟ مەگەر " ساڵح لاجانی" و رەفیقەکانی خۆیان تەسلیمی شۆڕش نەکردەوە، کەچی بە بۆچوونی من هەژار بە هێنانە گۆڕی ئەو باسانە هەم شەخسییەتی خۆی هێناوەتە ژێر پرسیارەوە و هەم دەردی سەریی زیاتری بۆ پارتی و بارەگای بارزانی دروست کردووە. هەر بۆیەش داوای کردووە پاش خۆی چێشتی مجێور بڵاو بکرێتەوە.

**کاک هەژار دەڵێ: کە "جەماعەتی ساڵح لاجانییان هێنا تەحویلیان بدەنەوە. دایک و بابی " عومەر حەوتەوانە" خۆیان دەکن هاویشتم و پاڕانەوە کە کوڕەکەیان ڕزگار کەم، چووم داوام لە بارزانی کرد و پێش درانەویان عومەریان بەرهەڵدا کرد بوو و گوتبوویان ڕای کردوە".**

بە ڕاستی شت ئاوا نەڕەنگێ و هەڵنەبەستێ تامی نابێ. ئەدی بۆچی نالێ عومەر جاسووسی خۆیان بوو ناردبوویانە ناو ئەوان بۆخەبەرچینی و جاسووسی. باشە ئەگەر ڕاست دەکا و هێندە قسەی لای بارزانی ڕۆیوە بۆ کارێکی وای نەکرد سولەیمان و ساڵح لاجانی و ئەوانی دیکەش لە کوشتن و تەحویل درانەوە بە ئێران ڕزگار بکا.

**لە لاپەڕەی ٤٩٤ دا دەنووسێ:**

" بیستمەوە کەدوای ئەوەی لە بارزانی و شۆڕشەکەی ناهومێد بوون، ویستویانە بۆ خۆیان لە ئێران کارێک بکەن.

"حەمەدەمینی سراجی" لە هەموان دڵ گەرمتر بوە کە دەبێ هەر بچین. شەوێک لە دۆڵە ڕەقەوە ڕۆیشتون و حەمەدەمین تا سەر سنور دەگەڵیان بوە، گوتویە برا وا باشە ئەمن بچم دەگەڵ دەوڵەتی عیراق قسە بکەم و چەک و ئەسپابتان بۆ وەربگرم،خۆی لێ دزیونەوە و خۆی گەیاندۆتە بەدایە و ماتەی هەڵ گرتوە."

لە قەدیمەوە بیستوومە کە دەیانگوت درۆی شاخدارە بەڕاستی بەوە دەڵێن.زۆرم پێ سەیرە و بۆم ناچێتەوە سەر یەک کە ئەو ئینسانە مەبەستی چ بووە؟ ئاوا لە دژی جووڵانەوەی ٤٧ - ١٣٤٦ شتی نارەوا و دوور لە ڕاستی کۆکاتەوە، دە حاڵێکدا ئەو جووڵانەوەیە ئەو هەموو شەهیدە بەنرخانەی داوە و، تەواوی تاوانەکانیشی لە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی پارتی و سەرکردەکەی بووە.

## ڕاستی ڕووداو چۆن بوو؟

دوای ڕاونانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە لایەن بارزانییەوە و دوای کۆنگرەی دووهەمی حیزب،بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی بەرە بەرە لە حکوومەتی ئێران نیزیک بوونەوە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ قافییەیان بە ئێمە تەنگتر دەکردەوە.هەر ڕۆژ برۆبیانوویەکیان پێ دەگرتین. "کاک ئەحمەد تۆفیق" یان دەرپەڕاند بۆ "کانی ماسی" لای سنووری تورکییە و ئێمەیان لە سنوورەکانی "سونێ" و " زینوی شێخی" داپەڕاندە خوارێ، کاک سولەیمانی موعینی و هێندێک لە برادەرانیان ناردە " دۆڵە ڕەقە" و "دێرێ". تەنیا چەند کەسێک نەبێ کە خۆیان وە پارتی هەڵاوەسیبوو،یەک تۆزقاڵ باوەڕیان بە فەعالییەت و تەنزیماتی حیزبی دێمۆکرات نەبوو،بە دایم تەبلیغاتیان ئەوە بوو کە ئێمە دەبێ ڕاوەستین و دەست لە سەر دەست دانێین هەتا شۆڕشی کوردستانی گەرمێن سەر دەکەوێ.

سەرەڕای ئەوەش کە ئێمە لە دڵەوە هەموو خزمەتێکی شۆڕشمان دەکرد و هەر سەفەرێکمان بۆ وڵات کردباوە لە یارمەتی ماڵی ڕاهەتا خەنجەر و دووربینی باش و جۆرەها شتی دیکەمان تەحویلی پارتی و بارزانییەکان دەدا. لە کاتی پێویست دا دەچووینە جەبهە و هەرچی لە دەستمان هاتبا دەمانکرد. کەچی وردە وردە ئێران نفووزی دەنێو دا کردن و زۆر بەرپرسی وەک فەتاح ئاغا و عەبدولوەهاب ئەترووشی و مام وسوو و مەلۆ وشێخ محەمەدی هەرسینی کاریان بۆ دەکردن. لە هەموو لا ڕا لە ئێمە وەخۆکەوتن و بوو بە ڕاوە کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت ئەوانەی لە چالاکی حیزبی دێمۆکرات دەوری سەرەکییان هەبوو. دوای کوشتنی "سەدیقی ئەنجیری" بە

دەست برازای ئەحمەد تۆفیق بە ناوی " حەسەنی ئیسحاقی" ، کە کاک هەژار زۆری تاریف لێدەکا و لە تاران و لە کەرەچ یش بە دایم تێکەڵاوی بووە و درانەوەی " مونتەقیمی قازی" بە ئێران، بوو بەهەرا و شایعە کە بارزانی وەعدی بە "شا" داوە کە کوردەکانی ئێرانی تەحویل بداتەوە بە سازمانی ئەمنییەتی ئێران (ساواک) دە موقابیل دا یارمەتی مادی و هەموو کەرەسەیەکی شەڕ دا.لەو دەمەشدا مەکتەبی سیاسی داوای لە کاک سولەیمان کردبوو کە گۆیا کاریان پێبەتی.ئەویش بە خۆی و بە برادەرانییەوە گەڕابووەوە سەر سنوور و، لە پشتی "ئاڵواتان" ڕا نامەیەکی بۆ من نووسی کە ئەو دەم ماڵم لە گوندی "هێرۆ"ی پژدەر بوو.لە نامەکەیدا نووسیبووی کە خۆتان لە تەحویل درانەوە بە ئێران بپارێزن و بۆ ماوەیەک خۆتان پەنا بدەن (نامەکە ئێستا لای من هەیە).

ئەو کات کاک "مینەی سیراجی" و شەهید " سمایلی شەریفزادە" و "سالاری حەیدەری" لە پشت ماڵەکانی سونێ لە جێگایەک بە ناوی گەڵوەرەز دەژیان کە شەهید " مەلا ئاوارە"ش بۆ ماوەیەک لایان بوو. بە دوای نامەی کاک سولەیماندا چووم بۆ ئەوێ و شەو نیزیک ١٥ نەفەرێک کۆ بووینەوە و بڕیارمان دا نامەیەکی دەستەجەمعی بۆ بارزانی بنووسین و داوای لێ بکەین کە دەست لە ڕاونان و تەحویلدانەوەمان هەڵگرن و ئێمە تا بستێک کوردستانی ڕزگارکراو هەبێ لە گەڵ ئێوە دەبین و هیچ کردەوەیەکی دژی ئێوەمان نەکردووە و نایکەین. کاک سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانیشی ئەوە لە لای ئاڵیە مەڕان وئاڵواتان چاوەڕوانی ئەوەن کە لە لایەن ئێوەوە ئەمریان پێ بکرێ بۆ گەڕانەوە.

هەر لەو کۆبوونەوە دا بڕیار درا من و مەلا ئاوارە و سالاری حەیدەری بە نوێنەرایەتی برادەران بچین بۆ لای کاک سولەیمان و برادەران و داوایان لێبکەین نەچنەوە قووڵایی وڵات و لەو ناوە خۆیان ڕاگرن هەتا وەڵامی بارەگای بارزانی بۆ ئێمە دێتەوە. ئەوانیش عەینی نەزەری ئێمەیان هەبوو، بە تایبەتی کاک سولەیمانی موعینی.ئەوانەی لە هەمووان گەرم وگوڕتر بوون بۆ مانەوە و شەڕ کردن لە ئێراندا عەبدوڵای موعینی و مینە شەم و هەڵمەت بوون.

بە دوای گەڕانەوەی مەلا ئاوارە و سالاری حەیدەری و مانەوەی من لە گەڵ برادەران، دوای حەوت ڕۆژ شەڕی (سپی سەنگ) مان بە سەر دا سەپا کە یەکەم تێکهەڵچوونی ئێمە بوو لە گەڵ ڕێژیم.لەو شەڕە دا عەبدوڵای موعینی لە پەنای من بریندار بوو،بە هۆی ئەوەی کە نە پێوەندیمان بە دەوڵەتی عێراقەوە هەبوو و نە بە مەکتەبی سیاسی

ئەو دەم (مامۆستا برایم و مام جەلال و باقی برادەران) کە دەناو حکوومەتی عێراقدا بوون،من عەبدوڵام بە برینداری هێناوە بۆ قەڵادزە و لەوێ لە چنگ " حەسۆ میرخانی ژاژەڵەیی"م قوتار کرد و فڕاندم بۆ (داری کەلی) بۆ ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی ڕەحمەتی کەهەتا هەم مرۆڤایەتی و ئینسانییەت و دڵسۆزی ئەو گەورە پیاوەم لە بیر ناچێ و لە گەڵ ئەوەی لە حەوت ئاسمانان ئەستێرەیەکمان شک نەدەبرد بۆ ماوەی دوو مانگ لە ماڵە خۆی لە داریکەلی و سیتەک خزمەتی کردین و دوکتوری تایبەتی هێنایە سەر. تا عەبدوڵا چاک بۆوە.شێخ لەتیف بە دایم دەیگوت هەر چەندە برادەرتان هەن و دە مەترسی ئەو ناپیاوانە دان بیانهێنن بۆ ئێرە من دەیانپارێزم و پیاو نییە خۆیان تێبگەیێنێ.

ئێمە لەو ماوەیە دا کە لە ماڵی شێخ لەتیف بووین، لە ناوچەی قەڵادزە و تەواوی شوێنەکانی دیکە ڕا، دووبارە شاڵاو بۆ سەر برادەرانمان دەست پێدەکاتەوە کە هێندێک وەک کاک مینەی سیراجی و شەهید شەریفزادە و... هەڵدێن و خۆ دەگەیێننەوە هاوڵان و، هێندێکی دیکەش وەک " سەننار مامەدی" و "سالاری حەیدەری" و ... خۆیان تەحویل دەدەنەوە.

دوای حەوت - هەشت مانگ مانەوە لە وڵات کاک سولەیمان و کاک مینە گەڕانەوە بۆ ئەوەی هەم پێوەندی بە برادەرانی دەرەوە و ئەوانەی لە گەرمێن ماونەوە، بگرن و، هەم فکرێک بۆ حاڵ و وەزعی خۆیان بکەنەوە.بەدایم و لە هەموو ڕێگایەکەوەش، هەوڵی ئەوە دراوە و لێکدا لێکدا نامە بۆ بارزانی و مەکتەبی سیاسی نووسراوە کە ئەو برادەرانە ڕێگایان بدەن بگەڕێنەوە.... ئەوە کوێی دژی بارزانی و شۆڕشەکەی بووە؟ بۆ بە سەراحەت ڕاستییەکان ڕوو ناکەن و ناڵێن کە ئێمە بووین بووینە هۆی گرتن و کوشتن و لە بەین چوونی ئەو برادەرە کوردە بێ تاوانانە. چۆن هەژاری موکریانی لە ڕووی هەڵاتووە ئەو بوختان و تۆمەتانە هەڵبەستێ؟

لێرە دا پێویستە ئەوەش وەک نموونە باس بکەم. کاتێک من و شەهید عەبدوڵا لە ماڵی شێخ لەتیف بووین لە سیتەک، ڕۆژێک کاک شەفیق لایان و شەهید عەزیز ئەترووشی و شێخ محەمەد ناوێک بە خۆیان و هەشتا پێشمەرگەوە، میوانی شێخ بوون و لە باسەکاندا شێخ باسی کوردە ئێرانییەکانی هێنا گۆڕێ و گوتی بۆ شۆڕش و بارزانی زۆر ئیرادە وا لەو کوردە ئێرانییانەی حیزبی دێمۆکڕات دەکەن. شەفیق لایان لە وەڵامدا گوتی بۆخۆیان لێمان یاغی بوون و هەرچی دەکەین ناگەڕێنەوە و ئێرانمان لێ هاڵۆز دەکەن.شێخ ئیشارەی لای ئێمەی کرد و

گوتی ئەو دوو برادەرە یەکیان مەلا ڕەسووڵی سابڵاغی و ئەندامی حیزب و وەکیلی سولەیمانی موعینی یە و، ئەوی تریشیان عەبدوڵای برایەتی و پەنایان بۆ من هێناوە و دژی ئێوەش نین. هەر ئێستا ئێوە پێوەندی بە بارەگای بارزانییەوە بگرن مەلا ڕەسووڵ دەتوانێ لە ماوەی مانگێک هەمووان بگەڕێنێتەوە بەو شەرتەی جەنابی مەلا مستەفا خۆی وەعد بدا.

دوای وتوویژ لە گەڵ ئێمە کە ماڵم حەقە شەهید ئەترووشی و شێخ محەممەد کە هەر دووکیان ئامیر بەتالیۆن بوون زۆریان لایەنگیری کردین و خۆیان بە تاوانبار دەزانی،بڕیار درا لە سەر دەستی شێخ لەتیف من بچم بە شوێنیاندا و هەموویان بگەڕێنینەوە. ئەوان گوتیان لاسلکی لە (گەڕەدێ) یە و دوای حەوت ڕۆژ خەبەرەکە دەدەینەوە بە جەنابی شێخ لەتیف. خەبەرەکە بوو بە یەک مانگ و وەڵامەکەش ئەوە بوو کە شۆڕش تازە ڕێگا بە وانە نادا بگەڕێنەوە،چونکە لە بەر ئێران پێمان ڕاناگیرێن.ئیتر لە هەموو لا ڕا لە سەر سنوورەکان زۆر لە کاربەدەستانی شۆڕش بە هاوکاری ژاندارم و ساواکییەکان لێمان وەخۆ کەوتن و هەر لە سنووری حاجی ئۆمەران ڕا هەتا قەندیل و ناوچەی سەردەشت و لای شلێر و ناوخوان و حدوودی بانە دەگەڕان و تاقیبی ئێمەیان دەکرد. وەک بۆ خۆیان پاشان دەیان گێڕاوە لە زۆرجێگا و لە ناو خێوەت و ڕەشماڵەکانی سەرسنوورەکان، ژنان قسەی ناشیرن و جنێویان پێدابوون.

جا ئەگەر هەژار دەیهەوێ باسی ڕاپەرینی ٤٧ - ١٣٤٦ ئاوا بگێڕێتەوە کە هیچی وا نییە،تەنیا بۆ خۆ شیرنکردن لای ئەو کەسانەی مەبەستێتی، کای کۆنی بە با کردووە! دەنا زیاتر لە پەنجا جاران وێکڕا ئەو باسانەمان کردووە و هەموو جاریش قەبووڵی بووە کە غەدرمان لێکراوە. زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە نووسراوەی هەژار یەک جێگاشی لە سەر ڕووداوی ٤٧ - ١٣٤٦ ڕاست نییە و هەمووی پڕیەتی لە بوغز و قین و شتی بەراوەژوو. هەر لە لاپەڕەی ٤٩٤ دا دەنووسێ:

"لەم بەینانە دا کە ئەو برادەرە ئێرانیانە لە دژی ئێران خەبات دەکەن و لە شۆڕشی بارزانی تەکیونەوە و پێشمەرگەی شۆڕشی عێراق بە کارتێکدەریان دەزانن، ژن و کوڕی فایق موعینی لە سەنگەسەرە و لە ماڵی حەسۆ میرخانی ژاژەڵەییە.فایق چۆتە سولەیمانی، چاوی بە فەرماندەی ئەرتەشی پێنجەم کەوتوە، قەولی چەک و یارمەتی لێ ساندوە. چۆتە بەکرە جۆ لای جەلال تاڵەبانی کە چەکداری دەوڵەتن و دژی بارزانین. هاتۆتەوە

شاری سولەیمانی، میوانی شێخ لەتیف بوە.نامەی بۆ حەسۆ میرخان نوسیوە کە: "ئێوە ژن و کوڕی منتان داگیر کردوە، کارێکی زۆر نامەردانەیە. ئەگەر نەتان گرتون،بیان نێرنە سیتەک، بۆ ماڵی شێخ لەتیف". ویستویە لە سنوری بانەوە بڕواتەوە دیوی ئێران، لە چوار ڕێ یانی سیتەک - چوارتا، جیپەکەیان ڕاگرتوە کە فایقی تێدایە. "سەدیق ئەفەندی" ناوێکی لە کۆنەوە پێشمەرگە و خەڵکی سولەیمانی، کە هەمومانی باش دەناسی دای دەبەزێنێ:

- کاک فایق کارم بە تۆیە.

فایق بە لیباسی فەقێ وە، بێ چەک دەڵێ من فایق نیم و ناوم مەلا قادرە.

- هەرچیەک بێ ڕەگەڵم کەوە.

ڕۆژێک کە بۆ کاری چاپخانە، کە ئەو دەم لە سورەبان بوین، چومە ماڵی بارزانی. گوتی:

- ئەگەر بتەوێ دەتوانی فایق موعینی ببینی و قسەی دەگەڵ بکەی، با هەرچی دەیزانێ دەربارەی قاید فیرقەی پێنج و جەلال و جاشەکانی بەکرەجۆ پێمان بڵێ، دەنا ئەوە ئێرانی داوای دەکەنەوە و لە خەتەر دایە.

چومە (وەسان). فایقم دیت کە دەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی "خەلیل شەوباش" لە ماڵێکی چۆڵ دا حەبس کرابو.دو چەکداری بارزانی لە دەرک و سەربان بون.پێکەوە دانیشتین،کاک فایق نەقڵی گیرانی خۆی و شەوباشی بۆ گێڕامەوە. کە گوتم ئەگەر هاوکاری دەگەڵ شۆڕشی بارزانی نەکەی، زۆر لە چارەنوست دەترسم، گوتی:" ئەوانە یاریدەمان نادەن،تەنانەت بریندارێشمان بۆ دەرمان ناکەن، حازر نیم هیچ هاوکاریەک بکەم..."

گوتم:" کاکی خۆم، دەڵێن تەیری گۆشتخۆر دندوکی خوارە. تۆ پیاوی ئەو کارانە نەبوی،بەزۆر بە ملە خۆتدا هێنا و نەشت زانی چدەکەی. ئەگەر من بومایە لە جیاتی تۆ، کە دەمزانی دوژمنایەتی بارزانی دەکەم و بە وڵاتی بەردەستی ئەو دا دێم و دەچم، هەر بە شەو، بە بێ ڕێ،بە ناو دارستان دا سەفەرم دەکرد. هەمیشە چل تفەنگچیەکم دەگەڵ دەبو، لە سەر هەست و دەست لە سەر پەلەپیتکە. توشی هەر ڕێبوارێک دەبوم، نەم دەهێشت بڕوا و خەبەرم لێ بدا، دەم بەستەوە تا زۆر دور دەکەوتمەوە.بۆ چەند کیلۆمیتر لە پێشەوە ڕێگەیان بۆ تاقی دەکردمەوە و هەمیشە دەستەیەک لە دواوە دەیان پاراستم. لە کوێ دەنگ درابام دەمکردە تەقە و خۆم ڕزگار دەکرد.لێم ڕونە ئەحمەد تۆفیق لە جیاتی تۆ ئەمەی بکردایە،زۆر بە هاسانی پێکی دێنا و دەگیر نەدەکەوت. تۆ

دەزانی "حەسۆ" شیری کەریشی خواردبێ، تێدەگا کە تۆ داوا دەکەی ژن و کوڕت بچنە (سیتەک)، مانای وایە خۆت لەو ناوەی و دەتەوێ بیان بینی. جوابت بۆ دەنوسێتەوە کە ژنی تۆ خوشکی منە و کوڕی تۆم لە کوڕی خۆم هەڵ ناواردوە،ئەوا بۆم ناردیە سیتەک. سدیق ئەفەندیت لە سەر ڕێگا دادەنێ کە باشت دەناسێ و دەت گرێ. تەنانەت دەمانچەیەکیشت پێ نیە دیفاع لە خۆت بکەی.چۆن کەسێک بە ئاشکرا دژی بارزانی بجوڵێتەوە و هەمو کەسیش بیناسن،دەچێ سواری جیپی مسافر بەری دەبێ و بە نێوەڕاستی جادە دا سەفەر دەکا و دەیەوێ بچێ بە چەک و ئەسپابی دوژمنانی بارزانی لە ئێران کار بکا و بە عەقیدەی بارزانی زیان لە شۆڕشەکەی ئەو بدا؟ زۆر بە داخەوە پیاوی ئەو کارە نەبوی،خۆزیا ئەحمەد تۆفیق با.زۆریش بۆ ئایندەت دڵ تەنگم، بەڵام دەستم ناڕوا،ئەوەندەی بتوانم حەولی خۆم دەدەم کە لە کوشتن ڕزگار بی".

لەو باسەی سەرەوەی هەژار دا،ئەگەر ئینسانی بێلایەن و خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ لێی ورد ببنەوە بۆیان دەردەکەوێ کەهیچی وا نییە. غەیری ئەوە نەبێ کە ئەو برادەرە یەکم شت،بۆ دیتنی برادەرانی دەرەوەی وڵات هاتووەتە ئەوێ و لە ڕێگای ئەوانەوە ویستوویە چارەیەک بۆ مەسەلەکە بدۆزنەوە و پشتیوان و یارمەتیدەرێک غەیری حکوومەتی عێراق بە هاو فکری هەموو لایەک بۆ خۆیان پەیدا کەن. دەنا ئەگەر کاک هەژار ڕاست دەکا، کە دەزانم ڕاست ناکا و ڕەنگە لە قەبریشدا بۆخۆی ویژدانی ناڕەحەت بێ، کە ئەو هەموو شتە ناڕەوایانەی لە سەر ئەو برادەرە شەهیدانە نووسیوە. کە هەر لەوسەفەرە دا کاک سولەیمان دە داو کەوتووە نە هیچ پووڵێکی پێ بووە و نە ئەسلەحەیەک و، نە بەڵگە و مەداریکێک؛ ئەگەر شتێکی لەو بابەتانە دەگۆڕێدا بووە،چۆنە بەڕێوەبەرانی شۆڕش لانیکەم بۆ پاکانەی ئەو کارە چەوتەی خۆشیان بووبێ بڵاویان نەکردووەتەوە؟! نووسینەکانی هەژار لەو بارەوە وەک ئینسانی پەککەوتەی قوون تەندووران دەچێ، کوا زەمانی ئەوە ماوە فلان کەس وای بۆ گێڕامەوە و فیسارە کەس وای گوت!

دووهەم شت، مەبەستی هاتنەوەی کاک سولەیمان بۆ شاری سولەیمانی ئەوە بوو بەڵکە بتوانێ ژن و کوڕی ی دەستبەسەرکراو و یەخسیری لە چنگی حەسۆ ڕزگار کا.ئەویش لە ڕێگای شێخ لەتیفەوە کە لە زۆر بارەوە بۆ کوردایەتی نەک هەر قسووری نەبوو بەڵکە لە زۆر لە گەورەپیاوەکانی ناو شۆڕشی ئەیلوول خزمەتگوزارتر و دڵسۆزتر بوو.

هەموو "تاوان"ی کاک سولەیمان لە نەزەر هەژارەوە ئەوەیە کە گۆیا لەو سەفەرە دا چاوی بە مام جەلال کەوتووە یان فەرماندەی ئەرتەشی پێنجی دیوە و قەولی چەک و یارمەتی لێوەرگرتوون. دیارە ئەوە فری بەسەر ڕاستییەوە نییە. گریمان ئەوە ڕاست بێ! کوا ئەوە تاوانە؟ مەگەر تاقمی مەکتەبی سیاسی کۆن کە لە لایەن بارزانییەوە جارێک ڕەتێنرابوون بۆ هەمەدان (ئێران)، و دوای ئەوەی "شا" هەرچی بێ حورمەتی و نائینسانییەت بوو لە گەڵی کردبوون، بە ناچاری نەهاتنەوە ناو شۆڕش؟ ئەگەرچی زۆریش لە سەرکردەکانیان لە دۆڵە ڕەقە و لای هەباس ئاغا دانیشتن و خۆیان بێ ئیلاقە کرد.بەڵام واش وێیان هەڵنەکردن و کەوتنە ئازار دان و تاقیب کردنیان کە بە ناچاری پەنایان بۆ دوژمنی خۆیان (حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف)بردەوە و بە قەولی خۆیان دەستیان کردەوە بە کاری سیاسی. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان بە عالەم ئاشکرا هاوکاری دەوڵەتی عێراق بوون،بەڵام لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیر و ئینسانە سیاسییەکان ئەوانیان پێ باشتر بوو. هەرچەند ئەمن قەت پاڵ وە دوژمن دانم بە لاوە ڕاست نەبووە و نییە،بەڵام وەک ڕاستی و بۆ مێژوو بیڵێم ئەوان کە گۆیا لە بەکرەجۆ بوون و هاوکاری حکوومەت،کەچی زیاتر لە سەد کەس لە پێشمەرگە و هەڵاتووەکانی ئێمەیان کە لە چنگی تەسلیم کردنەوە بە ئێران خۆیان گەیاندبووە لای ئەوان بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە ئاگاداری کرد، کە زۆربەیان ئێستا ماون. لە حاڵێکدا زۆری وەک ساڵح لاجانی، سولەیمان کەرقەشان، عەوڵای بایزە قنجە و عەزیز ئەحمەد و... خۆیان تەحویلی شۆڕش دایەوە لە سەر وەعدە و بەڵێنی خۆیان،بەڵام زۆر بێشەرمانە درانەوە بە ڕێژیمی ئێران و لە پادگانی "جەڵدیان" ئیعدام کران.

هەژار هەموو کارەکان و پێوەندییە ناسالمەکانی بەڕێوەبەرانی شۆڕش و بەتایبەت بارەگای بارزانی (و کەرەج نشینییەکەی دوای ئاشبەتاڵیی خۆشی بێتە سەر) بەلاوە پەسند بووە و بە هەقی زانیوە. بەڵام ئەوە بە ڕەوا نابینێ کە ئەندامانی ڕاونراوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانێ دە بەرانبەر ڕێژیمی "حەمە ڕەزا شا"ی زاڵم و خوێنڕێژ دا، دۆستێکیان هەبێ! کە نەشیان بووە.

کاک هەژار دەڵێ گۆیا لە سەر داوای بارزانی لە گوندی (وەسان) چاوی بە کاک سولەیمان کەوتووە و لە سەر چوونی بەکرەجۆ و پێوەندی قاید فیرقەی پێنج قسەی لە گەڵ کردووە. هەر ئەوەی کە بۆ خۆی دەڵێ فایق گوتی" ئەوانە یاریدەمان نادەن تەنانەت بریندارێشمان بۆ دەرمان ناکەن،حازر نیم هاوکاریتان بکەم" لێرە دا غیرەت و شەهامەت و بێ تاوانی کاک فایق زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ بە تایبەتی دەو کاتە ناسکە دا کە ئەو دە ژێر

تەهدیدی مەرگ دابووە و سوور دەزانێ یان دەکووژرێ یان دەدرێتەوە بە ئێران. بەڵام حازر نەبووە باسی کەس بە درۆ و ناڕاستی بکا، چونکە هەم بێ منەت بووە و هەم پاک. دەنا ئەگەر پێوەندی گرتبا بۆچی باسی نەدەکرد، خۆ ئەو و هاواڵەکانی هەرچی کردوویانە لە دژی ڕێژیمی شایان کردووە نەک لە دژی بارزانی و شۆڕشەکەی. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ مەگەر بارزانی وەکیلی ڕێژیمی "شا"ی گۆڕبەگۆڕکراو بووە تاخەڵکی لە سەر مەحکەمە و ئیعدام بکا؟ ئەوەش کە هەژار دەڵێ دوای گەڕانەوە داوام لە بارزانی کردووە تەحویلی ئێرانی نەداتەوە وا نییە. چونکە دەلیلی بەهێز هەیە هەر بە نووسراوەی خودی هەژار، ئەویش ئەوەیە چۆنە بۆ "عومەری حەوتەوانە" تکای قەبووڵ کراوە و ئازادیان کردووە وەک لە پێشەوە ئیشارەم پێکردووە، بەڵام بۆ کاک سولەیمان تکای ناگرن کە هەم لە باری ڕابردووی سیاسییەوە، هەم لە باری هاوشارێتی و ناسیارییەوە دەبێ فەرقی لە گەڵ عومەر حەوتەوانە هەبێ!!

ڕاستی ئەوەیە دوای گەڕانەوەی لە لای سولەیمان موعینی بە بارزانی گوتووە مەیلی خۆتە هەرچی لێی دەکەی بەڵام ئەمن ئەوەی دەزانم کە ئەو ئینسانە یەکجار ترسەنۆکە و ئەگەر بە زیندوویی بدرێتەوە بە ئێران عالەم زۆر بە گرتن دەدا و پاشانیش لە دژی خۆت بەکاری دێننەوە. هەر وەک ئەو ڕاستییە کە ئەو دەم نەفەرمان لە بن دەستی خۆیاندا هەبوو و ئەو شتانەی بە ئێمە ڕادەگەیاند، لە چێشتی مجێور دا دوای نیزیک بە بیست ساڵ بۆ خۆی ئیشارە بە ترسەنۆکی کاک سولەیمان دەکا و دەڵێ پێمگوتووە: "ئەتۆ کوڕی ئەو مەیدانە نەبوی و ئەگەر ئەحمەد تۆفیق بایە لە جیاتی تۆ زۆر باشتری بەڕێوە دەبرد". هەژار ئەوەی بە قازانجی کاک سولەیمان و بە زەرەری خۆیانە خۆی لێ بواردووە و باسی ناکا. دەنا هەر ئەوکات ئەوەی ئێمە بیستمان کاک سولەیمان زۆر قسەی ناشیرینی بە هەژار گوتووە کە "بۆ تنۆکە خوێنێک نە لە بەر تۆ، نە لە بەر گەورەکەت ناپاڕێمەوە، چونکە دەزانم ئێوە دۆڕاندووتانە و تەحویلم هەر دەدەنەوە. خوێنی منیش لە خوێنی هاواڵەکانم زیاتر نییە."

کەریمی، فەتاحی قادری (کوڕی کاکە ڕەزا) و سمایلی نەمەشیری و لەناو پێشمەرگەکاندا شەهید مینەشەم، کەریم نەستانی و عەبدول نەستانی کە کارمان لە سەر کردبوون و دڵ گەرمان کردبوون بۆ چوونەوەی وڵات و کاری نهێنی. کێشەی ئێمە چەند جار گەیشتە لای بارزانی و زۆری ئامۆژگاری کردین و گوتی بۆ واز لە ئەحمەد ناهێنن. لە وەڵامدا گوتمان ئێمە نەهاتووین لێرە بنووین و بخۆین، ئێمە بۆ کاری سیاسی و یارمەتی ئێوە هاتووین، نە ڕێگامان دەدەی بچینە جەبهە و نە هەتا ئێستاش هیچ کارێکمان بۆ شۆڕش کردووە... بارزانی گوتی من ئیجازە

نادەم ئێوە کە لە ئێران هەڵاتوون و پەناتان بۆ من هێناوە بچنە شەڕ و لە بەین بچن. من مرۆم زۆرە و ئێوە غەریبن. بەڵام ئەگەر یارمەتی ترتان لە دەست دێ بیکەن. دوای ئەوە ئێمە گوتمان کە وابێ دەتوانین سەفەری وڵات بکەینەوە و یارمەتی و پیتاک بۆ ئێوە بهێنین و کاری تەشکیلاتی خۆشمان بکەین بەو شەرتە لە سەر سنووری لای حاجی ئۆمەران و قەڵادزە ڕێگامان بدرێ بنکە بکەینەوە. هەر لەوێ بارزانی موافەقەتی کرد و نامەی بۆ بەرپرسانی ئەو کاتە نووسی کە بنکە بکەینەوە. لە سەر ئەو بڕیارە، ئێمە نیزیکەی ١٥ کەس بە کاک سولەیمانیشەوە هاتینە زینوێی شێخی کە ئەو کات کاک سەعید کاوە (کوێستانی) وەک ڕابیتی حیزب، ماڵی لەوێ بوو. ئەو مەدرەسەی کە ئەو ماڵی تێدا بوو کرا بە بنکە و بەرپرسی ئەو کاتی پارتی لەوێ کاک عەزیز عەقراوی و عەزیز سورمی (سەر بە بارزانی بوون). مەلا حەسەنی ڕەستگار بوو بە بەرپرسی ئەو بنکەیە. کاک سولەیمانی موعینی و من و مینە شەم و کەریم نەستانی و عەبدول نەستانی و کۆمەڵێکی دیکەش هاتینە ناوچەی قەڵادزە و زۆری کێشا هەتا پارتی ڕازی بوو ئێمە لە سونێ بنکە بکەینەوە. بە دوای کردنەوەی بنکەی سونێ، زۆری نەخایاند پێشمەرگەمان زیادی کرد و زۆر کۆنە ئەندام و کادری حیزبمان لێ کۆ بوونەوە وەک "ڕەئووف مەلا حەسەنی بۆکانی" و شەهید "ڕێبوار" و "هەڵمەت" (پاشان بوو بە جاش و کووژرا).

لە کاتی خانوو دروستکردندا ڕۆژێک بڕیارمان دا، چەند کەسێک بۆ سەفەری ناوەوەی وڵات و پیتاک کۆکردنەوە دەستنیشان بکرێن. لەو جەمعەی کە لەوێ بوون تەنیا ئەو پێنج کەسەی خوارەوە ئامادەی ئەو سەفەرە بوون:

١- سولەیمانی موعینی
٢- مینە شەم
٣- کەریم نەستانی
٤- عەبدول نەستانی و
٥- ڕەسووڵی پێشنماز (٣ نەفەری ئاخر لە ژیاندا ماوین).

ئێمە لەو سەفەرە دا سێ مانگمان پێچوو. تەواوی ناوچەکانی سەردەشت و لاجان و مەنگوڕایەتی و گەورکایەتی و چۆمی مەجیدخان و بۆکان و بانەمان کرد لە هەمووی ئەو ناوچانە کۆمیتەمان دانان و پووڵ و یارمەتییەکی یەکجار زۆرمان بۆ شۆڕش هێنایەوە. لە بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانە زەکات دەدرا بە حیزب و زەکاتی گەنم و

دانەوێڵەیان بۆ دەچاڵ دەکردین وپاشان دەنێردرا بۆ سونێ یان زینوێ و ئەوانیتر بە وڵاغی کوێستانچییان بۆ بارزانمان ڕەوانە دەکرد و کاک ئەحمەد تۆفیق بە ناو پێشمەرگە و بارزانییەکاندا بڵاوی دەکردەوە. هەرچی دووربینی باش و خەنجەری جەوهەرداری چاک بوون کە ئاغاکان دەیاندایێ، ئێمە بە دیاری دەماندا بە بارزانی.

**بەسەرهاتی لێک بڵاو بوونی ئێمە ئاوا بوو، نەک ئەوەی کاک هەژار وەک چیرۆک سازی کردووە.**

وەک ئاخر سەرنج، کاک هەژار لە لاپەڕە ٣ دا،زۆر باسی چاولەدەستی و لارەملی و هەژاری و بەدبەختیی شاعیران و نووسەرانی کورد دەکا و ئەوەی بە خراپ دەزانێ کە بە گەورە پیاوانیان هەڵگوتووە و دە موقابیلدا پووڵیان وەرگرتووە. بەڵام بابزانین بۆخۆی چ دەڵێ. لە لاپەڕەی ٣ی کتێبەکەیدا دەنووسێ:

"... من بارزانیم بە گەورەی خۆم قبووڵ کرد بو، شانازیم بەوە دەکرد کە نۆکەری بم، پێشم شەرم نەبو ئەو یاریدەم بدا، چونکە لام وابو مەرد و ڕەندێکە نمونەی کەم لە دنیا دا هاتون."

ئەوەی کە بارزانی بەشی هەرە زۆری عومری خۆی دە بەربەرەکانی و ململانێ لە گەڵ دوژمنانی کورد بردۆتە سەر حاشای لێناکرێ و تەنانەت ئەوانەی کە ناخۆشیشیان دەوێ ناتوانن خۆ لەو ڕاستییە ببوێرن؛ جا کە تیپی ئێمەش وەک شەهیدان ئەحمەد تۆفیق و کاک فایق، یان من و مەلا حەسەنی ڕەستگار و زۆری دیکە بارزانیمان خۆش ویستووە، زۆرتر بە نێوی بابی گەورە یان بابی کوردان باسمان کردووە نەک کەلیمەی نۆکەر. بەباوەڕی من ئەگەر کەلیمەی نۆکەر بەکار هێنرا ڕاستەوخۆ ئاغایەک دروست دەبێ کە ئەمن لە هەموو ژیانمدا موخالیفی ئاغایەتی بووم و ڕقم لەنۆکەر و نۆکەرسفەتان هەستاوە و لە ژیانمدا ئەو کەلیمەیەم بەرانبەر بە بابیشم بەکار نەهێناوە و هەر کەسیش بەرانبەر بە من بەکاری هێنابێ زۆرم لە دڵی گران هاتووە. دەشزانم و لێشم ڕوونە بارزانی ڕەحمەتیش ئەگەر وەسەرخۆشی نەهێنابێ، بەو کەلیمەیە ناڕەحەت بووە. هەرچی دەکەم بۆم ناچێتەوە سەر یەک ئینسانێکی زانا، کوردێکی تێکۆشەر، چۆن دەتوانێ هێندە خۆی چووک بکاتەوە کەلیمەی نۆکەر بەکار بهێنێ.

لە کۆتاییدا، شتێکی دیکە کە دەمهەوێ ئیشارەی پێبکەم ئەوەیە کە زۆر لە شەخسیەتە سیاسییەکانی کورد، چ

ئەوانەی پارتی بوون و چ ئەوانەی شیوعی، یان بێلایەن بوون لە کتێبەکەی کاک هەژار دا کەوتوونەتە بەر لۆمە و تەشەر و حەملە پێکردن. بە تایبەتی هێندێک لەوان نەماون و تەنانەت لە ڕێگای کوردستاندا شەهید بوون؛ پێم وایە کاک هەژار لەو بارەیەشدا وەک مەسەلەی کاک سولەیمانی موعینی و برادەرانی دیکە غەدری لێکردوون و بە غایەی تایبەتی ئەو شتانەی نووسیوە. بۆ نموونە شەهید کاک "ساڵح یووسفی" جگە لەوەی بە دەستی بەعسی عێراق شەهید کراوە، ئەوەندەی ئەمن ناسیومە لە ساڵی ١٩٦٣وە هەمیشە وەک نەفەری دووهەم لە دوای بارزانی ناوی هاتووە و سەبارەت بە پێوەندی لە گەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری "شا"ش هەڵوێستی زۆر قاتعانە و چوامێرانە بوو.

ئەوەش بڵێم کە ئەمن لە سەر ڕوونکردنەوەکانی خۆم کە لە بارەی بۆچوونە پڕ لە هەڵە و ناڕاستییەکانی کاک هەژار ئیشارەم پێکردوون، بەتایبەت مەسەلەی شەهید سولەیمانی موعینی و هاواڵەکانی، باکم لە کەس نییە و وەک ڕۆژ لێم عەیانە هەرچی گوتوومە ڕاستە و لە زۆر بارانیشدا لێم کەم کردووەتەوە کە بۆتە هۆی ناڕەحەتی دڵ و دەروونی خۆم. تەنیا و تەنیا داوای لێبوردن لە براژنە، مەعسوومەی خێزانی کاک هەژار دەکەم و هیوام وایە لێم دڵمەند نەبێ، چونکە لەو مەسەلانە دا، نە لەگەڵمان بووە و نە ئەو کەسانەی دەناسی کە من باسم لە سەر کردوون؛ دیارە بۆخۆشی باش دەزانێ کە ئێمە چەندە بەیەکەوە ئاموشۆ و تێکەڵاویمان گەرم و دۆستایەتیمان خۆش بووە.

سەرچاوە: گۆڤاری گزینگ • ژمارە ٢١

ڕێکەوت: پاییزی ١٩٩٨ (١٣٧٧)

## ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦




**عومەر عەسری**

لە ئاخری ساڵی ١٣٤٢ و سەرەتای ٤٣ دا بە هۆی هێرشی ساواک بۆ سەر تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکڕات وەدەستگیرکردنی کۆمەڵێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب (ئەندامانی کۆمەڵەی رزگاری کوردستانیش هەر بە تاوانی ئەندامەتی حیزبی دێمۆکڕات گیران. چونکە ئەو کات هێشتا ساواک کۆمەڵەی کەشف نەکردبوو) خەڵکێکی زۆریش ئاوارە بووین و چوینە کوردستانی باشوور، کە بەشی زوری ئەو خەڵکە ئەندام و لایەنگری حیزبی دێمۆکڕات بوون. سەرەنجام کاک ئەحمەد لە ژێر فشاری زۆری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبدا و بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ودزعدکە، ملیدا بە بەستنی کۆنگرەیەک تا بە ڵکوو سەرو سامانیک بدات بە ئاڵۆزی و بی سەرەوبەرەیی ناوحیزب..

لە مانگی سەرماوەزی سالی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی (سونێ) لە با شووری کوردستان، کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێمۆکڕات لە ژێر. شیعاری: یەکێتی، خەبات، سەر بەخۆی ودێمۆکڕاتیدا، بەسترا. ئەگەرچی کاک ئەحمەد هەوڵیدا بوو هەتا بۆی دەکرێ لایەنگران و هاو بیرانی خۆی بەریتە ناو کۆنگرەوە، هەتا بتوانێ بە مەیلی خۆی کومیتە ناوەندییان لێ هەڵبژێری و کارو بەرپرسایەتیان بە سەردا دابەش کات و بشتوانێ هەموو موخالیفینی خۆی بکوتی. وەک تاوان بارو دژی حیزب ناویان بەری و بەشێکیان بۆ هەمیشە لە حیزب دەرکات و هەروەها هێرشی توند بکاتە سەر رێبەرانی کۆماری کوردستان و .. بەڵام نەیتوانی لەگەڵ کۆمیتە ناوەندیە هەڵبژێردراوە کەی خۆشی کار بکات، کە پێکهاتبوو لە: کاک سولەیمانی موعینی، کاک ئەمیری قازی (بەشداری لە کۆنگرەدا

نه‌بووه له سه‌فه‌ر بوو) مه‌لا سه‌ید ره‌شیدی حسه‌ینی، نحۆ پاشایی، سه‌دیقی ئه‌نجیری ئازه‌ر، مامۆستا مه‌لا ره‌حیمی وردی، مامۆستا هه‌ژار (به‌شداری كۆنگره نه‌بووه.) ئه‌م چه‌ند كه‌سه ئه‌وكات له باشوور بوون. سادق وه‌زیری، سه‌ید كامیل ئیمامی، حه‌بیبی كه‌شاوه‌رز، ره‌حیمی جه‌وانمه‌ردی قازی،ئه‌م ٣ كه‌سه‌ش قاچاغ نه‌بوون و له وڵات ده‌ژیان!! به‌شداری كۆنگره‌ش نه‌بوون. مامه غه‌نی، عه‌زیزی یۆسفی (ئه‌وكات له زیندان دابوون)..

كاك مه‌لا محه‌ممه‌دی خزری كه خۆی كادرێكی به ئه‌مه‌گ و هه‌ڵسووڕاوی ئه‌وكاتی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانه و كه‌سایه‌تییه‌كی ناسراوی ناو بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی كورده و یه‌كێكه له به‌شدارانی كۆنگره.له بیره‌وه‌رییه‌كانیدا ده‌نووسێ":

پاش كۆنگره و له كاتی نووسین و بڵاو كردنه‌وه‌ی بڕیاڕاتی كۆنگره‌دا كاك ئه‌حمه‌د تووشی به‌ربه‌ره‌كانێ ودژایه‌تی به‌شێك له ئه‌ندامانی كۆمیته ناوه‌ندی هات به‌تایبه‌تی ده‌گه‌ڵ كاك سه‌دیق، كاك سوله‌یمان وكاك ئه‌میری قازی. سه‌ره‌نجام كاك ئه‌حمه‌د ئیستیحفا نامه‌یه‌كی نووسی و دای به هه‌واڵانی به‌ڵام لێیان قبووڵ نه‌كرد. ئه‌مجاره به نێوی پشوودان وحه‌سانه‌وه یه‌كی ٣ مانگه، له جۆزردانی ساڵی ١٣٤٤ چووه قه‌ندیل و پاشان چوو بۆ گوندی شێخان له ناوچه‌ی باڵه‌كایه‌تی و له‌وێ باره‌گای كرده‌وه وده‌ستی كردوه به‌كاری سیاسی و كۆ كردنه‌وه‌ی لایه‌نگرانی وپه‌روه‌رده‌ی كادر وپێكهێنانی هێز و ناردنه وه‌یان بۆ ناو وڵات و .....

دوای رۆیشتنی كاك ئه‌حمه‌دیش، باقی ئه‌ندامانی كۆمیته ناوه‌ندی نه‌یانتوانی یه‌كده‌ست و یه‌ك ده‌نگ پێكه‌وه كاربكه‌ن. مه‌لا سه‌ید ره‌شید چو بۆ شیخان بۆ لای ئه‌حمه‌د تۆفیق. كاك ئه‌میری قازی به‌رپرسایه‌تی قبووڵنه كرد. باقی ئه‌ندامانی ناوه‌ندی واته كاك نحۆ، سه‌دیقی ئه‌نجیری، مه‌لا ره‌حیم وردی و كاك سوله‌یمان، به‌رپرسایه‌تی وكاره‌كانیان له نێوان خۆیاندا به‌ش كرد و به‌شێكی زۆر له ناڕازیانی پێشوی ئه‌حمه‌د تۆفیقیان دڵخۆشی دایه‌وه. به‌تایبه‌تی ئه‌ندامانی كومیته‌ی ساغ كه‌ره‌وه و جه‌ماعه‌تی كاك حه‌مه‌ده‌مینی سیراجی. كاك سمایلی شه‌ریفزاده و سالاری حه‌یده‌ری و ...

... له كۆتایی به‌هاری ساڵی ١٣٤٤ ئه‌و ئه‌ندامانه‌ی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی، كه بڕیاریان دابوو پێكه‌وه كاربكه‌ن ناوچه‌كانیان كرد به چوار به‌شه‌وه و هه‌ر یه‌كه‌ی گه‌ڕاوه ناوچه‌كه‌ی خۆی، بۆ دامه‌زراندن و رێكخستنه‌وه‌ی

کۆمیتەکانی حیزب. کاک سولەیمانی موعینی بەرپرسی لکی ٣ بۆ ناوچەکانی مهاباد، بۆکان، هەوشار، کاک نحۆ پاشایی بۆشیمال. (بەداخەوە هەرزوو لە گەڵ چەند پێشمەرگەدا شەهید بوون) کاک سەدیقی ئەنجیریش بۆ شنۆ و نەغەدە. لە گەڵ کاک سەعید وچەند پێشمەرگە چوونە باڵەکایەتی. مەلا رەحیمی وردی و چەند پێشمەرگەش گەڕانەوە بۆ ناوچەی بانە.. کاک سولەیمانی موعینی هێشتا لە ناوچەی موکوریان بووە، پێیان وتوە کە: کار بەدەستێکی شۆرش قەولی بە (سەبیادیان) رەئیسی ساواکی ئازەربایجانی غەربی داوە: کە کاک سولەیمانی موعینی و ئەو کەسانی ساواک داوای کردۆنەتەوە، بگرێ وتەحویلی دەوڵەتی ئێرانیان بداتەوە و ...

... لە نێو جەماعەتی نارازی لە کاک ئەحمەد، کە پاش کۆنگرەی ٢ گەڕابوونەوە لای حیزب و ئەو کەسانەی لە کۆنگرەی ٢ دا، خۆیان بۆ کومیتەی بەرزی چاوەدێری هەڵبژارد بوو، جگە لە کاک سەید حەسەن هاشمی، کاک سەعید کوێستانی و مەلا ئاوارە و ٣ - ٤ پێشمەرگە هیچیان کارێکیان وە ئەستۆ نەگرت و نەش گەرانەوە بۆ وڵات.

کاک سەید حەسەن پوور بەرپرسی بنکەی سونێ. مالا ئاوارە گەڕاوە ناوچەی ئالان و دەستی کردەوە بە کاری سیاسی و تەشکیلاتی، کاک سەعید کوێستانیش لە گەڵ کاک سەدیقی ئەنجیری و دوو، سێ پێشمەرگە، چوونە باڵەکایەتی و جەولەیەکی ناوچەکانی شنۆ و نەغەدەشی کرد و... خاکەلێوەی ١٣٤٥ لە سەر پێشنیاری کاک ئەمیری قازی لە کۆ بوونەوەیەکی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبدا، بڕیار درا: نامە بنووسن بۆکاک ئەحمەد، کاک سەدیقی ئەنجیری و کاک سولەیمان و داوایان لێبکەن هەموو لایەکیان بگەڕێنەوە و پێکەوە کۆببنەوە. بەڵکوو رێگا چارەیەکی گونجاو ببیننەوە بۆ هاریکاری و پێکەوە ژیان و دەست لە ناکۆکی و کێشە هەڵگرن و سەرو سامانێک بە وەزعی ئاڵۆزو شپرزی ناو حیزب بدەن. بەڵام ئەم هەوڵەش سەری نەگرت و کۆ بوونەوەکەش نەکرا. چونکە کاک ئەحمەد تۆفیق ئەوسەرو بەندانە، لە لایەن شۆرشەوە دوور خرابووەوە بۆ کونەماسی لە ناوچەی بادینان.

... کاک سولەیمانی موعینی، پاش گەڕانەوەی بۆ باشوور لە بەهاری ساڵی ١٣٤٥دا، لە سەر ئەمری مەکتەبی تەنفیزی پارتی دەچێتە دۆڵە رەقە. پاشان دوای هاتنی ماڵ و مناڵەکەی، چۆتە گوندی (دێرێ) و، لەوێ بەنێوی لکی ٣ی حیزبی دیمۆکڕات ٣ ژمارەی (رۆژ) رۆژنامەی دەردەکات. لەو ماوەیەدا، پێوەندی باشی هەبووە بە




پارتییەوە. تەنانەت دەگەڵ مەلا ڕەحیمی وردی وچەند پێشمەرگە بەشدارییان لە کۆنگرەی ٧ی پارتیشدا کردوە و... پاش بیستنی خەبەری بێسەرو شوێن بوونی کاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر، کاک سولەیمانیش هات بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و سەری هەموو لە یەکیدا و چی بۆ نە کرا وخەبەرێکی دروستی دەست نەکەوت. بەڵام لای وابوو: کە کاک سەدیق بەفیتی ئەحمەد لە ناوچووە و زۆری دەردە دڵی لە ئەحمەد کرد و ....

کاک مەلا محەممەد، لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ": کاک سولەیمان هەر لە باڵەکایەتی و لە کاتی بیستنی بێ سەر و شوێن بوونی کاک سەدیقدا، پێشنیاری بە من کرد: کە هەموو لایەکمان، جگە لە لایەنگرانی کاک ئەحمەد هەوڵ بدەین کۆببینەوە و کۆمیتەیەکی بەرێوە بەری کاتی بۆ حیزب دامەزرێنینەوە. باسی سەعیدی دەگەڵ کردم.

ئاخۆ کارمان لە گەڵ دەکات؟ لە جوابدا وتم: "قەولت دەدەمێ ئەویش حازرە." سەعیدیشمان بینی. و هەر سێکمان کارەکەمان پێ باش بوو. کاک سولەیمان وتی: "ئێوە خۆتان کێ بە باش دەزانن جگە لە دارو دەستەی ئەحمەد هەر کەس دەعوەت کەن من قسەم نییە" کاک سەعید لیستێکی پێشنیار کرد بۆ کۆ بوونەوە وەی (دۆڵە ڕەقە) کە بریەتی بوون لەو کەسانە: مەلائاوارە، کاک حەمەدەمینی سیڕاجی، سمایل شەریفزادە، سالاری حەیدەری و کاک مەلا عەولای سەرباز. کاک سولەیمان هەروەک پێشتر گوتبووی، قسەی نەبوو. بەڵام لە کاک سەعیدی پرسی: پێت وایە سمایل و کاک حەمەدەمین هاوکاریمان بکەن؟ کاک سەعید وتی:" هەر دووکیان هاوکاریمان دەکەن" کاک سولەیمان وتی:" شکم لاپاکی و شەریفییاندا نییە. کەسی لەوان باشترم پێ شک نایا. بەڵام ئەوە کە خۆیان لە کاری سیاسی و چیاو بەندەنان دەن لە شکدام و..." (پێشتریش کاک سولەیمان لە ڕەزبەری ١٣٤٤دا نامەیەکی بۆ کاک کەریمی حیسامی لە بوڵغارستان نووسیوە و وداوای هاوکاری لێکردبوو).

.... خزری دەڵێ: پاش گەڕانەوەی کاک سولەیمان بۆ دۆڵەرەقە، جەماعەتیش تێگرا چوینە دۆڵەڕەقە، بەڵام ئەمجارەش کارێکمان بۆ نەکرا و کۆ بوونەوەکەش سەری نەگرت و کۆمیتەکەشمان بۆ دانەمەزرا. چونکە کەسانێکی وەها هاتبوون بۆ (دۆڵەڕەقە) کە نەدەبوو لەوێ بن و بە کارەکەی ئێمە بزانن!!!. بە لام هەرلەوێ. کاک سەعید کوێستانی، سالاری حەیدەری، سمایلی شەریفزادە، کاک حەمەدەمینی سیراجی، کاک مەلا عەولای سەرباز و مەلا ئاوارە، بە بێ پرس وئاگاداری کاک سولەیمان و باقی ئە ندامانی ناوەندی و کادرەکانیتری حیزب، بناخەی کومیتەی ئینقیلابی حیزبی دێمۆکڕات دادەرێژن و پاش گەرانەوەیان بۆ لای زینوێ، لە هاوینی ئەو ساڵەدا ئەوان

و سەنناری مامەدی کۆمیتەی ئینقیلابی دادەمەزرێنن و پاشان ٣ ژمارەی رۆژنامەی (تیشک) وەک ئۆرگانی رێکخراوەکەیان بلاو دەکەنەوە و.... "(هەمووی نەقڵ بە مەعنایە) بەهۆی نزیکبوونەوەی شۆرش لە حوکومەتی ئێران و پێوەندی چڕوپڕی نێوانیان، فشارێکی زۆر دەخرێتە سەر کوردەکانی کوردستانی ئێران. لە مانگی جۆزەردانی ١٣٤٥دا کاک سەدیقی ئەنجیریئازەر، بەشێوەیەکی گوماناوی و نامرۆیانە شەهید دەکرێ. کاک ئەحمەد دوورخراوەتەوە بۆ کونەماسی لە بادینان. سەنناری مامەدی وسالاری حەیدەری خۆیان تەحویلی ئیران داوە. کاک سولەیمان لە لایەن پاراستنەوە بەرقیبەی بۆدێ خۆیان پێبناسێنی. بەڵام لەترسی گرتن و تەحویل داناوەی بە ئێران (کەپێشتر و بەر لە گەڕانەوەی بۆ باشوور هەستی پێکردبوو) بە ناچاری لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکیدا دەگەڕێتەوە بۆ شاخەکانی کوردستانی رۆژهەڵات. مەلا ئاوارە و مەلا رەحیمی وردیش هەر پێشتر گەڕا بوونەوە وڵات. ئەمجار پاراستن فشار دێنێ بۆ سمایلی شەریفزادە و سیراجی: کە لە ناوچە سنوورییەکان نەبن و داگەڕێنە خوارێ بۆ (سەنگەسەر و ئەو ناوە ..،٣٠ - ٢ - ١٣٤٦ کەریمی حیسامی بەداوای نامەی کاک سولەیماندا دێتە بەغدا. بەدوای سمایل و کاک سولەیمان وحەمەدەمینی سیڕاجیدا دەنێرێ. کاک سولەیمان و سیراجی بۆیان ناکرێ بچن. سمایل بە تەنێ دەچێت بۆ بەغدا و نامەیەکی کاک سولەیمانیش دەبا بۆ حیسامی. کاک کەریمی حیسامی دەڵێ؛ 'پاش قسە وباسێکی زۆر پێشنیارم پێکرد:لە گەڵ کاک سولە یمان و قادرشەریف یەک بگرنەوە. بەڵام سمایل وەک رووناک بیرێکی شۆرشگێڕی بێ تەجرەبە و تارادەیەکیش لە ژێر تەئسیری تیئۆری (مائۆ)ی رەحمەتیدا، ئەوانی پێ ناسیۆنالیست و مورتەجیع بوو "کاک کەریم کاک سەعید کویستانی و چووکەڵیشی بینیوە و دەڵی "ئەوانیش لە سولەیمان رازی نەبوون. دەیانگوت" ئێستاش بەقسەی ئەحمەد تۆفیق هەڵدە سوورێ.." پاش گەڕانەوەی سمایلی شەریفزادە لە بەغدا و هاتنەوەی بۆ کوردستان، ئەویش و حەمەدەمینی سیراجیش هەریەکەی بە لایەکدا دەگەڕێنەوە بۆ شاخەکانی ئەودیو و.....

* پاش گەرانەوە جەماعەتدا بۆ وڵات، سنوورەکان بەجاش و ئەرتەش تەندران. لەولاشەوە پێشمەرگەی گەرمێنیشی بە ئەمری پاراستن، رێگای گەڕانەوە و پاشەکشەیان لێ گرتن. بەم شێوەیە: خەباتی چەکداریان بەسەردا دەسەپێندرا و شۆرشی ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ دەست پێکرا و بۆ ماوەی ١٨ مانگ درێژەی کێشا و لاپەرەیەکی زێرین و پر لە شانازی خستە سەر مێژووی خەباتی رزگایخوازانەی گەلەکەمان و زۆرێک لە بەرپرسان وپێشمەرگەکان لە شەڕی قارەمانانەی نابەرابەردا شەهید کران و ٣٠ - ٢٠ کەسێکیشیان بەساغی یان بە برینداری تەحویلی ساواکی ئێران درانەوە و پاش شکەنجە وئازارێکی زۆر ئیعدام کران. کاک سولەیمانی موعینیش

سەرچاوە
Serchawe

سەرقافڵەی کاروانی ئەو شەهیدانەیە و بۆ هەمیشە یادی زیندووە، لە لایەن شۆرشەوە گیرا و ئیعدام کرا وتەرمەکەی دراوە بە ئێران!!!!!

مەلا مەحمووی زەنگەنە،٢١ی مانگی ڕەزبەری ١٣٤٦ لە گوندی بەیرەم شەهید کرا. مەلا ئاوارە بە هۆی خەیانەتی چەند کوردی خۆفرۆشەوە لە گوندی (دیوالان)ی ناوچەی سەردەشت، لە گەڵ دوو پێشمەرگەدا بە ناوەکانی: ڕەحمانی وەسمان چاوشین ومەلا کەچە، مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ گیران و ١١ی خەرمانانی ئەو ساڵەدا لە شاری سەردەشت لە دار دران. سمایلی شەریفزادە لە گەڵ محەممەدی شاتمانی، حسەینی ڕەحمان ڕابی، عەلی عەوڵاکۆڵ، لە ئاکامی خەیانەتی کوێخا شەریف ومحەمەدی ژنبرایدا، ڕۆژ ١٠ی بانەمەڕی گوڕستانی (تایلە)ی سنە، نزیک کوچکەرەش بە دزی خەڵکەوە بە خاک ئەسپێردران. یادیان بەخێر. نحۆ پادشای هەر زوو شەهید بوو.١٣٤٧ لە چۆمی (دارێنە) تووشی شەرێکی سەخت وخوێناوی هاتن لە گەڵ جاشە بانەییەکان وژاندرمە، وسەرەنجام شەهید بوون و لە مەلا ڕەحیمی وردیش بە دەستی (عەبدولوەهاب ئوترووشی) گیراو ئیعدام کرا.

لایە نگرانی ریبازی کاک ئەحمەد و ئەو کادر وپێشمەرگانەی کە بەشداری شۆرشەکەی ٤٧ - ٤٦ یان نەکردبوو مانگی پووشپەری ١٣٤٨ کۆنفەرانسی دووهەمی حیزبیان گرت و ٣ کەسیان بۆ ساغکردنەوەی کومیتە ناوەندی حیزب هەڵبژاردوە: کاک مەلا عەولا حەسەنزادە، مەلا حەسەنی رستگار و مامۆستا هێمن. بە وتەی کەریمی حیسامی داوای هاوکاری لە د.قاسملوو، کەریمی حیسامی و مەلاحە سەنی قزڵجیش دەکەن (ئەو کات ٤ کەس لە ئەندامانی کومیتە ناوەندی کۆنگرەی ٢، نحۆ پادشایی، مەلا رەحیم وردی، سولەیمانی موعینی و کاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر) شەهید ببوون. ئەحمەد تۆفیق لە لایەن شۆرشەوە دوورخرابووەوە. مەلا سەید رەشید نامەی کۆمیتە ناوەندی بردوە بۆ ئەحمەد و ئیتر نەگەراوەتەوە.

کاک ئەحمەد تۆفیق و مەلا سەید رەشید، لە ئاخری ساڵی ١٣٤٨دا لە کۆنە ماسییەوە هەڵاتوون بۆ بەغدا و بوونە پەنابەری دەوڵەتی بەعس، مەلا سەید رەشید نێوانی لە گەڵ کاک ئەحمەد تێکدەچێ و بە جێیدێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و درێژە بەکاری سیاسی دەدات. سەرەنجام لە گەڵ جەماعەتێک لە رەفیقەکانی تەحویلی ئێران دراوە و پاش چەند ساڵ زیندان ئازاد کرا و لە شاری سەقز دووکانێکی دار تاشی دانا و....پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە شەڕێکدا دەگەڵ ئاغاکانی تیلەکۆ شەهید بوو. کاک ئەحمەد ماوەی ٢ ساڵان لە بەغدا بە

ئازادی دەسووڕێتەوە. کاری سیاسی دەکات. لە دژی دەوڵەتی ئێران ئیعلامییە بڵاو دەکاتەوە. خۆی بەسەرۆکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەزانێ و بە ئاشکرا دژی ناحەزانی خۆی دەنووسێ وەدەدوێ. ساڵی ١٣٥١ - ١٩٧٢ لە لایەن جینایەت کارانی بەعسەوە گیرا وساڵی ١٣٥٢ - ١٩٧٣ شەهید دەکرێ. یادی بەخێر.

حیزبی توودە، هەر لە پاش گۆدەتای قاسم و پەیدابوونی کەشو هەواییێکی باش و لە بار بۆ هەڵسوورانی سیاسی بنکەی لە عیراق کرد بووە. کاتێک دیتی لە کوردستانی بەشی ئێرانیش، شۆرش و خەباتێکی چەکداری لە ئارادایە و بە قەولی کەریمی حیسامی: "فکرەی چەوتی (مائۆ) گەیشتۆتە شاخەکانی کوردستان، خۆیان و لایەنگرانیان بە پەلە کەوتنە خۆ. بۆ ئەوەی لە لایەک، وەک هەمیشە لە کاتی گەشەو پێشرەفتی بیری کوردایەتی ورەخسانی کەشوهەوای لە باربۆ کار لەکوردستان، دەستی تێوەردەن و بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێوەرگرن و لەولاشەوە نەهێلێ بیر ی مائۆئستی دژی یەکیتی سۆفێتی قیبلەگایان لە کوردستان جێگیرببێ.

نە پێکهێنەرانی کۆمیتەی ئینقیلابی و نە رێبەرانی شۆرشی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ خاوەنی یەک خەتی فکری و رێباز و بۆچوونێی سیاسی نەبوون و بە پێی بەرنامە و نەقشە و پلانی لە پێشدا دارژا و بە لە بەر چاو گرتنی بارو دۆخە ناوچەیی وجیهانییەکان برپاریان نەدابوو. تەنانەت رێبەرانی شۆرشەکەش، یەک دەنگ و پێکەوەش نە گەرانەوە ئەو دیو و، بە مەیلی خۆیان خەباتی چەکداریان هەڵ نەبژاردبوو. لە ٧ ئەندامی کومیتەی ئینقیلابی (کە هیچیان ئەندامی ناوەندی حیزب و تەنانەت زوربەیان هەر ئەندامی حیزبیش نەبوون) تەنها ٣ کەسیان بەشداری شۆرشەکەیان کردوە: (مەلا ئاوارە، حەمەدەمینی سیراجی و سمایلیشەریفزادە). مەلا ئاوارە و کاک سمایل لایەنگری رێباز و فکرەی مائۆ بوون. کاک حەمەدە مینی سیراجی یەکێتی سۆڤیتی و ئۆردووگای سۆسیالیستی سەر بە شوورەوی قوبووڵ بوو. هەمیشە لایەنگر و ماوەیەکی زۆریش ئەندامی حیزبی توودە بوو. ئەگەر چی وەک رووناکبیرێک، لە گەڵ لایەنگرانی (مائۆ)ش نیوانی هەبووە.

کاک سولەیمانی موعینیش کە یەکێک لە رێبەران وهەڵسووراوانی شۆرشی ٤٧ - ٤٦ بوو. ئەندامێکی کومیتە ناوەندی چالاک و بە وەفای حیزبی دێمۆکرات و درێژە دەری رەوت و رێبازی کۆمارو پێشەوا و لە هەمان کاتدا رووناکبیرێکی پێشکەوتنخوازی سەربەخۆی دۆستی و لاتانی سۆسیالیستی بوو. هەموو ئەو رەفیقانە، بە بیرو باوەرو تیئۆری جیاوازەوە، فشار وزەختی کار بەدەستانی شۆرشی باشوورو هێرشی جاش و جەیشی ( ئێران) و

پێوەندی چڕوپڕی (ئێران) و کار بەدەستانی شۆرش و هاوپەیمانیەتیان لە دژی کوردەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەگشتی، یەکی خستنەوە. ناکۆکیە فکری وئیدئۆلۆژییەکانیان وەلانا. خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان کردە بناغە و هەوێنی پێکەوە بوون و نیمچە بەرەیەکیان پێکهێنا و لە ناو وڵاتدا درێژەیان بە خەباتی هاوبەشی خۆیاندا و سەرەنجام تووشی شەرو شاخ کران و بۆماوەی ١٨ مانگی لەگەڵ هەزاران جاشی بەکرێگیراوی خۆیی و ژاندارم شەڕیان کرد و حەماسەیان خوڵقاند ولا پەڕەیەکی زێڕینیان خستە سەر مێژووی خوێناوی و پڕ لە شانازی گەلەکەیان...

سەرچاوە: کۆمەڵەی ژ.ک. و کورتەی بەشێک لە رووداوەکانی ناو حیزبی دێموکوراتی کوردستانی ئێران

نووسێنی: عومەر عەسری

٢ - ١٢ - ١٣٨٦ی هەتاوی

---

# یادێک لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ و هێمای هاوبەشی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری، شەهید سمایل شەریفزادە




بەڕێزان! ئامادە بووانی ڕێوڕەسمی شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە

مێژووی خەباتی نەپساوەو بێوچانی رۆڵەکانی گەلی کورد شایەدی بۆ دلسۆزی، ئازایەتی، لەخۆبردوویی‌و سووربوونیان لە سەر خەبات بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادییەکانی ئەم گەلە زوڵملێکراوە دەدا. خەباتکارانی گەلی کورد، هیچ کەندو کۆسپێک هەنگاوی پێ شل نەکردون، مەرگ نەی ترساندونو لە پێناوی بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیاندا، سەریان کردۆتە بەردەبازی ئازادی.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨)ی ڕۆڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەک لەو فەسڵە خوێناوییانەی خەباتی ئازادیخوازیی تێکۆشەرانی گەلەکەمانە کە ڕاستیی ئەم قسەی سەرەوە دەسەلمێنن.

ڕووخانی کۆماری کوردستان، شەپۆلیکی گەورە لە گرتنو ئێعدامو ئاوارە بوونو دەربەدەریی تێکۆشەرانی کوردی بە دواوە بوو. جارێکی دیکە دیکتاتۆری بە سەرنیشتمانەکەماندا زاڵ بۆوە. لە نێوخۆی وڵات، دلسۆزانو نیشتمانپەروەران، لەژێر زەبرو زەنگو هەڕەشەی بەکرێگیراونی ڕێژیمی شایەتیدا، بە سەختی دەیانتوانی لەگەڵ

کەسانی جێگای متمانەی خۆیان پەیوەندی بگرنو کاری سیاسیو ڕێکخراوەیی بکەن. سەردەم سەردەمی سەرکوتی هەر چەشنە جووڵەو چالاکییەکی سیاسیی ئازادیخوازانە بوو. بۆ ماوەی دوو دەیە، جگە لەسەردەمی پەرەگرتنی خەباتی نیشتمانیو دژەئیستیعماریی دوکتور موسەددیق، دەرەتانی بەرهەڵستبوونەوەیەکی جیددی بۆ خەڵکو هێزە خەباتگێڕەکان، بەرامبەر بە ڕێژیمی شایەتی نارەخسێ. لە نیوەڕاستەکانی دەیەی چلی هەتاوی ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی دیموکرات کە ئاوارەی باشووری کوردستان ببوون، خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەو سازماندانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبنو چالاکیی سیاسیو تەشکیلاتی دەست پێ دەکەنەوەو ریکخراوەکانی حیزب دەبووژێننەوە. بوونی شەڕ لە نێوان شۆڕشی کوردو حکوومەتی عێراق لە لایەک و پێوەندیی ئەو شۆڕشە لە گەڵ ڕێژیمی شایەتیو گرنگیدانی لەڕادەبەدەری بە هاوکاریو پشتیوانیی دەولەتی ئێران، تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەرەوڕووی هەلومەرجێکی نالەبار کردەوە. ئەوان لە باشووری کوردستان لە گەڵ گوشارو بەربەستی جۆراوجۆر و تەنانەت مەترسیو نائەمنی بەرەوڕوو بوون، هەر بۆیە بەشێکیان بۆ دەربازبوون لەو هەلومەرجە نەخوازراوە بڕیاری گەڕانەوە بۆ نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەدەن. بەڵام بە زوویی دەگەڵ ڕاوەدوونان و پەلاماری ئەرتەشی شایەتیو چەکدارە بەکرێگیراوەکانی بەرەڕروو دەبنو بەم جۆرە ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان بەسەردا دەسەپێ. شۆڕشگێڕانی بەشدار لەو ڕاپەڕینە لە سەردەمیکدا بەرەنگاری ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی ڕێژیمی شایەتیی ئێران بوونەوە، کە ئەو ڕێژیمە هەموو ئێرانی لە کۆنترۆل دابوو. شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕاپەڕینی چەکدارانەی خۆیان لە کوردستان، خەویان لەچاوی شاو دەربارو ساواکو ئەرتەشەکەی تاراند. ئەوان، پێیان نابووە نێو قۆناغێکی سەختو دژوارو هیچ ڕێگایەکیان جگە لە خۆڕاگریو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربەرزانە لەگەل لەشکرکێشیو پەلاماری ئەرتەشو هێزی دژە چریکی ئەو ڕێژیمە بۆ نەمابۆوە. بۆ ماوەی ١٨ مانگ، ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ورمێوە تا نزیک سەقز، بووە مەیدانی بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانی دیموکرات. ئەو شۆڕشگێڕانە لە چەندین بەرەنگاربوونەوەدا بە جۆرێک وەدەست هاتنو زەبریان وەشاند کە ئەرتەشو دامودەزگای سەرکوت لە چەندشارو پادگانەوە هێزیان بۆ سەرکوتی ئەوان کۆدەکردەوە، هێلیکۆپتەریان دەنارده سەریان، گوند و مووچەو مەزرا و هەواری چەندین ناوچەیان لی دەتەنین.

بەرەنگارییەکانی ئەم ١٨ مانگە، چۆنیەتیی قارەمانەتی نواندنی شۆڕشگێڕانو هاوکاریی خەڵکی دلسۆزو دیموکرات خۆشەویست لە گەڵ ئەوانو هەوڵو تەقەللای ئەرتەش و ساواک بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕاپەڕینە، باسێکی تایبەت هەڵ دەگرێ کە لە م دەرفەتە کورتە دا بە داخەوە ئیمکانی نیە.

سەرەڕای ئەو نرخە گرانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سۆنگەی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەدا، راپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ی هەتاوی فەسڵێکی پرشنگدارە لە مێژووی ئەم حیزبەو خەباتی خەڵکی کوردستاندا. حیزبی دیموکراتی کوردستانو گەلی کورد بەشێکی بەرچاو لە باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان لە ڕەوتی ئەم راپەڕینەدا لە دەستدا کە وەک نموونە دەتوانین شەهیدان مەلا ڕەحیمی وردی، سولەیمانو عەبدوڵلا موعینی، سمایل شەریف زادە، مەلا ئاوارە، مەلا مەحموودی زەنگەنە، قادرشەریف، نەحۆی شکاک، مینەشەم، ساڵەلاجانی ناو ببەین. بەڵام بەرەنگاربوونەوەی تێکەڵ بەگیانبەخشینی ئەوان، "دوورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست"ی شێواند، سەرنجی خەڵکی کوردستانی بۆ لای ژێردەستیو مافخوراویی خۆیان ڕاکێشاو بیری نەتەوەییو ڕزگاریخوازیو بەرەنگاربوونەوەی ستەمو زۆرداریی لە نێو ئەواندا زیندوو کردەوە. راپەڕینی ئەو بەشە لە بەرێوەبەرانو تێکۆشەرانی دیموکرات، سەرمایەی خەباتخوازیو ئەزموونی شۆڕشگێرانەی حیزبی دیموکراتو گەلەکەیانی دەوڵەمەند کرد. بۆ خۆشیان بوون بە ڕەمز و هێما بۆ شۆڕشگێڕیو خۆنەویستیو نیشتمانپەروەریو تێکۆشان.

یەکێک لەو هێمایانە، تیکۆشەری دیارو ناسراوی ئەو بزووتنەوەیە، شەهید سمایل شەریف زادەیە کە بە مەلا عزیز ناسرا بوو. سمایل شەریف زادە کە لە بنەماڵەیەکی دیارو خۆش بژێوی شاری مەهاباد لە دایک ببوو، خوێندکاری زانکۆی پۆلیتکنیکی تاران لە ڕشتەی مکانیکی بوو. پێش ئەوی زانکۆ تەواو بکا، ناچاربوو زانکۆو ئێران بە جێ بێڵێو ڕێگای خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەی بگرێتەبەرو تیکەل بە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەرمێن بێت.

ئەگەر ئاورێکی خێرا لە مێژووی دامەزرانی زانکۆکان لە ئێرانو نەخش و دەوری خوێندکارانی کوردو گەشەی بیری سیاسی و نەتەوەیی لە نێو خوێندکارانی کورد لەو سەردەمدا بدەینەوەو هەلوێستەیەک لەسەر بزاڤی خوێندکاریی سەراسەری و کوردستانی بکەین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە بیری سیاسیو نەتەوەیی شەریفزادەو هاوبیرەکانی لە چ ژینگەیەکدا گەشەی کردوە. دامەزرانی زانکۆکان لە ئێران دا بۆ دەیەکانی ٢٠ی هەتاوی دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ بەسەر دامەزرانیاندا تێپەر دەبێ. لە کوردستان ئەم مێژوویە زۆر لەوە کەمترەو لە کۆتایەکانی دەیەی چل و سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوی لە شارەکانی کرماشانو ورمێ زانکۆ دادەمەزرێحوزوری خوێندکارانی کورد لە ناوەندە زانستییەکاندا لە هەرکام لە قۆناغەکان دا جیاوازە. لە دەیەکانی چل و پەنجادا




حوزوری خوێندکارانی کورد لە پێشتر بەر چاوتر بووە. حوزوری ئێستای خویندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران لە گەڵ رابردووش هەر بۆ بەراوردکردن نابێ. لە سەردەمێکدا کە سمایل شەریفزادەو خوێندکارانی دیکەی کورد پێیان ناوەتە نێو زانکۆ، گوتاری زاڵی ئەو کات لە نێو زانکۆکاندا گوتارێکی چەپ‌ی‌و مارکسیستی بووە و لە ژێر کاریگەریی شۆڕشەکانی کووبا ، ڤێتنام و هتد ، دروشمی "رێگای رزگاریی گەلان، خەباتی چەکدارییە" باو بوو. لە ژێر ئەو فەزایەدا گیانی بەرەنگاری لە گەڵ زوڵم‌و سەرەڕۆیی بە شێوەی چەکدارانە پەرە دەستێنێ. ئەوەش پێچەوانەی مێژووی بزاڤی خوێندکارییە کەلە زۆربەی قۆناغەکان داخوێندکاران وەک رەخنەگرێک دژی نەبوونی ئازادییە دیموکراتییەکان دەنگیان هەڵبڕیوە و بەرەورووی سیاسەت و بەرنامەکانی دەسەڵات لە بوارەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا بوونەتەوە و وەک توێژێکی رووناکبیر و وشیار، رێبەریی نارەزایەتییەکانیان بە دەستەوە گرتوە.

لەو سەردەمەدا خوێندکارانی کورد - سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی - بیری ناسیونالیستی‌و نەتەوەیی ئاوێتەی گوتاری چەپ دەکەن و دەیکەن بە گوتاری خوێندکاری کورد. شەریفزادە هەر بەوەشەوە ناوەستێ‌و پێوەندی بە رێبەران‌و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانەوە دەگرێ‌و سەرئەنجام لە پێناوی بەشدارییەکی کاراتر لە خەباتی نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕانەی گەلەکەیدا، زانکۆ بە جێ دێڵێ‌و دەست دەداتە چەکو تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ. بە هۆی بەرزیی تێگەیشتنی سیاسی‌و ئەزموونی خەبات‌و تێکۆشان لە زانکۆدا، بە زوویی جێی خۆی لە نێو هاوڕێیانیدا دەکاتەوەو رۆڵێکی شوێندانەری لە رێکخستنەوە و بووژانەوەی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و گرتنەبەری هەڵویستی شۆڕشگێرانەدا دەبێ. کاتێکیش کە سەرەڕای نالەباریی هەلومەرجی نێوخۆی کوردستان‌و ئێران، لە گەڵ هاوڕێیان‌و هاوبیرانی‌دا ناچار دەبن بگەڕینەوە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەو جۆرەی شیاوی رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕو سیمایەکی دیار و سەرکردەیەکی بەوەجی تێکۆشەرانی دیموکراتە،کەسایەتیی خۆی‌و تواناکانی دەسەلمێنێ. هەر بۆیە شەهیدبوونەکەشی خەسارێکی گەورە بوو بۆ ئەو ڕاپەڕینەی ئەو کات.

**بەڕێزان!**

**خوێندکاران و هۆگرانی بزووتنەوەی خوێندکاری!**

**تێکۆشەرانی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێرانە!**




کۆبوونەوەی هەر دوو تەیفی ئێوە لەم مراسمە و لە ژێر چەتری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، شتێکی بە ڕێکەوت نیە. بە هۆی هەلومەرجی سیاسی،کۆمەلایەتی وفەرهەنگیی کوردستانو کاریگەریو پاشخانی خەباتی نەتەوایەتی لە نێو گەلی کورددا، بزووتنەوەی خوێندکاریو گوتاری خوێندکارانی کورد لە رابردوو و ئێستاش دا،گوتارێکی ئازادیخوازانەو نەتەوەییانە بووە. زانکۆ سکۆیەک بووە بۆ بڵاو کردنەوەی بیرو هزری سیاسیو نەتەوەیی و وەک سەنگەرێک بۆ داکۆکی لە شوناسی نەتەوەیی و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەکار هاتوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەموو کات خۆیان بە پشتیوانی خوێندکارانی خەباتکاری کورد وبزووتنەوەی خویندکاری لە کوردستان زانیوە. کەم نین ئەو خوێندکارە وشیارو بە هەڵوێستانەی لە زانکۆکان دا خەریکی خوێندن بوون، لە سەر بیروباوەری سیاسیو کوردایەتی پەلکێشی زیندانەکان کراون و حوکمی درێژخایەنیان بە سەر دا سەپاوە، یا لە خوێندن بێبەش کراونو تەنانەت ملیان بە پەتی سێدارەوە کراوە. پێوەندی بەبزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە تایبەتی پێوەندی بەحیزبی دیموکراتی کوردستان و، تێکۆشانو خەباتی ڕاستەوخۆ لە ڕیزەکانیدا، هەر تایبەت بە خوێندکارانی کوردستان نەبووە. ژمارەیەک لەدیارترین مامۆستایانی کوردی زانکۆ وخاوەنانی بەرزترین بڕوانامە زانستییەکان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، کە د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی نموونە درەوشاوەکانیانن، بە شانازییەوە زانست و ئەزموونی ئەکادیمیی خۆیان خستوەتە خزمەت تێکۆشانی حیزبی دیموکرات وخەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە.

جێی خۆشحاڵییە کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسیو خەباتی نەتەوایەتیدا، خوێندکارانی کوردلە زانکۆکانی ئێران لە خەباتی ئازادیخوازانەو نەتەوەییدا پێشەنگ بوون. ٤٦ ساڵ پاش شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە، هێمای هاوبەشی هەر دووبزووتنەوەی خوێندکاریو نەتەوەیی، زانکۆکانی کوردستان و ئێران، سەنگەری خەباتو تیکۆشانی خویندکارانی کورد لە پێناوی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلەکەیان دان. شەریفزادەو هەموو ئەو خوێندکارو مامۆستایانەی لە زانکۆوە روویان کردە خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەیان و بوون بە ئالقەی پیوەندیی زانکۆ و چیا و بزووتنەوەی خوێندکاری و نەتەوەیی، وەک هێمایەکی خۆشەویست، لە بیر و روانینی خوێندکارانی کوردستان دا، جیگایان هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێزانینو هیواو گەشبینییەوە دەڕوانێتە خەباتو تێکۆشانی ئەمڕۆی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران. وەک هێزێک کە لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکان دا شانازیی تێکۆشانی خوێندکارانو

مامۆستایانی زانکۆی لە ڕیزەکانی خۆیدا هەبووە، لەم بۆنەیە دا جارێکی دیکە لە سەر هاوپێوەندیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری پێ دادەگرێتەوە. هیوادارین کاری فکریو فەرهەنگی و زانستی لە سەر قووڵکردنەوەی هزری نەتەوەیی و بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی و داکۆکی لە ویست و داخوازە نەتەوەییەکان، هەر وا بەشێکی گرنگ لە ناسنامە و کارنامەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان بێ.

بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهید سمایل شەریف زادە و هەموو شەهیدانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧. هەروەها یادی هەموو ئەو خویندکارانە بەرز ڕادەگرین کە لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان دا گیانیان بەخشیوە یا تووشی بەندیخانە و ئاوارەیی بوون.

بە هیوای هاوپێوەندیی هەر چی زیاتری بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری لە کوردستان.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٣ هەتاوی = ٤ی مای ٢٠١٤ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مەی ٢٠١٤




## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی چل ساڵەی ڕاپەڕینی ساڵەکانی

۱۳٤٦ - ٤٧




**خۆشک و برا بەڕێزەکان !**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**لە دەوری یەک کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی ڕێز لە یادی ڕاپەڕینە قارەمانانەکەی ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی کوردستانی ئێران بگرین کە لە لایەن کۆمەڵێک لە کادرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە وەڕێ خرا و بۆ ماوەی ١٨ مانگ خەوی ئاسوودەی لە چاوی چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزا شای پەهلەوی زڕاند. لە ژیانی گەلی کوردو گەلانی دیکەی جیهان دا زۆر ڕووداوی مێژوویی هەن کە لە کاتی ڕوودانیان دا بەو جۆرەی پێویستە ناناسرێن و گرنگی و بایەخی خۆیان پێنادرێ. یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە مێژوویی یەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی (٦٧ و ٦٨)ی زایینی یە.**

**ڕاپەڕینی ئازایانەی ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەک هەر لە لایەن دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی نێوخۆی ئێرانو جیهانەوە بایەخێکی پێنەدراو دەنگدانەوەیەکی نەبوو، بگرە لە نێوخۆی کوردستان و تەنانەت لە ریزەکانی حیزبیش دا بەو جۆرەی شیاوی بوو حیسابی بۆ نەکرا. لەوەش زیاتر، ئەو ڕاپەڕینە لە چاوی بەشێک لە ڕێبەڕایەتیی حیزبەوە وەک یاخیبوونو لە ڕێگا دەرچوون لە قەڵەم دراو،**

تێکۆشەرانی بەشدار لەو رابوون و سەرهەڵدانەدا بە شیاوی لێپرسینەوەو سزادان دانران. تەنانەت زیاتر لە چوار ساڵ دوای بەرپابوون و نیزیک بە سێ ساڵ دوای لەنێوچوونی، یەکێک لە پڕکێشەترین باسەکانی کۆنگرەی سێیەم ئەوە بوو کە راپەڕینی ٤٦ - ٤٧ دەبێ وەک بێدیسپلینیی ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزب بناسرێ، یان وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەقەڵەم بدرێ. بە خۆشییەوە لە کۆنگرەدا سەرەنجام مەنتیقی شۆڕشگێڕانە سەرکەوت و بەم جۆرە باسی لێوە کرا:

"راپەڕینی ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی حیزبی ئێمەدا هەیە".

بە تێپەڕینی رۆژگارو ئاوڕدانەوە لە هەل و مەرجی ئەو سەردەمی کوردستان و سەرانسەری ئێران بایەخی ئەو راپەڕینە باشتر دەرکەوت. ئەو سەردەمە رۆژگارێک بوو کە رێژیمی حەمە رەزاشا ئێرانی بە دوورگەی ئارامی نێو ئوقیانووسی پڕگێژاوی رۆژهەلاتی نێوەڕاست ناو دەبردو وای دەنواند کە ئێران بە هەموو پان و بەرینیی خۆیەوە کەسی تێدا نیە سەری نەفەسی هەلاوێ و بیر لە بەرەنگار بوونەوەی دەسەلاتە شوومەکەی بکاتەوە. بەراستییش سەرکوت و زەبروزەنگ چەند ساڵێک بوو کە ئێرانی کردبووە گۆڕستانێکی کرویێدەنگ. کەچی راست لەو هەل و مەرجەدا کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم و لەخۆبوردو و بە ئیمکاناتێکی یەکجار کەمی چەکداری و تەداروکاتی و ماڵی و تەنانەت تەشکیلاتی یەوە لە دەسەلاتی جەهەننەمیی شا راپەڕین و دوورگە ئارامەکەی حەمە رەزاشایان کردە کەڵەکی سەر ئاو.

بێ ئەوەی بچینەوە نێو وردەکاریيەوە دەتوانین بڵێین کە راپەڕینی ٤٧ - ٤٦ بە ویست و دڵخوازی تێکۆشەرانی دیموکرات و بە پێی بەرنامەیەکی لەپێش دا داڕێژراو وەرێ نەخراو بێ ئەوەی بیانەوێ بەسەریان دا سەپێندرا. کەچی لە گەڵ هەمووی ئەمانەش دا هەم شۆڕشگێڕەکان خۆڕاگری یەکی بێ وێنەیان لەبەرامبەر چەکدارە رەنگاورەنگ و زۆرو زەوەند و پۆشتەو پەرداخەکانی حکوومەتی شادا لە خۆیان نیشان داو هەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پشتیوانی یەکی شیاوی ئافەرینیان لێکردن و رۆڵە خەباتگێڕەکانی خۆیان بەگەرمی لەباوەش گرت.

بەڕاستی دیمەنێکی شانازی خوڵقێن بوو کە لە هەر جێیەکی شەڕو پێکهەڵپڕژان لە نێوانی پێشمەرگەو




بەکرێگیراوانی رێژیم دا هەڵ دەگیرسا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە نان و ئاوو دەرمان و تەقەمەنی و پێداویستییەکانی بەرگری و بەرخۆدانەوە بە هانایانەوە دەچوون و ورەی شۆڕشگێڕانەیان بەرز دەکردنەوە.

زیاتر لە سێ ساڵ دوای بەرپابوونی راپەڕینە چەکدارانەکەی ٤٧ - ٤٦ کاتێک دەستەیەک لە تێکۆشەرانی رێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران هێرشیان کردە سەر پاسگای سیاکەل خۆبەزلزانانە ئەو رووداوەیان بە سەرەتای بەربەرەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی لە قەڵەم داو گوللەی چریکە خەباتگێڕەکانیان بە یەکەم گوللە دانان کە بەرووی دیکتاتۆریی حەمە رەزاشادا تەقینەوە. کاتێکیش لە بارەی حاشا کردن لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە رەخنەیان لێدەگیرا، دیسان بە رووح زلیو بەرزەفڕییەوە بزووتنەوەی کوردستانیان بە رووداوێکی ناوچەیی دەزانی و ئەوەکەی سیاکەل بە راپەڕینێکی سەرانسەری، یانی چەند شارستان و دەیان هەزار کیلۆمیتر مەیدانی خەباتی تێکۆشەرانی کوردیان بە چووکتر لە تەنیا پاسگایەکی ژاندارمیری لەقەڵەم دە دا.

ئەمڕۆ کە بە شانازی و هەر لەو کاتەدا بە واقیع بینی یەوە ئاوڕ لە رووداوەکانی ساڵانی ٤٧ - ٤٦ دەدەینەوە، هێندێ ئەزموونی بەنرخ لەو رووداوە مێژوویی یەدا دەبینین. پێش هەموو شتێک ئەوە کە دوژمنێک هەرچەند بەهێزو دەسەڵات بێ، ئەگەر لەخۆبووردوویی و فیداکاری لە ئارا دا بێ، شۆڕشگێڕان دەتوانن بەرامبەری ڕاوەستن، زەبری لێبوەشێنن و شان و شەوکەتی تێک بشکێنن. ژمارەی پێشمەرگەکانی راپەڕین لەو ساڵانەدا قەت نەگەیشتە دووسەد کەس. بەسەربەرزییەوە خۆڕاگرن و ئەگەر هەل و مەرجی دەوروبەر لەبار بایە، دەکرا بۆ ماوەی زۆر زیاتریش درێژە بدەن و زەبری زۆر کاریگەرتریش بوەشێنن.

لەبەرامبەردا رێژیم دەیان هەزار چەکداری بۆ بەرەنگار بوونەوەیان دەنگ دابوو. بەو حاڵە توانیان ١٨ مانگ ئەزموونی بەنرخی دیکە ئەوەیە کە تێکۆشەرانی کورد هەمیشە دەتوانن حیساب لەسەر پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن و وەک قەڵایەکی پتەو پاڵیان وێ بدەن. لەو ١٨ مانگەدا کە راپەڕین لە ئارادا بوو دوژمن شارو گوندو شاخ و دەشتی وەک یەک بە چەکداری بەکرێگیراو تەنیبوو. بەڵام شۆڕشگێڕەکان کە بە پشتیوانیی خەڵکی خۆیان پشت ئەستوور بوون هەموو ماڵێکیان بۆ ببووە پەناگایەک و هەموو مووچە و مەزرایەکیان بۆ ببووە سەنگەرێک.




ئەزموونی بەرامبەر کە دەبێ وەریگرین ئەوەیە کە ڕاپەڕینێکی ڕزگاریخوازانە نابێ تەنیا پشت بە فیداکاری و لەخۆبووردوویی و قارەمانەتی و ئازایەتی ببەستێ. بزووتنەوەیەکی چەکدارانە پێویستە لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکرێ، تەشکیلاتێکی بەرینی لە پشت بێ، بەرنامەی کورتخایەن و درێژ خایەنی دیاری کردبێ، لە باری ماڵی و تەدارۆکاتی و چەک و تەقەمەنی یەوە مشووری بۆ خورابێ و تەیار کرابێ و سەرباری ئەوانەش پشتی جەبهەیەکی جێگای متمانەی بۆ پێش بینی کرابێ.

بەهەرحاڵ، بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ ، ١٣٤٦ پاش ١٨ مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمێک کە نەخشی ژاندارمی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا وەئەستۆ گرتبوو، ناچار بە پاشەکشە کراو پاش دامرکانی بڵێسەی چەکی پێشمەرگەکانی، کۆنەپەرستی وەک ورچی بریندار پەلاماری خەڵکی بێدیفاعی داو ڕقی کەڵەکەبوو لە پێشمەرگەی دیموکراتی بە خەڵکی بێدەرەتانی ناوچەکانی مەیدانی چالاکیی شۆڕشگێڕان ڕشتو بە دەیان و سەدان کەسی ڕەوانەی زیندانەکان کرد. لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ - ٤٦ دا زۆر ڕێبەری بەوەج و زۆر تێکۆشەری جێگای هومێد گیانیان لە دەست داو درێژەی ڕێگای خۆیان بە هاوبیران و هاوسەنگەرانیان سپارد. ئەو هاوڕێ شەهیدانە بۆ هەمیشە تاجی سەروەری بە سەر تێکۆشەرانی دیموکرات و خەباتگێڕانی کوردەوەن و ناویان و یادیان بۆ هەمیشە لە دڵی میللەتی کوردو مێژووی کوردستان دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بۆ ئێمەو هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات کە ئەم ڕۆژانە پاش چل ساڵ یادی بەرپابوونی بزووتنەوەی ٤٧ - ٤٦ دەکەینەوە، هەم ئەزموونەکانی ئەو ڕاپەڕینە بەشکۆیە چرای ڕوونکەرەوەی ڕێگای خەباتن و هەم مەرگی سەربەرزانەی هاوسەنگەرانی ئەو ساو دواترو لە سەرووی هەموویانەوە ڕێبەرانی شەهید د. قاسملووو د. شەرەفکەندی مایەی شانازی و سەرفیرازی یە. با هەوڵ بدەین شایستەی وەرگرتنی میراتی ئەو ڕێبەرانەو هەڵگرتنی ئاڵای دەستی ئەو شەهیدانە بین، کە "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە"

سڵاو لە یادی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵەکانی ١٣٤٧ ـ ١٣٤٦.

نەمری بۆ گیانی مەلا مەحموودی زەنگەنە، نەحۆ پاشایی (باپیر شکاک)و هاوڕێیانی، سمایلی شەریفزادەو هاوڕێکانی، سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی و هاوڕێکانیان، مەلا ئاوارە و هاوڕێکانی، مینە شەم، سەید فەتاح

**نیزامی، محەممەدی رەسووە مەرە، ساڵح لاجانی و هاورێکانی، مەلا رەحیم وێردی و هاورێکانی و هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی ٤٧ ـ ٤٦**

**سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی حیزب و گەل و لە سەرووی هەموویانەوە رێبەرانی شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی.**

**بەرقەرار بێ ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی**

**بژی کورد و رزگاری بۆ کوردستان و ئێوەش لە ژیان و خەبات دا سەرکەوتوو بن.**

**دەفتەری سیاسی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی مەی ٢٠٠٨**

## بەیانێکی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**لەمەڕ چۆنیەتی وەزع و کارەساتە خوێناوییەکانی دیکتاتۆری شا دا.**

تاقە پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەمان (حیزبی دێموکراتی کوردستان) کە حیزبێکی عیملی شۆڕش بووە و ڕابەری کەری ڕاستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بە تایبەتی باربوارو بەدی هێنەری داخوازایە بنەڕەتیەکانی چینە چەوساوە و ڕەنج کێشەکانە و دامەزرێنەی کۆماری میللی کوردستانە و هەمیشە وەک قەڵایەکی نەڕوخ لە مێژووی ژیانی سیاسیی دا کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە دا بەردەوام و هۆشیارانەتر لە جوڵان و گەشە و پەرە پێدراو پێشکەونی زانستی کۆمەڵایەتی بەرەو پێشەوە هەنگاوی هەڵهێناوەتەوە، لە پێناوی سەرخستنی و پێشخستنی مافەکانی و نیشتیمانی و دێموکراتیەتی خەڵکاکانی ئێران دا.

حیزبمان... بەپێی خەسڵەت و هەڵوێستی واقیعی شۆڕشگێڕانەی زۆر چالاک و هۆشیارانە بە ئەرکی ڕاستەقینەی ڕێبازی لە بارەی ڕوداو وکارەساتەکانی گرنگی بزوتنەوەی گشتی گەلانی ئێران بۆ بەدیهێنانی شیعارەکانی دێموکراتیکی هێزەکانی شۆڕشگێڕ ڕاپەڕیوە و بە سەدان دڵسۆز و ئەندامی تێکۆشەر و هەڵکەوتووی لەو ڕێبازە شۆڕشگێڕانە دا توشت سزا و ئازاردانی جۆراوجۆ بە تایبەتی لێدان و گرتن و ئیعدام هاتوون. هەروەها ئێستاش زیندانەکان ئاخندراون لە ڕۆڵەکانی نیشتمانی و لەژێر دڕندانەترین شێوەی حوکمی تیرۆی قەرەقوشی نیزامی و ساواک دا بە چاوەروانی مەرگەوە ڕاگیراون کە زۆربەیان جوتیار، کریکار، قوتابی، مامۆستایانی نیشتمانی و ئاینین.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنیان و بەدیهێنان و پێشخستنی پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وە هەروەها پشگیری و بەرگری لە تالان و کاولیەتی وڵات و ڕامالین و پلیشانەوەی دەسەلاتی خوێنمژانەی کۆنەپەرستان بە داگیرکەران و ئیمپریالیزمیشەوە هەرگیز لە خەباتی شۆڕشگێڕانە ڕانەوەستاوە.

سەرەڕای پیلان و فروفێڵ و پەلاماردانی خوێنرێژانە و هەولی تیرۆری قەرەقوشی دامودەزگاکانی سەربازی و

جاسوسگەری هێزەکانی دوژمن ڕێکخراوە بە نیازە بەرهەڵستی و دامرکاندنەوەی شەپۆلی بەتەوژمی بزووتنەوە و ڕاپەرینەکانی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتیشمانەوە. جگە لە هەڵوێستی گێرەشێوێنانە خائینانەی هەلپەرتیش بۆ ئامانجەکانی تایبەتی لە ژێر چاودێری و هەڵوێستی بارزانی دا بۆ بە هەڵەدان و شێوان و تێک دانی ڕێبازی هەڵوێست و ڕاستەقینەی بزوتنەوەی ئازادیخوازنە بە تایبەتی بوونی سەربەخۆی و پرستیژی پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەمان کە ڕاستەوخۆ یاریدەدەری پیلانەکانی ئیمپریالیزم و پەیمانی سنتویە لە دژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی پێشکەوتوی رۆژهەڵات بە گەلی کوردیشەوە.

بەڵام بە پێچەوانەی نەقشەکانی ئیمپریالیزم و شای خائین و خوێن ڕێژ و هێلانەی پیلان گێران و مەزهەر و پارێزگاری رژیمی دەرەبەگیەت هەروەها ڕاگیرکەری سەنگەرەکانی ئیمپریالیزمیشەوە زۆرتر خەڵکەکانی ئێران خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە یان ڕێک و پێک و پتەوتر ڕێک دەخەن بۆ پێشەوە و کڵپە و بڵێسە هەڵدەگیرسێنێ بۆ پێکەوە تێک گرێدان و یەکخستنی خەباتی هاوبەشی و پێک هێنانی بەرەی یەکگرتوی نێوانی هێزەکانی واقیعی گشتی لە پێناو بەدیهێنان و سەرخستنی حکومەتێکی شۆڕشگێری ئیئتلافی نەتەوەکانی ئێران بەسەلماندی و چەسپانی حکومەتی (خودموختاری) کوردستانیشەوە.

سەبارەت بەو ئامانجەشەوە بەزەبری کوشت و بڕ و هەلی تیرۆری خوێن ڕێژانە و هێرش و سیاسەتی فاشستی گەرانەوە هەرجۆرە داخوازی بزوتنەوەیەکی حەق خوازانەی گشتی و تایبەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە لافاوی خوێن هەڵدەکێشن هەر بەو هۆیانەشەوە ملهورانە خەباتی چەکدارانەیان سەپاند بەسەر خەڵکی کوردستان دا لە پێناوی پاراستی شەرەف و گیان و پرستیژ و بە دیهێنانی مافەکانی دێموکراتی گشتی یە.

هەڵگیرسان و پاراستن و پێشخستن و سەرکەوتنی شۆڕش بە پێی قانونەکانی عیلمی کۆمەڵایەتی وە مەرجەکانی گۆڕینی کۆمەڵ وەعەمەل هێنانی توانای تەتبیق کردن و زانین و تیگەیشتنیان دەتواندرێت بە ئامانج بگات، شۆڕشی ڕاستەقینەی ڕزگاری کەری پێشخەری ژیانی کۆمەڵایەتی یە هەروەها ڕوداوێکی گرنگی کۆمەڵایەتیشە کە مەرجەکانی هەڵگیرسان و و سەرکەوتنی لەناو کۆمەڵدا پێ دەگات. شۆڕش لە پێش هەموو شتێکدا پتر خەباتێکی سیاسی یە نەک نیزامی واتە لەجەوهەر دا درێژەپێدانی سیاسەتە بە جۆرێکی چەکدارانە بۆ بە دیهێنان و سەرخستنی ئامانجەکان.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ئەم جارەشمان کاکڵە و پوختەی ئالقەی زنجیرەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی تری خەڵکی کوردستانە، هەروەها پێکەوە لێک گرێدان و هەڵکێشان و نەپساوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکەکانی ئێرانیش بە تایبەتی مەزهە و سەرچاوگەیەکی بنچینەییە بۆ خەباتکەرانی ڕاستەقینە لە پێناوی ئامانجەکانی گشتی و تایبەتی نەتەوەکانی ئێران بە گەلی فارس و ئازەر و عەرەبەوە ، هەروەها ڕاستەوخۆ هاوپشت و یارمەتی کەری گرنگ و بەهێزە بۆ گەلانی رۆژهەڵات لە خەباتی شۆڕشگێرانەیان دا لە دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم، هەربۆیەشە ئەرکی گرنگ و پێویستی هێزەکانی شۆڕشگێڕی جیهان و گەلانی رۆژهەڵاتە بە هەموو هێز و تواناوە چالاکی بنوێنن بۆ یارمەتی و پشتیوانی کردنی مادی و مەعنەوی ڕاپەڕینە شۆڕشگێرەکەمان کە مەزهەرێکی بوژانەوە و گەشەپێدان و یەکخستن و بەگرو جۆش دانەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گشتی خەڵکەکانی ئێرانیشەوە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی چۆنیەتی هەلی تایبەتی و گیروگرفتەکانی ڕێبازی خەباتی کوردایەتی و خەباتی سیاسی بۆیان ساخ و یەکلابۆتەوە تەنیا بە خەباتی چەکدارانەیە ئامانجەکانی ڕاستەقینەکانی خەڵکی بە تایبەتی جوتیاران کوردستان بە دڵ و گیان پێشوازی و پاڵپشتی بزوتنەوەی چەکداریە شۆڕشگێڕەکەیان وە لە پێناویی دا فیداکاری و چالاکی دەنوینن.

چۆنیەتی ئەهەمیەتە گرنگەکانی ئەو ڕاپەڕینە چەکدارە شۆڕشگێڕییەکە بۆ بەرگری و بەگژ داچوون و ڕامالێنی دەسەڵاتی ستەم و چەوساندنەوەی حکومەت گەندەڵی شایەتی بە ئیمپریالیزم و سنتوشەوە لە پێناو حکومەتێکی شۆڕشگێڕی خەڵکەکانی ئێران بە کوردیشەوە، بەتایبەتی شەڕە قارەمانی یە خوێناویەکەیەکانی چیای (سپی سەنگی) مەنگوڕان بە ئەفسەر و سەرۆک جاشەکانیشەوە وەک صالح شوان، سیروان بنی عامر، ریحانی... لە ناوبران و، بۆیە سەرنجی دڵسۆزانی ڕاپەڕینە چەکداریە شۆڕشگێڕەکەمان بۆ هێندی لەو پەلامارە سەرکەوتوانەی ئەو ٤ مانگە ڕائەکێشین...

١- لە رۆژی ٢٨ی پوشپەڕی ١٣٤٧ ڕێکەوتی ١٩ی ژوئی یە لە دێی سەرشیوی ئاغەلان نزیکی شاری سەردەشت لە ساعەتی ١١ی بەیانی تا ٧ی دوای نیوەڕۆ پێشمەرگە دلاوەرەکانمان پەلاماری هێزێکی دوژمنی دا کە ژاندارم و جاشە خائینەکان بوون و بەنیازی تەعقیبات دەخولانەوە. لەو شەڕە گرنگە هەشت سەعاتی خایاندو دەوری هەرە




گورج و گۆڵی ئازایەتی یان پیشاندا لەبەر هەیبەتی دلێرانەیان هێزی بەکرێ گیراو دوچاری سەری لێ شێوان وەشێت گەری هات و تواناى بەرهەڵستی و بەرگری یان لێ برا بە هەوڵەداوان هەڵاتن و خزانە ناو خاوخێزانی ئاوایی یەکەوە هەتا حکومەتی دیکتاتۆری نیزامی نەیتوانی بە هاواریان بگات، لەئەنجامی ئەو شەڕە خوێناوی یەدا پانزە جاش و ژاندارم کوژران بەسەرۆک جاشی خائین (هەڵمەتیشەوە) هەروەها ٦ برینداریشیان هەبوو بە تایبەتی هێلیکۆپتەرێکی نیزامیش کە بەنیازی هەڵرژانی جاشی تر بۆ تێکشکاو فڕۆکەوانەکەش بریندار کرا وەدەستکەوتمان ١٠ چەکی برنەو وەیەکی ئەمریکی بو.

٢- لەرۆژی ٢٥ی گەلاوێژ یانی ١٦ی ئوتی ١٩٦٨ دا لە بەندەنی زەمزیران شارێگەی شەقامی مهاباد و سەردەشت تاقمێکی ٤٠ نەفەری ژاندارم کە سەرشێتانە بۆ تەعقیبات دەخولانەوە لە سەعات ٤ی دوانیوەرۆ دا کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانەوە لە ئەنجامی پەلاماردانی دلێرانە ژاندارمێک کوژرا و یەکی تریان رئیسی پۆست (شفامقدم) بریندار کرا هەروەها دوانیشان یەخسیرو بە حورمەتەوە ئازاد کرانەوە بەڵام حکومەتی گەندەڵی نیزامی هەر دووکیانی ئیعدام کرد. ئەوانە سەرباز بوون خرابوونە گاردی ژاندارمری یەوە ئەوانی تریشیان بەجۆرێکی زۆر ترسنوک و سەرشۆڕانە هەڵهاتن و هانایان بردە بەرخاوخێزانی چادرنیشینەکانەوە بونە هۆی لۆمەو گاڵتەوگەپی ژن و منداڵەکانیشەوە. هەروەها دەستکەوتمان ٣ چەک بوو وە پێشمەرگەکانیش سەرکەوتوانە بێ هیچ زیانێ گەرانەوە.

٣- لە رۆژی ١٥ی گەلاوێژ ١٣٤٧ رێکەوتی ٦ی ئوت سەعاتی ٩/٥ بەیانی تا ٨/٥ ئێوارە یانی ١١ سەعات لە ئاوایی شەڵماش پەنا شاری سەردەشت تاقمێک لەهێزە شۆڕشگێڕەکانی حیزبمان پەلاماری هێزێکی ٥٠٠ نەفەری سەربازەکانی ستونی عملیات و ژاندارمی جاشە خائینەکانی دا کە بۆ شەڕی پێشمەرگە هاتبون. لەو شەڕە گرنگە مێژوویە دا شۆڕشگێڕەکانی زۆر چاپوک و دلێرانە هەڵمەتی هێزی بەکرێ گیراویان دا وە بەتوندو تیژیەوە خستیانە ژێر گەمارۆدانەوە بۆ یاریدەدان و رزگاری هێزی تێک شکاو لە گەمارۆدان هەموو هێزەکان بەژاندارم وجاشە دەرەبەگە خائینەکانی مەڵبەندی بانەو سەردەشت و دۆستەکانی ئالان و جاشەکانی محمدامین چیچوی خائینی مەرگەوەڕ بە هەڵەداوان ڕەپیچەک دران بۆ کۆڕێ مەیدانی شەڕەکە جگە لەوەش هێزەکانی دوژمن پەنجاو دوو هەزار فیشە و دە گوللە تۆپیان تەقاند سەرەڕای ئەوە پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حیزبمان لەو شەڕەدا دەوری هەرە گرنگی دلێرانەیان نواند و زاڵ بوون بەسەر هێزی دوژمن دا وە لە ئەنجامیش دا پتر لە ٤٠ جاش و ژاندارم




کوژران وەهەروەها ٤٠ یشیان بریندار کران وە لاشە بۆگەنەکانیان کۆکرانەوە و بە هێلیکۆپتەر بۆ مۆڵگەکانی سوپای خائینی گوێزرانەوە لەمەدا هێلیکۆپتەرێکی نیزامی دیکەش تێکشکاو فڕۆکەوانەکەی بریندار کرا. بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دوژمنەوە تەنانەت پێشمەرگەیەکمان بریندار نەبووە.

چۆنیەتی ئەهەمیەتی زاڵ بوونی شۆڕشگێڕەکان و تێکشکانی هێزی بەکرێ گیراو لە ئێراندا بە تایبەتی کوردستان دەنگی دایەوە بۆتە هۆیەکی هەرەگرنگی شڵەژان و شێتگەری و هاری تێک روخانی روحیە و مەعنەویاتی هێزەکانی بەجاشە دەرەبەگە خائینەکانیشەوە.

٤- ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەر ٢٧ ئۆکتۆبەری ١٩٦٨ لەچیای حاجی کێمی نێوان ئاواییەکانی کۆکەو چواردیوار نزیکی شاری مەهاباد لەساعەتی ٦ی بەیانییەوە تا ٦ی ئێوارە یانی ١٢ ساعەت پۆلێکی ٨ نەفەری پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانمان لە شەڕێکەوە گلاند لەگەڵ هێزێکی ٣٥٠٠ نەفەری سەربازەکانی ستونی عملیات و ژاندارم و جاشە خائینەکان وێڕای شەش تانک و ٣ تەیارەی و جێت کە بۆ ئەو مەبەستە گلاوانە کۆکرابونەوە سەرەڕای هێزی زۆرو زەبەندی دوژمن بۆمباو گوللەبارانی سەنگەری پێشمەرگەکانی... نەفەرێک لەهێزی دوژمن بریندار و کوژران و بە هێلیکۆپتەر بۆ مۆلکەئ سوپاکەی خانی گوێزرانەوە. هەروەها هێلیکۆپتەرێکی تری سەربازیش تێکشکاو خرایە هەردەوە.

لە ئەنجامی ئەو شەڕە خوێناوییەدا بەهۆی بۆمبارانەوە سەیید فەتاح گەلە. دەروێش عوسمان شەهیدکران. دوژمنە خوێن ڕێژەکان بۆ نیشاندانی ترس و توقان لە دژی خەڵکی حەق خوازمان تەرمی شەهیدەکانیان لە شاری مەهاباد هەڵواسی(.) دوژمن خەڵکی قارەمان بەکشتی خرۆشان و کەوتنە جموجۆڵ و ڕاپەرین و داخشتنی دوکان و بازارەکان تورەیی و ناڕەزایەتی وە بەهۆیەوە توانیان تەرمی سەهیدان بستێننەوە سەربەرزانەو بە حورمەتانە لە گیڕستان بیان نێژن.

ناوچەیە بەشار و دێهاتەوە چۆنیەتی ڕودانی ئەو شەڕە قارەمان گیرایەوە و هەروەها ڕاپەرینی خەڵکی شەرافەتنەند لە دژی ڕەفتاری هەتا بۆ بەرهەڵستی ئەو ڕاپەرینە هێزەکانی دوژمن ڕژانە ناو شارەوە سەرەنێزەکانیان ئاراستەی خەڵکی کرد. دانیشتوانی ئەو وەحشیانەی دوژمنەکان هەرگیز لە بیرناچێتەوە هۆیەکی هاندەرە لە پێناوی بەدی هێنانی داخوازی یەکان و سەندنەوەی تۆڵەی شەهیدەکانی کوردەواری.

**٥- لە ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەر ١٥ی ڕەزبەر ١٣٤٧ لە چیاکانی خالەبات - نێوانی ئاوییەکانی جاندارو دۆڵەتووی ناوچەی گەورک - هێزە شۆڕشگێڕەکەمان چالاکانە بەرەنگای هێزێکی زۆری ژاندارم و جاشە خائینەکانی عەبدوڵڵای بایزئاغای مەنگوڕ هات ئەو شەڕە ٣ سەعاتی خایاند سەرەڕای ڕەبیەک هێزی تر بە تانک و تەیارەکانیشیەوە بەنیازی گەمارۆدان بەڵام پێشمەرگەکانمان زاڵ بوون بەسەر هێزی بەکرێ گیراویی حکومەتی دیکتاتۆری شادا هەروەها زەربەیەکی کاریگەریان لێوەشاندن و لە ئەنجامی ئەو شەڕە دا ١٨ نەفەر ژاندارم بریندار و کوژران. شۆڕشگێڕە نەبەزەکانی حیزبمان سەرکەوتووانە بێ هیچ زیانێک بەرەو شوێنی تایبەتی ڕۆیشتنەوە.**

**٦- لە ڕۆژی دوایی تردا ٨ی ئۆکتۆبەر لەچیا شاخاوییەکانی نەستان لە سەعاتی ١١ تا ٦ی نێوەڕۆ ٣ی پێشمەرگەمان کە بۆ کاری تایبەتی تاق کەتبونەوە توشی شەڕێک هاتن لەگەڵ ٩٠٠ نەفەر سەربازەکانی سیوونی عملیات بە ژاندارم و جاشەکانیشەوە بۆ یارمەتی و پشتیوانی هێزەکانی دوژمن ٤ تانک و ٢ تویارە گەیشتنە کۆڕێ شەڕەکەوە لە ئەنجامی مقاومەتی دلێرانەی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانمان ٣٧ نەفەر لە هێزی دوژمن لەناو بران. بەڵام بەهۆی هەڵە کردن لە هاویشتنی نارنجۆک بەرە و ڕوی دوژمنەکان خۆیان کاک حسێن خاتون - حاجی - شەهید کران تەرمەکانیان بە ترومبیل بەستنەوەو ڕاکێش کران وە لەشاری سەردەشت هەڵواسران.**

**٧- لە شەوی ١٢ی ئۆکتۆبەر دا پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبمان پەلاماری پاسگای ژاندارمی شاری بۆکانیان دا دوای ٣ سەعات مقاوەمەتی دلێرانە گرنگترین زەربەتیان وەشاند و سەرکەوتووانە گەڕانەوە.**

**لە ماوەی ١٨ مانگ ژیانی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕەکانی کوردستان ئێستا پتر لە ١٠٠٠ کەس سەرباز و ژاندارم و جاش بریندار و کوژراون هەروەها هێلی کۆپتەری نیزامی تێکشکاوە سەرەڕای زیانی زۆر و زەبەندی ئابوری و نیزامی بەتێکرۆخانی رۆحی و مەعنەویاتی هێزەکانیشیانەوە لە کوردستاندا. بەڵام بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دوژمنە یەک گرتووەکانی بە ئیمپریالیزم و سنتوشەوە خەڵکەکانی ئێران بە کوردیشەوە بە تایبەتی پۆلە شۆڕشگێرە چەکدارەکانی کوردستان بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان ڕێک و پێک و پتەوتر کڵپەو بڵێسەدار و بەردەوامانە پەرە هەڵدەهیرسێنێ بۆ زاڵ بوون و سەرکەوتن لە دژی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی نیزامی دوژمنەکان.**

ئێستا حکومەتی دیکتاتۆری شا پارێزگار و بەهێزکەری دەسەڵات و سەنگەرەکانی ئیمپریالیزم و سنتو لە دژی گەلانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی گەلی کورد بەچەشنێکی هەرەتوندو تیژ هارانەترەوە کەوتۆتە پەلەقاژەی بۆرپگری و بەرهەڵستی کردنی بزووتنەوە چەکدارەکەی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی (لەناوچەکانی: سەردەشت، بانە، خانی، مەهاباد... هەتا ناوچەی کرماشان) جیا لە مۆڵگەکانی شەڕخوازانەیان لە کوردستاندا هەروەها سەربازەکانی ستونی عملیات (نیروی زەربەتی ئازەربایجانی غەربی) کەساز دراوە بەچەکی قورسی جەنگی یەوە ٢٠ هەزار سەرباز و ژاندارمی تریش لە خوزستان، کرماشان، سنە و ڕەزایەوە هێنراوتە ناوچە شۆڕشگێڕەکانەوە کە بەتانک و تەیارەکانی جەنگی وێرای بەچکە جاشەکانی دەرەبەگی (بانە، مەنگوڕ، سەقز، سەردەشت و مەرگەوەڕ)یشەوە بەنیازی سەر کوتاندنەوەو خاموش کردنی بزووتنەوە چەکدارەکەمان. ئەم هێزانە کە جاشە خائینەکانیش قراوڵیانن لە جموجۆڵی دڕندانە دان وە لە چیاو دارستانەکاندا مۆڵیان خواردووە دەخولێنەوە بە هێلیکۆپتەر و ترومبیلەوە بۆ شوێنی تر ڕادەگێزرێنەوە بۆ تەعقیبات و شەڕی پێشمەرگ کوڵنەدەرەکان. بەهۆی هێرش و پەلاماردانی توندو تیژەوە کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەو لێقەوماویان خستۆتە ژێر باری ئازار و سزادانی مەرگەوە بەراونان و گرتن و تەبعید و ئیعدامەوە بەو بۆنەیەشەوە لە سەرانسەری کوردستاندا پتر لە ٣٠٠٠ نیشتمان پەروەری تری بۆ بەندیخانەکانی (قزل قلعە)ی تاران بۆ ژێر ئازار و ئەشکەنجە ڕاپێچ دراون وە ئێستا ١٥ تێکۆشەر و نیشتمانی تریش لە شارەکانی سەردەشت، خانی، ڕەزائیە، مەهاباد و سەقز دا بەتایبەتی هەشت نەفەریان کە تازە سەرۆک بارزانی تەسلیم بەشای ئێرانی کردۆتەوە ئیعدام کراون وەک کاک مەلاخدر، عەبدوڵلا. ڕەحمان، خەلیل، مەلا ئاوارەی تێکۆشەر...

بەهۆی هەلی تیرۆری خوێناوی بەزەبری(.) لە ژێر باری جاشگەرێتی یەوە تاوەکو لەڕیزی دوژمندا بجەنگن لە دژی هاونیشتمانی(.) جەنگی یان وەحشیانە کەوونەتە بۆمبارانی شۆڕشگێڕەکان هەتا خەڵکی ناوچەکانیش کە سەرگەرمی کەتیرە کردن بە تایبەتی برا فارسەکانی یزدو اصفهان کە بۆ کەتیرە کردن گەیشتونەتە کوردستان بۆمباران کراون بەم بۆنەیەشەوە ٥ یان بریندارو ٣ یان شەهید کراون لە چیاکانی گەورەکدا.

هەروەها ڕاستەوخۆ بێ باکانە تەیارەکانی جەنگی ئێران دەچنە خاکی کوردستانی عێراقەوە بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕەواندوز، قەڵادزێ، چوارتا، پێنجوێن ... سەرەڕای ئەوە حکومەتی ئێران بۆ ئامانجە تایبەتیەکانی بەئاشکرا یارمەتەکانی مادی و مەعنەوی بەچەکی قورس و جەنگی بە هاتوچۆی پیاوە گومان لێ کراوەکانی بۆلای




بارزانی پەرەپێداوە... ئەم جموجۆڵ و پەلاماردان وەحشیانەیەی نیزام و جاسوسگەرێتی حکومەتی ئێران بۆسەر خەڵکی بەتایبەتی شۆڕشگێڕان بەشێکی جیاواز نەبووەی پێلانەکانی ئیمپریالیزمیشە لەدژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات بەگەلی عەرەبەوە بێجگە لە تەقەللاو پیلانگێڕانی فێلبازانەی حیزبی پان - ئێرانیست و ساواکیش لە هەموو باریکەوە بە پڕوپاگەندەو فڕوفیشاڵی پڕوپووچەوە بۆ شێوان و بە هەڵەدانی بیروڕای گشت گەلانی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووخوازی جیهان و ڕۆژهەڵات لەمەڕ چۆنیەتی واقیعی وەزع و بەسەرهاتەکان و ڕەفتاری دڕندەگەرانەی حکومەتی شایەوە.

خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان بە تایبەتی خەباتکەرە چەکدارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان داخوازی دەکەن لە کۆڕوکۆمەڵ و ڕۆژنامەنوس و پیاوە سەربەخۆ شۆڕشگێرە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان بە گەلانی ڕۆژهەڵاتیشەوە بە هەموو توانا و ئیماکاناتی پێویستەوە ڕاپەڕن بە ئەرکی ویژدانی و مرۆڤایەتییەوە دەنگی تورەیی و نارەزایەتی بەرز بکەنەوە و یارمەتی و لایەنگری بزوتنەوەی چەکداری یە شۆڕشگێرەکەی خەڵکی کوردستان بگرن لە پێناوی ئامانجەکانی گشتی دا لە دژی پیلان و ڕەفتاری خوێناوی فاشیتگەرانەی حکومەتی دیکتاوری محمد رەزاشا بە سنتوو ئیمپریالیزمیشەوە.خوێنە گەشە ڕەنگینەکەی شەهیدانی خۆبەختکەری بزوتنەوە چەکداریەکەمان هاوەڵانی تێکۆشەری نەمر... کاک مەلا مەحمود، ئیسماعیل شەریف زادە. عەبدوڵای موعینی، مەلا ئاوارە، سولەیمانی موعینی (فایەق)، موردا شیرێژ، سەید فەتاح، عەلی گەلە. مینەشەم، مەحەمەد ڕەسوڵ، عەلی عەبدوڵا، مەحەمەد مەنگور ... تیشکی ڕووناکی دەپڕژێنێ هەرگیز لە بیر ناچنەوە وە مەزهەر و چرایەکی رووناک کەرەوە و پترهاندەر و بەگڕو جۆشخەر و بەردەوامێتی خەباتکارە چەکدارەکانە. لە پێناوی سەرخستنی ئامانجەکانی گشتی و تایبەتی مان دا هەروەها سەندنەوەی تۆڵەیان.

* شانازی بۆ شەهیدەکانی نەمری ڕاپەڕینە چەکدارانەکەمان.

* سەرکەتو بێ تێکۆشانی گەلانی ئێران بۆ ڕامالین و تێکشکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی نیزامی ئیمپریالیزم.

* پتەو و گەشەدارتر بێ خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی.

* بەهێزتر بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکانی ئێران لە پێناو حکومەتێکی ئیئتلافی شۆڕشگێڕدا.

چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئۆکتۆبری ١٩٦٨ - خەزەڵوەری ١٣٤٧

سەرچاوە : خوێندوەیەکی مێژوویی ڕوداوە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جوڵانەوەی چەکدارانەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ (پاشبەندی ژمارە: ٣) نووسینئ دوکتور یاسین سەردەشتی

تایپ کردنەوەی دووبارە : ڕەحمان نەقشی




## ٧٠ ساڵ خەبات لە پێناوی دێموکراسیی و مافی نەتەوایەتیی، بەشی سێهەم



**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

لە کۆتاییەکانی دەیەی چلی هەتاویدا لە ئاستی جیهانیدا، شەڕێکی سارد لە نێوان دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا لە ئارا دابوو و هەرکام لە جەمسەرەکانی ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پەرەپێدانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەوڵیان دەدا. لە هەمان کاتدا لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا، بزووتنەوەیی ڕزگاریخوازی گەلان، بە شێوەی خەباتی چەکدارانە بۆ دابین کردنی مافە سەرەکییەکانیان لە ئارا دابوو. لە قارەی ئاسیا شەڕی ڤەتنام و چەندین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان بە شێوەی خەباتی چەکداریی لە ئارا دا بوو. نێوانی وڵاتی چین بە ڕێبەریی مائۆ لە گەڵ وڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو زۆر ئاڵوز ببوو.لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لە ئورووپا، ئالێکساندر دوبچێک وەک سەرۆکی حیزبی کومۆنیستی چێکوسلۆڤاکیا، بنچینەی بەهاری پراگی دارێژرێت و لە فەرانسە بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ساڵی ١٩٦٨ پاشەکشەی بە دووگوڵ سەرکۆماری ئەو کاتی ئەو وڵاتی کرد. لە ئەمریکای لاتین جوڵانەوەیی ڕزگاریخوازیی چەکداریی شکڵیان گرتبوو.لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا شەڕی ٦ ڕۆژەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بە سەرکەوتنی وڵاتی ئیسرائیل کۆتایی پێهات. لە وەها بار و دۆخێکدا ڕێژیمی حەمەرەزا شای پەهلەوی، بناغەی دەسەڵاتی ڕەشی دیکتاتوری خۆی قایمتر کردبوو. هەروەها ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا بە هۆی پولی زۆری فروشیی نەوت تووشی نەخوشیی خۆ بە زلزانین ببوو و بە تەواەتیی خۆی لیی گۆرابوو. بە هۆی پولی زۆر و زەوەندی نەوت، شا توانی تازەترین و باشترین چەک وچول بکرێت و ئەرتەشیکی بەهێزی دامەزراند. هەر بۆیە ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا ببوو

بە ژاندارمی کەنداو و ئیدعای دەکرد کە ئێران دورگەی ئارامییە لە ناوچەی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندایە. لە وەها بار و دۆخێکدا هیچ دەرەتانیک بۆ خەباتی سیاسیی و مەدەنی لەو سیستمە سەرەڕۆ و دیکتاتورییە حەمە رەزا شا دا لە ئێران و کوردستاندا بوونی نەبوو. تەنانەت میهدی بازرگان سکرتیری نێهزەتی ئازادی لە بەردەم دادگای نیزامیدا لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاویدا دەڵی:" ئیمە دوایین کەسانیکین کە لە ڕێگای یاساییەوە خەباتی سیاسیی دەکەین". لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەسەڵاتی ڕەشی بێ سنووری ساواک و ژاندارمە، ژیانی ئاساییان بە خەڵکی کورد لە شار و گوندەکان تاڵ کردبوو. گوشار و سەرکوتی ساواک بۆ ڕاووەدوونان و گرتن و زیندان و ئیعدامی چالاکانی سیاسی، نیشانەیەکی دیکەی داخرانی ڕێگاکانی خەباتی ئاشتیخوازانەبوو. هەر بۆیە خەباتگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بیریان لە شێوازی تازەی خەبات دەکردەوە کە ئەویش خەباتی چەکدارانە بوو. بە تایبەت کە کەش و هەوای جیهانیش کە تێدا گوتاری شۆڕشگێری و خەباتی چەکدارانە زاڵبوو، هاندەرێکی دیکە بوو بۆ ڕاپەڕینی جوڵانەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لە وەها بار دۆخێکی ئاڵۆز دا، حەمەرەزا شای پەهلەوی لە ژێر گوشار و ئاموژگاری جان اف کنێدی سەرکۆماری ئەوکاتی ئامریکا و هەروەها سەرۆک وەزیری ئێران "عەلی ئەمینی"، دەستیکرد بە هێندیک چاکسازی لە ژێرناوی "شۆڕشی سپی" لە ئاستی ئێراندا و سیستمی دەرەبەگایەتی هەڵوەشاندەوە. هەر بۆیە خەباتگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باشوری کوردستان، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمی حەمەرەزا شای پەهلەوی ڕاپەڕینی خەباتی چەکدارانەیە و بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی گرینگ لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ زیندوو کردنەوەی ڕێکخستنەکانی حیزب لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان پێکهێنا. لە گەڵ گەرمبوونی شۆڕشی ئەیلوول لە باشوری کوردستان و بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕێژیمی حەمەرەزا شا هیچ پێگەیەکی لە کوردستانی ئێراندا نییە و "شۆڕشی سپی" شا، هیچ قازانج و دەسکەوتیکی خوشبژێویی بۆ خەڵکی کورد بە دیاری نەهێناوە و دەرەبەگەکان هەر وەک جاران خەڵکی زەحمەتکیش دەچەوسینەوە و کێشە سیاسیی و نەتەوایەتییەکان چارەسەر نەکراوەن، خەباتگێرانی حیزبی دێموکرات، بۆ زیندوو کردنەوە و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان ڕوویان لە شاخەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و مەشخەڵ و چەخماخەی جوڵانەوەیەکی چەکدارانەیان هەڵگیرساند. کاک سمایلی شەریف زادە لە توی نامەیەکدا بۆ شەهید دوکتور قاسملوو ئاوە دۆخەی کوردستانی ئێران شرۆڤە دەکا و دەنوسی: "ئەوڕۆ توفانیکی بە تەوژمی شۆڕشگێرانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتوو،

کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەوی کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دەست دانە چەک و وەشاخ کەوتنە. بەڵکوو ڕێگای ڕزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگای ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتا شەڕی پارتیزانی کە لە پێش دا لە دێهاتەوە دەست پێ بکری و کۆمەڵانی هەراوی جوتیار و تێکۆشەرەکان هانبدا بۆ خەباتی چەکدارانە ....". جووڵانەوەی چەکدارانەی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٤٦ - ٤٧ی هەتاوی کە لە سەر یەک ١٨ مانگی خایاند،

ئەم جوڵانەوە چەکدارییە یەکەم چەخماغەی سەرهەڵدانی چەکدارانەی خەباتگێرانی کورد، لە دژی دەسەڵاتی حەمەرەزا شای پەهلەوی لە ئێران و کوردستان بوو. لە واقیعدا ئەو جووڵانەوە چەکدارییە بڕگەیەکی زێڕین لە مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەروەها ئەو جوڵانەوە چەکدارییە بڕگەیەکی پرشنگداریی مێژوویی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە ڕابردوو و ئیستای بزوتنەوەیی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵا پێکەوە گرێدەدا.

خاڵێکی گرینگ کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیکە، بە پێچەوانەی هێندیک بوچوونی چەواشەکارانە، جوڵانەوەی پرشنگداری خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ - ٦٧ی هەتاوی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە هەموو پێوەریک، خەباتیکی ئامانجدار و ڕەوا بوو. چونکە ئامانجی ئەو جوڵانەوەیە دابین کردنی مافی نەتەوایەتی کورد لە ئێرانی ئەو کات دا بوو و ڕەواش بوو، چونکە نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەموو مافیکی لیی زەوت کرابوو. هەوەها بیرلێکراو وخەڵکی بوو. چونکە پێشتر خەباتی ئاشتیخوازانە بە شێوەی خەباتی مەدەنی لە سەردەمی کۆماری کوردستان تاقیکرابووە، بەڵام بەداخەوە دیتمان کۆماریان بە هێرش نیزامی ڕووخاند و بێرەحمانە پێشەوا و هاورێیانی لە سێدارە دەران, هەوەها خەڵکی بوو چونکە هەم بەرهەمی ڕاپەڕینی ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی گەلی کورد بوو و هەم لە لایەن خەڵکی کوردەوە پشتیوانی لیدەکرا. ڕاستە ئەو جوڵانەوە چەکدارییە بە ئاکام نەگەیشت، بەڵام شوێنندانەری و کاریگەری ئەو جوڵانەوە شکۆدارە لە سەر نەوەی دواتر بە ڕادەیەک بوو کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٥٧ی هەتاویدا بە هەزاران لاو بە ئیلهام وەرگرتن لە خەباتگێرانی جوڵانەوەی چەکداریی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتییان کردە شان.




ڕاپەرینی شکۆداری خەباتی چەکدارانە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات چالاکییەکی بەربڵاوی سیاسیی و نیزامیان هەبوو، کاریگەری خۆی لە سەر کۆمەڵگای کوردستان لە بواری سیاسیی، هەستی نەتەوایەتیی و بە تایبەت لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبییش دا بەجێ هێشت. لە بواری ئەدەبییەوە بە سەدان شێعر و پەخشان و ڕومان لە وەسفی ئەو شۆڕشگێرانەدا هونراوەتەوە و ئەدەبیاتی بەرگری فورمی گرت. لە لایەکی دیکەوە چونکە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئامانج و ویستەکانی خۆیان لە نێو ئامانج و ویستەکانی ڕاپەرینی چەکدارانە حیزبی دێموکراتدا دەدی، بە تەواوی پشتیوانی ڕاپەرینی جوڵانەوەی چەکدارانە بوون. خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی بوو بە تیشکاوێژی خەباتی دوا ڕۆژ و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانی بە زیندووی ڕاگرت و ڕەگ و ڕیشەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە زیندوو ڕاگرت. هەر چەند کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، پشتی جەبهە و ئیمکاناتی باشیان بە دەستەوە نەبوو بەڵام توانیان بەربەرەکانییەکی قارەمانانە لە خۆیان نیشان بدەن و ماوەی ١٨ مانگ ئاڵای خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی حەمەرەزا شای پەهلەوی بەرز ڕاگرت. ئەگەر ئەو جوڵانەوەی چەکدارییە پشتیوانی کرابایە و ئیمکانات و پشتی جەبهە هەبووایە بە دڵنیاییەوە دەیتوانی ماوەیەکی زیاتر لە سەر پێی خۆی ڕاوەستی و زەبری کاریگەرتر لە پیکەرەی ڕێژیمی پاشایی بدا. ئەگەر چێ زۆربەی ڕێبەرانی ڕاپەرینی جوڵانەوەی چەکدارانە وەک: شەهیدان، سلێمان موعینی، سمایل شەریف زادە، عەبدوڵڵا موعینی، مەلا ئاوارە، نەحۆی شکاک، مەلا ڕەحیم ویردی، مەلا مەحموود زەنگەنە و دەیان کادر و پێشمەرگەی قارەمانی دیکە، شەهید بوون، بەڵام خەبات و تێکۆشان درێژەی کێشا و شانە و ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وا بەردەوام مانەوە لە کار و تێکۆشان لە نێوخۆی و دەرەوەی وڵاتدا. هەروەها پاش ڕاپەرینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، ڕێژیمی حەمەرەزا شا هێرشی بەربڵاوی هێنایە سەر خەڵکی کوردستان و بە سەدان کەسی دەستبەسەرکرد. چەندین پێشمەرگەی قارەمان بە فەرمانی تیمسار ئوەیسی جینایەتکار لە پادگانی جەلدیان ئیعدام کران، کە وەک پەڵەیەکی ڕەش بە مێژوویی پڕ لە جینایەتی ڕێژیمی پەهلەوی دەمێنیتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# ئاوڕێک لە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی



مێژووی زارەکی واتە گێڕانەوەی شایەتحاڵەکانی ڕووداوە مێژووییەکان و پەردەلادان لەسەر هەموو ئەو گومان و ناڕوونییانەی لەسەر چۆنیەتیی ڕووداوی ڕووداوەکان هەن، دەورێکی گرینگی هەیە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی مێژوونووسی. جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ وەک وێستگەیەکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆری لە ڕووی مێژووییەوە بەسەردا تێنەپەڕیوە، بەڵام نە تەنیا لایەنە جۆراوجۆرەکانی بە تەواوی نەخراونەتە ڕوو، بەڵکوو جیاوازیی بۆچوون لە مەڕ چۆنیەتیی سەرهەڵدان و ئامانجەکانی ئەو جووڵانەوەیە و هەروەها چارەنووسی ڕێبەرانی لەنێو مێژوونووس و بیرەوەرینووساندا دەبینرێ.

ئەحمەد نستانی یەک لەو کادرە تێکۆشەرانەی حیزبە بەشداری ئەم جووڵانەوەیە بووە و بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەی بە چاوی خۆی بینیوە یان لە نزیکەوە ئاگاداریان بووە. کاتێک ڕووداوەکانت بۆ دەگێڕێتەوە دەتباتەوە ئەو ساڵانە و جەولەیەکت پێدەکا تا باشتر بتوانی لە دۆخی ئەوکات تێبگەی. نستانی دەڵێ ساڵی ٤٦ ئەو بەشە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک فایەق بڕیارمان دا لە سەر پێی خۆمان بوەستین و هەر چەشنە بەستراوەییەک ڕەت بکەینەوە

**پرسیار: ساڵی چەند بوویە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟ باسی سەرەتای بوونە پێشمەرگایەتیتمان بۆ بکە؟**

**ئەحمەد نستانی**: ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی نستان لە ڕێگەی کاک سولەیمانی موعینی (فایەق) بوومە ئەندامی حیزب و لە شانەیەکی ٥ کەسیدا سازمان درام کە پێکهاتبوو لە باپیر ئاغای خزری، حەمەسووری مستەفا، حاجی خدری مەحمود، مامەڵا شێخەپوور و من.

ساڵێک دواتر و لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٣ خۆم گەیاندە گوندی سونێ ی باشووری کوردستان و بە ڕەسمی بوومە پێشمەرگە.

**پرسیار**: لەو سەردەمەدا کە جەنابت هاتیە نێو ڕیزەکانی حیزب، پێکهاتەی ڕێبەریی حیزب چۆن بوو؟

**ئەحمەد نستانی**: کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزب کە لە ساڵەکانی ٣٧ و ٣٨دا ئاوارەی باشووری کوردستان ببوون، پێکهاتەیەکیان پێک هێنابوو، و بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکییان دەکرد. لەنێو ئەو پێکهاتەیەدا ئەحمەد تۆفیق وەک مەسئوولی یەکەم و سولەیمان موعینی وەک جێگری کاریان دەکرد کە هەڵبەت هەڵبژێردراوی کۆنگرە یان کۆنفرانس نەبوون، بەڵام بە گشتی لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە قەبووڵ کرابوون.

**پرسیار**: ساڵانی بەر لە دەسپێکردنی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ هاتوچۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن بوو؟ ئایا جەنابت لەو ساڵانەدا گەڕاویەتەوە ڕۆژهەڵات؟

**ئەحمەد نستانی**: لەو ساڵانەدا پێشمەرگەکانی حیزب بەردەوام دەچوونەوە ناوچە. من چەندین جار لەگەڵ کەریم نستانی، مینەشەم، عەبدول نستانی و ئەحمەد ئاغای سیسێر چوومەتەوە ناوچەکانی کوردستان. ئێمە لە بەهاری ١٣٤٤ کاتێک لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب بە سەرپەرستیی کاک فایەق لە نێوخۆ بووین، دەوڵەتی پاشایەتیی ئێران فشار بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان دێنێ کە چیدی هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکا. بۆ ئەو مەبەستە داوا لە ئەحمەد تۆفیق کرابوو سەردانی بارەگای بارزانی بکا. لەوێ بە ئەحمەد تۆفیق دەگوترێ کە ڕێژیمی پاشایەتی داوای تەحویل دانەوەیانی کردوە بەڵام سەرکردایەتیی شۆڕش قەبووڵی نەکردوە. هەروەها پێی ڕاگەیەنرابوو کە دەبێ حیزبی دێموکرات چالاکییەکانی ڕابگرێ و بنکە و بارەگاکانی کۆ بکاتەوە و خۆیان لە پارتی دێموکراتدا ئیدغام بکەن، داواش کرابوو ئەو پێشمەرگانەی کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن بەپەلە بگەڕێنەوە باشووری کوردستان. ئێمە ماوەی دوو مانگ دەبوو لە ناوچە بووین. لە گوندی پانەسەری مەنگوڕایەتی بووین کە کاک فایەق پێی گوتین کاک مەلا حەسەنی ڕەستگار لە عێراقەوە هاتووە و پەیامێکی پێیە. کاک مەلا حەسەن باسی مەسەلەی ئەحمەد تۆفیق و گواستنەوەی بۆ بارزان و داوای سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کرد بۆ گەڕانەوەمان بۆ باشوور. بەناچاری گەڕاینەوە و

کەوتینە دۆخێکی زۆر خراپەوە، بنکەی سونێ مان گواستەوە بۆ سەنگەسەر. ئەوە ئاخیر سەفەرمان بوو بۆ ڕۆژهەڵات پێش دەسپێکی شۆڕشی ٤٦ - ٤٧.

**پرسیار**: شۆڕشی ٤٦ - ٤٧ چۆنی دەست پێکرد؟

**ئەحمەد نستانی**: دوای ئەوەی ئەحمەد تۆفیق دوور خرایەوە بۆ بارزان، کاک فایەق بوو بە کەسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان. کاک فایەق سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد کە من، کەریم نستانی، عەبدوڵڵا موعینی، ساڵح لاجانی و برایم فات وەک پێشمەرگە هاوڕێیەتیمان کرد. مەکتەبی سیاسی دوو پێشنیاریان بە کاک فایەق کردبوو؛ یان دەبێ ئیدغام بن لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی یان بڕۆن بۆ بێتواتێ و لەوێ دانیشن و هاتوچۆی کوردستانی ئێران مەکەن. کاک فایەق پێیان دەڵێ دەگەڕێمەوە سەنگەسەر، لەگەڵ هاوڕێیان کۆبوونەوە دەگرم و ئاگادارتان دەکەمەوە. گەڕاینەوە سەنگەسەر و کاک فایەق کۆبوونەوەی بۆ گرتین و بابەتەکەی بە پێشمەرگەکان ڕاگەیاند و گوتی: "سێ ڕێگامان لەبەر دەمە؛ یان ببینە پێشمەرگەی پارتی، یان دانیشین و ژیانی خۆمان بکەین یان وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بمێنینەوە و بچینە بێتواتێ. من خۆم بە دۆستی پارتی دەزانم، بەڵام نابمە پێشمەرگەی پارتی و دەچمە بێتواتێ. هەر کەس دەیهەوێ وەک پێشمەرگەی حیزب بمێنێتەوە با لەگەڵ من بێتە بێتواتێ".

پێشمەرگەکان دابەش بوون؛ هەندێکیان بڕیاریاندا ببنە پێشمەرگەی پارتی، هێندێک گوتیان کار و کاسبی دەکەین و بەشێکیش کە زۆرینە بوون بڕیاریان دا وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بمێننەوە.

ڕۆژی دواتر من، عەبدوڵڵا موعینی، کەریم نستانی و برایمی فاتمێ لەگەڵ کاک فایەق چووینە سەرکەپکان بۆ ماڵی هەباس ئاغای مامەند ئاغا، کە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردین. پاشان هەباس ئاغا دوو پێشمەرگەی لەگەڵ خستین بۆ لای عەلی شەعبان. کە چووینە بێتواتێ، کاک عەلی شەعبان گوتی: "لەوانەیە ماوەیەکی دیکە دەوڵەتی عێراق هێرش بکاتە سەر بێتواتە و بیگرێتەوە، بۆیە لە دۆڵەڕەقێ شوێنتان بۆ دیاری دەکەین." لە گوندی بەردانگێ لە دۆڵەڕەقێ جێگیر بووین. وەزعی ماڵیمان زۆر خراپ بوو، هەر چەندە هەباس ئاغاش یارمەتیی دەکردین. ماوەی ساڵێک دەبوو لەوێ بووین، لە ڕەشەمەی ١٣٤٥ی هەتاوی من و کەریم نستانی ئیجازەمان وەرگرت بچین سەردانی مینەشەم بکەین کە ماڵەکەی لە گوندی هێرۆی باشووری کوردستان بوو. کە چووینە لای خاڵە مینە، گوتی: "با سەرێکی لای سیسێر و نستان بدەینەوە، جەولەیەک دەکەین و دەگەڕێینەوە." بەو جۆرە بوو ئێمە چووینەوە ڕۆژهەڵات.

دوای ڕۆیشتنەوەی ئێمە، عەلی شەعبان نامەیەک بۆ کاک فایەق دەنێرێ و ئاگاداری دەکاتەوە بە زووترین کات سەردانی بارەگای بارزانی بکا. کاک فایەق لەگەڵ مەلا قادر لاچینی و عەبدوڵڵای موعینی کە ئەندامی چاوەدێریی بەرز بوون، کۆ دەبێتەوە و پاش لێکدانەوەی بارودۆخەکە ساغ دەبنەوە کە کاک فایەق نەچێتە بارەگای بارزانی. بەو شێوەیە دەبێ خۆیان کۆ دەکەنەوە و بە کێوەڕەشدا سەر دەکەون و بە دەشتی سەنگەسەردا دێنە گۆڕەشێری سەر سنووری عێراق و ئێران. ئەوکات ئێمە لەگەڵ مینەشەم و کەریم نستانی لە گوندی سیسێر بووین، خەبەریان پێداین کاک فایەق لەگەڵ ٥٠ پێشمەرگە لە ناوچەی خاڵەبادە. دوایە لە ماڵی حەمەدی وەستا لە دۆڵەتوو یەکترمان گرتەوە.

کاک فایەق بە مەشوەرەت لەگەڵ مینەشەم و مەلا قادر لاچینی و عەبدوڵلا موعینی بڕیاریان دا جەولەیەکی ناوچەی بۆکان و مەهاباد و پیرانشار بکەین بۆ پەیوەندی نوێکردنەوە لەگەڵ کۆمیتە و شانەکانی حیزبی. جەولەکە دوو مانگی خایاند و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرممان لێکرا. دوای جەولەکە گەڕاینەوە ناوچەی ئاڵوەتان و ئالیمەران و سەری گۆمێ. لە گوندی ئەحمەد بریو بوین، کاک فایەق پێی ڕاگەیاندین کە هیندێک لە برادەران لە عێراق گەڕاونەتەوە، کە بریتی بوون لە مەلا حەسەن ڕەستگار، مەلا ئاوارە، مەلا ڕەسووڵ پیشنەماز، حەمەدەمینی سیراجی، سمایل شەریفزادە و سەید ڕەسوڵی ورچان. ئەو برادەرانە لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی باشوورەوە نێردرابوون تا داوا لە کاک فایەق بکەن بگەڕێتەوە دۆڵەڕەقێ لە باشووری کوردستان. دوای ئەوەی فایەق ئەو داوایەی ڕەت کردەوە، مامۆستا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی و مەلا ڕەسووڵی پیشنەماز بڕیاریان دا لەگەڵمان بمێننەوە. دەتوانین بڵێین ئەوە سەرەتای دەسپێکردنی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ بوو.

**پرسیار**:دوای ئەوەی بڕیارتان دا لە ڕۆژهەلات بمێننەوەو نەگەڕێنەوە باشوور، کارەکانتان چۆن ڕێکخست بۆ بەردەوام بوون لە وحەڕەکەتە؟

**ئەحمەد نستانی**: لە گەلاوێژی ١٣٤٦ لە گوندی کۆڵەسەی خوارێی ناوچەی سەردەشت کۆبوونەوەیەک گیرا و بەو شێوەیە تەقسیمی کار کرا:

کاک فایەق وەک سەرپەرستی گشتی دیاری کرا، مامۆستا مەلا ئاوارە بۆ ناوچەی ئالان و سوێسنایەتیی سەردەشت ڕاسپێردرا کە مەلا ڕەحیمی لۆمانی و هەڵمەت هاوکاری بوون. (دواتر هەڵمەت خۆی تەحویل دایەوە.) حەمەدەمین سیراجی وەک بەرپرسی پەیوەندییەکان ئەرکی بۆ دیاری کرا، کە زیاتر لای مامۆستا ئاوارە دەمایەوە. مینەشەم بۆ ناوچەی گەورکایەتیی سەردەشت دیاری کرا کە من و کەریم نستانی هاوکاری بووین. مەلا قادری لاچینی بۆ شنۆ و پیرانشار

ڕاسپێردران و سالح لاجانی وەک هاوکار لەگەڵیان بوو. عەبدوڵلا موعینی بۆ ناوچەی مەهاباد و بۆکان دیاری کرا و سەید فەتاح نیزامی و کەریم ڕەشاش هاوڕێیەتیان دەکرد. سمایلی شەریفزادە لە ناوچەی بانە ئەرکی بۆ دیاری کرا کە هەر یەک لە میرزا محەممەد شاتمانی و عەلی عەوڵاکولی وەک هاوکاری دیاری کران.

دوای ئەوەی کارەکان بەو شێوەیە دابەش کران، هەرکام لە هاوڕێیان بەرەو ناوچەکان وەڕێ کەوتن. ئێمە لەگەڵ کاک فایەق و کاک سمایل شەریفزادە چووینە ناوچەی بانە بۆ ناساندنی کاک سمایل بە خەڵک و ئەندامانی حیزب. دوای ٢٠ ڕۆژ مانەوە لە ناوچەی بانە، لەگەڵ کاک فایەق و خاڵە مینەشەم و کەریم نستانی و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی دیکە گەڕاینەوە ناوچەی گەورکایەتی و سیسێر و نستان.

کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٤٦ی هەتاوی هەموو تیمەکان لە گوندی پاشبەرد کۆ بووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کاک فایەق سەفەری عێراق بکا و دوای گەڕانەوەی کاک فایەق کۆنفرانس بگرین و ڕێبەرایەتییەک هەڵبژێرین بۆوەی سەرپەرستیی جووڵانەوەکە بکا. تا گەڕانەوەی کاک فایەق، مامۆستا ئاوارە وەک سەرپەرستی گشتی دیاری کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین پێشنیار سەبارەت بە سەفەرەکەی کاک فایەق کرا کە بریتی بوون لە:

- هەوڵ بدا پەیوەندی بە پارتی دێموکراتی کوردستان بکاو چاوی بە سەرۆک بارزانی بکەوێ.
- هەوڵ بدا لە ڕێگای حیزبی شیوعی عێراقەوە پەیوەندی بە حیزبی توودەوە بگرێ.
- هەوڵ بدا لە ڕێگای عەبدولڕەحمانی زەبیحیەوە چاوی بە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بکەوێ.

کاک فایەق بەرەو باشوور وەڕێ کەوت و تیمەکان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان. خاڵە مینەشەم پێشنیاری کرد تیمەکەی ئێمە و تیمەکەی کاک عەبدوڵلا موعینی ئەو زستانە بە یەکەوە بین.

**پرسیار**: پێم خۆشە باسی کاک سمایل شەریفزادە بکەی کە لە زانکۆوە هاتبوو و لە ڕێبەرە دیارەکانی ئەو جووڵانەوەیە بوو؟

**ئەحمەد نستانی**: کاک سمایل کوڕێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو، لەنێو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو بەتایبەت لە ناوچەی بانە. لە ماوەیەکی کورتدا توانیبووی تەشکیلاتێکی مونەززەم دروست بکا. خەڵکی ناوچەی بانە هاوکاریی باشیان دەکرد. ئەوکات سوپای دانش لە گوندەکان هەبوون کە فارس و تورک بوون و لە مەدرەسەکان مامۆستا بوون، خەڵک لێیان بەگومان بوون کە پەیوەندیان لەگەڵ ساواک هەبێ، بەڵام کاک سمایل زۆربەیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. بەداخەوە

دوژمنانی کورد و کوردستان چاویان بەرایی نفووز و خۆشەویستیی کاک سمایلیان نەدەدا و زۆر ناجوامێرانە شەهیدیان کرد.

**پرسیار**: ئەو کاتەی کاک سمایل شەهید بوو ئێوە لەکوێ بوون و چۆن ئاگادار بوون؟

**ئەحمەد نستانی**: ئێمە دە ڕۆژێک بوو بە مەئموورییەتێک چووبووینە ناوچەی بانە و لای کاک سمایل و تیمەکەی مابووینەوە. ئەو ئێوارەیەی کە بە نیازی گەڕانەوە بۆ ناوچەی گەورکایەتی بووین، سەعات چواری دوانیوەڕۆ دەنگی دوو تەقەی تفەنگ هات. گوتیان کوێخا شەریف بوو. خاڵە مینەشەم بە کاک سمایلی گوت بانگی بکە بزانە بۆ تەقەی کردوە. کوێخا شەریف بە کاک سمایلی گوت تفەنگەکەم تاقی کردۆتەوە، لە دەرزییەکەی نیگەران بووم. کوێخا شەریف بە دوو قەد فیشەکدان و بڕنوویەک لە کوردستانی عێراق گەڕابۆوە و داوای کردبوو ببێتە پێشمەرگە. لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ناوچەی سیسێر و نستان، خاڵە مینەشەم و کاک عەبدوڵڵا موعینی بە کاک سمایلیان گوت کوێخا شەریف وەرمەگرە وەک پێشمەرگە. کاک سمایل گوتی بۆ ناوچەی سەرشیوی سەقز بەکەڵکە. دوای ماوەیەک لە گەڕانەوەمان، هەواڵمان پێ گەیشت کاک سمایل و هاوڕێیانی لە دارێنەی بانە شەهید بوون. هەر زوو دوو کەسمان نارد بۆ دارێنە. کاتێ گەڕانەوە بەو شێوەیە باسی ڕووداوەکەیان کرد؛ کاک سمایل و هاوڕێیانی شەو لە ماڵێک دەمێننەوە، کوێخا شەریف سەعات ٢ی شەو نیگەهبان بووە، تفەنگێکی لە باسکی کاک سمایل داوە و هەڵاتوە بۆ گوندی سیاوەمە و خۆی تەحویلی پاسگای ژاندارمەری داوەتەوە و گوتوویە سمایلی شەریفزادەم کوشتوە. بەیانییەکەی ژاندارمە دەوروبەری گوندی دارێنە دەگرن، بەداخەوە ئەوانیش لە نێوان پەڕشە و دارێنە دەبن کە ژاندارمەکان پێوشوێنیان هەڵدەگرن و شەهیدیان دەکەن. ئەو پێشمەرگانەش لەگەڵ کاک سمایل شەهید بوون: عەلی عەبدوڵڵاکۆلی، میرزا محەممەدی شاتمانی (محەممەدی ئەستێ مەنگوڕ) و حوسێنی ڕەحمان ڕابی مەنیجەڵانی.

**پرسیار**:بەو پێیەی جەنابت بەشداری هەموو ئەو ماوەیە بووی کە جووڵانەوەکە بەردەوام بوو، زانیاریی تەواوت لە سەر کات و شوێنی شەهیدبوونی شەهیدانی ئەو جووڵانەوە هەیە .تکایە باسی ئەو بابەتەمان بۆ بکە؟

**ئەحمەد نستانی**: ئیزنم پێ بدە لە پێشدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دانەوێنم بە تایبەت شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە.

کاک سولەیمانی موعینی کە سەرپەرستی یەکەمی ئەو جووڵانەوەیە بوو، هەموو دەزانین کە بەسەرهاتی شەهیدبوونەکەی چۆن بووە. سەرکردایەتیی شۆڕش لە باشوور شەهیدیان کرد و ئەوە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو لە مێژووی پێوەندیی




بزووتنەوەی کورد لە نێوان بەشەکانی کوردستان.

حەسەن خاتوون و حاجی خاڵەمەڕی لە چیای گوێزەکوێری نستان شەهید کران. سەید فەتاح نیزامی و عەلیە کەڵە لە چیای حاجی کیمی ناوچەی بۆکان، مراد شیرێژ و ئەحمەد عەلی عەجەم لە هەوارەکانی خەرپاپی لە بەری مێرگانی پیرانشار، مەلا مەحموودی زەنگەنە و محەممەدە چووکەڵە لە گوندی بەیرەمی ناوچەی مەهاباد، هەروەها هەروەک ئاماژەم پێکرد سمایلی شەریفزادە، میرزا محەممەدی شاتمانی، عەلی عەوڵا گوڵی و حوسێنی ڕەحمان ڕابی لە نێوان دارینە و پەڕشە لە ناوچەی بانە شەهید بوون. محەممەدی ڕەسووڵ مەڕە لە سەرشیوی ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت، مامۆستا ئاوارە و ڕەحمانی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە بەهۆی پیلانێکی سازمانی ئەمن لە گوندی دیواڵانی ناوچەی سوێسنایەتی ی سەردەشت بەدیل گیران و دواتر ئێعدام کران. ساڵح لاجانی، حەمەدەمین شیرێژ، سولەیمانی کەقەشان، عەبدوڵڵای بایزە قنجە و حەمەسووری دۆڵەتوو لە باشوورەوە تەحویلی دەوڵەتی پاشایەتی درانەوە و لە شاری ورمێ ئێعدام کران.

هەروەها بە پێویستی دەزانم ناوی ئەو شەهیدانەش بێنم کە لە ساڵانی پێش جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ هەر یەکە و بە پیلانێک شەهید بوون؛ باپیر شکاک، مەلا سمایل، ڕەزا، فیرووز و ناجی لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید کران. مەلا ڕەحیمی مەریجەڵانی لە ناوچەی ناودەشتی باشووری کوردستان بێسەروشوێن کرا، خەلیل شەوباش لە ناوچەی قەسرێ (باشووری کوردستان) بێسەروشوێن کرا.

**پرسیار**:مینەشەم و کاک عەبدوڵڵای موعینی کە لە کادرە دیارەکانی ئەو جووڵانەوەیە بوون، لە جەولەیەکدا کە لە ناوچەکانی مەهاباد و بۆکان کردیان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە شەهید کران .جەنابیشت بەشداری ئەو جەولەیە بووی، دەکرێ باسی چۆنیەتیشەهیدبوونیان بکەی؟

**ئەحمەد نستانی**: مانگی گەلاوێژی ١٣٤٧ی هەتاوی بوو، دوو ڕۆژ بوو لە هاوینەهەواری مەیدان چۆغە بووین. کاک سەلاحی موهتەدی و چەند کەسێکی دیکە لە مەهاباد و بۆکان نامەیەکیان ناردبوو و باسی ئەوەیان کردبوو کە لەگەڵ جەمعێک دەیانهەوێ بێنە نێو جووڵانەوەکەوە. باسیان لەوەش کردبوو کە پێمان خۆشە چاومان پێتان بکەوێ و هیندێک ڕاو بۆچوونمان هەیە لەگەڵتانی باس بکەین. پێشنیاریان کردبوو چاوپێکەوتنەکە لە گوندی زەمبیل یان کوێستانی حاجی کیمی بۆکان بێ. دوای حەوتوویەک ئێمە بەرەو ناوچەی بۆکان وەڕێ کەوتین و چووینە کوێستانی حاجی کیمی. لە ڕۆژی دووەمی مانەوەماندا کاک سەلاحی موهتەدی و ئەو هاوڕێیانەی قەرار بوو بێن، هاتنە کوێستانی حاجی کیمی و لەگەڵ مینەشەم و عەبدوڵڵای موعینی کۆبوونەوە. ئێمە ئەوانمان نەدیت. بڕیار درابوو ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کوێستانەکانی

گەورکایەتی و ئەوانیش بچنەوە برادەرەکانیان ببینن و خۆیان ئامادە بکەن و بێنە کوێستانەکانی گەورکایەتی و پەیوەست بن بە ئێمەوە. دوای گەڕانەوەیان، ئێمە بەرەو قالوێ ی سەرێ وەڕێ کەوتین. سەعات دووی شەو گەیشتینە قالوێ و دوای نان و چا خواردن، من و عەزیز ئەحمەد و جەماعەتێکی حەوت هەشت کەسی بەرەو شوێنێک لە نێوان باراوێ و قالوێ وەڕێ کەوتین. چووینە مەزرایەک لە خوار مووچەیەک کە پێیان دەگوت مووچەی کەوا زەرد. خاوەن مەزراکە لەوێ بوون، شوێنی حەسانەوەی خۆیان بۆ چۆڵ کردین. دوای ئێمە مینەشەم و کاک عەبدوڵڵاش گەیشتنە لامان. خاڵە مینە گوتی: "ئەحمەد! ئێوە هەر لێرە وەمێنن و ئێمەش دەچینە مووچەی سەرووتر واتە مووچەی کەوازەرد. ئێستا ئێمە نیگەهبان دادەنێین تا نیوەڕۆیە و دوانیوەڕۆش ئێوە نیگەهبان دابنێن." مینەشەم و کاک عەبدوڵڵا دوو نەفەریان بۆ نیگەهبانی ناردبووە بەرزاییەکانی نێوان باراوێ و قالوێ. تاوەهەڵاتی بەیانی بوو تەقەی دەسرێژی تفەنگ هات. کە هاتینە دەر، دیتمان نیروویەکی زۆری جاش و ژاندارم و ئەرتەشی لە باراوێ ڕا هاتبوون و ئەو بەرزاییانەیان گرتبوون کە نیگەهبانەکانی لێ بوون. بەداخەوە نیگەهبانەکان خەویان لێکەوتبوو، بە تەقەکە وەخەبەر هاتبوون و بەرەو لای ئێمە هاتنە خوارێ. بەشێک لە هێزەکە بەرەو مووچەی کەوازەرد ڕۆیشتبوون. کاک عەبدوڵڵا و خاڵە مینەشەم بە ئومێدی ئەوەی نیگەهبانیان هەیە بێ خەیاڵ بوون. هێزەکان دەوری مەزراکەیان گرت. کاتێک کاک عەبدوڵڵا و خاڵە مینە دێنە دەرێ، دەکەونە بەر دەسرێژی گوللە. حاجی خاڵەمەر و حوسێن خاتوون و ڕەحیم کەپەکەندی و حەسەن خوڕخوڕەیی لە جاش و ژاندارمەکان ڕادەپەڕن و تەقەیان لێدەکەن و پاشەکشەیان پێدەکەن بۆ دیوی باراوێ. کاتێک ئێمە هاتینە دەرێ، دیتمان گوللە وە زەویەکانی ئەوبەری ئێمە دەکەوتن. شوێنەکەمان قووڵ بوو بەڵام بەرزاییەکی بە تەنیشتەوە بوو. بەرەو بەرزاییەکە سەرکەوتین، بەرزاییەکە قایم بوو و بە سەر هێزەکەدا زاڵ بووین. تەقەمان لێکردن و پاشەکشەمان پێکردن بەرەو دیوی باراوێدا. بەڵام هەر بە ماوەیەکی کەم دواتر هێزێکی کۆمەکی گەورەی زەمینی لەگەڵ کۆپتەر بە فریای جاش و ژاندارمەکان هاتن. شەڕ تا تاریکایی شەو بەردەوام بوو. بەداخەوە ئەوکات هیچ کەرەسەیەکی پەیوەندی نەبوو، بۆیە ئەو دوو تیمە ئاگاداری یەکتر نەبووین. تاریکانی ئێوارێ ئێمە شۆڕ بووینەوە بە دیوی یاڕاڵی و کورانێدا و هاتینە گوندی کووران.

ئێمە پێمانوابوو هەموویان شەهید بوون. دوو کەسمان نارد بۆ قالوێ. کاتێک دەچنە ئەوێ، لە ڕێگا تووشی حوسێن خاتوون و حاجی خاڵەمەڕ و ڕەحیم کەپەکەندی (کە بە سووکی بریندار ببوو) ببوون. کە هاتنەوە گوتیان کاک عەبدوڵڵا موعینی شەهید بووە و خاڵە مینەشەم بریندار بووە و ئەویش دواتر شەهید بووە. هەروەها حەسەن خوڕخوڕەیی بەدیل گیرابوو. نەیانتوانیبوو تەرمی شەهیدەکان لەگەڵ خۆیان بێنن و بەداخەوە تەرمەکان کەوتبوونە دەستی ژاندارمەکان. شەهید بوونی خاڵە مینەشەم و کاک عەبدوڵڵای موعینی کە هەر دووکیان سەرپەرستی ئەو دوو تیمە بوون، زەبرێکی قورس و گەورە بوو. دواتر حەسەن خوڕخوڕەیی ئێعدام کرا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

**پرسیار**:دیارە گوێ گرتن لە قسەکانی جەنابت مرۆڤ تینووتر دەکا و پرسیاری زیاترت لێ بکا، بەڵام بەداخەوە دەرفەتەکە لەوە زیاتر ئیزنمان پێ نادا. سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا.

**ئەحمەد نستانی**: سپاس بۆ ئێوەش بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە. هیوادارم ئەو قۆناغە لە مێژووی حیزبی دێمۆکڕات کاری زیاتری لە سەر بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

---

## ژیاننامەی بەشێک لە شەهیدانی خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧

---

### کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید ئەحمەد شڵماشی (مەلا ئاوارە)




* مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شڵماشی) لە یەکێک لە رۆژەکانی ساڵی ١٣١٣ هەتاوی (١٩٣٤ ی ز) لە گوندی " شڵماش " سەر بە شارستانی سەردەشت، لە هۆزی هەمەوەند لە دایک بوو. بنەماڵەی مەلا"محەممەد ئەمین" بوون بە خاوەنی کورێکی چاوشین و خنجیلانە.

باوکی ئەحمەد لە هۆزی هەمەوەند بوو و بە فەقییەتی رێگای کەوتبو ئەم گوندە دڵی لێی گیر ببوو هەر لەوێ ژنی هێنا بوو و بنەماڵەی پێکەوە نابوو.

مەلا حەمەدەمینی باوکی ئاوارە مرۆڤیکی لە خواترس و زانا و عالم بوو لە شەرعی ئیسلامیدا و لە سەرف و نەحوی عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبوو زۆر مەسائیلی شەرعی لە لا دەکرانەوە. بێجگە لەوەش خۆشەویستی نیشتیمانی وەلا نەنا بوو ئۆگری نەتەوە و نیشتیمانەکەی بوو.

لە منداڵێوە لای باوکی خوێندبووی، پاشان لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستاندا،گەڕا بوو و خوێندبووی. مەلا ئاوارە لە سەردەمی خوێندن و گەڕان بە کوردستاندا،بێ بەشی و هەژاری گەلی کوردی دی بوو،دەست تەنگی و نەداری جێشت بوو، بۆ رزگاری گەل ڕێگای خەباتی سیاسی گرتەبەر،و بوە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و کادرێکی تێکۆشەر و زانای حیزب بوو.

ئاوارە لە ماڵ و ژیانی خۆی دوور کەوتبۆوە بەڵام هەموو جێگەیەکی ئەم کوردستانەی بە ماڵ و زێدی خۆی دەزانی و لەو کاتەیەوە لە ماڵ دوور کەوتبووە هەستی بە غەریبی نەکرد بوو. چوونکە ئەو تەنیا خۆی بە ڕۆڵەی دایک و بابی نەدەزانی و خۆی بە ڕۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانی هەر بۆیە بوو ئەو دەم و ئێستاش ئەوانەی ناو و ناوبانگی ئاوارەیان بیستبوو ڕێزی تایبەتی یان بۆی هەیە.

* ئاوارە لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ ی ز) بە هۆی حیزبایەتی و ئیش وکاری سیاسی یەوە لە بەر چاوی سیخورەکانی پاشایەتی بۆگەن ئاشکرا بوو بەرەو کوردستانی گەرمێن ڕێی داگرت کە ئەو دەم تازە شۆرشێکی گەرم و گوڕی تێدا بەرپابوو بوو. ئەو چالاکانە لەو شۆرشە دا بەشداری کرد و هێندەی نەخایاند لەبەر ئەمینداری و ئۆگری لە ڕادە بە دەری بە خاک و وڵات بوو بە جیی متمانەی ڕێبەرایەتی شۆرش .

* مەلا ئاوارە لە پاش ساڵەکانی (٤٤ و ٤٣ ی هەتاوی) لە گەڵ چەند کادری دیکەی حیزب وەک: سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف ... لە کوردستانی گەرمێنەوە گەڕایەوە کوردستانی ئێران و گۆچانێکی بە دەستەوە گرت و لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت لە نێو جوتیاران و زەحمەتکێشاندا ئەرکی نیشتیمانی خۆی بە جێ دەگەیاند.

* ئاوارە لە دەورانی فەقێ یەتی لە حوجرەی فەقێیان و پاشانیش بە خوێندنەوی شێعری شاعیرانی نیشتیمان پەروەری کورد ئۆگری یەکی زۆری بە شێعری پاراو و ڕەسەنی کوردی پەیدا کرد بوو و لە کاتی پێشمەرگایەتی زۆر جار بە زمانی خەڵک شێعری دەگوتن و زۆر زوو شێعرەکانی دەما و دەم لە نێو خەڵکی دا بڵاو دەبونەوە و خەڵک شێعرەکانی ئەویان بۆ یەکتری لە بەر دەگووتەوە.

ئەگەر بمانەوێ بە ناخی شێعرەکانی ئاوارە دا بچینە خوارەوە و دابەش کردنێکیان لێ بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو جۆرە هەڵبەستی هۆنیوەتەوە.

هەڵبەستی نیشتیمان پەروەری وەک هەڵبەستی "کوردم کوردستانم دەوێ " و " توتنەوان"، رەش بگیری و لای لایە، هەڵبەستی توتنەوان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەچێتە سەر دیاردەی سیاسی. دیارە ئاوارە هۆی بەش مەینەتیەکانی گەلەکەی بە هۆی سیاسی دادەنێ . هەروەها لە هەڵبەستی لای لایە دا کە لاوانەوەیە دوبارە ئامانجی دەربرینی نیشتیمان پەروەرییە. هەڵبەستی وەسفی وەک " ئالان "

⁕ لە بەهاری ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی ( ١٩٦٨ ی ز ) دا بە قەولی خەڵکی لێرەواری لای خۆمان کە بن دەوەن شین بوون تێکۆشەرانی حیزب بەرەبەرە داوەرینەوە وڵاتی و ئەوانی تا ئێستا لە پەنا و پەسیوان و ئەشکەوتی تەنگ و تاریک و تنوک و سارد و کادێن و وچخانەی تەنگەبەر دا خۆیان حەشاردا بوو وەبەر هەتاوێ دا. ژاندارم و جاشە خۆفرۆشەکان و چڵکاو خۆرە بۆدەڵەکانی حەمە رەزا کە توانای بەر بەرەکانی روو بەروویان لە گەڵ ئەم تێکۆشەرە لە خۆ بوردوانە دانەبوو بە شێوەی کۆن و هەمیشەیی ئاغاکانیان دەستیان بە فیڵ و داو نانەوە بۆ ئەم تێکۆشەرانە کرد

⁕ حەسەن سەکر کویخای گوندی دیواڵان بە دنەدانی حاجی برایمی بەریاجی کێشەی زەوی و زاری لە نێو جوتیارانی گوندەکە سازکرد بوو لە لایەکی دیکە داوای لە ئاوارە کرد بوو بۆ خۆی بێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئاوارەش بە پێی واجبی خۆی و بە هەست کردن بە مسئولیەتی خۆی بەم کارە هەستا بوو و شەوێک لە شەوانی مانگی بانەمەری ١٣٤٧ ی هەتاوی بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە بۆ چارەسەری کێشەکە دەچێتە گوندی دیواڵان و لە پاش راگەیشتن بە کێشەکە و چارەسەر کردنی لە لایەن خۆفرۆش حەسەن سەکری دیواڵان مەلا ئاوارە دەرمان داو دەکرێ و هەر ئەو شەوە حەسەن سەکر پیاو دەنێری بۆ دام و دەزگای حکوومەتی و بەیانی زوو مەلا ئاوارە بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دەبەن بۆ شاری سەردەشت و لە پاشان لەوێوە بەرێ دەکرێن بۆ دادگای سەحرایی جەڵدیان کە ئەو دەم بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لە لایەن ژنیراڵ (اویسی) جەللادی شا پێک هاتبوو.

کاتێک مەلا ئاوارەیان گرت تا ئەو کاتەی شەهیدیان کرد زیاتر لە چوار مانگی خایاند لەو ماوەیەدا زۆرتر لە

قەسابخانەکەی جەڵدیان رادەگێرا، یەک دوو جار هێنایانەوە پادگانی سەردەشت و لە ژێر درندانەترین و سامناک ترین ئەشکەنجە و ئازار دا بوو بەڵام بە شەهامەت و ئەمینداریەکی زۆرەوە خۆی راگرت و ئەو ئەمانەتەی دایکی نیشتیمان کە بە لایەو بوو نەی درکاند و نهینیەکانی لەگەڵ خوێنی گەشی دا نەمامی ئازادی کوردستانی رەنگین و دەلالیان پاراو کرد.

ئاخرەکەی کاتێک دوژمنەکان بۆیان روون بۆوە کە مەلا ئەحمەد شڵماشی خزمەت بە گەل و نەتەوکەی دەگەڵ چۆر چۆر شیری مەمکی دایکی دا بە گەرووی داکراوە و دەگەڵ هەموو دەمارەکانی لەشی و لە نێو دڵۆپ دڵۆپی خوێنی نێو لەشیدایە تا کاتێک گیان لە جەستەی دا بێ خەیانەت بە گەل و نەتەوە و وڵات ناکا،

هەربۆیە جەلادانی رێژیمی پاشایەتی ئێران زۆر بێ بەزەیی یانە شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ دوو خەباتگێری دیکەی حیزبی دێموکرات، رەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە " محەممەد ئەحمەدی" کە هەردووکیان خەڵکی گوندی دیواڵان ی ناوچەی سەردەشت بوون. لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ی (مای ١٩٦٨) لە گوندی دیواڵان گیران، و دوای چوار مانگ زیندان و ئەشکەنجە لەبەرە بەیانی رۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی (٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٨ی زایینی) لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت ئیعدام کران.

بە پێچەوانەی، ئەوەی تەرمی شەهیدەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی (٤٦ - ٤٧ی هەتاوی) یان بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک بە شار و گوندی کوردستان دادەگێرا. بە کریگیراوانی رژیم هەر بەو بەیانیە زووە تەرتیبی ناشتنی تەرمی ئەو سێ شەهیدەیان دابوو لە قبرستانی گردە سووری شاری سەردەشت و تا چەند مانگ دواتر شوینی ناشتنەکەیان ئاشکرا نەبوو بەڵام لە پاشان گلکوی پیرۆزیان بوو بە جی نەزرگەی پیر و لاوی کورد.

کاتێک جەلادەکانی شا مەلا ئاوارەیان بۆ گۆرەپانی تیرە باران دە برد،بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێڕانە گوتی،(بە کوشتنی من خەباتی رەزگاری خوازی نیشتمانپەروەرانی کورد دووای نایە (بژی کوردستان).

سەرچاوە: یادی یاران، نووسینی حەمە رەسووڵ حەسەن پوور و رۆژنامەی کوردستان

## شەهید سمایل شەریفزادە ناسراو بە (مەلا عەزیز)




١٢ی بانەمەر، ساڵرۆژی شەهید بوونی یەکێک لە رێبەرانی ڕاپەرینی چەکدارانەی ١٩٦٧ـ ١٩٦٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە ١٢ی بانەمەری ١٩٦٨دا سمایل شەریفزادە رووناکبیری شۆڕشگیر و یەکێک لە سیما ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی چلی هەتاویدا کە لە گەڵ چوار هاورێی دیکەی ، لە نزیک گوندی"دارینە"ی ناوچەی بانە لە لایەن هێزێکی ٣٥٠ کەسی ژاندارم و جاشەوە گەمارۆ دران. لەو شەڕە نابەرامبەرەدا شەریفزادەو سێ کەس لە هاورێیانی پاش ٥ سەعات خۆڕاگری ، گیانیان لە دەست دا. بەم بۆنەیەوە ئاورێک لە ژیانی ئەم شەهیدە گەورەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەینەوە.

سمایل شەریفزادە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری مەهاباد لە خیزانێکی بازرگان لە دایک بوو. لەم کاتەدا مەهاباد ناوەندی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوو. گەلی کورد ئەو بەشەی نیشتمانکەی لە چەنگ حکوومەتی دیکتاتۆرو بەستراوەی شایەتی رزگار کردبوو. پاش چەندین ساڵ زوڵم لێکراو بێبەشی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی، چارەنووسی خۆی گرتبوە دەستو تیشکی ئازادی و سەربەستی ئەم ناوچەیەی رووناک کردبووە.

شەریفزادە خوێندنی سەرەتایی و پۆلی پێنجی مەدرەسەی ناوەندی لە مەهاباد خوێندبوو. ساڵی شەشی ناوەندی لە تاران لە کولیژی "ئەلبرز "تەواو کردبوە.




پاشان لە رشتەی "ئەلێکترومکانیک دا"، لە خوێندنگەی فەننی زانستگەی تاران خوێندنی درێژە پێدا. سمایل کە پوولی چواری ناوەندی بە دواوە، سەبارەت بە موتالعە کردنی کتێبی سیاسی و کۆمەڵایەتی،و هەست کردن بە بێبەشی نەتەوەی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و نەبوونی ئازادیو دێموکراسی لە ئێران ، تووشی ئاڵۆگۆڕێکی فکری هات. سمایل شەریفزادە بۆ ئازادی نیشتمانو وەدەسهێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بۆ پێک هێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی دێموکرات رێگای خەباتی سیاسی گرتە پێش.

هەر لە هەوەڵی خوێندنی زانستگایی‌دا سمایل بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەگەڵ دەستەی خوێندکارە شۆڕشگێرەکانی زانستگەی تاران کەوت.

ساڵی ۱۹٦۱ لە کاتی پەلاماردانی زانستگەدا، لە لایەن پۆلیس و کوماندۆکانی حکوومەتەوە، سمایل گیراو بۆ ماوەیەک دەسبەسەر کرا. سمایل شەریفزادە، لە گەڵ هاواڵە هاوفکرەکانی خۆی، لە نێو خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاراندا، قۆڵی چەپی و شۆڕشگیری کۆمەڵی خوێندکار بوون و لە دژی بیروباوەڕی چەوت و نالەبار خەباتیان دەکرد. پەلاماری سازمانی ئەمنییەت بۆ سەر کوردستان و کوردەکانی زانستگەی تارانیش ساڵی ۱۹٦٤ و گرتن و دورخستنەوەی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایانی کورد سمایل شەریفزادەی ناچار کرد خۆی بشارێتەوەو بچێتە نیو کۆری تێکۆشانی نهێنی‌یەوە . هەر ئەو ساڵە لەگەل هێندێک لە لاوە تێکۆشەرەکان رووی کردە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراقو تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە لە کوردستانی عێراق گیرسابوونەوە. لەو ماوەیەدا بیجگە لە کاری سیاسی کتێبی "دیفاعیاتی خوسرەوی روزبەی " وەرگیرایە سەر زمانی کوردی.

ساڵی ۱۹٦۷ سمایل و هاواڵەکانی لە کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر هەلو مەرجی نالەباری تێکۆشانیان لە کوردستانی عێراق ، گەڕانەوە نیوخۆی کوردستانی ئێرانو لە نێو خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستاندا دەستیان بە تێکۆشانی سیاسی کرد. بەڵام رێژیمی حەمەرەزا کە وای دەنواند کە ئێران دوڕگەی هێمنو سەقامگرتووی رۆژهەلاتی نێوەراستە، لە حوزووری رێبەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان، تووشی وەحشیەت بوو و قۆڵی لە سەر کوتو لە نیو بردنی خەباتگێڕشانی حیزبی دێموکرات هەڵماڵی. بەم جۆرە خەباتێکی چەکدارانە بە سەر شۆڕشگێڕانی ئەم حیزبەدا سەپاکە لە مێژووی




حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کورددا بە خەباتی چەکدارانەی ٤٦ و ٤٧ (١٩٦٧ و ١٩٦٨) ناوبانگی دەرکرد. راونانو تەنگ پێهەڵچنینی ژاندارمو سازمانی ئەمنییەتی ئێران، سمایل شەریفزادەو هاواڵە شۆرشگێرەکانی لە خەباتوتێکۆشان نەسڵەماندەوەو لە دێهاتو چیاوکەژەکانی نیشتمانو لە ئامێزی زەحمەتکێشانی کوردستان دا خەباتیان درێژە پێدەدا.

ژاندارمەکانی حکوومەتی شا کە، لە هەموو شوێنێک بە دوایشەریفزادە و هاواڵەکانیدا دەگەڕان. تا رۆژی ٢ی مای ١٩٦٨ بە هۆی کەسێکی خۆفرۆشەوە بە ناوی (کوێخا شەریف) شوێنی ئەویان هەڵگرت دوای ئەوە کە دەست بە جێی پتر لە (٣٥٠) ژاندارمو عەسکەرو جاش، بۆ سەر سمایل شەریفزادەو چوار هاوڕێی دەنگ دران. ٣٥٠ کەس، بە چەکو قۆرخانانەی زۆرو مودێرنەوە، پێنج تێکۆشەری کوردیان گەمارۆ دابوو، کە لە شەرەفو ژیانی نەتەوەی خۆیان دیفاعیان دەکرد. سمایل شەریفزادە کە بڕیاری دابوو تا دوا هەناسە، لە خەباتو تێکۆشان بەردەوام بێو سەر بۆ دوژمن دانەنوێنێ، لە وڵامی فەرماندەی سەربازو ژاندارم و جاشەکاندا، کە داوای تەسلیم بوونو چەک فڕێدانیان لێ دەکرد بە دەنگێکی بویرانە گوتی: "ئەی خۆفرۆشە ناپیاو وخوێڕییەکان! بڕۆن خەجاڵەت بن لە ئێمەی پێشمەرگەی گیانفیدا کە بۆ ئازادیی ئێران و ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی گەلەکەمان خەبات دەکەین داوای تەسلیم بوون دەکەن؟!

سەرەنجام پاش شەش سەعات شەڕی قارەمانانە پێنج کەس، لەگەڵ ٣٥٠ کەس لە چەکدارەکانی رێژیمی شایەتی، گوللەی بازوکا سینگی ئەم لاوە تێکۆشەرو قارەمانەی قەڵاشتەوەو چرای تەمەنی کورت بەڵام پڕ لە شانازی سمایل کوژایەوەو وێرا ٣ کەس لە هاوڕێیانی لە پێناوی رزگاری کوردستان دا بەخت کرد...ناوی ئەو تێکوشەرانەی کە وێرای شەریف زادە سەهید بوون بریتیە لە: **میرزا محەممەد شادمانی، حوسێن رەحمان رابیو عەلی عەوڵا کۆڵی.**

هەر ئەو کات یەکێک لە نووسەرەکانی کورد بەم بۆنەیەوە، لە نووسراوەیەکی خۆیدا بەم دوو دێڕە شێعرەتەعبیری لە شەهید بوونی ئەو پۆلە تێکۆشەرە کردبوو:

**ئەو نەمامانەی، ئەمرۆ دەنێژرێن**

به خوێنی پاکی خۆیان ئاو دەدرێن

دەڕازێننەوە باغی کوردستان

دێنه بەر بۆمان، رۆژێ له رۆژان

بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهیدانی راپەڕینی ٤٦ - ٤٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی رێگای دابین کردنی مافه نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید

## شەهید سولەیمان موعینی، ناسراو بە: (کاک فایق)




ڕۆژی هەینی ١٧ی فێوریەی ١٩٣٣ (٢٨ی ڕێبەندانی ١٣١١ هەتاوی) لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە دایکبووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان، سولەیمان بۆ خویندن دەنێردرێتە شاری تەورێز. دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری کورد و گیرانی باوکی، دەگەڕێتەوە مەهاباد و دەست بە خوێندن دەکاتەوە. کاتێک کە باوکی بۆ تاران دوور دەخرێتەوە، سولەیمانیش دەچێتە تاران و لە وێ دەخوێنێ. دەگەڵ گەڕانەوەی باوکی بۆ مەهاباد، ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە و لە فێرگەی محمدرەزاشا پەهلەوی، دەست بە خوێندن دەکاتەوە.

سولەیمان هەر لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا، دەگەڵ هاوڕێیانی وەک سەید عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، خەریکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەبێت. هاوکات دەگەڵ کاری سیاسی، لە خزمەتکردن بە هەژار و بێدەرەتانان نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ بەشی هەرە مەزنی ڕۆژگارانی ژیانی سەردەمی لاوێتێی سولەیمان بەم بوارانە دا تێپەڕ بووە. سولەیمان شان بە شانی بیری شۆڕشگێرانەیەوە، کەسایەتییەکی چالاکی بواری وەرزشی و مەیداندارێکی کارامەی گۆڕەپانی چالاکیی وەرزکاریش بووە و ئۆگرایەتییەکی پتەوی دەگەڵ کەژ و کێو داوێنی سروشتی جوانی کوردستان هەبووە.

ساڵی ١٩٥٣ (١٣٣٢ی هەتاوی)، لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محمد موسەدیق دا، سولەیمان دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپێشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباد. هەروەها ماوەیەکیش

بەرپرسایەتیی ڕاهێنانی سرودی نەتەوەیی کوڕ و کچانی شارەکەی بە ئەستۆیەوە بووە.

ڕۆژی ١٥ی جوونی ١٩٥٣ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمان و سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی و چەند لاوی تێکۆشەری دیکە کۆبونەوەیەکی بەرین لە باغی میکائیل سازدەدەن. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە دەبێت کە لاوانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە چوارەمین ڤیستیڤاڵی جیهانیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی هەڵبژێرن. بەڵام لەگەرمەی گوتوبێژی ئەو لاوانەدا ژاندارمە دڕندەکانی حکومەتی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن و مێرمنداڵێک بەناوی «حسن ڕەمەزانی» شەهید و چەند کەس بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە، دەکەونە شەقامەکانی شار و بە گێڕانی تەرمی ئەو لاوە شەهیدە، ڕێپێوان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بەڕێدەخەن.

هەر لەو سەردەمەدا پێداگری و خەباتی نەپساوەی بەرهەڵستکارانی سەراسەری بوو بە هۆی هەڵاتنی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی حکومەتی دوکتور موسەدیق، کە هیوای چاکسازی و بوژانەوەی لێدەکرا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی پشتیوانیی ڕۆژئاوا لە شای ئێران و لە ئاکامی کۆدیتایەکی نیزامی، شای ئێران گەڕاندرایەوە و حکومەتی دیموکراتیکی موسەدیق تێک ڕووخا. دوای ڕووخانی حکومەتی دوکتور موسەدیق، لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٤، هێزەکانی سەرکوتکەری ئێرانی هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان و، گرتن و کوشتن و بێ سەروشوێن کردن دەستی پێکرد.

لە شاری مەهاباد دا، یەکێک لە گیراوەکان محمدئەمین معینی، باوکی سولەیمان بوو کە بە ماوەی ٢٠ ڕۆژان لە گرتوخانەی سەربازیدا ڕایان گرت. هەر ئەودەم لەلایەن فەرماندەی نیزامیی شاری مەهاباد، کە سەرلەشکەر کەریم وەرئەهرام ی ناو بوو،

بە باوکی سولەیمانیان ڕاگەیاند کە بە شوێن سولەیمان دا بنێرێت و پێی بڵێ کە حکومەت لێی دەبوورێت و دەتوانێ بەبێ هیچ ترسێک بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. بەڵام سولەیمان بەهۆی ناسینی کارنامەی کرداری ڕژێمی ئێران، ئەم داوایەی بەرپەرچ دایەوە و وەڵامی نای دانەوە. پاش ماوەیەک، سولەیمان بەنیازی چوونی تاران و

بەردەوامبوونی ژیانی سیاسی و نهێنی، لە ساڵی ١٩٥٦دا بەرەو ناوندی ئێران وەڕێ کەوت. بەڵام لە نێوان ڕێگای تاران تەوریز دا بە هۆی سیخوڕە نهێنییەکانی ڕژێم دەناسرێتەوە و دەگیرێت. لە گیرانی سولەیمان هیچ کەس خەبەردار نەبوو. دوای تێپەڕینی چەندێک، عەبدوڵلای حەکیمزادە عەکسی سولەیمان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی ڕژێم دا دەبینێت و خەبەر بە بنەماڵەکەیان دەگەیەنێت. سولەیمان لەژێر ئازار و شکەنجەی زیندانەوانانـدا دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی ١ی مارسی ١٩٥٧کە لە بری ئەسپاردنی بارمتەیەکی دەهەزار تمەنی ئەو سەردەمە، ئازاد دەکرێت.

سولەیمان ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و دەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی (بەحری) دەست بە چالاکی دەکەنەوە، بەڵام بۆ داپۆشینی هەڵسوڕانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و خەریکی کار دەبن. بەڵام سولەیمان ناتوانێ خەڵکی خۆی لەبیربکات و لە هەندەران بمێنێتەوە، هەربۆیە دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە ساڵی ١٩٥٩، دەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقوڵ، بەناوی خانمی «مریەمی عومەری»، زەماوەند دەکات و ساڵی ١٩٦٠ دەبنە خاوەنی کوڕێک کە «سیامەند»ی ناو لێدەنێن.

پێکەوەنانی خێزان و باوەشی گەرمی بنەماڵەش ناتوانێ ئەو هیوا گەرمەی کە دە مێشکی سولەیماندا دەبێ، تووشی خەو و بێهەستیی بکات.

لە میانەی ساڵی ١٩٦٠ دا ڕژێمی پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو دەکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ئاکامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە ١٥٠٠ گەنج و لاو دەکەونە بەردەستی هێزەکانی پۆلیس و ژاندارم. ئەم ڕەشبگیری و گرتن و بێ سەر و شوێن کردنە بە هۆی عەبدوڵلای موعینی، براچکۆڵەی سولەیمان بەو ڕادەگاتەوە و ئەویش هەواڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە و بەپێی بەرنامەیەکی زۆر نهێنی، دەگەڵ چەند هاوڕێیەک ، بەهیوای گەیشتن بە باوەشی شۆڕشی باشووری کوردستان، بەرەو باشور دەکەونە ڕێ.

سولەیمان و هاوڕێیانی هەرکە دەگەنە باشووری کوردستان، بە ئاگاداریی و لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکایەتی ئەوسەردەمەی باشووری کوردستان ، لە هەوڵی سازمانکاری و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەی پرژ و بڵاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەون.

دەزگای ساواک و ژاندارمی ئێرانی لە ساڵی ١٩٦٥ دا، دیسان هێرش دەبەنە سەر ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە خەباتکارانی دەگرن. بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب ، کە یەکێک لەوان عەبدوڵلای موعینی دەبێ، لە زەختی پۆلیس ڕزگاریان دەبێ و پەنا دەبەنە بەر سایەی شۆڕشی کوردستان لە باشووری وڵات.

کۆمبوون و تێکەڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی شۆڕشی باشووری کوردستاندا و ڕێکخستنەوە و سازماندەهیی ئەوان لە لایەن سولەیمان (فایق) و عەبدوڵلای ئیساقی (ئەحمەدتۆفیق)ەوە، ڕژێمی ئێرانی تۆقاند.

ساواک لە مەهاباد بۆ ڕاگرتن و تێکدانی ڕێکخراوەی تازە دامەزراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سێبەری شۆڕشی کورد دا کەوتەوە خۆ. لە یەکەمین هەنگاودا مۆرە چالاک و کاراکانی ڕێکخراوەی ناوبراو دەخەنە بەر هێرشی تیژی تێکدەرانە؛ بۆ ئەنجامی بەڕێوەچوونی پیلانە گلاوەکەیشیان، پێشەکی بنەماڵەی کەسانی بەناوبانگی وەک سولەیمان دەخەنە لیستەی هەرە باڵای میکانیزمی کار و خەباتە دزێوەکانی خۆیان . هەربۆیە لەلایەن ساواکەوە بە محەمەدئەمینی موعینی، باوکی سولەیمان، ڕادەگەیەندرێت کە شای ئێران لە کار و کردەوەکانی سولەیمان و هاوکارانی ئەو خۆش دەبێت بە مەرجێک دەست لە چالاکی هەڵبگرن و بگەڕێنەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان. تەنانەت ساواک بەڵێنیی هەمە چەشنە کارئاسانی و، پێدانی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ سولەیمان دەستنیشان دەکات.باوکی سولەیمان سەری بۆ ئەم فەرمانە نزم نەکرد و هیچ وەرامێکی پێنەدانەوە. هەربۆیە، ساواک کەسێکی بەناوی کەریم خوسرەوی، کە لە کەسانی ناسراوی مەهابادی و لەباری خزمایەتیشدا دەگەڵ خانەدانی موعینییەکان خزمەیەتییەکی هەبوو، بەهەمان مەبەست و بە هەمان بەڵێنەکانەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکات.

هاوکات ساواکی ئێران بە ڕێگای عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد کە بە میرمنداڵی بە هۆی پەیوەندی بنەماڵەی موعینی و قازیەوە لە گەڵ کاک سولەیمان ڕەفیق بوون،و پاش ڕوخاندنی کۆمار کەوتبووە خزمەت بکووژانی باوکی و تێکدەرانی کۆماری کوردوستان نامەیەک بۆ کاک سولەیمان دەنیریت و لەو نامەیەدا هاتوە: ... سولەیمان تو بۆت نیە و بۆت ناکریت لە بەرامبەر حکومەتی مەزنی شاهەنشاهی ئێراندا دژایەتی بکەی وا باشترە




بی یەووەو ژیانی ئاسایی خۆت بکەی و هەر ئیمکانیاتیکیش پیویستت بێت بۆت ساز دەکرێت، من وەک هەواڵێک ئەم نەسیحەتەت دەکەم بۆ خۆت و مالباتەکەشت وا باشترە دژایەتی حکومەتی شاهەنشاهی ئیران نەکەیت هێندێک لە فکری خۆت دابە باشترە... لە وەڵام دا کاک سولەیمان دەنوسیتەوە،... کوڕی ڕەش شتێک بزانە کە پێشەوا لە ڕیگای گەل سەری چووە سەر سێدارە ئێمە ڕیگای ئەو بۆ ڕزگاری وولات بەر نادەین تۆ کوڕی قازی محەمەد نی، من و هەواڵانم کە ڕێڕەو و درێژەدەری کۆمارین، کووڕی قازی محەمەدین، تۆ بویت بە کاسەلێسی دۆژمنان و بکوژانی کۆمار، من ژیانی سەربەستی و ئازادیم هەڵ بژاردوە، ئەو ژیانەی تۆش هەڵت بژاردوە پێشکەشی خۆت...

سولەیمان، کە دوژمنی کورد و پیلانە گلاوە مێژووییەکانی باش دەزانی، وەڵامی بۆ ناردنەوە کە من ڕۆڵەی کوردم و خۆم بە ئالاهەڵگر و درێژەدەری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان دەزانم . من پێشەکی و هەر لەسەرتای کار و هەڵوێستگرتنەکانمدا شێوە ژیان و شیوە مەرگی خۆم دیاری کردووە و هەرگیز ئەم گرانبارە زەنگین و ڕەنگینەم بە هەموو ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ناگۆڕمەوە.

سولەیمان بەدڵ و گیان هەموو پتانسیەلی خۆی دەخاتە خزمەت شۆڕشەوە و لە نزیکەوە لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی کاردەکات و بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژنامەی «دیسان بارزانی» بە قەڵەمی ئەو دەنوسرێت. لە کار و چالاکی سیاسی و نیزامیش دا مۆرەیەکی بەکار و گیانبەختکەر دەبێت و لە هیچ خەتەرومەترسییەک خۆی کل ناکات.

بەڵام سولەیمان و ژمارەیەک لە هاوخەباتانی ئەوهەتا زیاتر لە دەقی شۆڕشی باشووری کوردستان خوردتر دەبنەوە و وردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکان و پلە و پایەی کادرەکان دەکەن، زۆر زوو تێدەگەن کە دەزگای شۆڕش بە سەرۆکایەتیی بارزانی، لە ڕێگای خزمەت بە گەلەکەی لای داوە. هەمیسان سولەیمان بە چاو دەبینێ کە دەرەبەگە مەزنەکانی ئەو سە ردەمە، لە ناو پارتی دیموکرات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەتی خۆیان و دەرە بەگەکانی تر کەڵکی ناسیاسی لە ئیمکانیاتی شۆڕش وەردەگرن. هەر ئەم شێوە کارەی مەلامستەفا و دار و دەستەکەی دەبێتە هۆی دابڕان و دوور کەوتنەوەی ڕوناکبیر و زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا. هەر درێژەدان بەم سیاسەتە و لایەنگیری لە دەربەگانیش بوو کە دەتوانێ بوویتە هۆی شیواندن و تاریک کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفا، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و سەرەنجام شەڕی لێ کەوتەوە. لە درێژەی شەڕی نابەرامبەری هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی

کوردستان دا، مەلامستەفا دەستی یارمەتیی بەرەو شای ئێران درێژ کرد و شۆڕشی کوردی خستە باوەشی ڕژێمی دژبەکوردی ئێرانی.

بارزانی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران، سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئێران داڕشتەوە و لە وتەکانی خۆیدا دەڵێ کە ئێمە دەبێ پێشەکی گەلی کورد لە عێراق ئازاد بکەین ، جا دوایە دە فکری بەشەکانی تر دا بین؛ بە مانایەکی تر، خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێتە قوربانی لە ڕێی سیاسەتی پێوەندییەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕش دەگەڵ شای ئێراندا.

بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی مل بۆ ئەم سیاسەتە نادەن و لە ژێر تیشکی بیر و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی دا ئەم شێوە خۆ بەدەستەوەدانە بەرپەرچ دەدەنەوە و پێوەندییەکانی مەلامستەفا و شای ئێران بە قومارێکی پڕ لە مەترسی دیپلۆماسی دەزانن.

بارزانی کە لە هوشیاری و زانایی سولەیمان ئاگادار بوو، پێی وابوو ئەگەر پلە و پایەی ئەو لە شۆڕش دا بەرێتە سەر، ئەوا لایەنگری ئەو بۆ خۆی دەکرێتەوە و ئەوانی تریش بەشوین ئەودا دێن. بەڵام سولەیمان، کە ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلی خۆی بوو و بە کردەوە هەموو ژیانی خۆی و ئاسایشی بنەماڵەکەی خۆی لە پێناو هەست و شعوری بەرزی نیشتمان پەروەری دا فیدا کردبوو، هەرگیز لە بەرامبەر پلە و پایەی حیزبی و سیاسی دا ئامادە نەبوو مل بۆ سیاسەتی ناڕاست کەچ بکات و لە ڕێی خزمەت لابدات.

بەهۆی قووڵ بوونەوەی پەیوەندییەکانی مەلامستەفا و ڕژێمی ئێران، بەرەبەرە دەزگای پاراستنی ئێران (ساواک)، شوێن پێی زیاتر و قوڵتری لە جەرگەی شۆڕشی کوردستان دا دەست کەوت و دەستەڵاتی قایمتری تێدا وەدەست هێنا.

لە دایک بوونی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەو سەردەمە دا، جوڵانەوەیەکی دە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان خست ، کە دەزگای پاراستنی ئێرانی بە مەترسییەکی مەزنی لێکدایەوە . کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی وەک هەڵوێست، لە




هەنگاوی یەکەمدا خەباتی سیاسیی گرتبوویە پێش، بەڵام ساواک و دەزگای سیخوڕیی ئێرانی لە دایک بوونی ئەو سیستیمە نوێیەیان بە مەترسییەکی گەلێک مەزن زانی، هەربۆیە بە هەموو تواناوە، لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هێزی نیزامی و جاش و سیخوڕیان بۆ وەگەڕ خست و لە بەشی باشووری کوردستانیش دا ئاستەنگی توند و تۆڵیان خستە سەر ڕێ.

دەزگای بە ڕێوە بەری کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوون: سولەیمان موعینی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، خەلیل شەوباش، عەولای موعینی، مەلامەحمود زەنگەنە و چەند خەباتکارانێکی دیکە، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی جاش و جەیش لە هەر دووک بەری سنووران و بزوتنەوە ساواکەیان لە خوێن دا نوقوم کرد.

لە ڕاستیدا ئامانجی بەرنامەی کۆمیتەی ئینقلابی، پەیوەندی گرتن دەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە شار و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان دا بوو، کە هەر لە دەسپێک و سەرەتای کاردا، لە سای سەر ڕاستی و دڵ و دەروون خاوێنیی ئەندامانی بەڕێوەبەر و کادرِ و هەوادارانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب دا، ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێشیان پێوە لکا.

سازماندانی هێزی زەحمەتکێش و ڕاکێشانی ڕۆناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی ئینقلابی ئەوەندە ناودار کرد، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.

دەزگای ساواکی ئێران کە لە باشوور دا حوکمی دەرۆییشت و لەوێوە دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاودا، بۆ بەرگیری کردن و لە ڕیشە دەرهێنانی کۆمیتەی ئینقلابی، بە فەرمانی شای ئێران، یەکێک لە خوێنخۆرترینی مۆرەکانی خۆی تەرخانی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات کرد، کە ئەویش ژەنەڕاڵ ئەرتەشبود ئوەیسی بێت کە لە ئاست شای ئێران دا بە گەورە نۆکەر و، لە لایەن گەلی کوردەوە خوێنمژترین دوژمن ناسراو بوو. ئەو ژەنەڕاڵە چەکمەڕەقە فەرمانی خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی نوێی گەلی کوردی لە شای ئێران وەرگرت و دەستی پێکرد. ژەنەڕال ئوەیسی دوای ئەوەی کە لەو دیوی سنوور دڵنیا بوو، لەم دیوەش دا هێزێکی لە دەرەبەگە کۆنە پەرستەکان ساز کرد و ئینجا بە هەموو هێزێ سیخوڕی و جاش و جەیشەوە قۆڵی فەوتاندنی لێ هەڵماڵین.

زۆری نەخایاند لە ئاکامی پیلانێکی لە ڕێدا چاندراو، کە کەسێک بەناوی قادر تەگەرانی بگێڕی پیلانەکە بوو، سولەیمان و خەلیل شەوباش لە ڕێگای سلێمانی ـ سیتەکەوە، دەکەونە داوی پیاوانی سەدیق ئەفەندی و ڕەوانەی بارەگای بارزانی دەکرێن.

شایانی باسە بگوترێ کە شێخ لەتیفی حەفید، دۆستایەتی و نزیکایەتی و هاواڵبەندییەکی زۆر گەورە و گرانی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. گەلێک جاران کارئاسانیەکانی ئەو دەبوو بە هۆی پێشوەچوونی بەرنامەکانیان. لەم بوارەدا ناوی بەرزی ئەو کەسایەتییە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

شایانی ئاماژەپێکردنە، شەوێک کە سولەیمان و سیامەندی کوڕی و خەلیل شەوباش سەردانی شێخ لەتیف دەکەن، شێخ لەتیف بەئاشکرا پێیان دەڵێت کە خۆیان لە داوی قادر تەگەرانی بپارێزن، چونکە ناوبراو گرێدراوی چەند سیاسەتێکی دژ بەیەکە و پێدەچێت لەم بوارە دا خەریکی سات و سەودای سیاسیش بێت. سولەیمان لە وەرامدا دەڵێت: «من لەمێژە قادر تەگەرانی دەناسم و باوەڕ ناکەم ئەو بیری پیس و چەوتی بۆ ئێمە ببێت». بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کە قادر تەگەرانی هاوکات پیاوی ئێران و عێراق و بارزانییە و سێ سەرە خەریکی سات و سەوداکردنە.

هەر ئەو ڕۆژەی کە قادر تەگەرانی بە پێی پیلانێکی لەپێش داڕێژراودا، سولەیمان و خەلیل شەوباش بە جێپ لاندرۆڤەرەکەی لە ڕێگەی سیتەکەوە بۆ سولەیمانی دەبات،

دەیانباتە جێداوی کەسێک بەناوی سەدیق ئەفەندی و دەسبەجێ دەیانگرن. سەدیق ئەفەندی لە ڕێگادا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان بۆ بارەگای بارزانی ڕادەگوێزێت.

دەگێڕنەوە کە مەلامستەفا لەبری بەخێرهێنانەوەی سولەیمان و لە جیاتی دڵدانەوەی، بە ئەوپەڕی بێحورمەتی و بەدەم جوێن و قسەی ناشایستە، کە لە سەرۆکی بزوتنەوەی میللەتێک بەدوورە، سولەیمان دادەگرێت و تەنانەت پێی دەڵێت: باشترین کار ئەوەیە خۆی ڕادەستی ئێران بکاتەوە و دەگەڵیان پێکبێت، بەڵام سولەیمان ڕابوردوی دەخاتەوە بیر و دەڵێت: «ئەو سەردەمەی کە وا شۆڕشی کوردستان لە ئەوپەڕی هەژاریدا بوو، من و کەسانی وەک

سەرچاوە Serchawe

من بۆی تێکۆشاوین و هەرگیز چاومان لە حەسانەوە و سازان دەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکان نەبووە کە ئێستا من هەم بێت. من وەک کوردێک کە هەڵگری بیر و باوەڕێکی خاوێنی کوردانەم، بۆم هەیە سەر بە شوێن ئاواتەکانمدا بڕۆم و گیانمی بۆ بەخت بکەم. من هەرگیز ئامادە نیم سەرشۆڕ بکەم و مل بۆ ڕژێمێک دابنەوێنم کەدەستی بە خوێنی کۆمار سوورە».

ئەوەی کە ئاشکرایە، لەو دەمەدا جگە لە مەلا مستەفا، ئیدریس و مەسعودی کوڕی و دوو کارگێڕی ساواکی ئێرانیش ئامادە بوون و گوێگری ئەم قسە و باسەی بارزانی و سولەیمان بوون.

مەسعود بارزانی لە کتیبی *البارزاني و الحركة التحررية الكردية* لە لاپە رە ي ٣٦٢ دا دە نوسیت:

"لە ١٩٦٧ داشۆرش ناچاربووکاریکی ناخۆش ئە نجام بدات،کە نە دە توانرا خۆی لی ببویردریت. ئە ویش کاتیک سلیمانی موعینی کە دژی ئە حمە د توفیق بوو،دە ستگیر کرا،کە چوو بووە پال جاشە کانی ٦٦ و هاوکاری رژیمی عیراقی لە دژی شۆرش کردبوو،ئیدی کوژراو لاشە کە ی بۆ ئیران نیردرایە وە. نەدە کرا وا چاو لە مەسەلەی چارەنوسی سولەیمانی موعینی بکریت کە مەسەلەیەکی حیزبی ناو خۆییە. ئە و هاوکاری جاشە کانی ٦٦ ی کردووە ودوژمنی شورشە و ناکریت کیشەکە ی جیابکریتە وە بە بیانووی ئە وە ی کە پەیوەندی بە کاروباری حیزبە کەیەوە هەبووە. هەرچەند ئیمە ئەو کۆتاییە ناخۆشەشمان بو ئەو پیاوە نەدەخواست." وەرگێردراو لە کتێبی البارزاني و الحركة التحررية. مەسعود بارزانی بە بێ بەڵگە کاک سولەیمان تاوانبار دە کات و کوشتن و تەحویل دانەوەی ڕۆلەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ئێران بە کارێکی ئاسایی دادەنێت و فرۆشتنی شۆرشی ڕۆژهەلاتی کۆردستان بە ئێران لە ژێر سیبەری شۆرشی باشور حەقانیەت پی دەدات... .

مەلا مستەفا ئەمر دەردەکات سولەیمان بخەنە بەندیخانەی شۆڕش. پاشان بە هەژار، شاعیری دەربار دەستوور دەدات کە سەردانی سولەیمان بکات و بە هەر زمانێک بێت، ئەو ناچار بە چونەوە و خۆ بەدەستەوەدان بکات. هەژار، هەر ئەو جۆرەی کە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا نووسیویەتی، لەجیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوونی خەباتی کوڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست دەکات بە مەحاکەمەکردنی سولەیمان. تەنانەت لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا کە دوای مردنی لە چاپدراوە، گەلێک ناو و ناتوورەی بەدوور لە ڕاستیی داوەتە پاڵ

سولەیمان و تاوانەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ شاردۆتەوە. ئەگەرچی نوسراوەکانی هەژار لە ئاست سولەیمان سەر بە سەری سووکایەتین و بێحورمەتی، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە هیچیان ڕاست نین و هەر هەمووی ئەوەندە ساختەچییانە سازکراون، کە ڕواڵەتی شاعیرانەی هەژاریان هێناوەتە ژێر پرسیارەوە. دەبێ بڵێین جێی گەلێک داخ و کەسەرە بۆ پیاوێکی ئەدیب و شاعیری وەک هەژار، کە سەر و سەردەمێک دەگەڵ مامۆستا «هێمن» دوو شاعیری میللیی کوردستان بوون و لە ڕیزەی یارانی بەوەفای پێشەوا قازی محەمەد دەناسران، لەو سەردەمە ناسکەدا کە بزوتنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دنەدەر و چاوسوری زانا و لێهاتووی پێویست بوو، هەژار لە جیاتی یارمەتی و پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شان بە شانی کاربەدەستانی ساواک، تێکۆشەرێکی کورد مەحاکمە دەکات و دوای تێرۆرکردنیشی، بە ئەوپەڕی هەژاری و کەسادی و دۆڕاوییەوە لە چێشتە، مجێورە نەخۆرەکەیدا بە خراپە باسی ئەو کەسە دەکات، کە هەر لە سەردەمی کوڕ و کاڵی و لە هەرەتی لاوەتیی خۆیدا دەستی لە هەرچی خێر و خۆشی ناو بنەماڵەکەی هەڵگرتبوو و فیداکارانە خۆی بە فیدای کورد و کوردستان کردبوو.

لە کتیبی؛ چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک؛ لە لاپەرەی ٣٠٦ سە بارە ت بە هەژار ئاوا دەنوسیت: عبدالرەحمان شەرەفکەندی کوری مەلا محەممەد ناسراو بە هەژار لە سالی ١٣٢٥ لە گەل یاخیەکان هاوکاری کردووە و پاش تیکشکانی سە رهەلدانی ئازەربایجان و لە بە ین چونی قازی محەممەد، هەژار هەڵدێتە عیراق و لەو ناوچەیەی مەلا مستەفای لیدەبێت جێگیر دەکریت، ناو براو لەو ماوەیە کە لە عیراق دەبیت لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوکاری دەکات و هاوکاریەکەش بەو چەشنە دەبیت کە، شیعر و هەلبەستیان بە زمانی کوردی بو ساز دەکات و هاوکات کاری تەبلیغیان بو ئەنجام دەدات.

بەپێی راپورتی ساواک لە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٥٤ناو براو وە بەر عەفوی شا دەکەویت و لەگەل مەلا مستەفا دێتەوە ئیران و دەنێردریتە کەرەج و ماڵیکی کە نرخی زیاتر لە یەک میلیون بوە دەدریتی، و مانگانەش موچەی چوار هەزار تمەنی بو دەبردریتەوە، ناوبراو لەوەزعی خوی زور رازی بووە. بەپیی راپورتی ساواک لە ساڵی ١٣٥٤ لە گەڵ محمود جعفریان، جیگری سازمانی رادیو تلویزیونی میللی ئیران قسە دەکات و زوری پی خوش دەبیت لە گەڵ بەرنامەکانی کوردی رادیو ئیران هاوکاری بکات، و لە سالی ١٣٥٥ ئەو کارەی پی دەسپیردریت.

بەپیی راپورتی ساواک لە ٧ی خەرەڵوەری ١٣٥٦ هەژار باس دە کات کە: تەمەنیکم تیپەر کردوە و تیگەیشتوم کە ژیانم دوراندووە ئیستاش دەم هەویٚ بو خوم بژیم...

دوای ناهومێد بوونی دەزگای بارزانی بۆ ڕووخاندنی کەسایەتیی سولەیمان، مەلا مستەفا دەستور دەدات ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ساواک لە وەرگرتنی سولەیمان بە زیندوویی خۆ دەپارێزن و داوای تەرمی بێ گیانی ئەو لە بارزانی دەکەن. سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی باشووریش بەبێ ئەوەیکە مەبەستی ساواک لێکبداتەوە، ئەم کارەش دەکات و سولەیمان دەست بەستە شەهیددەکات.

ساواک لەم کارەدا دوو ئامانجان دەپێکێت؛

یەکەم: تێکدان و لێک بڵاوکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی تازە پێگرتوو.
دووەم: ڕەش و دزێوکردنی ڕواڵەتی شۆڕشی کوردستانی باشوور بەلای خەڵکی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو؛ کە هەر دووک مەبەستیشی لە لایەن هەڵویستی نادروست و دوژمن پەسەندانەی بارزانیەوە بۆ پێکهات. بزوتنەوەی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوقمی خوێن کرد و شەپۆلی نارەزایەتی و قین و تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان بزواند.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی مای ١٩٦٨ ( ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی)، بە ئەمری سەرۆکی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان شەهید دەکرێت. هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلی کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانێ پێرانشار دادەندرێت و بۆ ورە بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە خەبەری شەهیدکرنی سولەیمان لە نێو خەڵکی مەهاباد و دەور و بەر دا دەنگدەداتەوە، خەڵک دەڕژێنە نێو شەقام و کۆڵانەکان. دوکان و بازاڕ و دایرەکان دادەخرێن و بە عام بەرەو گۆڕستانی بداغ سوڵتان دەکەونە ڕێ. ڕۆژی هەینی ١٧ی مای ١٩٦٨ ( ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی)، شەهیدی سەربەرزی کورد، لە سەر دەست و باوەشی گەرمی خەڵکی کورد بە خاکی نیشتمانەکەی دەسپێردرێت. شایانی باسە ئاماژە بەمەش بکەین




که هەتا ئەو ڕۆژە، مەلا مستەفا وەک ڕەمزی شۆڕش و بەوێنەی کاریسمایەکی بەتوانای کوردایەتی ناوی لەسەر زمانی کوردی ڕۆژهەڵات بە خۆشی و ڕەوانی دەگەڕا، بەڵام بەم هەڵوێستە ناشایستەیە و بەم سور کردنی ئەنگوچکی شۆڕش بە خوێنی ڕۆڵەی شۆڕش، نەخوازا بە ئەمری خوێنخوارترین قاتڵی قازی محەمەد و یارانی ئەو، ئیتر ڕەمز و کاریسماکە شکا و هەتا لە ژیان دا بوو، نەکەوەتەوە نێو دڵی گەلی کوردستان بە تێکڕایی.

کاتێک محەمەد ئەمینی موعینی هەواڵی شەهیدکردنی سولەیمانی کوڕی دەبیستێت، دەڵێت: «پێم وانییە مەلامستەفا ئەم کارەی کردبێت، چونکە من گەلێکم خزمەتی مەلامستەفا کردووە و قەت بڕوا ناکەم ئەو خەیانەتە مەزنە بە دەستی ئەو لە کورد کرابێ!». بەڵام دواتر دەرکەوت کە کارەساتەکە بە فیتی ساواک و بە دەستی بارەگای بارزانی کراوە.

هەواڵی شەهیدبوونی سولەیمان موکریان دەهەژێنێت و لە شاری مەهاباد دا خەڵک دەرژێنە سەر شەقامان، کە لە ئاکامی خۆ ڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵک و داخستنی دوکان و بازاڕی شار، ساواک ناچار دەکەن تەرمی سولەیمان بدرێتەوە کەس و کارەکەی لە شاری مەهاباد. خەڵکی مەهاباد بە ئەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە تەرمی سولەیمان لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان بە خاک دەسپێرن.

بەم جۆرە و لە ئاکامی هێرشی وەحشییانەی هێزەکانی ئێرانی و بە هۆی بەرژەوەندیی کاتی و پڕ لە هەڵەی شۆڕشی باشوور دا، حوکمی فەوتانی کۆمیتەی ئینقلابی بە دەست و باسکی دوو لایەنان بەڕێوە بردرا.

ئەگەرچی سولەیمان و بەشێکی هەرە زۆری هاوڕێیانی کۆمێتەی ئینقلابی لە شەڕی داسەپێندراوی ڕژێمی شای ئێران دا شەهید کران، بەڵام ڕێگای پیرۆز و ئامانجی بەرزی کۆمیتەی ئینقلابی، کە ڕزگاریی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە دڵ و مێشکی گەلی کورد دا لە جاران نەمرتر ڕاگیرا و بوو بە سەرمەشقی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و بزوتنەوەکانی دوواییش.

شەش مانگ بەر لە کارەساتی دڵتەزێنی شەهیدبوونی سولەیمان، لە گوندی قەمتەرە ـ ی نزیک بە شاری مەهاباد، سولەیمان و عەبدوڵلا و مینەشەم و چەند پێشمەرگەی تر، دیداریک دەگەڵ پەریزاد و فاتم و جەعفەر، واتە

خوشك و براكانی سوله‌یمان و عه‌بدوڵڵا ساز ده‌كه‌ن كه هه‌ر له‌و چاوپێكه‌وتنه‌دا سوله‌یمان به ئاشكرا ڕاده‌گه‌یه‌نێت كه ئه‌و ده‌گه‌ڵ بارزانی نه‌ماوه و ئاماده‌ش نییه بچێته ژێر فه‌رمانی ئه‌وه‌وه. خوشك و براكانی هۆیه‌كه پرسیارده‌كه‌ن، سوله‌یمان له وه‌ڵامیاندا ده‌ڵێت: " هه‌تا ئه‌وكاته‌ی كه شۆڕشی گه‌لی كورد به پشتیوانی و یاریكاریی زه‌حمه‌تكێشانی گه لی كورد و، بۆ وه‌دیهاتنی مافی ئه‌وان به‌ڕێوه‌ده‌چوو، ئێمه له خزمه‌تی دابووین، به‌ڵام هه‌ركه ڕێبه‌رایه‌تیی شۆڕش كه‌وته داوی پیلانی دوژمنانی گه‌ل و له گه‌ل جیا بۆوه، ئێمه‌یش لێی جیابووینه‌وه و خه‌تی خه‌باتێكی ڕاسته‌قینه‌مان گرتۆته‌وه به‌ر".

هه‌ر له‌و چاوپێكه‌تنه‌دا سوله‌یمان ئه‌مه‌ش ده‌ڵێ كه دوای ماڵاویی لێكردنیان و لێك هه‌ڵبڕانیان، به ماوه‌ی شه‌ش مانگان له‌و مه‌ڵبه‌نده دوور ده‌كه‌وێته‌وه و دوای گه‌ڕانه‌وه‌ی، ڕه‌وشێكی تری شۆڕشگێرانه ده‌گرنه به‌ر.

مریه‌م خانمی خێزانی سوله‌یمان و سیامه‌ندی كوڕیان كه له گوندی دێرێ ده‌بن، به یارمه‌تیی محمدمه‌لاعه‌لی بێژۆیی ڕاده‌گوێزرێنه سونێ، به‌ڵام ساڵی ١٩٦٧، له ئاكامی هێرشێكی پێشمه‌رگه‌كانی پارتی بۆ سه‌ر سونێ، خێزان و كوڕی سوله‌یمان ده‌كه‌ونه به‌رده‌ستی كه‌سێك به‌ناوی حه‌سۆ میرخان و له سه‌نگه‌سه‌ر ده‌سبه‌سه‌ر ده‌كرێن. هه‌ر له گوندی سه‌نگه‌سه‌ر دا دووه‌مین منداڵی سوله‌یمان، كه سامڕه‌ندی ناوه، له دایكده‌بێ. له ماوه‌ی له‌دایكبوونی سامڕه‌ندا، هاوڕێی دێرینی سوله‌یمان، واته سه‌ید ڕه‌سوڵی دێهقان ئه‌و په‌ڕی فیداكاری و له خۆ بوردویی نیشانده‌دات.

پاش ماوه‌یه‌ك، سوله‌یمان نامه‌یه‌ك بۆ حه‌سۆمیرخان ده‌نووسێ و داوا ده‌كات ژن و منداڵه‌كه‌ی ئازاد بكرێن و ڕه‌وانه‌ی سلێمانی بكرێنه‌وه، به‌ڵام حه‌سۆمیرخان هیچ وه‌ڵامێكی پێناداته‌وه. هه‌ربۆیه سوله‌یمان چه‌ند پێشمه‌رگه ده‌نێرێت و ژن و منداڵه‌كه‌ی له دیلی و ژێرده‌ستی ڕزگار ده‌كات. له ڕاگواستن و جێگیركردنی ژن و منداڵه‌كانیدا، شێخ له‌تیفی حه‌فید ئه‌وپه‌ڕی هاوكاری نیشان ده‌دات و له نزیك ماڵه‌كه‌ی خۆی خانویه‌كیان بۆ به‌كرێده‌گرێت.

كارنامه‌ی ڕاپه‌ڕین و سه‌رهه‌ڵدانی كۆمیته‌ی شۆڕشگێری حیزبی دیموكراتی كوردستان ئه‌گه‌رچی له ژێر ته‌م و مژێكی لێڵ دا شاراوه ماوه‌ته‌وه و هه‌رچه‌ند كه ڕێبه‌ران و ئه‌ندامانی به‌وه‌فای ئه‌و هێزه ساوایه غه‌رقی خوێن كران، به‌ڵام سوله‌یمان و هاوڕێیانی به سه‌ربڵندی ژیان و به ڕووسووری كه‌وتنه ژێر خاك. ناویان و یادی ئاشكرایان بوو به

سوێند و بەڵێنی کوڕان و کیژانی کوردستان لە ژوانگەی دڵداری و خەبات دا و سوێندیان پێ خورا. دەنگی دەنگبێژان بە دەنگ یادی و یادگارەکانیان لاواندنەوە و هەڵبەستوانان سروودیان بۆ هەڵبەستن. مامۆستا مەزن بە یادی یەکەم ژوانی یارانی شۆڕش لە زمزیرانی سەرکەش دا ، ڕەمزی ڕازێکی بە گوێی خەڵک دا چرپاند، و هێمن . ێ زاناو شاعیری میللی کورد ڕایگەیاندکە ڕەوەز بە داردەست وردنابێت وسولەیمان بە گوللە ناکوژرێت و شێرکۆ بێکەس هەلبەستی بۆ دەنوسێت وبە سەدان کەس هەستی خۆیان لە یادی کاک سولەیمان بە شێعر و هەڵبەست بڵاو دەکەنەوە.

**سیامەند موعینی**

**سەرچاوە: ماڵپەری شەهید**

# شەهید عەوڵا موعینی




**محەمەدی خزری**

عەبدوڵڵای کوری میرزا حەمەدەمین موعینی، براچوکەی سولەیمانی موعێنی یە و شەهیدی دووهەمی بنە ماڵەی موعینی یە! عەبدوڵڵا لە دایکبووی ١٤ی ئاوریلی ١٩٤٣ (٢٤ی خاڵەلێوەی ١٣٢٤ هەتاوی) شاری مەهابادە. عەبدوڵلا لەقوتابخانەی سەعادەتی شاری مەهابادو سەعدی دەورەی سەرەتایی تەواو کردووە، ودەورەی ناوەندیشی لە قوتابخانەی - دبیرستان، محەمەدرەزاشا، لە مەهابادتەواو کردووە.

عەبدوڵلا بە پێڕەوی لە سوننەتی بنەماڵەکەیان لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستی کردووە بەخەباتی سیاسی نهێنی. لە بەر کاری سیاسی کوردایەتی، لەلایەکو ماوە پێ نەدانی ساواک لەلایەکیتر، نەیتوانی درێژە بەخویندنی زانکۆ بدات ، وەکوو برا گەورەکەی ، سولەیمان، ناچارکرا شار بەجێ بێڵێو ڕووبکاتە چیا.

عەبدوڵلا لەسالی ١٣٤٣ - ١٩٦٤دا بەهۆی هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دەگەڵ جەماعەتێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب، خۆیان بەدەستەوە نادەن و ڕوو دەکەنە ناو شۆڕشی باشووری کوردستان. عەبدوڵلا لە مانگی خاکەلێوەی ١٩٦٤ - ١٣٤٣هاتە سەنگەسەر. ئەو دەمە بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەنگەسەر بوو. عەبدوڵڵا لەهاوینی ئەوساڵەدا، کاک ئەحمەد تۆفیق دەگەڵ دوو

خوێندکاری تر ڕەوانەی کردن بۆ بەغدا کە ئەگەر بۆی بکرێ بینێرێتە دەرەوە - ئوروپا بوخوێنندن. دوای ماوەیەک مەحتەل بوون لەبەغدا، سەفەرەکەی بۆنەکراگەڕاوە سەنگەسەر. ئەوجارەدەگەڵ بەشی تایپ وچاپەمەنی دەستی کرد بەکار. عەبدوڵلا لاوێکی خاوەن ئینێرژی و بە حەوسەلە و پشتکاربوو. لە کۆنگرەی ٢ دا بەئەندامی چاوەدێری هەڵبژێردرا.

لەهاوینی ١٩٦٥دا دەگەڵ کاک سولەیمان و کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بۆ کاری تەشکیلاتی، گەڕاوە ناوخۆی وڵات. ماوەی ٦ - ٧ مانگ لە ناوخۆی وڵات ماوە. عەبدوڵلا دەگەڵ ئەوە کە لە شار مەزن ببوو، سەربازیی نەکرد بوو، کوردە گوتەنی هێشتا زۆری چەرمەسەری ژیان نەچێشتبوو، بەڵام هەتا خوا حەزدەکا ئازاو نەترس بوو! وای خۆپێشان دەدا کە قەت لە شار گەورەنەبووە. پارتیزانێکی بەتەواو مانابوو. دوای ئەوەی کەکاک سولەیمان گەڕاوە، دەگەڵ کاکی و کۆمەڵێک لە کادروپێشمەرگە دوور خرانەوە بۆ "دۆڵە ڕەقە". هەتا ئەو دەمەی کە کەوتنەبەر پەلاماری پاراستن و شۆڕشی کوردستان هەر لە "دۆڵە رەقە" و "دێرێ" مانەوە.

دوایی کە ناچاربوو دەگەڵ کاکی ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە، کوردستانی باشوور بەجێ بێڵن، roوویان کردەوە وڵاتی خۆیان.

عەبدوڵلا لە یەکەم دەرگیری دا، لە چیای سپی سەنگ برینداربوو. لەو دەرگیرییەدا عەبدوڵلا ئازایی و بوێری خۆی نیشاندا. دوای دەرگیری بۆ دەرمان کردنی برینەکەی گەڕاوە بۆ ناوچەی سولەیمانی چووە ماڵی شیخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر. بەهۆی شیخ لەتیفەوە، دوکتوران تەداوییان کرد، پاش چاکبوونەوەی برینەکەی خێرا گەڕاوە لای هاوڕێکانی، لە ناوچەکانی مەهابادو بۆکان وسەردەشت، لە جەولە دابوون. عەبدوڵلا دوای شەهید بوونی کاک سولەیمانیش بێ وچان خەریکی کاری سیاسی و بەرگری کردن و دارشتنەوەی ڕێبەرایەتییەکی بەهێز بوو. دەگەڵ هەموو بێ ئیمکاناتی و هێرشی بەربڵاوی لەشکری شاهەنشایی، سەنگەری غیرەتی چۆل نەکردو کوردستانی بەجێ نەهێشت. مردنی لە پێناو ڕزگاری گەلە چەوساوەکەیدا، بەلاوە خۆشتر و بە چێژتر بوو لەتەسلیم و مەتەرێز چۆل کردن!

هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەگەڵ هاوڕێی بە جەرگ و ئازای، مینەشەم، بوێرانە درێژە بەخەباتی سیاسی نیزامی خۆیان

دەدن. مخابن شەوی ٢٠ی جوونی ١٩٦٨ (٣٠ی جوزەردانی ١٣٤٧ هەتاوی) لە نزیک گوندی قالوێی ناوچەی گەورکی موکریان، لەشکرێکی لەڕادەبەدەری ژاندارم وجاش و دلاوەرو هەوانیروز، ئابلوقەیان دەدن. لەو شەڕە نابەرانبەر ە دا عەبدوڵلا و مینە شەم، شەهید دەکرێن

ئیتر عەبدوڵلا لە ٣٠ی جۆزردانی ١٣٤٧دا. لە سەنگەری شەڕفدا لە پێناوی بەرگری لە گەلە بێ مافەکەیدا، دەگەڵ مینەشەم، دڵە پڕلە ئاواتەکەیان بە گوللەی داگیرکەرانی کوردستان، لە لێدان دەکەوێ و چاوەکانیان لێکدەنێنو لاپەڕەیەکی ترلە مێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەیان، ئازایانە و سەربەرزانە، بەخوێنی خۆیان دەڕەنگێنن و تۆماردەکەن، بەڕوحێکی شادەوە ماڵئاوایی لەگەل ونیشتیمان دەکەن. ئەوجارەلەشکری ژاندارمەری ئیران، تەرمی عەبدوڵلاو مینەشەم نادەنەوە بنەماڵەکانیان، شەو بەدزی ڕەوانەی پادگانی جەڵدیان یان پیرانشاریان دەکەن، تەرمەکانیان دەشارنەوە! هەتا ئێستاش بە تەواوی نەزانراوە کە گڵکۆکەیان لە کوێیە؟ لەو شەڕەدا، پێشمەرگەیەکیش بەناوی حەسەن خوڕخوڕەیی بە برینداری دەسگیردەکرێ، دواتر ئەویش شەهید دەکرێ. ئا بەو جۆرە ئەوانیش بەسەری بەرزەوە، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستانی داگیرکراو بوون. روحیان شاد!

بۆیە هێمنی نەمرلەبارەیاندا دەڵێ: بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن - شەهیدی بێ سەرو بێ شوێن دەنێژن.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید

## شەهید مەلا مەحمود ئەحمەد زادە (مەلا مەحمود زەنگەن)




تێکۆشەری ئازاو دێموکرات مەلا مەحمود ئەحمەدزادە ناسراو بە زەنگەنە لە گوندی قۆڵغەتەپە لە خێزانێکی جوتیار لە دایک بوو . هەر لە منداڵیەوە لە حوجرەی فەقێیان دەرس خوێندنی دەست پێکرد . لەکاتی خوێندن و فەقێیەتی و گەڕان بە کوردستاندا لە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی بەکرێگیراوەکانی حکومەتی تاران ئاگادار بوو . لەجیاتی ئەوەی بچێ لە گوندێک ببێتە مەلا و چاوبرێتە زەکات و سەرفترەی گەلە هەژار و بەشخوراوەکەی ڕێگای ڕەزگاری و سەربەستی نەتەوە ونیشتمانەکەی گرتەبەرو بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. کادرێکی تێگەیشتوو ماندونەناس بوو لە ڕێکەوتی ١٣ی ئۆکتۆبری ١٩٦٧ مەلا مەحمودی زەنگەنە لە نیزیک ئاوایی بەیرەم توشی چەند ژاندرمە دەبێ کە دوو کەسی بێ تاوانیان گرتبوو بۆ مەهابادیان دەبردن. زەنگەنەی نەمروەک مرۆڤێکی دڵسۆز دەیەوێ ئەو دوو وەرزێرە هەژارو بێ تاوانانە مەلامەحمود شەهید دەکرێ وهەواڵەکەی بریندارەدەبێ . ژاندرمەکان تەرمی بێ گیانی مەلا مەحمودی زەنگەنە لە پێشی جیبێکی لە چەنگ ژاندەرمە جەردەکان ڕەزگار بکا. بەڵام چەتەکانی تاران تەقە لە زەنگەنەو هەواڵەکەی دەکەن نیزامی دەبەستن و بە شارەکانی مەهاباد و نەغەدە و شنۆ و پیرانشاردا دەگێڕن . لە شۆڕشی ١٩٧٩ محەممەد زەنگەنە کوڕی شەهید مەلا مەحمود دەگەڵ هەزاران زەنگەنەی دیکە بە دژی داگیرکەرانی کوردستان هەستانەوە .

سەرچاوە : ماڵپەری شەهید




# شەهید نحۆ پاشای ناسراو بە: باپیرشکاک




کاک نحۆ خەڵکی گوندی ساکان لەناوچەی شکاکان بوو.نوح ناوی راستی کاک نحۆیە،کە لە ناوچەی شکاکان نوح بە نحۆ بانگ دەکەن، وە لە ناو حیزبدا بە باپیر شکاک ناسرابوو.باپیرشکاک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پیاوێکی دڵسۆز ودوژمنی زوڵم و زۆری حکوومەت ودەرەبەگە خائینەکان ناسرابوو.

ساڵی ١٩٥٩ کەوتە بەرپەلاماری سازمانی ئەمنێەت وگیرا و پاش پێنج ساڵ زیندان ئازادکرا.کاک باپیر بەگرتن و شکنجەوئازاری چڵکاوخۆرانی شا چاوترسێن نەکرا وهاتەوە ریزی تێکۆشەرانی دێموکرات.

لەهاوینی ١٩٦٧ لە ناوچەی سەلماس لەخرە عەجەم لە لایەن ٨٠ ژاندارمەوە گەمارۆ دەدرێن ولەخەوێدا دەبن کە لە هەموو لایەکەوە دەستریژیان لێ دەکەن و لەهەوەلین دەستریژدا چوار کەس لە تێکۆشەرەکانی دێموکرات بە ناوەکانی. مەلاسمایل فەقێ یسی، ناجی، فیروز برای نحۆ. مام رەزا مامی نحۆ شەهیدکران کاک باپیر کە هێندێک دوورتر دەبێ و هەر چوار هاورێ شەهیدبوون و بە تەنیا لێان وەخۆ دەکەوێ و لە شەرێکی قارەمانانەدا ١٦ کەسیان لێ دەکوژرێ و زیاترلە ٣٠٠ ژاندارم و جاش لە ورمێ و پاسگاکان را بەهێلیکۆپتێر دەگەنە فریای بەکرێگیراوەکانی تربۆ شەر دەگەڵ یک پێشمەرگەی کوردستان کاک نحۆ. پاش چەند سەعات شەرٍ بە گوللەی ژاندارمێکی کورد شەهید کرا.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید

## مراد پادامی  ناسراو بە: مراد شیرێژ




مراد شیرێژ لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە گوندی جەڕانێ لەناوچەی پیرانشار لە دایک بوو. لە بەر زوڵموزۆری ئەوکات مراد وەک زۆربەی منالانی کورد لە خوێندن بێ بەش بوو .کاتێک مراد کە بوو بە لاو زوڵمو بێگاری ژاندارمو دەرەبەگی پێ قەبوڵ نەکرا، هەربۆیەش دەگەڵ سولەیمان کەرقەشان کە ئاواڵێکی نیزێکی بوو ڕێگای شاخیان گرتەبەر. لە ماوەیەکی کەمدا لە ناوچەی پیرانشار ناوبانگیان دەرکرد و بە دەیان لاوی خوێنگەرمیان لە دەوری خۆکۆکردەوە و بەدەیان عەمەلیاتیان لەسەر ژاندارم وبەرماو خۆری ژاندارم کە پێیان دەگوتن چریک ئەنجامدا ،کاک مراد بووقارەمانی مەنتیقەی پیرانشار دوژمن لەبەری دەلەرزی .دەیان حەماسەی لە پیرانشار تۆمار کرد وەک شەرەکانی شاخی بەردەسپیان و بەردەرەشان کە لە بەرەبەیانی را تا تاریکایی شەو بە دە پێشمەرگــە شەڕی کرد و لەشکری حمەرەزاشای کە لە هەموو لاوە گەمارۆ درا بوون تێک شکاند ، و بەدەیان کەسیان لێ گوژتنو بریندار کردن، ئەو بەردەڕەشەی کە سەنگەری مرادی بوو ، بەبەردی مرادشیرێژ ناوبانگی دەر کردوو.

کاک مراد قارەمانی شەرەکانی ساڵەکانی  ٦٧ - ٦٨ بوو، بەڵام بەداخەوە لە بەهاری ١٩٦٨ دا لە دۆڵی کانێ زەرد لە ناوچەی بەریمێرگانی لەپیرانشار دەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بە نێوی ئەحمەدی عەلی عەجەم بەر لــە نیوەڕۆ لە لایەن جاش و ژاندارمەوە دەورەیان دەدرێ، تا ئاخیر گوللە شەڕ دەکن و ئەحمەدی عەلی عەجەم شەهید دەبێ و مرادیش بە بریندار ئەسیر دەکرێ جەنازەی مرادی بە پشتی ولاغ دادێنن و لە شاخی دێننەخوار

بە ئەشکەنجە شەهیدی دەکەن. بۆ چاو ترسێنی خەڵک، جەنازەی مرادی دەدوای ماشێن دەخەن بە شاری پیرانشارو شارەکانی دەوروبەریدا رادەکێشن. دایک و بابی شەهید مراد شیرێژ حاجی ئەحمەد شیرێژو پور زڵەخا تەنیا قارەمانێکیان پەروەردە نەکردبوو، برا گەورەی مراد شیرێژ محەممەد پادامی ناسراو بەمحەممەد شیرێژ لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئەویش هاتە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تا پلەی فەرماندەریلک چوو .کاک محەممەد لەگرتنی پایەگای گۆزەشکێنێ لە ناوچەی نەڵێن لە پیرانشار شەهید بو جێگای شەهید بوونی ئەو دوو برایە تەنیا چۆمێکیان بەینە بە نێوی چۆمی ئاوەژەڕۆ یادیان پیرۆز و رێگایان بەردەوام بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید

---

## شەهید قادر شەریف کێ یە؟




نووسینی: هەمنشین بەهار

وەرگێڕانی: شاهین کەریمی

بەداخێکی زۆرەوە لە حەفتاکان دا هێزەکانی بارزانی هەڵدەستن بە کوشتنی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتیکوردستانی ئێران. بۆ وێنە (سدیقی ئەنجیری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کاتی عەبدوڵای

ئیسحاقی دا، بە دەستی ئەندامێکی پارتی دیموکڕات لە بەرچاوی خەڵک بە دەمانچە دەکوژرێ.

لەم نێوەدا ساواک لە خۆشیدا ئۆقرەی نیە و دەست دەکات بە تیرۆری کادرەکانی حیزبی دیموکڕات و بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٤٨ دا کاتێک قادر شەریف دەچێتە ئاودەستی یەکێک لە مزگەوتەکانی سلێمانی لە ڕێگەی تەقاندنەوەی ڕۆمانەیەک ئەم مرۆڤە مەزنە دەکوژێت. قادر شەریف یەکێک لەو چوار کەسەیە کە لە هاوینی ١٣٤٢ کۆمیتەی ساخکردنەوەی حیزبی دیموکڕاتیان پێک هینا کە ساواک ڕقێکی زۆری لێیان بوو(لە ساڵی ١٣٤٣ مەلا ئاوارەش دەچێتە ناو ئەم کۆمیتەوە) کۆمیتە بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی حیزب، سێ دەستە پێک دێنێت و دەیان نێرێتەوە بۆ ئێران.

قادر شەریف بەرپرسی یەکێک لەم دەستانەیە و مەلا ئاوارە بەرپرسی یەکێکی تریان و ....

قادر سنوربەندی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ وێنە پاش کۆنگرەی دووەم، وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆی لە گوندی «ورچەک» لە خاکی ئێران، مانی گرت، لەبەر ئەوەی کە تێبینی خۆی لەسەر ئاشتی کۆمیتەی ساخکردنەوە و ڕێبەرایەتی نوێ هەبوو....

پاش لێدانە یەک لە دوا یەکەکانی ساواک لە جوڵانەوەی چەکداری کوردستان - پێشمەرگەکان لە ئێران ڕایان کرد و لە کوردستانی عێراق کۆبوونەوە. قادر شەریف کە چەپ بوو، خۆی گەیاندە » بەکرەجۆ». قادر لەم کاتەدا بە یارمەتی جەلال تاڵەبانی و کادرەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ کەوتە ڕێکخستنی ئەو پێشمەرگە پرش و بڵاوانەی کە توشی گرفتی نەبونی ڕێبەرایەتی ببون.

ناوی ئەسڵی قادر شەریف، هاشم ئەقەلوتوڵاب (هاشم اقل الطلاب) بوو، هاشمی فەقێ ساڵە و «مام سلێمان» ی شیان پێ دەوت.

بە شەهید بوونی قادر شەریف کاوە (جێگری مەلا ئاوارە) دەبێتە بەرپرسی پێشمەرگەکان. بەڵام ساواک بەدەستی یەکێک لە نۆکەرەکانی دوژمن کە جلی پێشمەرگەی لەبەردا بوو ئەم فەرماندە ئازایەی لە قەڵادزێ دایە بەر ڕەگبار و شەهیدی کرد. هەر کەسێک گیانی لە کاوە و قادر شەریف ستاند، ساواکی زۆر زۆر خۆشحاڵ کرد. لێکۆڵەرەوانی

کۆمیتەی دژی خراپکاری لە ساڵی ٥٣ کە کاتێکی زۆر لە شەهید بوونی قادر شەریف تێدەپەڕی، خۆشحاڵی خۆیان لە گیان بەخت کردنی ئەو، نەدەشاردەوە...

لەخۆڕا نەبوو کە بە لێک هەڵوەشانی «کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» و شەهید بوونی کاک سیمایلی شەریف زادە (کە هەندێک دەیخەنە مل مەلا مستەفا) و مۆعینیەکان، مەلا ئاوارە، مەلا مەحمودی زەنگەنە، مورادی پادامی( موراد شیرێژ) و... کاربەدەستانی شا بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان تەرمی ئەو شەهیدانەیان لە شارەکانی کوردستان لە دار دەدا و هاواریان دەکرد کە » ئەمە سزای خەیانەتە»!

## بگەڕێینەوە بۆ قادر شەریف

هاوینی ساڵی ٤٧ چوبووم بۆ «ئاڵۆت». ئاڵۆت گوندێکی سەر سنورە کە لە شاری بانە لە کوردستان هەڵکەوتووە. لەڕێگەی سوپای زانستەوە (سپاه دانش) من ئاڵۆتم ناسی. من تەمەنم زۆر نەبوو و مۆڵەتم لە دایکم و باوکم وەرگرت کە تەنها بچم بۆ ئاڵۆت... هەرچۆنێک بوو ڕازی بوون... لە تارانەوە بۆ کرماشان و لەوێوە بۆ سنەو لەوێشەوە بۆ سەقز و پاشان بۆ بانە ڕۆشتم. ئێستە دەبوو بچم بۆ ئاڵۆت. ناسیاوەکەی منیش هاتبوە بانە تاکو ئێستر بە کرێ بگرێت. بەڵام جێبەجێ نەبوو و بریارمان دا هەرچۆنێک بێت خۆمان ڕێی کێو بگرینە بەر! ئەو کاتە هەر کەسێک دەچو بۆ ئاڵۆت دەبوو ئارەقی کێوبڕین و ڕێگایەکی دووری بڕشتایە! منیش کە قەت سەفەرم نەکردبوو و نەخارابووم...

شەو لە گوندێک ماینەوە و بەیانی ڕێ کەوتین، بە هەر مەینەتیەک بوو، تینوو و ماندوو گەشتینە ئەوێ... جوانترین بیرەوەری ژیانی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوندە پڕ لە مێهرەبانی و ترێ یە...

شەوانە لە دەرەوەی قوتابخانەکە دەخەوتین... ڕۆژێکیان، بەیانی زوو یەکێک لە خەوی هەستانم...
چاوم کە هەڵبڕی ترسام، دیتم یەکێک بە چەک و فیشەکەوە لە سەر سەرم وەستاوە، لام سەیر بوو کە پێدەکەنی... وتی ببورە کە لە خەوم هەستانی، پرسیم ئێوە« چەتەن؟» پێکەنی وتی نا، چەتە یانی دز... وتم کەواتە »جاشن»، وتی نا، من و هاورێکانم کە دواتر دەیان بینی پێشمەرگەین و بۆ ئازادی خەبات دەکەین...

ئەگەر من چەتە یان جاش بوایەتم دەمتوانی تۆ لە خەودا بکوژم و گوندەکە ئاگر تێبەردەم. ئێمە پێشمەرگەین، وتم یانی چی؟ وتی واتە ئەوەی کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە کێشەی مردنمان چارەسەر کردووە... پاشان وتی، دوو سێ جار داکۆکی کردەوە »ئەگەر حەز دەکەی» وەرە بۆ مزگەوت، چونکە هاورێکانم لەوێن. مزگەوتەکە زۆر لە قوتابخانەکە نزیک بوو. دەور و بەری مزگەوتەکە لەلایەن پێشمەرگەوە گیرا بوو کە چەک و خەنجێریان پێ بوو. هەر کە گەشتمە هەیوانی مزگەوتەکە پیاوێکی بەرێز کە چاوێکی خوار بوو، هاتە بەر دەمم و بە مێهرەبانی سڵاوی کرد... لە خاکینەیی ئەو پیاوە ڕامام.

وتی ناوی من قادر شەریفە » چاکی شکور... سەر چاوەکانم» وتم کوردی نازانم، پێ کەنی و وتی دەزانم. فەرمو دانیشە. ببورە کە لە خەو هەڵیان ستاندی... پاشان بە تێر و تەسەلی دوا. یەکێک لە پێشمەرگەکان برینێکی سوکی هەڵگرتبوو و یەکێک لە هاورێکانی خەریک بوو برینەکەی بۆ دەبەست... بیرم دێتەوە کە بۆ یەکەم جار وشەی ئیمپریالیسمم لە قادر شەریفەوە بیست. پاشان بە تەواوی و بە وردی شی کردەوە. بیرم دێتەوە کە باسی شۆرشی سپی دەکرد و دەیوت ئەمە پلانی « کێنێدی»یە، شا سەرەتا نەدەچوە ژێری، تاکو ئەوەی کە ئەمریکا دۆکتۆر ئەمینی قورمیش دەکات و ئولتیماتۆم دەدات بە شا، شاش تێدەگات کە لەوانەیە ئەمینی جێی ئەو بگرێتەوە، ڕازی دەبێت.

پاشان وتی اوەیسی بە کوپتێر هاتبوە سیاومە (سیاومە گوندێکی ئەو ناوچەیە)، حوکمەت تینوی خوێنی ئێمەیە...

قازی محەممەدی هاورێی ئێمەش هەر ئەم حکومەتی پەهلەوییە لە سێدارەی دا...

باس لە » ئایەتوڵا خومەینی» کرا و قادر شەریف وتی جگە لە کێشەی کاپیتولاسیون و ئەو ئاماژانەی کە بە زایۆنیزمی کردووە، شتێکی نوێ ی لە قسەکانی دا نیە. بەڵام ئێمە ڕێز دەگرین لەو کەسەشی کە یەک لە دەی ئەو دژ بە دیکتاتۆرییەت هەنگاو بنێ...

ئەگەر چی بە گشتی قادر شەریف مرۆڤێکی چەپ و ڕادیکاڵ بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە کە قادر شەریف و هەندێکیان(نەک هەمویان) نوێژیان کرد(سونییەکان لە کاتی خۆی دا نوێژ دەکەن). مەلا خەلیفە کە ئیمام جومعەو

جێگەی ڕێزی خەڵکی گوندەکە بوو هاتە مزگەوت بۆ دیتنی قادر شەریف تا ئەو جێی بیرم بێتەوە پیاو ماقوڵانی گوندەکە هەمویان هاتبوون... شەوی دوایی پاش ئەوەی کە تاریکی داهات، لەوێ ڕۆشتن.

زیارەتی ئەو مرۆڤە مەزنە یەکێک لە دوو ڕووداوی گرینگی ژیانی من بوو، دیدار لەگەڵ قادر شەریفی دەریا دڵی دەریا سفەت، گۆڕانێکی قوڵی لە ژیانی من داپێک هێنا کە من لە چاو ئەو دڵۆپێکیش نەبووم. نزیک بە چل ساڵە کە لە لای کەس باسم نەکردووە. پاییزی ئەمساڵ قادر شەریف و ئاڵۆتی جوانم لە خەودا بینی. دەتوت ئەو ڕۆژەیە کە بینیمن، وەک فیلکمێک بە بەر چاوم دا تێدەپەڕی. کە لە خەو هەستام، گشت ئەو بیرەوەییانەم دڕی کە لە بابەت«کازانتزاکیس»ەوە نوسی بووم. ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە نەکا ئەم بیرەوەییانە بم خافڵێنێت، هەر چەندە زۆرم زەحمەت پێوە کێشابوون.

بۆ نوسینی ژیان نامەی قادر شەریف داوای یارمەتیم لە زۆر خەڵک کرد، بەڵام بە داخەوەجگە لە دوو مرۆڤی باش و جگە لە(هاووڵاتییەک کە بەرگری لە ساواک و تیرۆری قادر شەریف کرد) هیچ گرووپ و ڕێکخراوێک نەبوو کە لە وەڵام دا نەنوسێ: بەداخەوە ئێمە نایناسین...

ئەگەر وا بێت نەوەی نوێ بلێ چی؟
ئێستەش دەنگی لە گوێم دا دەزرینگێتەوە:

ئێمە جاش و چەتە نین. بۆ ئازادی تێدەکۆشین، جگە لە ئازادیش خۆشەویستێکمان نیە و تەنها ئامانجمان ڕزگاری گەلەکەمانە لە چنگ سەرکوتگەر.»

**سەرچاوە: سەرچاوە: ماڵپەری گزینگ**

**١٦ی بهمن ١٣٨٤هەتاوی = ٥ی فێبریوێری ٢٠٠٦**

# شەهید مەلا ڕەحیم وێردی: ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی




**عادڵ مەحموودی**

ئێوە بە ڕۆیشتنتان ڕێگایەکتان دیاری کرد و ئێستاش کاروانی هەزاران ڕۆڵەتان پێیدا دەڕوا. خوێن و تەمەنی لاوەتی و ئاوازی غەریبی بەرەو پشووگەی ئازادی دە ئاژۆێن و ئازادییان وەک مەرگی خۆیان لێ دیارە و ئازادیشیان ڕۆحی ئێوەی پێ شاد دەبێ. سروودی ئێستا سروودی ژیانەوە و ویردی هەستەکانی ئێمەیە کە چریکەی پڕ لە مانا و ژیان و هیوا بە دوارۆژێکی ڕوونتر لە لانە بەجێماوەکەتاندا دەچڕێ.

لەساڵی ١٢٨٦ی هەتاوی لە گوندی نجنێی خوارووی ناوچەی مەیدانانی بانە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر منداڵێک پێی نایە ژیانەوە و چاوی بۆ ژیان کردەوە. ناویان نا ڕەحیم، ڕەحیم کوڕی کاک مەلا نەسروڵڵای ویردی، ناسراو بە میرزا ئەحمەد.

ڕەحیم لەبەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایک ببوو، هەر بەمنداڵی پەرتووکە سەرەتاییەکانی ئەو دەمی فەقێیەتیی پێ خوێندرا و دوای تەمەنی ٨ - ٩ ساڵی بەفەرمی نرایە بەر خوێندن و چووە حوجرەی فەقێیانەوە و وەک هەموو فەقێ و مامۆستایانی ئەو کات پەرەوازەی شار و گوندەکانی کوردستان بوو بە دوای فێربوونی زانستدا، حوجرە و مزگەوتەکانی ئەو دەم تەنیا قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی زانستی خواناسی و ئەدەبیاتی عەرەبی نەبوون، بەڵکوو مەکۆی شۆڕش و نیشتمانپەروەری و لانەی ڕێبەرە سەربەرزەکانی گەلی کورد




بوون؛ هەر لەبەر ئەوەش بوو کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە مامۆستایانی ئایینیان بە گیان و دڵ خۆش دەویست و لە خزمەتیاندا بوون.
فەقێ ڕەحیمیش یەکێک بوو لە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە و هەر لە سەرەتای چوونی بۆ ئەو قوتابخانەیە، بە هەستی نیشتمانپەروەری گۆش کرا و هاوکات لەگەڵ بڕینی پلە زانستییەکاندا بیری نەتەوەییشی گەشەی دەکرد و دەپشکووت.

مەلا ڕەحیم کاتێ کە چاوی کردەوە لە چوار دەوری خۆی گەلێکی هەژار و چەوساوەی بە چاو ئەنگاوت کە لە لایەکەوە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی ڕێژیمی پاشایەتیدا دە چەوسێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لە ژێر باری زوڵم و زۆری چەوسانەوەی ئاغا و دەرەبەگەکاندا چەمیوە و پرزەی لێ براوە. ئەوەشی لێ ڕوون بوو کە ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە بە بێ خەبات و خۆڕاگری و قوربانی دان سەر ناگرێ بەڵام خەبات بە چ شێوەیەک و لە کام ڕێگەوە و بە چ بوارێکدا؟ ئەوە و زۆر مەبەستی دی، ڕیزە پرسیارێک بوون کە مێشکی مەلا ڕەحیمیان بە خۆوە سەرقاڵ کردبوو.

سەرئەنجام سەرچاوەی وڵامی ئەو هەموو پرسیارانەی بۆ خەباتێکی یەکگرتوو بە دژی چەوسێنەران لە بەرنامە و ڕێبازی حیزبی دیموکراتدا بەدی کرد و لە ساڵی ١٣٢٧ هەتاویدا بە ڕەسمی پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ ئەو حیزبەدا دامەزراند و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێ کرد.
مامۆستا مەلا ڕەحیم کاتێک پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، ئاڵوگۆڕێکی سەرەکی و بەرچاوی فکری بەسەر ژیانیدا هات. لە لایەکەوە خەمی غەدرلێکراویی گەلەکەی و ئەو ستەم و ناهەقیانەی لەلایەن دەرەبەگەکانی ناوچە و ساواکی شاوە دەرهەقی ئەنجام دەدران و لەولاشەوە نەداری و هەژاریی ئەندامانی بنەماڵەکەی، بوونە هۆی ئەوەی کە لەوە زیاتر نەتوانێ درێژە بە فێربوونی زانست بدا و واز لە خوێندن بهێنێ، کە بە درێژایی مێژووی داگیرکەرانی کوردستان سیاسەتی نەخوێنەوارکردنی کۆمەڵگەی کوردەوارییان بەم شێوەیە داوە و دەدەن.

مەلا ڕەحیم پێش ئەوەی کە ئیجازە و بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرێ واز لە خوێندن دێنێ و ئەرکی مامۆستایی بەجێ دەگەیێنێ لە چەند گوندێکدا، بۆ نموونە نجنێی سەروو، مەریجەلان، دۆڵەرزن و سیوچ. مامۆستا هاوکات لەگەڵ ئەرکە مەلایەتییەکەی ئەرکی خۆیشی ڕادەپەڕاند و وەکوو کادێرێکی شارەزا و تێگەییشتوو و پێگەییشتووی حیزبی




دیموکرات سیاسەتەکانی حیزبی بە زمانێکی سادە و ساکار بۆ گەلە ستەملێکراوەکەی شی دەکردەوە و جینایەت و پێشێلکاریەکانی ڕێژێمی شای لە قاو دەدان و ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی بۆ دەستنیشان دەکردن.
مامۆستا هەتا ئەوکاتەی کە لەساڵی ١٣٣٨ ساواک شوێنپێی تێکۆشەرانی دێموکراتی هەڵگرت و زۆری لێ دەستگیر و ڕەوانەی بەندیخانەکانی کردن، وەکو کادێرێکی بە توانا لە نێو گەلەکەیدا ژیا و ئەرکەکانی بە ئەوپەڕی لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە بەجێ گەیاندن. لەو سەردەمدا مامۆستاش وەکوو تێکۆشەرێکی بەرچاو کەوتە ژێر چاوەدێرییەوە و بواری حەوانەوەی لێ بەرتەسک کرایەوە و دواتر بەناچاری زێدەکەی خۆیی بەجێهێشت و پەڕیوەی باشووری کوردستان بوو، بەڵام ئاوارەیی و دەربەدەریش لە تێکۆشان بۆ ئامانجە بەرزەکانی سارد نەکردەوە و وەرەی دانەبەزاند، بەڵکوو ئەم تەنگوچەڵەمانە مامۆستایان مکوورتر کرد لەسەر کاری زیاتر و چالاکتر بوونی.

مامۆستا مەلا ڕەحیم، لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستایەکی تێگەیشتوو لە باری ئایینییەوە بوو، شارەزایەکی کەموێنەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسیش بوو، هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لەو سەردەمەدا یەکێک لە ئاگاترین ڕووناکبیرانی کورد بوو لە باری بابەتە نەتەوەییەکانەوە. هەروەها لە هۆنینی شێعری نەتەواتیشدا خاوەن هەستێکی ناسک بوو، بەڵام بەداخەوە هۆنراوەکانی یان بە گشتی تێدا چوون یان لەلای هەر کەسێک بن دەستیان بەسەردا گیراوە و بێ سەروشوێن کراون.

مامۆستا یەکێک لەو کادێرە زانا و بەوەجانەی حیزب بوو کە بە هۆی لێوەشاوەیی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە ئەرکە پێسپێردراوەکاندا، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە لە سەرماوەزی ١٣٤٣ هەتاوی (نۆڤەمبەری ١٩٦٤)زایینی لە گوندی سونی لە باشووری کوردستان بەسترا متمانەی بەشدارانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و ئەرکی فورستری پێ سپێردرا.
مامۆستا گەورەترین ئاواتی سەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیکی گەلەکەی و ڕزگار بوونی ستەم و چەوسانەوە بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژەی بەچاوی خۆی نەدی و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ز) بە دەستی خەیانەت لە گوندی تەوێڵە شەهید کرا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی حیزب و گەلەوە.

ڕۆحی شاد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# بەشێک لە چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی ٤٦ - ١٣٤٧

ژاندارمەکانی حکوومەتی شا کە، لە هەموو شوێنێک بە دوای شەریفزادە و هاواڵەکانیدا دەگەڕان. تا ڕۆژی ٢ی مای ١٩٦٨ی زایینی (١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی) بە هۆی کەسێکی خۆفرۆشەوە بە ناوی (کوێخا شەریف) شوێنی ئەویان هەڵگرت دوای ئەوە کە دەست بە جێی پتر لە (٣٥٠) ژاندارمو عەسکەرو جاش، بۆ سەر سمایل شەریفزادەو چوار هاوڕێی دەنگ دران. ٣٥٠ کەس، بە چەکو قۆرخانانەی زۆرو مودێرنەوە، پینج تێکۆشەری کوردیان گەمارۆ دابوو،

سمایل کوژایەوەو وێڕا ٣ کەس لە هاوڕێیانی لە پێناوی رزگاری کوردستان دا بەخت کرد... ناوی ئەو تێکوشەرانەی کە وێرای شەریف زادە سەهید بوون بریتیە لە: میرزا محەممەد شادمانی، حوسێن رەحمان رابیو عەلی عەولا کۆڵی.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی مای ١٩٦٨ (٢٥ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی)، بە ئەمری سەرۆکی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان شەهیددەکرێت. هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلی کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانێ پیرانشار دادەندرێت و بۆ وره بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.

هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەگەڵ هاوڕێی بە جەرگ و ئازای، مینەشەم، بوێرانە درێژە بەخەباتی سیاسی نیزامی خۆیان دەدەن. مخابن شەوی ٢٠ی جوونی ١٩٦٨ی زایینی = ٣٠ی جوزەردانی ١٣٤٧ی هەتاوی) لە نزیک گوندی قالوێ ناوچەی گەورکی موکریان، لەشکرێکی لەڕادەبەدەری ژاندارم وجاش و دلاوەرو هەوانیروز، ئابلوقەیان دەدن. لەو شەڕە نابەرانبەر ە دا عەبدوڵلا و مینە شەم، شەهید دەکرێن

لەهاوینی ١٩٦٧ (١٣٤٦ی هەتاوی) لە ناوچەی سەلماس لەخرە عەجەم لە لایەن ٨٠ ژاندارمەوە گەمارۆ دەدرێن ولەخەوێدا دەبن کە لە هەموو لایەکەوە دەستریژیان لێ دەکەن و لەهەوەلین دەستریژدا چوار کەس لە تێکۆشەرەکانی دێموکرات بە ناوەکانی. مەلا سمایل فەقێ یسی، ناجی، فیروز برای نحۆ. مام رەزا مامی نحۆ شەهید

کران. کاک باپیر کە هێندێک دوورتر دەبێ و هەر چوار هاوڕێ شەهید بوون و بە تەنیا لێان وەخۆ دەکەوێ و لە شەڕێکی قارەمانانەدا ١٦ کەسیان لێ دەکوژرێ و زیاترلە ٣٠٠ ژاندارم و جاش لە ورمێ و پاسگاکان را بەهێلیکۆپتێر دەگەنە فریای بەکرێگیراوەکانی تربۆ شەر دەگەڵ یک پێشمەرگەی کوردستان کاک نحۆ. پاش چەند سەعات شەڕ بە گوللەی ژاندارمێکی کورد شەهید کرا.

**ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی = ١٩٦٧ی زایینی: شەهید مەلا ڕەحیم وێردی:** ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزب، بە دەستی خەیانەت لە گوند تەوێڵەی باشووری کوردستان شەهید کرا. و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی حیزب.

### ١- پیرانشار: هاوینی ساڵی ١٩٦٧ی زایینی = هاوینی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی

سلێمان موعینی بە ناوی نهێنی (فایق) و هاورێیانی لە سپی سەنگ تووشی شەرێکی نەخوازراو دەبن، هێزیکی زۆر و هێلی کۆپتەریان دێتە سەر، لەو شەڕە دا عەبدوڵا موعینی بریندار، و ئەندامێکی حیزب بە ناوی سلێمان شەهید دەبێ.

### ٢- سەڵماس: ساڵی ١٩٦٧ی زایینی = ساڵی ١٣٤٦ی زایینی

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی سەڵماس کە کاتی پشوو داندا دەکەونە بەر پەلاماری تاقمێکی زۆر ژاندارم و گەمارۆ دەدەرێن. دوای شەرێکی قارەمانانە و کوشتنی تاقمێکی زۆر لە بەکرێگیراوان، رێژیم بۆ یارمەتی هێزەکانی لە ورمێ را هێزی تازە نەفەس و هیلی کۆپتەر دەنێرەن. بەداخەوە لە شەڕە دا باپیر شکاک( نحۆ )و ٤ پێشمەرگەی دیکەی حیزب شەهید دەبن.

بەڵام چەتەکانی تاران تەقە لە زەنگەنەو هەواڵەکەی دەکەن نیزامی دەبەستن و بە شارەکانی مەهاباد و نەغەدە و شنۆ و پیرانشاردا دەگێرن.




لە ڕێکەوتی ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٧ (٢١ڕەزبەڕی ١٣٤٦ی هەتاوی) مەلا مەحمودی زەنگەنە لە نیزیک ئاوایی بەیرەم توشی چەند ژاندرمە دەبێ کە دوو کەسی بێ تاوانیان گرتبوو بۆ مەهابادیان دەبردن. زەنگەنەی نەمرووک مرۆڤێکی دڵسۆز دەیەوێ ئەو دوو وەرزێرە هەژارو بێ تاوانانە مەلامەحمود شەهید دەکرێ وهەواڵەکەی برینداردەبێ . ژاندرمەکان تەرمی بێ گیانی مەلا مەحمودی زەنگەنە لە پێشی جیبێکی لە چەنگ ژاندەرمە جەردەکان ڕەزگار بکا.

سەدیق ئەنجیری: لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٦٦(١٣٤٥ی زایینی) لە گوندی مامە ڕووت ی شوێنی ئێستگەی شۆڕشی کوردستان، سەدیقی هەنجیری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بێسەروشوێن کرا.

قادر شەریف: لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی (١٩٦٩ی زایینی) لەم نێوەدا ساواک لە خۆشیدا ئۆقرەی نیە و دەست دەکات بە تیرۆری کادرەکانی حیزبی دێموکڕات و بۆ وێنە دا کاتێک قادر شەریف دەچێتە ئاودەستی یەکێک لە مزگەوتەکانی سلێمانی لە ڕێگەی تەقاندنەوەی ڕۆمانەیەک ئەم مرۆڤە مەزنە دەکوژێت.

مراد پادامی ناسراو بە: مراد شیرێژ: لە بەهاری ١٩٦٨ی زایینی(١٣٤٧ی هەتاوی) دا لە دۆڵی کانێ زەرد لە ناوچەی بەریمێرگانی لەپیرانشار دەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بە نێوی ئەحمەدی عەلی عەجەم بەر لــە نیوەڕۆ لە لایەن جاش و ژاندارمەوە دەورەیان دەدرێ، تا ئاخیر گوللە شەڕ دەکن و ئەحمەدی عەلی عەجەم شەهید دەبێ و مرادیش بە برینداری ئەسیر دەکرێ جەنازەی مرادی بە پشتی ولاغ دادێنن و لە شاخی دێننەخوار بە ئەشکەنجە شەهیدی دەکەن.

لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی (مای ١٩٦٨ی زایینی) لە گوندی دیوالان بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە بۆ چارەسەری کێشەکە دەچێتە گوندی دیوالان و لە پاش ڕاگەیشتن بە کێشەکە و چارەسەر کردنی لە لایەن خۆفرۆش حەسەن سەکری دیوالان مەلا ئاوارە دەرمان داو دەکرێ و هەر ئەو شەوە حەسەن سەکر پیاو دەنێری بۆ دام و دەزگای حکوومەتی و بەیانی زوو مەلا ئاوارە بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دەبەن بۆ شاری سەردەشت و لە پاشان لەوێوە بەرێ دەکرێن بۆ دادگای سەحرایی جەڵدیان کە ئەو دەم بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لە لایەن ژنێراڵ اویسی جەلادی شا پێک هاتبوو

هەربۆیە جەلادانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران زۆر بێ بەزەیی یانە شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ دوو خەباتگێری دیکەی حیزبی دێموکرات، ڕەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە "محەممەد ئەحمەدی" کە هەردووکیان خەڵکی گوندی دیواڵان ی ناوچەی سەردەشت بوون. و دوای چوار مانگ زیندان و ئەشکەنجە لەبەرە بەیانی ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (٢ی سپتامبری ١٩٦٨ی زایینی) لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت ئیعدام کران.

**٣- ئەپریلی ١٩٦٨ی مەهاباد: لە مانگی زایینی = مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٧ی زایینی**

لەناوچەی گەورگایەتیی مەهاباد لە نزیک گوندی قالوێ هێزیکی زۆری ڕیژیم هەڵدەکوتنە سەر دەستەیەک لە پێشمەرگەکان حیزب بە فەرماندەری عەبدوڵا موعینی لە شەریکی یەک ڕۆژە دا ئەفسەریک و چەند ژاندارم و جاشێک دەکوژرێ بەداخەوە عەبدوڵا موعینی و عەوبدوڵا مینە شەم شەهید دەبن.

**٤- سەردەشت: مانگی ئەپریلی ١٩٦٨ی زایینی = مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٧ی هەتاوی**

هێزیکی زۆر لە گوندی سەرشیوی سەردەشت کە بە شوێن پێشمەرگە دا دەگەرین دەکەونە بەر پەلاماری هێزی پێشمەرگەکانی حیزب بە فەرماندەری قادر شەریف لە ئاکام دا جگە لە کوشتنی جاشێک بە ناوی هەلمەت بێتوشی پازدە ژاندارم و چەکداری هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران دەکوژرین.

**٥- بانە ٢ی مای ١٩٦٨ی زایینی = ١٢ بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی**

سمایل شەریف زادە بە ناوی نهێنی (مەلا عەزیز) و هاورێیانی کە لە ناوچەی بانە خەریکی تێکۆشانی حیزبی دەبن. نیزیکەی ٤٠٠ کەس لە دارێنە هەڵدەکوتنە سەریان و داوای خۆبەدەست دانەوەیان لێ دەکەن بەڵام بە خۆڕاگریی قارەمانانە لە شەڕیکی ٦ کات ژمێری دا داکوکی لە خۆیان دەکەن بەداخەوە لەم تێک هەڵچوونەدا سمایل شەریف زادە و سێ هاوریی دیکە شەهید دەبن. ڕێژیمی دژی گەلی پاشایەتی ئێران بۆ چاو ترسێنێ خەڵک تەرمەکانیان لە شارەکانی بانە، سەقز و سنە دەگیرن.

**٦- سەردەشت: مانگی جوونی ١٩٦٨ی زایینی = مانگی جۆزەردانی ١٣٤٧ی هەتاوی**

پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب تووشی شەڕیکی قورس لە گەڵ تاقمێکی زۆری دوژمن دەبن و تا ئاخرین گۆڵلە بۆ داکوکی لە خۆیان بەشەر دێن کە بەداخەوە هەموویان شەهید دەبن. ڕێژیم بۆ چاوترسێنی خەڵک تەرمەکانیان لە گوندەکان دا دەگێرن و بۆ ماوەیە لە شاری سەردەشت هەڵیان دەواسن.

**٧- سەردەشت: ١٦ی ئاگۆستی ١٩٦٨ی زایینی = ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٧ی هەتاوی**

لە چیای زمزیران تەقە و پێکدانان لە نێوان پێشمەرەگەکان و هێزەکانی دوژمن روو دەدا فەرماندەری هێزەکانی ڕێژیم دەکووژری و دوو سەربازیش بە دیل دەگیرێن کە دواتر پێشمەرگەکان ئازادیان دەکەن، بەڵام دوای بە دەستووری ئەویسی هەر دووکیان گوللە باران دەکرێن.

**٨- پیرانشار: ئاخری وەرزی هاوینی زایینی = ئاخری وەرزی هاوینی ١٣٤٧ی ١٩٦٨ی هەتاوی**

هێرشی زۆری ژاندارم و سەرباز و جاش بۆ سەر پۆڵێک پێشمەرگە بە فەرماندەری مراد شیرێژ لە کوێستانەکانی بەری مێرگان شەڕێکی توندیان لە نێوان دا روو دەدا چەند کەسیک لە دوژمن دەکوژن، بەداخەوە لەم شەڕە نابەرامبەر دا مراد شیرێژ و هاورێیانی شەهید دەبن.




## ئەڵبۆمی وێنەی شەهیدانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ ١٣٤٧

























سڵاو لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ساڵانی ۴۶ - ۴۷


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید مەلا مەحموود زەنگەنە


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید مینەشەم


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید ڕەحیم لاسە


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید حوسێن مارەغانی [ کاوە ]


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید عەبدولرەئوف حەفیدی


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید سەید فەتتاح نیزامی


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید محەممەد ڕەمەزانی


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید محەممەد سەدیق ساڵحی


سڵاو لە تێکۆشەرانی بزووتنەوی ساڵانی ٤٦ - ٤٧


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید سولەیمان کەرقەشان


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید محەممەد رەسوومەڕە


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید عەلی گوێڕەش


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید عەزیز مستەفازادە


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حەمەدەمین شیرێژ


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید بەهمەن ئەحمەدی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حوسێن رەحمانی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حەسەن خورخورەیی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حەسەنە سوور


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حەمەدمین ساڵح فەتاحی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید برایمە سوور


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حوسێن رەحمان رابی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید برایم دیبوکری


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حەمە سووری دوڵە تووی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید فیرۆز پاشایی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حەسەن ئەحمەدی


سڵاو لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید ڕەحمان وەتمان چاوشین


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حاجی نیازی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید ڕەزا پاشایی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید عەلی عەولا گوڵی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید درویش عوسمان


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید محەممەد درویش ئەحمەدی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید حوسێن ڕیتاڵ


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید ڕەسووی حەمەدەمینی


سڵاو لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ساڵانی ۴۶ - ۴۷


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید ڕەشید یاوەری


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید برایم حەوتەوانە


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید عەولا بایەزیدی


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید ڕەسووڵ پیران


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید ئەحمەد غەم پەروەر[عەلی عەجەم]


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید حوسێن شەریفی


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید عەبدول مەجید ئەمین زادە


شەهیدان
۴۶ - ۴۷
شەهید عەلی یە کەلە


سڵاو لە تێکۆشەرانی بزووتنەوی ساڵانی ٤٦ - ٤٧


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید عەوڵا کوری نەجمەدین


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید عەوڵا بایزە قنجەی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید قادر پەنیرە


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید ساڵح عەوڵا فەقی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید فەقی عەلی وەرگیل


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید سەید یەعقووبی باوەلەی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید محەممەد ریتاڵ


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید قادرە شەل


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید عەولا گرۆێ


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید عەولا مەعرووفی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید مەلا سمایل فەقێ یەسە


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید محەممەد حاجی رەسووی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید مەلاسمایل فەقی بیسی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید محەممەد حەوتەوانە


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید مەلا کەچە


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید مەحموود کوری عەزیز کویخای


سڵاو لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید میزار محەممەد شادمانی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید مەحموودی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید نیکو کرماشانی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید محەممەد مەنگور


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید ئالوەتان


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید ناجی موکری




شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید ئەحمەد توفیق بەگ


سڵاو لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید مەلا قادر وێردی


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید سالح سالح زادە [ ساڵە لاجانی ]


شەهیدان
٤٦ - ٤٧
شەهید مەلا رەحیم وێردی




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی - مای ٢٠٢٢ی زایینی**